له بیره‌وه‌ریيه
سیاسییه‌کانم

ئه‌میر قازی

هه‌واڵنامه‌ی کێبر

لە بیرەوەرییە سیاسییەکانم

هەوالنامەی کتێب

ئەمیر قازی

ستۆکهۆڵم، مانگی گوڵانی ٢٠١٠ی زایینی

هدى الأنام لمحبي الكتب

Printed by Apec
Stockholm 2010

ISBN: 987-91-633-7079-3

خوێنەری بەڕێز، ئەو بڕە بیرەوەرییە سیاسییە کە دەکەوێتە بەر چاو و، لەبەر دەستدایە بەر لە هەموو شتێک بەو مەبەستە و، هیوایە نووسراوەتەوە کە گۆشەیەکی تاریک، هەر چەند بچووکیش لە تێکۆشانی سیاسی و، بزاوی ڕزگاریخوازیی خەڵکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە سووڕ و، دەورانی پەنجا شەست ساڵی ڕابردووڕا تا ڕۆژگاری ئێستا، ڕووناک بکاتەوە.

زاندراوە کە سەرەڕای خەباتی بەردەوام لە پیناو ڕزگاری و، ئازادیدا، سەرەڕای گەلێک جار هەستان و، کەوتنەوە و، دەریا دەریا لە فیداکاری و، لەخۆبردویی خەڵکی ئێمە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەسەرهات و، ڕووداوەکانی ئەو زەمەنە، کە کەمیش نەبوون، جار بگرە لە بۆچوون و، ئاکاری هێز و، جەماعەت و، دەستە سیاسیەکانڕا، تا دەگاتە کەس و، کەسایەتییە بگێڕ و، هەڵسوڕێنەرانی ئەو گشتە گڕ و کفە، زۆر کەم نووسراوەتەوە و، ئەوانەش کە نووسراونەتەوە مخابن، لە غەرەزوەرزی و، کین لە زگی، خۆڕانان و، مل بە ملەی شەخسی و، تاسوبی لایەن و، لایەنگری بەتاڵ نین.

گومانی تێدا نییە کە بەرپرسایەتی لەو کەم و، کەمکارییانە لەسەر یەک و، بە گشتی پێی ئەو هێز و، کەسوکەسایەتییانە دەگرێتەوە کە بە شێوەیەک لە شێوان، شوێنەواریان لەسەر هەڵسوکەوتەکانی ئەو ماوەیە دیار و بە جێ ماوە، جا چ بە چاک و چ بە خراپ.

من خۆم یەکێک بووم لەو "بڵقاسمانە" کە دەگەڵ تەوژمی گەرمی و، سارد و، سڕییەکانی خەباتی کوردایەتی ٦٠-٥٠ ساڵی ڕابردووی کوردستان، تێکەڵاو بووم و، خۆم لە بەرپرسایەتی لە کەم و، کووڕییەکان، نادزمەوە، بەبێ ئەوەش خۆم بە ساحێب قەڵەم و، نووسەر و، بەتایبەتی مێژوونووس بزانم، وەک کوترا، هەوڵ دەدەم گۆشەیەکی تاریک لەو مێژوە پڕ لە بەسەرهاتە ڕووناک بکەمەوە.

نایشارمەوە و، لە خۆم نابوورم کە لە هەموو ئەو ماوە دوورودرێژەدا، زۆر کەم " یادداشت و، نۆتەم هەڵگرتووە، چونکە بەپێی بۆچوون و لێکدانەوەی نادروستی خۆم، پێم وابووە هەر بیرەوەری و هەر یادداشتێکی

ڕۆژانە، لەو هەلومەرجە سەختانەدا، کە منی تێدا ژیاوم و باری مەخفیکاری و نهێنییپارێزی ئەسڵێکی سەقامگیر و، دەبوو چی دەنووسرێ لە چوارچێوەی نهێنیکاریدا بمێنێتەوە، مەبادا وە دەست دوژمن و نەیار بکەوێ لە لایەک، لە لایەکی دیکەوە، ژیانی ڕەوەندی لە شوێن بۆ شوێنی دیکە و شەو، ڕۆژ بە شاخ و کێوانەوە، مەترسی و خەتەری وەدەستکەوتنی نهێنی و نووسراوە، بیرەوەریی نووسینی ڕۆژانەی لێ کردبووم بە دێو و درنج.

لە ئاڵوگۆڕبوونی ڕێژیمدا لە ئێران -١٩٧٩- کە حەمەڕەزاشا، هەروا بەلاشوحەلاش وڵاتی بەجێهێشت و خومەینی هاتە شوێن و جێگای، کە پیاو لای وابوو هەوای سیاسی گۆڕاوە و... ئێدی مەترسی وەدەستکەوتنی بیرەوەری نەماوە، دەستم کرد بە خڕکردنەوە و وەبیرهێنانەوە و نووسینەوە، هەندێک لە بەسەرهاتەکانی ڕابردووم نووسینەوە و دامڕشتنەوە، کەچی لە هێرشێکی بەربڵاوی هێزەکانی حکومەتی ئێران، بۆ دۆڵی شێخان دەوروبەری مەهاباد- دەگەڵ گشتە کتێب و کەلوپەلێکی دیکە کە لە ماڵەبرادەرێک لەوێ شاردبوومنەوە، لە ماڵپشکنیندا بە تاڵانی داگیرکەر چوو. جا ئەو وردە حکایەتەم لەبەر ئەوە بوو کە بڵێم:

* داوای لێبوواردن دەکەم ئەگەر لە نووسینەوەی ڕووداوەکاندا، زۆرجار، جێ و ڕۆژم لە بیر نەمابن و نەمهێنابنەوە.

* بەڵێنتان پێ دەدەم، ڕووداو و بەسەرهاتەکان، ڕاوبۆچوونەکان،چۆن و بە چ شێوەیەک هاتبنە گۆڕێ، وەک خۆی بیانگێڕمەوە، بێ لە غەرەزوەرزی، بێ لە خۆشەویستی، دوور لە ناخۆشەویستیی کەسایەتی و کەسەکان، بێ لایەنگری و دژایەتی چ سیاسی و چ ئیدئولوژیک چۆن بووە، وای بێنمەوە.

* لە هەر شوێنێک ڕا و بۆچوون و لێکدانەوەی خۆم هەبووبێ، هەروەک هەبوونی لەو کات و زەمانەدا بگێڕمەوە، چ لەمەڕ ڕووداوەکان، چ لەسەر کەسایەتییەکان، چ سەبارەت بە هێز و هەڵوێستە سیاسییەکان.

شاعیری پایەبەرزی نەتەوەکەمان، مامۆستا هێمن، لە پێشەکی دیوانی شیعرەکانی خۆی "تاریک و ڕوون" دا دەڵێ و دەنووسێ: "من بۆ خۆم وام، ڕەنگە زۆر کەسیش وا بێ، کە شیعری شاعیرێک یان نووسراوەی نووسەرێک دەخوێنمەوە چ زیندوو و چ مردوو پێم خۆشە خۆشی بناسم، بزانم کێیە، خەڵکی کام وڵاتە، کاری چییە و..."

منیش بە پێڕەوی لەو زاتە بەڕێزە، ئەوەندە هەر دەڵێم کێم و لە کوێڕا هاتووم.

نێوم ئەمیر، پاشناوم قازی یە. کوڕی قازی محمد قازیم لە بنەماڵەی قازییەکانی مهاباد، کە بە قازی محەمەدی حاجیاوا، ناودێر و ئەویش بە نۆبەی خۆی کوڕی ناونجی شەخسیەتی بەناوبانگی ناوچەی موکری تەنانەت ڕۆژهەڵاتی کوردستان، میرزا فەتاح قازییە. لە حاجیاوا – حاجیاباد- لە ناوچەی چۆمی مەجیدخان، کە دەکەوێتە بەر جادەی میاندواو-بۆکان، لە مانگی ڕەزبەری ساڵی ۱۹۳۸ ی زاینی، لە دایک بووم.

دایکم، نێوی سارا و کچی برایماغایە، لە بنەماڵەی دێبۆکرییەکانی نیشتەجێ لە گوندەکانی قاجر، قۆرغەتەپە و مێهماندار.

زۆر منداڵ بووم کە دایکم، وەفاتی کردووە. هەر ئەوەندەم لە دایکی خۆم لە بیرە و دەزانم نەخۆش و لەسەر جێ بوو، بردیانم بۆ لای. چەند ڕۆژێک پاشتر، ژنوژاڵ دەگریان، گڵۆمێکی زۆر دە ماڵدا بوو، دەستم بە دەستی باوکەوە، دەمدیت لەبەر حەوشی ماڵ، جێ بۆ جەنازە، لەسەر پشتی وشتری ئیخدراو، ساز دەکەن، چەند ئەسپسوارێک بە دەورەوەی بوون تاجەنازەی دایک، بۆ خانەقای شێخی بورهان ڕاگوێزن و لەوێ بە خاکی، بسپێرن، دیمەنێکی کە هەرگیز لەبەر چاوم، وە لا ناکەوێ.

نەمزانی چۆن و چ بوو. منداڵ بووم، ژانی لەدەستدانی دایک، حاڵی نەبووم، ناشزانم کەنگێ و چەند پاشان، خانمێکی دەیکەی بەڕێز و خۆشەویست، بە نێوی، توباخانم، کێژی حاجی شێخولئیسلامی ئاجیکەند، لە بنەماڵە ناوارەکانی کوردەواری، ڕێی کەوتە ماڵی ئێمەوە و بەتاڵایی جێگای دایکی بۆ پڕکردینەوە، بەتایبەتی بۆ من و بۆ خوشکی لە من

چووکتر، وەک فریشتەی نەجات لە فریامان هات و وەک دایکێکی دڵسۆز، پێی گەیاندین و لە خزمەتماندا بوو، هەزار ڕەحمەت لە قەبری و ڕەوانی شاد بێ.

دەورانی منداڵیم، وەک زۆربەی منداڵانی دیکە، لە کەیف و نەهەنگی بێخەبەری لە دونیای دەوروبەر، دەگەڵ هاوتەمەنەکانم، بە کایە و گەمەی مێشین، جگێن، ماتێن، هێلکەشکێن، هەلوکێن، گۆپەن، خوزێن، تۆپێن، کەرسواریی ئێواران لە بەرەوپیری گارِانی دێ، قەرێ و شەوداوەت، جارجاریش دزیی کاڵەک و شووتی لە بێستانی چۆمی، لەو سەردەمەدا کە هەموو ژیانی منداڵە دێهاتییەکانیان بە خۆوە خولیا کردبوو، ڕابواردووە.

ئەو سەردەمە، دەورانی کۆماری نەوپای کوردستان بوو، سەردەمی بووژانەوە و ژیانەوەی کورد، ئەو کاتە، وڵات سەرتاسەر لە کەیف و هەڵپەڕکێ و خۆشیدا بوو، باو باوێ کوردایەتی، باوی خۆشی و شادی، باوی هەڵپەڕکێ و سروود و گۆرانی بوو.

ئێستاش کە ئەو دێڕانە دەنووسم، هەر لە بەر چاومە کە کوڕە گەنج و لاوە گوندییەکان، هەروا خۆرسک، ئێواران لە مەیدانی دێدا کۆ دەبوونەوە، ڕیزیان دەبەست بە ئەمری ڕێبەری هەڵبژادەیان، یەک دوو، بە ڕاست ڕاست و بە چەپ چەپ، مەشقی نیزامیان دەکرد و خۆیان بۆ دەورەی پێشمەرگایەتی و دیفاع و بەرگری لە خۆیان و لە ئازادی و سەربەخۆیی خۆیان و وڵاتەکەیان، ڕادێنا.

لەو وەختانەدا، جارێکیان وا هەڵکەوت دەگەڵ پوورم، سەفەرێکی مهابادم بێتە پێش. نووسەری ئەو یادداشتانە، بە منداڵی زۆرتر، هەر لە ماڵە پوورم دەمامەوە. پوورم منداڵی نەبوو، ڕەنگە هەر بۆیەش خۆشەویستییەکی تایبەتی بۆ من هەبوو و، لە خۆی جوێ نەدەکردمەوە و وەک منداڵی خۆی خۆشی دەویستم، بۆ سەفەرەکان و هاتوچۆی ئێرە و ئەوێ، ڕەگەڵ خۆی دەدام.

خاترە و بیرەوەریی ئەو سەفەرەم، هەرگیز لە هیچ کات و زەمانێکدا، لە بیر نەچووەتەوە، ڕەنگە هەر ئەو بیرەوەرییە خۆشانەی دەورانی بەرپایی کۆماری کوردستان و یەکەم دیدارم لەو زەمانەدا لە شاری مهاباد، پاشتریش بەسەرهاتە دڵتەزێنەکانی تێکچوونی کۆماری کوردستان کە باسیان لێوە دێ، ڕەگ و ریشەی وەهای لە دڵ و لە جەرگی منداڵیی من داکوتابێ، کە بووبێ بە شیرازە و هەوێنی هیوا و هومێدم بۆ تێکۆشان لەڕێی ڕزگاریی خەڵک و وڵاتەکەم، جا هەر لە دەسپێکی لاویمڕا تا ئەوڕۆ و لەوڕۆش بە دواوە تا دەگەمە گڵەبانی چاوان.

کاتی ئەو سەفەرە، هەوزەمان بوو دەگەڵ بەرەبەری پێکهاتنی کۆماری کوردستان و جارێ شێوە نائارامییەک لە وڵاتدا هەبوو. بە پاکبوونەوی دەسەڵاتی نگریسی پەهلەوی لە کوردستاندا، تفەنگە کۆنی ژەنگاوی، لە ژێر زەوی شاراوە، وە دەر کەوتبوونەوە، شێوە ڕاو و ڕووت و خەڵک خانەبگیرییەک ڕووی دەدا.

ئەگەر زاندرابا کەسێک دەوڵەمەند و لە ماڵێدا چەک و تفەنگی نییە، وا هەبوو دەچوونە سەری و تاڵانیان دەکرد. چەند بەسەرهاتێکی ئەوتۆم هەر لە یادە کە لە گەورەکانم دەبیستەوە کە چەتە چووەتە سەر فلان بنەماڵە خانەبگیریان کردوون و....

شەوێک لەو شەوانەی ئەو دەوران، کە تازە نانی ئێوارە یان نانی شێوان، خورابوو، زاندرا چەند کەسێک لە سەربانی ماڵی ئێمە، یانی ماڵی پوورم، لە دێی "پیرۆلیباغی" بە سەربانەوەن.

خانووبەرەی پوورم خانووبەرەیەکی یەکجار گەورەی دوونهۆم، بە چەند حەوش و حەسارەی گەورەوە ساز کرابوو کە ڕێگای چوونە سەربان و ئەویش سەربانی خانووبەرەیەکی ئاوا بڵێند هاسان نەبوو، نازانم چۆن و لەکوێڕا، دەرفەتی وەسەرکەوتنیان لێهێنابوو.

کە خەبەر هات چەند کەسێک لە سەربانن و ترس و لەرزی خانەبگیریش هەبوو ئامۆزای گەورەم، ڕەحمەتی عەلی سیققەت، دەستی دا تفەنگی برنوی و خۆی گەیاندە سەربان، دەنگە دەنگ و هەڵڵاهەڵا لە سەربان

پەیدا بوو، پووڕم سەرەڕای پیری و تا ڕادەیەکیش قەڵەوی هەستا و لە ڕێگای هەورەبانی ماڵەوە، ڕووی کردە سەربان و منیش بە دووییدا.

وڵات تاریک بوو ئەوانەی سەربان وا بزانم سێ کەس بوون کە بە باشی نەدەناسرانەوە و لە بەشێکی سەربانی گەورەدا بە تفەنگەوە سەنگەریان گرتبوو لە لایەکی دیکەوە مەڕحوومی عەلی سیققەت، جەبهەی گرتبوو و شەڕەقسەیان بوو، لەو شەڕە قسەیەڕا دەرکەوت کە ئەو چەند کەسەی هاتبوونە سەربانی ماڵەکە، لە کوڕە ئاغاکانی ناسیاوی دەوروبەرن.

پووڕم بە نێو بانگی لێکردن و کوتی، شەرم ناکەن هاتوونە سەر ماڵی من؟ دەتانەوێ من خانەبگیر و تاڵان بکەن؟ بیرتان لەوە نەکردووەتەوە لە چنگ برازاکانی من چۆنتان نەجات دەبێ؟ کوڕە ئاغا خۆیان پێ حەشار نەدرا، کە زانیان ناسراونەتەوە، داوای لێبووردنیان لە پووڕم کرد، لە ڕێگای پێپلیکانی هەورەبانەوە، بەدوی پووڕمدا هاتنە خوارەوە، زۆر بە شەرمەزاریەوە، چەند دەقیقەیەک لە ماڵ دانیشتن و خواحافیزیان کرد و لە ماڵ دەرچوون، قەولیان پێدرا کە ئەو هەوڵە سەرنەکەوتووە، بە نهێنی بمێنێتەوە و باسی لێ نەکرێ.

قەدەرێک پاش ئەو بەسەرهاتە، لە ماڵە پووڕمڕا بەرەو حاجیاوا و لەوێشڕا بەرەو گوندی "کەلبەڕەزاخان" کە ماڵە مامم ناسراو بە مەنسور، یان "مەنسور سوڵتان" کە هەنگین لەوێ، لەو گوندی دەبوو، چەند ڕۆژێکیش لەوێ ماینەوە.

لە کەلبەرەزاخانڕا، وڵاغی سواری، گێڕدرانەوە دواوە و سواری نەما، مامم ماشینی هەبوو دەکرا بە ماشین بڕۆین، بەڵان لەبەر ئەوە کە جارێ لە وڵاتدا جەردەیی هەبوو دوو کوڕی مامم بە تفەنگەوە لەگەڵمان سوار بوون تا لە ناوچەی مەترسیدار دەردەچین و تێپەڕ دەبین. باس دەکرا کە هەورازی "بەسری" ئەو هەورازە کە لەو زەماندا، ڕێی چوونە مهاباد بەوێدا تێدەپەڕی و دەشکوترا کە مەترسیی ڕێگریی و چەتەیی لێ دەکرێ، شوێنی گومانلێکراو بوو. جا لە پێش ئەوەدا کە ماشین بگاتە هەورازی گۆرین، دوو ئامۆزای تفەنگبەدەست دابەزین و هەریەک بە لایەکدا،

ڕوویان لە هەورازی بەسرێ کرد، بە خۆشییەوە ڕێگر و جەردەی لێ نەبوو بە سەلامەتی گەیشتینە شار.

لە پێشدا، ماشینسواری بۆ یەکەمین جار لە ژیانی چەند ساڵەیی مندا و پاشان، دیداری شار بۆ منی منداڵی دێیەکی ٤٠/٥٠ ماڵی، مهاباد وەک شارێکی بێ بن و گەورە و پڕ لە حەشیمەتێکی بێ ئەژمار، سەرسام و لە خۆی بێ ئاگا کردبووم، ئەو هەموو عالەمە، بەو هەموو دوکان و شتومەکەوە، ئەو خەڵکە تێکەڵاوەی کە هەر یەک دێ و یەک دەڕوا، هەر هەڵڵاو بگرە و کەس حیسابی کەس ناخوێنێتەوە لە کوێڕا و بۆچی؟ بیری منداڵیم بۆی لێک نەدەدرایەوە، مات و سەرسام ببووم.

پوورم میوانی ماڵی پێشەوا بوو لەوێ دابەزین. پوورم، هەم دەبوو بە ئامۆزای پێشەوا لە لایەک و لە لایەکی دیکەڕا دەبوو بە ئامۆژنیشی، چونکە پوورم، "گەوهەرتاج خانم" کچی مەرحومی میرزا فەتاحی قازی، مێرد بە ئامۆزای خۆی، مەرحومی قازی ئەسکەر، دەکا کە دەبێتە مامی پێشەوا. وەک باسیان دەکرد، مەرحومی قازی ئەسکەر، ئاغادێی پیرۆلیباغی، تەمەنی درێژی نابێ.

وەک کوترا لەو سەفەرەدا پوورم میوانی ماڵی پێشەوا بوو، منیش دەگەڵ، هەر لەو سەفەرەشدا بوو کە بۆ یەکەمجار و ئاخر جار، چاوم بە پێشەوا و سەدرولئیسلام، شەهیدی برای کەوت. ئەویش ئاوا بوو کە ڕۆژێکیان بردیانم بۆ حوزوری پێشەوا و جەنابی سەدر، لە ژووری میوانخانەی پێشەوا کە ژووری مەحکەمەش بوو و هەرواشی پێدەکوترا، ژووریکی گەورەی پڕ لە فەرش و مۆبل.

کە چوومە ژوور، هەم پێشەوا و هەم سەدری شەهید بە پێوە ڕاوەستابوون زۆر بە لوتف دواندیانم. پێشەوا، لێی پرسیم چ دەزانی؟ من کە منداڵی لادێ بووم و "مێشێن"م دەزانی و لاشم وابوو مێشێنزانین هونەرێکی گەورەیە، کوتم مێشێن. کوتیان جا ئەگەر وایە دەبێ لەگەڵ "عەبەسوور" کوڕی چوکی سەدری شەهید، مێشێن بکەن، بزانین کامتان دەیبەنەوە.عەبەسووری ئەو دەم و کاک عەبدوڵای ئەورۆ، کە ئێستاکە ماڵی لە ئاڵمانە و موهەندیسی شیرکەتی بایری بێنزبوو لەو وڵات.

من هەم لە عەبەسوور باو و خۆشتر و هەم گوندی بووم، باوەڕێکی پتەوم بە بردنەوەی خۆم هەبوو، بۆیە گوتم با بێ، بانگی کەن. پێشەوا فەرمووی، پێی دەوێری؟ کوتم بەڵێ با بێ.

ناردیان کەللا و مەڕمەڕیان پەیدا کرد و هێنایانن، لە ژێر چاوەدێریی بەرێزیاندا، دەستمان کرد بە مێشێن، ئەو ناشارەزا و منداڵتر، من گەورەتر و مێشێنزان. زۆر بە زوویی بە سەریدا زاڵ بووم و بردمەوە، وە بن قەرزی گوپەهڵدان کەوت، کایەکەمان لەسەر گووپ بوو. لەبەر چاومە کە سەدری شەهید بۆی دەپاڕاوە کە جارێ لێگەڕێ تا دەبێ بە پڕ تووڕەکەیەک.

بۆ منی منداڵ، ئەو ڕۆژگارە خۆشانە دەوامیان زۆر نەبوو. هێندە پێ نەچوو خۆشی ڕووی لە تاڵی و سوێری کرد. هەلومەرج گۆڕا، کۆماری نەوپای کوردستان تووشی شکست هات، دەگەڵ ئەو شکستە هەموو هیوا و هومێدی منیش تێک تەپی. مەترسی و خەتەر هەموو کوردستانی گرتەوە، ئاڵۆزپڵۆزی ولاتی داگرت، چەقوچۆی گەڕانەوەی عەجەم بۆ جارێکی دیکە، گشت ماڵ و کەلێن و قوژبنێکی کوردەواری داپۆشیەوە.

وە بیرم دێ، دەمەدەمی داگیرکردنەوەی کوردستان، فڕۆکەیەکی ڕەش، ڕۆژانە بەسەر ڕێگای مابەینی بۆکان میاندواودا دەخولاوە و جارجار بۆ ترساندنی خەڵک هەروا لەخۆڕا تەقەشی دەکرد. ڕۆژێک لەو ڕۆژانە، دەگەڵ بابم لە حاجیاوارا بە ماشێنی باریی پڕ لە چەوەندەر بۆ کارخانە، یان مەعمەلی قەندی میاندواو بەڕێوە بووین کە لە بەرامبەر دێی ساروقامیش، دێی ماڵە مامان، تەیارە ڕەشەمان گەیشتە سەر. بابم و شۆفێر منیان وەبن ماشێنی چەوەندەر نا و خۆشیان لە ماشێنەکە دوور کەوتنەوە، هاوکات تەقەی دوو سێ فیشەک لە دێی ساروقامیشڕا هاتە بەر گوێ، پاشانەکە دەرکەوت ئەو تەقانە لە تفەنگی مامڕا دەبن کە لە بەرهەیوانی ماڵی خۆیڕا، بە تەیارە ڕەشیەوە دەنێ، تەیارە نەنگوا، بەڵان ئیدی لەو دەوروبەر نەبیندراوە.

ماڵی ئێمە لە دێ، کە هەم لە جادەی ماشینڕەو نێزیک بوو و هەم لەبەر ئەوەش کە لە بنەماڵەی قازییەکانی مهاباد بووین، وێڕای ماڵومنداڵی

مامەکانم، لە ترسی شڵتاغ و گەڕی عەجەمان کە خەریک بوو کوردستانیان دادەگرتەوە، ڕاگوێزرا بۆ پیرۆلیباغی، دێ و مواڵکی پوورم. پیرۆلیباغی دێیەکی ٦٠-٥٠ ماڵی و لە جادەی ماشینڕەو دوور و چەپەک، کە دەکەوێتە جیرانەتی گوندکانی "غەوساباد" و "سریلاوا".

ماوەیەکی تەواو لە ماڵی پوورم ماینەوە.ڕۆژێک لەو ڕۆژانە، خەبەر گەیشت کە پێشەوا و هاوڕێکانی گیراون، باوکم کە هەر لە ماڵی خۆمان لە حاجیاوا مابووەوە، دەگەڵ ژن و منداڵ نەهاتبووە دێی پیرۆلیباغی، بەرەو تاران، وە ڕێ دەکەوێ، تا ئەگەر کرا، لەپێناو کاروباری ڕزگاریی، پێشەوا و هاوڕێیەکانی، لە هەوڵدا بێ.

مانەوەی ئێمە لە ماڵی پوورم زیاتر لە مانگێکی خایاند. لەوە زیاتر نەدەکرا حاجیاوا بێ ساحێب وێڵ بکرێ. بە ناچاری ماڵی ئێمە کە گەورەپیاویشی تێدا نەبوو و بێجگە لە ژن و منداڵ، گەڕاینەوە ماڵی خۆمان، لە حاجیاوا.

وەک کوتم، ماڵی ئێمە، لە جادەی بەینی بۆکان-میاندواو نیزیک بوو ژاندارم و سەربازی ڕێژیم کە تازە کوردستانیان داگیر کردبۆوە و وەک جاوڕایەڵکەرە، دە هاتوچۆدا بوون و دێیەکەی ئێمە لە بەرچاوان و جا چونکە لە جادەش نێزیک بوو هاتنی عەجەمان بۆ وێ، هیچ مەترسییکیشی لەسەر نەبوو، کەم ڕۆژمان بەبێ گەڕی ژاندارم و سەربازەکانی حکومەت دەبردە سەر. وای لێهاتبوو کە هەر سەروکەللەی ژاندارم یان سەربازێک وە دەر کەوتبا، پیاوی دێ بە تێکڕایی هەڵدەهاتن و ڕوویان دەکردە کێو و شاخ، بێجگە لە ژن و منداڵ کەس لە دێدا نەدەما. عەجەم ڕوویان دە ماڵان دەکرد، تفەنگ و دەمانچەیان دەویستنەوە! نان و چایان دەویست، وڵاغ و بارەبەریان دەویست، عیلاج نەبوو هەموو جارێک دەبوو بە پارە و بڕە بەرتیلێک، ڕازی بکرێن، جا دەڕۆیشتن، ئەوجار پیاوگەل، دادەوەرینەوە.

ئەو دۆخە نالەبارە بەردەوام بوو تا ڕۆژێکیان، هەر دوو براگەورەی من کە دەگەڵ گشتە خوێندکارێکی دیکە، لە لایەن کۆماری کوردستانەوە، بە مەبەستی پێگەیشتن بۆ خزمەتی وڵات، نێردرابوونە شوورەوی کۆن -شاری

باکو- گەڕانەوە و گەیشتنەوە ماڵ. ئەو برایانەم، وێڕای زۆربەی نیزیک بەتەواوی خوێنکارە نێردراوەکان بۆ باکۆ، ئیدی پاش شکستی کۆماری کوردستان، واز لە خویندنی باکو دێنن و دەگەڕێنەوە وڵات.

بە گەیشتنەوەی ئەو برایانەم، بەتایبەتی برای گەورەترم ناسراو بە "کاکاغا" سەرپەرشتێکمان بۆ پەیدا بوو، هەم بۆ ماڵی ئێمە و هەم بۆ خەڵکی دێیەکەش. چونکە زۆرجار هەڵدەکەوت، هەر گەڕ و بیانووگرێکی عەجەم کە هاتبانە نێو ماڵانی دێیەکەوە، چ ژاندارم، چ سەرباز، دەستووری کوتان و تێهەڵدانیان دەدرا. خەڵکی تووڕە و بریندار لە دەسەڵاتی زوڵم و زۆری عەجەم، لێیان وە کۆ دەبوون، وەک دەکوترێ، چت خواردووە ترش و چەوەندەر، وەریاندەگەڕانێ و خوری شۆر دەیانکوتان. نێوبانگ وەها ڕۆیشتبوو و بڵاو بووبوەوە، کەمتر عەجەمێکی بە گەڕ و ئاژاوەچی، دەیوێرا، ڕوو لەو دەروبەرانە بکاتەوە.

تەمی خەم و پەژارەی تێکچوونی کۆمار و گیرانی پێشەوا و هاوڕێیەکانی جارێ هەر نەرەویبۆوە، کە خەبەری لە سێدارەدانی پێشەوا، جەنابی سەدر و حەمەحسێن خان، گەیشتە ماڵی ئێمەش. شین و شەپۆری، ئەو ڕۆژی ڕەش، هەرگیز لە پێش چاوم وە لا نەکەوتووە. کە دیتم لەخۆدان و سینگکوتانی کەسوکاری نێو ماڵێم بۆ زەحمەتە، بە چاوی پڕ لە فرمێسکەوە، ڕووم کردە مزگەوتی دێ، کەچی لەوێشدا وەزعەکە باشتر نەبوو خەڵکی ناو مزگەوت بە گەورە و بچووکەوە دەگریان.

زۆر چاکم لە بیرە کابرایەکی خەڵکی دێ بە نێوی"مام حەمە سوڵتان" چووبووە مێحرابی مزگەوتەکەوە، ڕوو بە قیبلە، پێچ و کڵاوی بە زەویدا دەدا، دەگریا و بە دەنگی بڵێند هاواری دەکرد:"خودایە قبووڵی نەکەی، ئەم زوڵمە گەورەیە قبووڵ نەکەی". بەڵان قبووڵی کرد.

پایزی ساڵی ١٣٢٧ هەتاوی، ساڵی ئێرانی بەرانبەر بە ١٩٤٨ی زایینی، وە بەر خوێندن نرام. باوکم بە نامەیەکەوە بۆ خوالێخۆشبوو " سڵەمان خان ئەمیری" کە هەم خزم و دۆستی بنەماڵە و هەم سەرۆکی فەرهەنگی شاری بۆکان بوو حەوالەی مەکتەب کرام.

مامۆستا هێمنی ڕەوانشاد، لە پێشەکی دیوانی شیعرەکانیدا تاریک و ڕوون- دەنووسێ و دەڵێ: "من منداڵێکی لادێیی و... بووم، ڕۆژی ڕەشتر و تاڵترم لەو ڕۆژە نەدیوە کە چوومە مەدرەسە. مامۆستاکەم کە خۆی کورد بوو بە فارسی تێی خوێریم، هیچی تێنەگەیشتم. هاوەرسەکانم کە هەموویان لە من باوخۆشتر بوون پێم پێکەنین..." ڕۆژی هەوەڵی چوونە مەکتەبی منیش وەک مامۆستا هێمن، لەو ڕۆژگارە تاڵ و تفتانە بوو.

بۆکانی ئەوکات شارۆچکە، یان هەر دێیەکی گەورە بوو. مەدرەسە، لە دەرەوەی شار، لە قەراغ تاکەجادە یان خیابانی شار، لە خانوویەکی چەند ژووری بێ حەوش و حەسار، پێکهاتبوو. لە بەختی نەیار کە گەیشتمە مەدرەسەکە، کاتی پشوودانی منداڵەکان بوو. سەدان منداڵ لە دەوروبەری مەدرەسە، خەریکی کایە و گەمە و شەڕەشەق بوون، هەر زەندەقم چوو.

منیش حەواڵەی ناو ئەو زەنازەنایە کرام. سلێمانی کوتەنی ئەبڵەق ببووم، نەمدەزانی دەبێ چ بکەم و ڕوو لە کوێ بکەم. کەسم نەدەناسی، شەرمەندە و کزەسەر، ڕاوەستابووم و بیرم لە چارەڕەشی خۆم دەکردەوە.

لەناکاو زەنگێک لێدرا، جەماعەتی منداڵ، ڕیز بوون و ڕاوەستان. من نەمدەزانی دەبێ چ بکەم، لە جێگای خۆم چەقیبووم، کە کابرایەکی باریکەڵەی قەدبڵیندی چاکەت و شەڵوار لە بەر کە بە شوڵدەستێکی باریکەوە دەهات و دەچوو بە فارسی تێی ڕاخوڕیم، چی لێ تێنەگەیشتم، نەمزانی دەڵێ چی. خواوڕاستان کتومت، سڵەمانخانی ئەمیری، ڕەئیسی فەرهەنگ، کە دەبێ بۆ سەرکێشی مەدرەسە لەوێ بووبێ، لە ژووریک هاتە دەرەوە و بە مامۆستای شووڵبەدەستی کوت: "ئاغای نانەوازادە! ئەوە خەڵکی دێیە فارسی نازانێ." خۆی ڕێنوێنی کردم بۆ ڕیزێکی منداڵان، لە کەلاسی ئەوەڵی سەرەتایی، دامەزرام.

وە بیرم دێ لە پشووی نەورۆزدا، هاتبوومەوە دێ، ساڵ جارێ هەر سارد بوو و مزگەوت ئاوەدان، گەرموگوڕ و پڕ لە خەڵک بوو. بۆ دیداری کۆنە ئاوالان ڕووم کردە مزگەوت. خەڵک بە گەرمی بەخێرهاتنەوەیان کردم، مام حەمەسوڵتان، یادی بەخێر، پرسی: "هیچ فێر بووی؟" کوتم: "بەڵێ

چۆن." پرسی: "دەزانی بنووسی مار؟" ماریٚکم لەسەر کاغز بۆ نووسی، تەماشایەکی مارە نووسراوەکەی منی کرد و کوتی: "ئەوە چییە نووسیوتە! مار کوا وا دەبێ! و ادیارە جارێ هیچ فێر نەبووی. ئەو قەڵەمە بدە بە من با فێری مار نووسینت بکەم." قەڵەم و کاغەزم دایە، شکڵێکی پێچپێچی کێشاوە و ڕووی دە خەڵکەکە کرد و پرسی: "ئەرێ جەماعەت، ماری کاممان مارە؟" دیار بوو مام حەمەسوڵتان بوو بە بەرەندە و گرێوی بردەوە.

بۆ سااڵی دووهەمی سەرەتایی، ڕاگوێزرام بۆ مهاباد، بۆ لای برای لە خۆم گەورەتر" ئەحمەد ئاغا" کە لەوێ دەچووە مەدرەسە. کەلاسەکانی سێ و چوارم لە مهاباد خوێند.

لەو سەروبەندەدا، وا دەبوو کە دەستەلاوێکی خوێندکار، هاوتەمەنی ئەحمەداغا، هاتوچۆی مزڵی ئێمەیان دەکرد، هەموو جارێ کە ئەوان دەهاتن، دەبوو لە مزڵ، وە دەر کەوم. ڕۆژێک لەو ڕۆژانە منیشیان هێشتەوە تا گوێیان لێ بگرم، لە ئاخری قسەکاندا، وەک ئەندامی یەکێتیی لاوانی دێمۆکراڕت، سەر بە حیزبی دێمۆکراڕتی کوردستان، وەریانگرتم. لەنێو ئەو دەستەگەنجەدا شەهید " سەید عەوڵای ئیسحاقی"، دواتر ناسراو بە "ئەحمەد تۆفێق"، هەروەها شەهید "سولیمان موعینی"، دواتر ناسراو بە "فایق ئەمین"، زیاتر بەرچاو و ناسراو بوون. بەو شێوەیە لە کەلاسی چواری سەرەتاییەوە، ڕەسمەن بە نهێنی پێم نایە تێکۆشانی سیاسییەوە و بووم بە ئەندامی یەکێتیی لاوانی دێمۆکراڕت.

بۆ وەبیرهێنانەوە باشە بکوترێ کە لەو کات و زەمانەدا، پاش تێکچوونی کۆماری کوردستان و جێگیربوونەوەی دەسەڵاتی داگیرکاری ئێران بەسەر وڵاتدا، چالاکیی سیاسی بە نهێنی، لە مێژ نەبوو دەستی پێ کردبۆوە. لەو کاتەدا تەنیا ناوی حیزبی دێمۆکراڕتی کوردستان، لە ئارادا بوو، چ ڕێکخراو و حیزبی دیکە، جارێ پێک نەهاتبوو.

حیزبی دێمۆکراڕتی کوردستانی ئەو زەمان، کە منیش بە شێوەیەک لە شێوان، لەوێ بووم و ببووم بە هاوکار و ئەندام، خۆی پاشکۆی حیزبی تودەی ئێران بوو و وەک شاخەی کوردستانی حیزبی توده هەڵسوکەوتی

دەکرد. دەگەڵ بوونی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان و لکانی بە حیزبی تودەوە، تا کۆدیتای ٢٨ی مرداد "گەلاوێژی" ١٩٥٣ بەسەر حکومەتی دوکتور "محمد مصدق"دا بەردەوام و درێژەی هەبوو.

با لە بیر نەچێ، بەر لەوە کە ناوم بە ئەمیر بگۆڕدرێ، "عومەر"م ناو بوو. وەک یەدەگ و پاشکۆی برای گەورە، بۆ خوێندن کەوتمە گەورەشاری" تەورێز"ەوە. جارێ هەر شاگردی کەلاسی ٥ی سەرەتایی و هیچم لە بارودۆخی ئەوێ نەدەزانی و لە ناکاو کەوتبوومە ناو کەشوهەوای مەزهەبی شیعەی تووندوتیژی شارەکەوە. ناوم هەر عومەر و هەر بەو ناوەشەوە لە مەدرەسە نێونووس کرابووم. جا خوت لێکی بدەوە منداڵێکی ١١-١٢ ساڵەی لە تەمەنی منداڵ، بەو ناوە مەنحوس و ناخۆشەویستەوە لەوێ، لەنێو شیعەمەزهەبی ئیفراتی و تووندوتیژی ئەو زەمانی تورکی ئازەریدا، دەبێ حاڵی چۆن بووبێ! با ئەوەندەش بڵێم کە لەو سەردەماندا، بێجگە لە ئێمە، دوو برای شاگردمەدرەسە، لە شاری گەورەی تەورێزدا، تەنیا هەر دوو ماڵە کوردی دیکەی تێدا بوو، یەکیان ماڵی ڕەحمەتی "خاتەمی" و ئەوی دیکە ماڵی خوالێخۆشبوو "حاجی عەزیز وەلی"، ئاو بێنە و دەستان بشۆ.

سەرەڕای ئەوەش کە زمانی تورکیم دەزانی، چونکە هەر زوو لە منداڵییەوە، بە هۆی نزیکی لە شاری میاندواو و تێکەڵاوی دەگەڵ کارداری ئازەربایجانی لە ماڵێدا، وەک مەیتەر و شۆفیر، فێری ئازەری ببووم و بە تەواوی قسەم پێ دەکرد.

زۆری پێنەچوو کە لە پێشدا لە هاوکەلاسەکانمڕا و لە ڕێگای ئەوانیشەوە، لە هەمووی شاگرد و تەلەبان، ئاشکرا بوو کە هەم کوردم و سوننی، هەم ناوم عومەرە. جا وەک دەکوترێ و دەڵێن:"کەر بێنە و پاقلە بارکە" جنێو و قسەی سووک، دەستی پێ کرا.

دەگەڵ ئەوەش کە بەڕێوەبەرایەتیی مەکتەب، بە گشتی، لە کۆبوونەوەی بەیانیاندا ئەو زەمان باو بوو کە شاگرد، کەلاس بە کەلاس لە حەوشی مەکتەبدا کۆ دەبوونەوە، پاش سروود یان گوتاری پێویست، بە ڕیز دەچوونە ژووری کەلاسەوە- ئامۆژگاریی منداڵانیان دەکرد. هەڕەشەی بە

کوتان و لێدانیش لە ئارادا هەبوو بۆ ئەو کەسانەی کە جنێو بە عومەر دەدەن و دەبنە هۆی ئەزیەت و ئازاری منیش، کەڵکێکی ئەوتۆی نەبوو. هەر نەبا پاش تەواوبوونی مەکتەب، سێ سێ و چوار چوار، وەک بەرنامە، هەموو ڕۆژێ لەسەر ڕێگام دەوەستان و بە گژمدا دەهاتن.

نووسەری ئەو یادداشتانە، کە لە منداڵییەوە لاشەڕ و بێ ئازاریش بووم، چارەم نەما. دەبوو عیلاجێک لەو وەزعە تاڵە بکەم.

بە لێکدانەوەی خۆم گەیشتمە ئەو ئەنجامە، بۆ ئەوە کە منداڵ وازم لێ بێنن و لە کۆڵم ببنەوە، دەبێ بێ ئازاری وە لا بنێم، پێشدەستی بکەم، بەهانەیان پێ بگرم و لە گژیان ڕۆچم.

دوو سێ جار شەڕی نێو حەوشەی مەدرەسە و سەر ڕێی ماڵەوەم نایەوە، شەڕ ئەمما شەڕ. هەموو جارێ هێرش و هجوم لە منڕا دەستی پێ دەکرد. خوا بتحەسێنێتەوە گرتی، ئاخریکەی وایلێهات کە نێوبانگ دەر بکەم. ببووم بە "مەرجەع" و سەرچاوە، فتوا لە منڕا دەردەچوو. بەڵان دیسانیش لەبەر ڕەهایی لە گیروگرفتی خوێندنم لەناو کۆمەڵگای شیعە مەزهەبدا، پرۆسەی ناوگۆڕینم لە عومەرەوە بۆ ئەمیر، لە ڕێگای مەحکەمە و دادگاکانی ئێرانەوە، دەست پێکرا و ماوەیەکی دوورودرێژی خایاند.

لە تەورێز، لە لانی سیاسییەوە، ئێمە وەک ئەندامی فیرقەی ئازەربایجان، چاومان لێ دەکرا. فیرقە، خۆشی هەر شاخەی حیزبی تودە بوو. هەردووک لا، وەک خۆشک و برای لە یەک دایک، فیرقە و دێموکرات، لە ناوچەی یەکتردا، کاروباری سیاسییان پێکەوە تێکەڵاو و وەک یەک ڕێکخراو دەهاتنە حیساب. منیش بە پێڕەوی لەو ڕەوانە، کەوتمە ناو یەکێتیی گەنجانی ئازەربایجان و ئەوامیری ئەوێم بەڕێوە دەبرد.

مزڵی ئێمە لە تەورێز، وەک ماڵی نهێنی و تیمی دەچوو. هەم ڕاکردووی تارانی حیزبی تودە و هەم قاچاغ قوچاغی مهاباد و دەوروبەری تێدا دەحەوانەوە. زەحمەت و ئەرکیش زۆرتر هەر لەسەر من بوو، چونکە من لە هەمووان کەمتەمەنتر بووم، گۆیا بۆیە دەبوو هەم کاری مەکتەب و

خوێندنم ئەنجام بدەم، کە شاگردێکی هەرە باشی کەلاس و مەدرەسەی خۆشم بووم، هەم کاروباری سیاسی پێسپێردراو کە دەبوو بە ئەنجام بگەیەنم و هەمیش خزمەت و سرویسی جەماعەت بە ئەنجام بگەیەنم لە مالّدا، وەک ئاوهێنان، چاییلێنان، قاپوقاچاغ شووشتن و... هەنگین لە تەوریّز، هەموو مالّێک ئاوی نەبوو کە بۆ خواردنەوە بشێ، بۆیە لە شێرەی سەر جادە و خیابانەوە دەبوو بە سەتڵ و گۆزە، ئاوی خواردنەوە، بێنن.

گەیشتبوومە کەلاسی ٦ی سەرەتایی، وردە وردە خەریک بوو بازرە دەبووم کە لە بەرهەمی دانیشتن و وتووێژی ناوخۆیی ئەندام و کادرەکانی حیزبی دێمۆکرات کە زیاتر هەر دەهاتنە مەزڵی ئێمە و هەمووش هەر لاو و گەنج بوون، بۆم دەرکەوت کە شێوە ناکۆکی و ناتەباییەک لەناو حیزبدا هەیە. قسە و قسەڵۆک لەسەر یەکتر، دەستەبازی و یەکتر تاوانبارکردن، بازاڕی پەیدا کردبوو. ئەوەندەی نووسەری ئەو یادداشتانە، لێی حاڵی ببووم لایەنە ناکۆکەکان بریتی بوون لە لایەنی مامە غەنی و لایەنی بەڕێز دوکتۆر عەلی مەولەوی. جیاوازی لە بۆچوونیاندا و هاوەم بڕە کێشەیەکی شەخسی لە نێوان ئەو دوو کەسایەتییە سیاسییەی نێو ڕێکخراودا لە باو بوو، سااڵنی دواتریش هەر ما و شوێنەواری دیار بوو.

لەو سەروبەندەدا، کە شاگردی کەلاسی شەشەمی سەرەتایی بووم، دەگەڵ ڕەحمەتی حەمەڕەسوڵ وەتەمیشی، ناسراو بە حەمەڕەسوڵ سەرسوور، لە کادرە سیاسییەکان حدک، کە هەر لە مزڵی ئێمەش میوان دەبوو، لە شەقامی پەهلەوی پیاسەمان دەکرد، کابرایەکی پۆلیسی خەفیە کە کاراگایان پێدەکوتن، لەبەر لووتمان قیت بۆوە، ڕەپێچەکی داین بۆ پۆلیسخانە، لەوێ، بەبێ پرس و جواب، لە ژووری زیندانیان قایم کردین. هەرچی هاوارم کرد کە من شاگردمەدرەسەم و دەبێ بچمەوە سەر کەلاس، دادی نەدا، گوێیان لێ نەگرتم و ٣ ڕۆژی ڕەبەق لە زیندانداا ڕایانگرتین، تازە ئەوکاتیش بە زەمانەت و بە کەفالەت، لە کۆڵ بوونەوە.

وەک لە ئازادبووندا بۆمان دەرکەوت، پۆلیس ئێمەی بە خەتەر و مەترسی زانیبوو بۆ سەر گیان و ژیانی حەمەڕەزاشا، کە سەفەرێکی ٣ ڕۆژەی لە پێش دەبێ بۆ شاری تەوریّز و هێندی شوێنی دیکەی ئازەربایجان. تا ئەو

لە تەورێز ڕوو بە تاران نەگەڕایەوە، ئێمەیان ئازاد نەکرد. ئەو ٣ ڕۆژەش یەکەم جاری کەوتنە زیندانی من بوو.

ساڵی حەوتەمی خۆێندکاری، واتە سەرەتای خوێندنی ناوەندی بۆ من، ڕوومان کردە تاران. لە دەبیرستانی "دارالفنون" ناونووسیمان کرد. دەگەڵ ئێمە، کاک مستەفا ئیسحاقی و کاک سولەیمان موعینی کە ئەوانیش هەر لەو مەکتەب ناونووس ببوون و هەر بە یەکەوەش لە خیابانی وابزانم "چراغ بەرق" لە نیزیک مەکتەبەکە، باڵەخانەیەکی دوو ژووریمان بە ئیجارە گرت و بووین بە هاوخەرج. کاک مستەفا و کاک سولەیمان، بە چەند ساڵێک لە من گەورەتر و لە کەلاسی سەرەوەتریش، دەیانخوێند.

گەلێک جار، هەروا بۆ خۆشی و گاڵتە، ئەزیەتیان دەدام. وە بیرم دێ جارێک لەو جارانەی ئەزیەتدانم کە تازە "سەرتیپ افشارتووس" سەرۆکی پۆلیسی ئەوکاتەی تاران کە هەواداری خوالێخۆشبوو دکتر مصدق؛ سەرۆکوەزیرانی وەختی ئێران و دژ بە دەسەڵاتی دیکتاتۆری "محمد رضاشاه" دەجووڵاوە، ڕفێندرا و پاش چەند ڕۆژێک جەنازەی بە دەست و دەم بەستراوی لە شوێنێک دۆزرایەوە، هەرا و هەڵڵایەکی زۆری لێ کەوتەوە.

ئەو ڕۆژە، بە لاساییکردنەوە لەو شێوە کوژرانەی سەرتیپ افشارتووس، هەردووکیان، کاک سولەیمان و کاک مستەفا، سواری سەرم بوون، دەست و دەمیان بەستم، هێنایانم لە کاریدۆری ئەپارتمانەکەی خۆمان فرێیاندام و خۆیان چوونەوە مەکتەب. لام وابوو ڕەنگە پاش چەند دەقیقەیەکی دیکە دێنەوە و دەست و پێم دەکەنەوە، دەزانن دەبێ بچمەوە مەدرەسە و دوا نەکەوم، کەچی وایان نەکرد. زیاتر لە سەعات و نیوێک بەو حاڵە لە کاریدۆری ماڵدا مامەوە، کەس بە فریام نەهات، تا لە ناکاو کابرایەکی جیرانمان تەپە تەپ لە پلیکانی ماڵ سەرکەوت، کە چاوی بەو وەزعە کەوت، ترسا، بەرەوخوار، بە پلیکاندا، هەڵات، نازانم چۆن بوو غیرەتی وە بەر کەوتبۆوە، جارێکی دیکە سەرکەوتەوە سەرەوە، هاتە سەرم دەست و پێ و دەمی کردمەوە و پرسی: "چ بووە و کێ وایلێکردوی؟" من کە لە شەرمان و لە داخان بۆ ئەو گاڵتە بێمانایە کوڵی گریانم لە ئەوکێ وەستابوو، کوتم ئاوااڵەکانم!

I

لەو سەروبەندەدا، بازاڕی سیاسەت و جەبهەبەندیی سیاسی لە ئێراندا بە گشتی و بە تاییەتی لە تاران گەرم و توند بوو. لە لایەک دەسەڵاتی سیاسیی سەر بە دیکتاتۆری حەمەڕەزاشا، کە لایەنی هەرەزۆری ئەرتەش و سەرجەم حیزب و ڕێکخراوە توندڕەو و پیاوکوژ و کوتەکبەدەستەکانی "حزب زحمتکشان ایران" بە سەرۆکایەتیی "دکتور بقایی،" هەروەها جەماعەتی حیزبی"پان ایرانیست"و دارودەستەی "شعبان جعفری"؛ ناسراو بە شعبان بێ مخ، لە لای دیکەوە "جبهه ملی ایران" بە سەرۆکایەتیی شەهید "دکتر فاطمی" هاوکاری دکتر مصدق، سەرۆکوەزیرانی ئێران و حیزبی نیوە ئاشکرا و نیوە نهێنیی تودە کە لایەنێکی گرینگ و دەسەڵاتدار بوو لە بازاڕی سیاسیدا لەنێو وڵاتی ئێران.

ئێمەی ئەندام و لایەنگرانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان، پاشکۆی حیزبی تودە، هەر لە هەوەڵ ڕۆژی چوونمان بۆ تاران، لە حیزبی تودەڕا لەسەرمان بوون، کەوتینە ناو حەوزە و شانە نیوە نهێنییەکانی حیزبی تودە و ئەرکی خەباتمان بۆ دیاری کرا. لە "سازمانی جەوانانی حیزبی تودە"دا جێم بۆ دیاری کرا و کەوتمە کار.

کارێک لەو کارانەی شانەی ڕێکخراوەیی ئێمە دەبوو بیکا، فرۆشی ڕۆژنامەی "جوانان دمکرات" بوو. هەر کەسەمان لە شانەی ڕێکخراوەی خۆی، بەشی خۆی وەردەگرت و لە دەرەوە دەیفرۆشت. لێمان قەبوولْ نەدەکرا نەیانفرۆشین، لێشمان نەدەسەلمێنرا خۆ لە فرۆشتنی بدزینەوە و

پارەی ڕۆژنامەکەمان، خۆمان بیدەین. فرۆشی ڕۆژنامە بەشێک بوو لە خەباتی سیاسی و دەبوو بکرێ. نرخی ڕۆژنامەکەش ئەگەر بە هەڵە نەچووبم، دەنکی ٥ قڕان یا ٥ ریاڵ بوو.

ڕەواڵی کاری ڕۆژنامەفرۆشی ئاوا بوو کە سەر لە بەیانیی زووی ڕۆژی دووشەممەکان، لە بەرپرسی دیاریکراو ڕۆژنامەکانمان وەردەگرت، پاش فرۆش پارەکەمان بە حیساب تەسلیم بە بەرپرسی شانە یا حەوزەی ڕێکخراو دەکردەوە. بەشە ڕۆژنامەی من پێنج دەنک بوو، کە دەبوو بیانفرۆشم، دەبوو بەرەبەیانی زووش ڕاپەڕێنم، تا سەری کات و وەخت، بگەمە مەکتەبەکەشم. کاری ڕۆژنامەفرۆشیی ڕۆژانی دووشەممەم، زۆر پێ زەحمەت بوو، پێی بێ باوەڕ بووم و پێشم کارێکی بە عەیب و عار بوو.

لە سەرەتادا، هیچ شارەزایی و ناسیارییەکم لەسەر شاری گەورە و بێقەوارەی تاران نەبوو و نەشمدەزانی کام ناوچەی شار جێگای کرێکار و سەنعەتیە یان ڕووناکبیر و خوێندەواری چەپی لێ دەست دەکەوێ تا ڕۆژنامەم لێ بکڕن، ئەوانیش کە دەیانکڕی هەر بۆ هاندان و وەک ئەرک دەیانکڕی، نەک لەبەر مەتڵەب و نووسراوەی بەپێز، بێجگە لەوەش دەترسام تووشی جێگا و شوێنی وا بێم کە چەقۆکێش و چۆماغبەدەستی شاخوازی لێ بێ و شرت و گومم بکەن. ئەوانیش بە تایبەتی ڕۆژانی دووشەممە کە ڕۆژی فرۆشی "جەوانان دمکرات" بوو لە شوێنەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆیان لە تودەیی یان بە قەولی خۆیان "جوجە کومونیست" دەگەڕان تا لێیان بدەن و لە کاری هەڵسوڕانی سیاسییان بخەن.

وە بیرم دێ جارێک لە هەوەڵەکانی ڕۆژنامەفرۆشیدا، پاش ئەوەی ڕۆژنامەکانمان وەرگرت، زور لەبەر کاک سولەیمان، پارامەوە کە ڕەگەڵ خۆیم بخا تا منیش لە دەوروبەری ئەو ڕۆژنامەکانم بفرۆشم، ئەو شارەزاتر بوو، پێشتر لە تاران مابۆوە، لە منیش گەورەتر بوو و قوەتێکی دڵ و دەروونی دەبوو بۆم، بەڵان لێی نەسەلماندم، ڕێگای پێ نەدام دەگەڵ ئەو بچم. ناچار و ناشارەزا ڕووم کردە جادەی "فردەوسی" لەوێ لە شوێنێک ڕاوەستام، دەستم کرد بە هاوار هاواری، جوانان دمکرات.

زۆری پێنەچوو کابرایەکی تا ڕادەیەک بەتەمەن، بە سەروگوێلاک ڕێکوپێک، لێم هاتە پێش و لێی پرسییم: "خەڵکی کوێی؟"

کوتم: "کوردم، خەڵکی مهابادم."

_ چەند دەنکت لەو ڕۆژنامەیە پێیە ؟

_ پێنج دەنک.

_ بیانده بە من.

هەر پێنج دەنکەکەم دایە، پارەکەی دامێ و کوتی: "ئێرە جێی فرۆشتنی شتی وانیە، بڕۆ لێرە لاچۆ، جارێکی دیکە بۆ فرۆشتنی ئەو بابەتە ڕوو مەکەوە ئەو ناوە!"

کەیفخۆش، بە پەلە بەرەو ماڵ بوومەوە، کە گەیشتمە بەر دەرگای ماڵ، تەماشام کرد یەکێک لەولاوە دێ، شتێکی سووری بەبەر دەمەوە گرتووە. بیچم و شێوەڕۆیشتنی لە ئی کاک سولەیمان دەکا، ڕاوەستام تا گەیشتێ، خۆی بوو. وە بەر دەستی کوتەکبەدەستانی بەقایی -حیزب زحمتکشان- کەوتبوو خوری شۆڕ کوتابوویان. ئەو سوورڕەنگەی وە بەردەمی خۆشیەوە گرتبوو، جووتە دەسکێشی سپی کورکی من بوو کە لە بەرهەمی لێدان و کوتانیدا، وە بەر کەپۆی گرتبوو لە خوێندا شەڵاڵ ببوون.

ماڵی هاوبەشی ئێمە لە تاران، هەروەک ماڵی لە تەورێز هەمانبوو جێی کۆبوونەوە و حەشارگەی نهێنی بوو بۆ ڕاکردە ژێر چاوەدێرییەکانی تودەیی و دۆست و برادەرانی کوردی مهابادی کە ڕێیان کەوتبا تاران. لەنێو ئەو کەسانەدا، تاکێکیان ڕەحمەتی "مامۆستا وردی" بوو. مامۆستا محەممەد تۆفیق وردی، ئەندامی حیزبی شیوعیی عێراق بوو کە بە نوێنەرایەتی و بۆ پێوەندی لە تەک حیزبی توده هاتبووە تاران. جاچونکە هەم ئەو کورد بوو هەم ئێمە، حیزبی توده حەوالەی لای ئێمەیان کردبووو لە لای ئێمە دەمایەوە.

مامۆستا ئەوکاتە نزیک بە پەنجا ساڵێکی تەمەن هەبوو پیاوێکی زۆر ئارام و مولایم و بەڕێز. فێری سروودی شۆڕشگێڕانەی دەکردین کە بە

زمانی عەرەبی بوون، بێ ئەوەی کە بزانم مانای کەلیمە و وشەکانی چین، بە ئاهەنگەوە فێری ببووم.ئێستاش هەندێکم لە بیرە لەوانە کە دەگوترا، وانا لنالناالغد لناالغد...

مامۆستا بە زاراوەی باشووری کوردستان قسەی دەکرد، وا هەڵدەکەوت کە کاک مستەفا و کاک سولەیمان کە بە راست قۆشمە و وەک فارسەکان دەڵێن بازیگوش بوون، گاڵتەیان پێدەهات و پێی پێدەکەنین. مامۆستا وردی دوو مانگێک لای ئێمە مایەوە، وا ئۆگری ببووین ماوەیەکی تەواو هەر یادمان دەکردەوە و سروودەکانمان بە عەرەبی دەکوتنەوە.

سااڵنی دواتر کە کەوتبوومە باشووری کوردستان و ناو شۆڕشی ئەیلول، لە کاک سولەیمان زانیمەوە کە مامۆستا وردی لە پاش ماوەی مانەوەی لە تاران کە دەگەڕێتەوە بەغدا و ماڵەکەی خۆی، ژنەکەی، کە ئەویش هەر شیوعی دەبێ، لە غەیبەتی مامۆستا کەڵک وەردەگرێ و ملئەستوورێکی دیکەی حیزبەکەی، دادەکاتە ماڵ و ئیدی تازە ڕێ بە مامۆستا ناداتەوە، ڕوو لەو ماڵە بکاتەوە، کە ماڵی خۆشی دەبێ. گوایە کە ئەو بێوەفاییەی هاوڕێیانی حیزبەکەی بە هێند وەردەگرێ و لە حیزبی شیوعیدا نامێنێ، بەرەو پارتیی دێموکڕاتی کوردستان و کوردایەتی با دەداتەوە.

لە ماڵی تارانی ئێمەدا، بێجگە لە کاروباری سیاسی و کۆڕ و کۆبوونەوەکانی حیزبی، گاڵتە و گەپ و بەزم و گۆرانیگوتن بەشێکی دیکەی ئەو "مەکۆگەیەی" بە خۆیەوە گرتبوو. هەموو تیپ و تیمێک هاتوچۆی دەکردین و هەر لەو ماڵەشدا بوو کە بۆ یەکەمجار چاوم بە بەڕێز "سارم خان سادق وەزیری" و "دوکتور قاسملوو" کەوت.

سارم خان و کوڕی "ملک الشعرای بەهار" کە نێویم لە بیر چووەتەوە، بەیەکەوە هاتنە ماڵی ئێمە، هەردووشیان لە بەرپرسەکانی حیزبی تودە بوون. لەو کۆبوونەوەدا کە بە حزوری ئەوان پێکهاتبوو بەشێکی زۆر لە کادرەکانی حیزبی تودە تێیدا بەشدار بوون. بۆ ئێمە بە تایبەتی بۆ من، ئەو کۆبوونەوەیە زۆر خۆش و زۆر گرینگ بوو. چونکە دەمدیت سیاسەتمەدارێکی کورد وەک سارم خان کە پیاوێکی تازەپێگەیشتووی زۆر ئارام، ڕووناکبیر، قسەزان بەرپرس لە حیزبی تودەدا و زۆریش خاوەن

شەخسییەت و جوانچاک لەو کۆبوونەوەیەدا بەشداره و هاتۆته مالّی ئێمه، زیاتر کەیفم پێوه دەکرد.

سارم خان، ئێستاکه مخابن تەمەنیشی چووەته سەر، کەوتۆته ولّاتی سویس، جێگای خەم و پەژارەیە کە بزاوی ڕزگاریخوازی کورد بە گشتی و بە تایبەتی لە ڕۆژهەلّاتی کوردستان، لەو گەنجینە نەتەوەییە بەتوانا و خاوەنئەزموون و کەسایەتیە بەرزە، کەلّک وەرناگرێ.

وەک کوترا، دوکتۆر قاسملوو کە تازە ئیدی، ڕێگای بۆ مالّە ئیمە کرابۆوە، ئەو کاتە بە تازەگی لە چیکوسلّاواکیای ئەو زەمانڕا گەڕابۆوە ئێران. دوکتۆر، گەنجێکی بە سەر و زمان، ڕووخۆش و دەمبەپێکەنین، جا چونکە لە چیکوسلّاواکیاشڕا، واتە لە کابەی بچووکی ئێمەمانانڕا، گەڕابۆوە؛ بەتایبەتی نووسەری ئەو یادداشتانە، زۆرم خۆش دەویست. ئەو خۆشەویستی و ڕێزەم هەر ما و لە ڕۆژگارانی دواتریش، بە هەلّە، بوو بە هۆی بە لاداشکانێکی زۆر بە لای بەڕێزیاندا لە دەستپێکردنەوەی هاوکاریی سیاسیی پێکەوەمان بۆ جارێکی دیکە، کە لام وایە بەشێک لەو هەلّە و چەوتییانەی ئەوکاتم، ڕیشەی هەر لەو خۆشەویستییە قەدیمەم دابوو کە هەر پێم مابوو.

بێجگە لەوەش، ئێمە بە بنەمالّە ناسیاویی و تێکەلّاویمان دەگەڵ بنەمالّەی دوکتۆر قاسملوو هەبووە. بە تایبەتی لەگەڵ براگەورەی دوکتۆر قاسملوو بەڕێز "دکتور عەلی" کە ئێستاکە مالّی لە ورمێیە و ئەوەندەی بشزانم سپاس بۆ یەزدان هەر ماوە، یادی بەخێر، هاتوچۆمان گەرم بوو و بەڕێزیان لەگەڵ براگەورەی من زۆر دۆستی نزیک بوون.

دێتەوە بیرم، ئەوکاتی لە تەورێز دەمانخوێند و شاگردی کلاسی پێنجی سەرەتایی بووم، بەڕێزیان سالّی ئاخری زانکۆی پزیشکی تەواو دەکرد. ڕۆژێکیان کە هاتبووە سەردانمان، نەخۆش بووم. دوکتور عەلی کوتی: "سبەی وەرە خەستەخانە، لەوێ دەبم دەتبینم و معاینەت دەکەم." بەپێی قەرار، چووم بۆ خەستەخانە، بێجگە لە خۆی، چەند کەسێکی دیکەش لە دوکتۆرەکانی هاوەورەی خۆی، لەوێ لە ژوورەکەی بوون.

دوکتۆر عەلی کە پیاوێکی خۆشمەشرەب و گاڵتەچییە، بە دەنگێکی بڵێند بە نێوی ئەوکاتی خۆم، عومەر بانگی لێ کردم. چوومە پێش، لە کاتێکدا دۆست و برادەرەکانی هەر بە دەوروبەرمدا هەڵدەسوڕان. سەرەنجام یەکێکیان کوتی: "بە هانی گویرغی؟" واتە ئەدی کوا کلکی؟. شیعەکان کە عومەر خەلیفەی دووهەمی ئیسلامیان زۆر ناخۆش دەوێ، دەڵێن عومەر کلکی هەبووە. جا ئەو برادەرانەی دوکتۆریش، بە گاڵتە ئەو قسەیەیان کرد، تا گەمەیەکیان دەگەڵ دوکتۆر عەلی کردبێ. دوکتۆر کە پیاوێکی وشیار و خۆشقسەیە، کوتی: "ئەوە کلک نەبووە ئەوەی ئێوە لە عومەری بە کلک دەگرن، بەڵکە شتێکی دیکە بووە، کە هەم خۆی ئیمام عەلی و هەم شیعەکان خراپی لێ حاڵییوون."

با بگەڕێمەوە سەر باسەکەی خۆم.

دوکتۆر قاسملوو کادری حیزبی تودە بوو، دواتر لەسەر ڕاسپاردەی بەڕێز سارم خان سادق وەزیری حیزبی تودە، ئەرکی "رابط" و پێوەندداریێتیی خۆی دەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستان، پێ دەسپێرێ و دەبێنێرێ بۆ مهاباد.

دوکتۆر قاسملوو بە شێوەی نهێنی لە مهاباد دەماوە و زیاتریش هەر لە ماڵە پێشەوا، یان لە ماڵە "خانمەخانم"ی سەدری قازی، حەشاری، هەڵگدەگرت.

لەو کاتانەدا کە دەگەڕاوە تاران، یان هەر لەوێ لە تاران دەماوە، بە گەرمی هاتوچۆی ماڵەکەی ئێمەی دەکرد، زۆرجارانیش لەسەر ڕێگای خۆی بۆ لای ئێمە، نان سەنگەکی دەکڕی دەگەڵ هەڵوای شەکری، یان هەڵوەردە دەیهێنا و لەوێ دەیخوارد.

وەک لە پێشتریشدا باس کراوە، لە کەسایەتییەکانی دیکەی کوردی ئەو کاتەی تاران، بەڕێز سارم خان سادق وەزیری بوو. جارێکی دیش وا بزانم لە پێوەندیدا دەگەڵ کاندیداتۆری خۆی لە مهاباد، بۆ ئەندامەتیی پارلەمانی ئێران، سەردانی لە ماڵەکەی ئێمە کرد.

سارم خان، ئەو زەمان وەکیلی ناوداری دادگوستەری بوو لە تاران، جارێ هەر گەنج و بە تایبەتی، هەروەک ئێستای مرۆیەکی ئارام، خۆشقسە و بەفەرهەنگ، لەبەر چاو و دڵان بوو. وەک باسی هات، بەڕێزیان، کاندیدا و پاڵێوراو بوو بۆ ئەندامەتی لە پارلەمانی ئەوکاتەی ئێران، بۆ مهاباد و و ناوچەکانی سەر بە شارستانی، مهاباد.

ماجەرا و بەسەرهاتەکانی هەڵبژاردنی ئەو دەورەی مەجلیسی شورای میللیی ئێران لە مهاباد خۆی باسیکی تایبەتی و دوورودرێژی دەوێ، کە خودی سارم خان بە قەڵەمی بەتوانای خۆی بە زمانی فارسی نووسیویەتەوە و چاپ و بڵاویش بۆتەوە. لێرەدا ئەوەندە بەسە کە بڵێم سەرەڕای زۆربەی هەرەزۆری دەنگەکان بۆ سارم خان، "ئیمامی" نێو کە کەس لە مهاباد و ناوچەکەدا هەر نەشیاندەناسی و نەیاندازانی خەڵکی کوێیە، سەری لە سندوقەکانی ڕای دەرهێنا و بوو بە نوێنەر.

دەیانگێڕاوە و دەیانکوت، لەو دەورەی هەڵبژاردنی پارلەمانی ئێراندا، مەرحومی "ڕەشید ئاغای عەلیار" کە هەواداری لە هەڵبژاردنی پاڵێوراوێکی دیکەی ئەو دەورە دەکا بە نێوی دوکتۆر محەممەد موکری، بە مەبەستی بڕوپاگاندا و ڕەی کۆکردنەوە بۆ کابرا، دەچێتە دێی "دارەلەک" لە نیزیکی مهاباد.

لەوێ میوانی ئاغاکانی دارەلەک دەبێ و کۆبوونەوەیەکی گەورە لە ئاغا گوندەکانی دەوروبەر پێک دێنێ و داوایان لێ دەکات نفوز و ڕەئییەکانی خۆیان بۆ پاڵێوراوەکەی وی، واتە محەممەدی موکری، بە کار بێنن. ئاغاگەل کە زۆربەشیان هەر بە تەمەن و پیر و پاتاڵ دەبن، مل بۆ داوای ڕەشید ئاغا ڕاناکێشن، چونکە پاڵێوراوەکەی ناناسن و هەواداری لە سارم خان دەکەن کە کەسایەتییەکی ناسراو و بەناو و کوردێکی خۆشەویست دەبێ.

ئەودەم، بەپێی هەلومەرج و بەگوێرەی داب و نەریتی نێو ئاغاگەل، هەموو لە دیوەخانی گەورەی دارەلەکدا، جێگاخەویان بۆ چاک دەکرێ، جا لەبەرئەوەی زۆربەیان پیر و ددانی مەسنوعی و دەسکردیان دەبێ، هەرکەسە و پیاڵەئاوێکیشی بۆ ددانتێهاویشتن لە پشت سەر دادەندرێ.

ڕەشید ئاغا کە لە هەڵوێستیان نارازی دەبێ، نیوەشەو لە پیاڵەددانان ڕاستەوە دەبێ و پیاڵان وە کۆ دەکا، لە هەریەکەی ددانێک دەردێنێ و دەگەڵ یەکی دیکە تێکەڵیان دەکا و بۆیان دادەنێتەوە، خۆشی بەیانی ڕاستەوە دەبێ و دارەلەک بە جێ دێڵێ.

ئاغاگەل کاتێ وە خەبەر دێن و دەیانەوێ ددانان لە زار بکەنەوە، لە قباحەتی کێشەکە حاڵی دەبن، چونکە هیچ کامێکیان ددان، ددانی خۆیان نابێ و بە زاریان ناکا. گۆیا ئەو ڕۆژە تا نیوەڕۆیەکی درەنگ، هەر خەریکی ددان ناسینەوە دەبن تا نەجاتیان دەبێ.

ببوورن، کە جارجار لە مەتڵەب دوور دەکەومەوە، وا دەگەڕێمەوە سەر خەت و شوێن و دەڵێم، تارانی ئەوکاتە، وەک تارانی ئێستا نەبوو کە بە هەزاران کورد و ماڵەکوردی تێدابێ. بەڕاستی بێجگە لە ئێمە، ئەو چەند خوێندکارە و دوو سێ ماڵی دیکەی مهابادی، کەسێکی دیکەی کوردی ناسراوی لێ نەبوو. ڕەحمەتی "میرزا هاشمی خەلیلزادە" و ڕەحمەتی"میرزا عەلی خوسرەوی" لەو دەگمەنە ماڵە کوردانە بوون لە تارانی ئەو کاتەدا، کە ئێمە جارجار هاتوچۆمان دەکردن. بە تایبەتی ماڵە ڕەحمەتی میرزا عەلی خوسرەوی زیاتر دەچووین، چونکە ئەویش هەر تودەکرات بوو.

کاک "سدیق ئەنجیری"، لەو کوردە مهابادییانە بوو کە هەر لە کەونەوە، لە زەمانی کۆمارەوە پەڕیوەی تاران و لەوێ نیشتەجێ ببوو. کاک سدیق تودەییەکی ناب و خالس بوو لە بەرپرسانی حیزبی تودە. پیاوێک بوو خوێندەوار و ڕووناکبیر، بەڵان زۆر بێدەنگ و گۆشەگیر. هاتوچۆی ئێمەی نەدەکرد، بەڵان دەگەڵ برادەرانی هاوڵمان، چەند جارێک لە شوێنێک کە پێی دەکوترا "کافە فیروز" و جێگای دایمی کاک سدیق بوو چاوم پێی کەوتبوو. کاک سدیق، ژنی نەهێنابوو و منداڵیشی هەر نەبوو، ڕەنگە بۆیە بووبێ، پاش کاری ڕۆژانەی لە ئیدارەی فەرهەنگ و پەروەردە، هەم بۆ خواردن و هەم بۆ دانیشتن، جێگای هەر لە کافە فیروزی گۆرین دەبوو، منیش، لەوێ دیتبووم و دەمناسی. لە لاپەڕەکانی داهاتوودا، بە کورتی

باس لە چوونە گەرمێنی کاک سدیق و شەهیدبوونی لەوێ، بە کورتی، دێتە گۆڕێ.

کەسێکی دیکەی گەرمێنی، کە خۆی بە نێوی "عەبدوڵڵا بارزانی" دەناساند و بە نهێنی لە ماڵە ئەندامانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستاندا، دەمایەوە و زۆرتریش هەر لە ماڵە پێشەوا و لەوێ وەک کوڕی ماڵێیان چاو لێ دەکرد. عەبدوڵڵا کە هاتبا تاران، لە ماڵە ئێمە دەماوە. ئەو عەبدوڵڵا ناوە، وەک بۆی باس دەکردین، گۆیا کوڕە بارزانییەک بووبێ کە لەسەر ڕێگای دەرچوون بەرەو سۆڤیەتی قەدیم، نەخۆش کەوتبێ و لە کاروان بە جێ مابێ، گۆیا بۆیە لە وڵاتدا، بە نهێنی، دەژیا.

عەبدوڵڵا لە دوو لاوە زۆر خۆشەویست بوو. یەکەم چونکە کوڕە بارزانییە و بارزانیش لەو کاتاندا، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، زۆر خۆشەویست بوون. دووهەم چونکە کوردی گەرمێن بوو کوردی گەرمێن یان بەشەکانی دیکەی کوردستان، ئەوەندەی من دەزانم و هەڵم کڕاندووە لە ڕۆژهەڵاتدا بە ڕێز و،خۆشەویستیەوە چاویان لێ دەکرێ. بۆ عەبدوڵڵاش هەر وا بوو، کەچی بە زەرەر شکایەوە و ئاخریەکەی عەبدوڵڵا بە دز دەرچوو. زێڕی ماڵ و منداڵی پێشەوای سەرجەم دزی و ڕووی کردەوە باشوور، بیستومە، ئێستا نیشتەجێی هەولێرە.

وا بزانم ساڵ ساڵی ١٣٣٢ی ئێرانی – ١٩٥٣- زایینی، باس باسی کۆنگرەی لاوانی دێموکڕات بوو لە "بوخارێست" لە وڵاتی "ڕۆمانیا". براگەورەی من ئەحمەد ئاغا، یەکێک بوو لەو گەنجانەی کە دەبوو لە ڕێگای حیزبی تودەوە، نوێنەرایەتیی یەکێتیی لاوانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بکا لەوێ.

بەو بیانووە کە چاوی باش نابینێ و دیدی کێشەی هەیە و پێویستە بۆ عیلاج بچێتە دەرەوە، تەرتیبی پاسپۆرت و کاروباری سەرەتایی بۆ کرا، کەچی لە تارانڕا گێڕایانەوە دوا، ڕێیان نەدابوو ئەو بچێ. کوتبوویان، ئەحمەد کوڕەئاغایە، دەوڵەمەندە، دەبێ کوڕەفەقیرێک نوێنەرایەتی بکا، ڕەحمەتی کەریم حیسامی، بە جێگای وی، نێردرا بۆ بوخارێست، سەفەرێکی چەند مانگە.

لە گەڕانەوەدا، لە" بەندەر پەهلەوی" دە پازدە ڕۆژێکیان ڕەحمەتی کەریم زیندانی کردبوو، پاشان ئازادببوو. دەگەڵ ئازادبوون، یەکڕاست ڕێگای تاران دەگرێتە بەر و ئێوارەیەک بە درەنگەوە لە ماڵێ، لێمان وە ژوور کەوت.

وە بیرم دێ، ڕەحمەتی، زۆر بە تام و چێژەوە، باسی ڕۆمانیا و پێشکەوتنەکانی ئەو وڵاتە کۆمۆنیستەی بۆ دەگێڕاینەوە، لە ڕەفا و گوزەرانخۆشیی ڕۆمانیاییەکان، وردە حکایەتی بۆ دەگێڕاینەوە. سوێندی بۆ دەخواردین و کوتی: "لەو ڕۆژەڕا کە پێم لە ڕۆمانیا ناوە، تا لێی دەرکەوتوومەوە، دەمم لە نان نەداوە، هەر پلاو و گۆشتم خواردوە، جا حیسابی خۆتان بکەن."

"سازمان جوانان دمکرات" لە تاران، هەر چەند مانگ جارێک، سەفەرێکی دەرەوەی شاریان پێ دەکردین، کە ناویان لێ نابوو "گردش علمی" یان گەڕانی زانستی. حیزب ئوتوبوسی بە کرێ دەگرت، بە سەدان گەنج و لاوی سەر بە حیزبیان تێ داویشت، هەم بۆ ڕووپاگەندای سیاسی بە کاریان دێناین، هەمیش بە کۆمەڵ و دەستەجەمعی، لەمەڕ ئامانج و سیاسەتەکانی حیزب، ڕوونیان دەکردینەوە و ئاگاداریان دەداینێ.

جارێک لەو جارانە، هێنابوویانین بۆ ناوچەی " هشتگرد"، هەشتگرد، لە پەنجا شێست کیلومتری تاران، هەڵکەوتووە. لەو سەفەرەدا، کاک سولەیمان و کاک مستەفاش، هەردوو، دەگەڵدا بوون.

ڕۆژ ڕۆژی هەینی و سەرەبەهارێکی زۆر خۆش، پاش نان و چایی خواردنێک و قسەی ڕۆژی، بە دەشتێدا بڵاو بووینەوە تا دەگەڵ گوندی و گوێڵکەوان و گاوانی دەوروبەر، ڕووپاگاندا و تەبلیغاتی سیاسی بکەین و ڕایانبێنین.

کاک مستەفا، دەگەڵ کۆمەڵە خەڵکێکی ئەو دێیانە ڕاوەستابوو قسەی دەگەڵ دەکردن، بانگی ئێمەشی کرد و کوتی: "کوڕە وەرن، من لە زمانی ئەوانە، حاڵی دەبم، دەڵێی بە کوردی قسە دەکەن!" کە چووین، دیتمان ڕاست دەکا و وایە. ئێمە دەگەڵ خەڵکەکەی ئەوێ بە کوردی خۆمانیش

لێکتر تێدەگەیشتین. تا ئەو کاتە نەمزانیبوو کورد و کوردزمان، لە دەوروبەری تارانیش هەن کە تا ڕادەیەکی زۆر چوارچێوری زمانی خۆیان هەر پاراستووە و خۆشیان بە کورد دەزانن. دیداری ئێمە، ئەو سێ کوردە، لەوان زۆر خۆش هاتبوو بۆ ماڵەخۆیان بانگ دەکردین، دیارە نەچووین، چونکە فرسەتی مانەوەمان نەبوو.

دەستەمندانێک، هەر لەو خەڵکەی دەوروبەر، بەچکەگورگێکیان، گرتبوو بە دەستیانەوە بوو. گشتەگەنجێک لە هاوسەفەرەکانی ئێمە، بە دەوروبەریاندا هەڵدەسوڕان و داوایان لێ دەکردن بەری بدەن، پێیان گوناح بوو. هەوڵیان، بێ سوود بوو، بە قسەیان نەدەکردن و بەریان نەدەدا، دەیانکوت: "گەورە دەبێ، مەڕومالاتمان لێ دەخوا." ئێمەی کورد گەیشتینە پاڵ کێشەکە، بە کوردیی خۆمالّی کوتم: "بەریدەن با بڕوا، گوناحە!" هەر بەوەندە قسەیە بێچووەگورگیان بەردا، جەماعەتی ئێرانی زۆریان لا سەیر بوو کە هەر بەو دوو سێ کەلیمەیە بە قسەیان کردم، لە حیکمەتەکەیان پرسی، کوتم" زۆر هاسانە، ئەوانە کوردن وەک ئێمە، خۆشەویستییان بۆمان هەیە، بە خەڵکی خۆیانمان دەزانن، بۆیە بە قسەمان دەکەن."

لە کێشەی ٢٠% مووڵکانە بۆ جووتیاران سالّی ١٣٣١ی ئێرانی- کە بە سالّی ناکۆکیی ئاغا و جووتیار ناودێرە، لە ناوچەی بۆکان، بە تایبەتی لە دێهاتی بەگزادەنشین، ساحێبمووڵک، دەگەڵ جووتیاران، لەبەر یەکتردا بوون. ڕێبەری جووتیارانی بۆکان، "حاجی قاسم" ناو نیوچەشۆڕشێکی جووتیاری دەست پێ کردبوو. حاجی قاسم خۆی خەڵکی شاری بۆکان، هەم خەیاتی دەکرد و هەمیش لە پەنا بەرگدروویی، دوکانی پارچەفرۆشیشی هەبوو. سەرەڕا، ببوو بە ڕێبەری جووتیاران و بە قازانجی ئەوان پشتیوانی لە قانونی ٢٠% دەکرد، کە حکومەتی دوکتۆر موسەددیق، بە پەسندی مەجلیسی ئێرانی گەیاندبوو. بێجگە لە حاجی قاسم، چەند کەسایەتییەکی دیکەی شاری بۆکانیش لەوانە کاک ڕەئوف مەلا حەسەن و کاک عەولاّ ئێرانی و چەند کەسێکی دیکەی هاوکاری لە بۆکاندا تێوە گلابوون و ببوون بە هەواداری جەبهەی میللی بە ڕێبەری دوکتۆر مصدق، سەرۆکوەزیرانی ئێران. لەو گێرە و کێشەیەدا، دوو دەنکە بیرەوەریم، لە لایە.

یەکیان ئەوەیە کە جارێک لە جاران، لە میوانخانەی " شەرافەت" لە تاران ئەوزەمان لە تاران دەرسم دەخوێند- دەگەڵ مامە غەنی بووم کە چاوی بە حاجی قاسم کەوت. حاجی قاسم لەو وەختانەدا، زوو زوو هاتوچووی تارانی دەکرد، هەموو جاریش وای دەنواند کە چاوی بە خۆی دوکتۆر مصدق دەکەوێ و دەستوراتی لێ وەردەگرێ.

لەو دیدارەدا کە نازانم لە پێشدا بڕیاری لێ درابوو یان هەروا بە هەڵکەوت لەو میوانخانەیە تووشی یەکتر هاتبوون، هەرچۆنێک بووو لە باس و قسەی نێوانیاندا، مامە غەنی بە حاجی کوت کە حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان پشتیوانی لەو جووڵانەوەیە ناکا، چونکە جووتیاران بە هێزی شۆرشگێڕ نایەنە کایەوە و لە شۆڕشدا بەردەوام نابن. ئەو ڕابوونە، لە کێشەی نێوان شا و دوکتۆر مصدقەوە دروست بووە، زۆر بە حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان مەربووت نییە، هەرچەند پێمان خۆشە جووتیاران، سەرکەون.

نووسەری ئەو یادداشتانە، ئەوکات مامە غەنیم بە بەرپرسی حدک و هەڵگری بۆچوونەکانی حیزبی تودەش حیساب دەکرد، لە ڕوانگەی خۆمەوە، ئەو قسانەم بە هەڵوێستی حیزب لەمەڕ ئەو کێشەیە، دانابوو. بۆیەش لێرەدا هێناومەتەوە کە زۆر جار لێرە و لەوێ بەرچاوم کەوتووە و خوێندومەتەوە کە گۆیا حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان لەو ئاڵۆزپڵۆزییەدا، بەشدار بووە و بە قازانجی جووتیاران، لە بەربەرەکانی نێوان ئاغا و گوندی، کاریگەرییان هەبووە و دەگەڵ جووتیاران هاوهەڵوێست بوون.

بە ڕای خۆم، کوتەی ئەوزەمانی مامە غەنی، تەعبیرێک بوو لە هەڵوێستی حیزبی دێمۆکڕات، لەمەڕ ئەو ناکۆکییە، چونکە ڕاستە کە حیزبی دێمۆکڕاتی ئەو دەورانی ئێمە، بە هەموو شێوەیەک، دژبەریی شا و دارودەستەی شای دەکرد، هەر بڕێک کەمتر، دەگەڵ دوکتۆر مصدق و جبهەی میللیش دژ و ناتەبا بوو، کەم تا زۆر هەر دوو بەرەی وەک یەک، چاو لێ دەکردن.

دووهەم یادەوەریم، هەر لەو پێوەندییەدا، ئاوایە کە سەرەبەهاری ساڵی ۱۳۳۲ی ئێرانی، دەسەڵاتی نیزامی ئێران، لە مهابادەوە بۆ بڕینەوە و

سەرکوتی وەک دەیانکوت، ئازاوەی حاجی قاسم، کەوتە کارەوە، جووتیارانی فەقیر و بێدەرەتان، لەبەر یەک بڵاو بوون. خەبەر گەیشتە گوندەکان کە حاجی قاسم، هەڵاتووە شۆڕش کوژاوەتەوە. هاوکات ئاغاوات و ساحێبموڵک، بە هەواداری لە شا و لە دەسەڵاتی نیزامی کە بە قازانجی ئەوان هەڵوێستیان گرتبوو لێک کۆ دەبوونەوە و بە قەولی خۆیان، جووتیارە سەربزێوەکانی دەگەڵ حاجی قاسمیان لە گوندەکاندا، شناسایی و ڕاوەنان و ئەمری دەرکردنیان دەدا و لە گوند و لەسەر ماڵوحاڵی خۆیان وە دەریان دەنان. جووتیار، دەبوو جێوڕێی خۆی بە جێ بێڵێ، هەڵبەت بێحورمەتی بە جووتیاران و کوتان و لێدانیشیانی تێدا هەبوو.

نووسەری ئەو یادداشتانە، خوێندکار بووم و بۆ پشووی بەهارێ یان نەورۆزێ گەڕابوومەوە دێ و لە حاجیاوا بووم. ئەو بەهار، سەرەبەهارێکی زۆر تەڕ و تووشی دەگەڵ خۆی هێنابوو، باران لێی نەدەکردەوە، چۆمی تەتەهو کە حاجیاوا چووکەی لێ نزیک بوو کەوتبووە مەترسیەوە کە سێڵاو بیبا، خەڵکی هەردوو حاجیاوا، هەم گەورە و هەم چووک، بۆ پارێزگاری و ئامادەکاریی حاجیاوا چووکە لە بەرانبەر سێڵاودا، ئامادەباش بوون، لەو ڕۆژە تووشەدا، چەند ماڵێکی دەرکراو لە گوندەکانی "عەمبار"، "داژبەند"، "گۆلێ" و... بە ژن و منداڵ و ماڵاتەوە، لێقەوماو تڵیساوە، نوقم لە قوڕ و چڵپاودا، لەوبەری چۆمیەوە، دە ڕێدا بوون.

باوکم، کە لەو ئامادەباشییەی ترس لە سێڵاوی حاجیاوا چووکەدا، لەوێ دەگەڵ خەڵکەکە بوو و چاوی بەو پەرێشانحاڵییەی دەرکراوان کەوت، کوتی: "بانگیان کەن با بێنە ئێرە، ئەمبەرەی چۆم." گەمییان بۆ خستنە کار، لە ماوەیەکی دوو سەعاتیدا، لە پێشدا ژن و منداڵ، دواییش مەڕومااڵتیان بۆ لە تەتەهو، کە کەنداوکەند هاتبوو و هەر قڵپی دەدا، بە گەمی، پەڕاندنەوە بەری حاجیاوا و لە ماڵاندا جێیان کردنەوە. لەو زەمانەدا حاجیاوا گەمیەکی خۆماڵی لێ بوو کە سەرەبەهاران خەڵک و ماڵاتی دەپەڕاندەوە بۆ ئەوبەری چۆم بەتایبەتی بۆ "خۆرگە بازار" کە هەموو ڕۆژانی چوارشەممە پێکدەهات و سەودا و مامەڵەی لێ دەکرا. ئەو

ڕۆژە و چەند ڕۆژێکی دواتریش، هەرچی دەرکراو بوو لە دێیەکانی بنەماڵەی قازییەکان، حاجیاوا، ساروقامیش، گوێگجەلی و برایمابات، حاوێندرانەوە.

گوێبیس بووینەوە ئاغاکانی گوندەکانی کە لە دێی"گۆلێ" کۆ ببوونەوە، داواپەیامێکیش بۆ باوکم دەنێرن کە گۆیا دەبێ ئەو ماڵە دەرکراوانە کە لە دێهاتی قازییەکان گیرساونەتەوە، ڕانەگیرێن و دەربکرێن، دەنا قبوڵ ناکەن. لە جوابدا، باوکم پێی کوتبوونەوە، خەیاڵی خراپ نەکەن، بە هەموو شێوەیەک، دەگەڵیان دەکەین. ئیدی ئاو بە ئاگردا کرا و هەر بەوەندە، بڕایەوە.

لە کێشە و هەرای "حاجی قاسم"دا، لە ناوچەکە نەبووم، لە تاران دەمخوێند، ئەو دوو بیرەوەرییەش کە هێناومنەوە، خۆم دەگەڵ بووم بۆیە باسم لێوە کردن، بەڵان لەسەر ڕووداوەکە کە لە ڕاستیدا مێژووی بزووتنەوەیەکی جووتیاریە کە بێجگە لە داوای چینایەتی خوازیاری بڕە ئاڵوگۆڕێکی کومەڵاتیش بووە لە ناوچەکەدا، جێی خۆیەتی کەسانیک کە لە گڕوکفی کێشەکە لەناودا بوون و هاوزەمان مرۆی بێ غەرەزوغایەش بن، لە هەڵگیرسانی بزووتنەوەی بەشێک لە جووتیارانی دەوروبەری بۆکان لێی ورد ببنەوە و لەسەری بنووسن، تا لە فکر و زەینان ئاوا نەبێ، بەو مەرجە چلۆن بووبێ هەرواش بگوترێتەوە.

مامۆستا "مەلا عومەر عەسری" لەمەڕ هەڵسوکەوتی بزاوی جووتیارانی هەرێمی بۆکان، لە گۆواری "گزینگ"، ژمارە ٣٧ ساڵی ٢٠٠٢ی زایینیدا، کورتەیەکی لەسەر نووسیوە. مامۆستا مەلاعومەر ئەم نووسراوەیەی بە مەبەستی ڕاستکردنەوەی نووسراوەیەکی دیکە، کە هەر لەو بابەتەوە بە قەڵەمی کاک "ئەنوەر سوڵتانی" کە لە گزینگی ژمارە ٣٦ ی هەمان ساڵدا چاپ بووە، هێناوەتە سەر کاغەز.

ڕیوایەت و شیکردنەوەی مامۆستا مەلا عومەر لەسەر ئەو ڕووداوە، دەگەڵ بیرەوەرییەکانی منیش بە تەواوی دێتەوە و یەک دەگرێتەوە، ئاخر منیش خەڵکی هەمان ناوچەم و زۆرم لەسەر بیستووە و بە پەندی ڕۆژگار دەگەڵ ڕووداوەکە تێکەڵاویم هەبووە.

لەمەڕ ئەو ئاڵۆزپێڵۆزییە ڕای جیاواز هەیە، بەشێک لە دۆستان بە ڕاپەڕین و تەنانەت بڕەکاسانێک بە شۆڕش ناویان هێناوە. ڕەحمەتی کەریم حیسامی لە کتێبی "بیرەوەریەکانم، بەرگی یەکەم" کاک جەلیل گادانی لە کتێبی "٥ سال خەبات" و مامە غەنی لە کتێبی "ئاڵەکۆک"دا، لەسەر ئەو ڕووداوەیان نووسیوە، بە شێوەیەک، سەروخواری پێکراوە و بەسەرهات خۆی چۆن بووە، وا نەهاتۆتەوە، لە ناوەڕۆک دوور کەوتونەتەوە. نووسەری ئەو یادداشتانە، بەسەرهات و کورتەشیکردنەوەی مامۆستا مەلا عومەری عەسری، لە گۆواری ناوبرادا، ئاماژەی پێکردووە، وەک یادەوەرییەک، وە بیر دێنمەوە.

لەو پێوەندەیدا، ڕاستییەکەی ئەوەیە کە تێکچوونی ئەو بزووتنەوە و ئاوارەکەوتنەوەی ژمارەیەک لە جووتیاران، لهو پێوەندیدا نییە دەگەڵ ٢٧ی گەلاوێژی ١٣٣٢ی ئێرانی -١٩٥٣ی زایینی- کە دەبێتە ڕۆژی کودەتا بەسەر حکومەتی دوکتۆر مصدقدا. ئەمەیان لە ئاخرئۆخری ڕەشەمەدا بووە و ئەوەیان لە مانگی گەلاوێژدا، ڕوویداوە.

باوکم ناساز بوو، ساڵی دوو سێ جار لەبەر نەخۆشییەکەی، دەچووە تەورێز و دیداری دوکتۆر و پزیشکی خۆی دەکرد. وا هەڵکەوت، گەلاوێژی ساڵی١٩٥٣ی زاینی، دەوروبەری کودێتای حەمەڕەزاشا، لە دژی دوکتۆر مصدق، بە بۆنەی دیداری دوکتۆر و کونترۆڵێکی گشتی میزاج، لە تەورێز بوو، منیش لە خزمەتیدا بووم.

دێتەوە بیرم، ئێوارە زوویەکی ڕۆژی ٢٨ی گەلاوێژ، ڕۆژی کودێتا، لە بەرهەیوانی ژووری باوک، لە میوانخانەی "گیلان نو" کە تا چووبانە تەورێز هەر لەوێ میوان دەبووین و ئاشنامان بوون، دانیشتبووین. میوانخانەی "گیلان نو" دەکەوتە سەر جادەی "پەهلەوی" هەم ژوورەکەی ئێمە و هەم بەرهەیوانی ژوورەکەمان، دەیڕوانیە سەر شەقامی پەهلەوی. لە بەرهەیوانەکە خەریکی سەیر و سەیاحەتی نێو شەقام و چایخواردنەوە بووین کە بێ ئاگا و لە ناکاو چاومان بە کۆمەڵە خەڵکێکی ٣٠٠-٤٠٠ کەسی هەرچیوپەرچی و وەیەکنەچوو کەوت کە بە شەقامەکەدا دەهاتنە خوار و هاواریان دەکرد و هیتافیان دەکێشا بە هەواداری لە شا،

کە بە تازەگی بە پێخواسی لە ئێران ڕایکردبوو، ئەویش بە شێوەیەک لە ڕاکردن، کە وەک دەڵێن، نەپەرژابووە سەر پێڵاو دەپێکردن، گۆیا پێڵاوی لە فرۆکەخانەی بەغدا، دەگەیەننێ.

کوڕی "حاجی ابولقاسم جوان" کابرایەکی خاوەن فابریک و چەقۆکێش، گشتە گۆپاڵبەدەستێکی خۆی دەگەڵ، بە جادەدا، دەهاتنە خوار و "زندەباد" شایان، دەکوت. کە گەیشتنە بەرانبەر ئێمە تەماشامان کرد ڕەحمەتی کاک "هەمزە خەلیل" دەگەڵ خوالێخۆشبوو "مام وسێن قارەمانی"؛ ناسراو بە وسێنە زەرد، دەگەڵ کوڕی حاجی جەوان، لە ڕیزی هەرەپێشەوەی خۆپیشاندانەکەن. ڕەحمەتی هەمزە خەلیل، سێوێکی بە دەستەوە بوو کە جارجار دەگەڵ "جاوید شا" کوتن، قەپاڵێکیشی لە سێوەکە دەدا.

هەواڵنامەی کتێب

II

کە ڕیزی خۆپیشاندەران گەیشتە بەرانبەر ئێمە و ئەو دوو ئاغا کوردە چاویان بە بابم کەوت لەسەر بالکۆن، لە ڕیزی جەماعەت هاتنەدەر و وە سەر کەوتن، هاتن بۆ لای باوکم. ڕەحمەتی هەمزە خەلیل دەگەڵ وەزووركەوتن، بە دەنگێکی بڵێند کە عادەتی خۆی بوو لە قسەکردندا، کوتی:"جەنابی قازی " پیرۆزباییت لێ دەکەم!"

باوکم کوتی: :جا بۆ لە من کاک هەمزە، خۆ من تودەم، واتە سەر بە حیزبی تودەم!" لە جوابدا کوتی: "بەڵێ بەڵێ، جەنابت تودەی چەوەندەری!" یانی تۆ چەوەندەرکار و دەوڵەمەندی، دەوڵەمەندیش نابێ بە تودەیی.

کودێتا، سەری گرتبوو. باوکم نیگەران و پەرۆشی ئێمە بوو، چونکە نێومان بە دێمۆکرات و هەواداری حیزبی تودە، لەنێو نێواندا بوو. ئەو کاتە لە کوردستانیش باس هەر باسی حیزبی تودە بوو، ئێمەمانانیش هەرچەند بە نێو دەگەڵ دێمۆکرات بووین وەک کوتراوە، هەر بە تودەیی و بە "سەرڕووت"، کە ناوێکی دیکە بوو لە کوردستاندا بۆ تودەییەکان، ناودێر بووین.

نیگەرانی و پەرۆشیی باوکم زیادتر لەبەر ئەحمەد ئاغا، کوڕی گەورەی بوو دەنا، نووسەری ئەو یادداشتانە، ئەو کاتە جارێ تەمەنی قانوونیم

نەبوو، بۆیە تا ڕادیەکی زۆر، لە گەڕوکیشەی حکومەتی کودیتا بە دوور دەبووم.

خەبەری گرت و بڕی خەڵک و تێکۆشەران، لە مهاباد و لە دەوروبەرڕا، بە ئێمە کە جارێ هەر لە تەوریێز مابووینەوە دەگەیشت. خەبەرمان هەبوو کە ئەحمەد ئاغا، بەردەست نەبووە و خۆی شاردۆتەوە، بەڵان نیگەرانی هەر هەبوو، چونکە جارێ نەزاندرابوو هەرلە مهابادا خۆی شاردۆتەوە یان لە شار دەرکەوتووە...

چەند ڕۆژی هەوەڵی پاش کودیتا، هەر لە تەوریێز، ڕۆژێکیان، دوکتۆر قاسملوو هاتە هوتێل لای باوکم، وا دیار بوو کە لە جێوڕێی دەربازبوون و خۆشاردنەوە دەگەڕا. باوکم ئامۆژگاریی کرد کە بیتە دێ، مالی ئێمە، لەوێ جێی خۆشاردنەوەی بۆ تەرتیب دەکرێ. لەو کورتە دیدارەدا، دوکتۆر لێمی پرسی و کوتی: "بۆ وامان لێهات؟" لە جوابدا کوتم: "بە باوەڕی من، حیزبی تودە خەیانەتی پێ کردووین. ئەگەر وا نەبا، حیزبی تودە، توانا و ئیمکانی ئەوەی هەبوو پێش بە چەند کوتەکبەدەستێکی چەقۆکێش، بگرێ."

ئەو دیدارە، بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ بوو بە ئاخرین دیدارم دەگەڵ دوکتۆر قاسملوو، ئیدی نەمدیتەوە. تا ساڵی ۱۹۷۰ی زایینی، کە لە باشووری کوردستان، چاومان پێک کەوتەوە. ئەوزەمان، لە سازانی شۆڕشی ئەیلول، دەگەڵ حکومەتی ئێراق، لە"ناوپردان"ی گەڵاڵە، لە لای شادڕەوان مامۆستا هەژار و مامۆستا هێدی؛ واتە خالید ئاغا حیسامی، بۆ جارێکی دیکە، یەکترمان چاو پێکەوتەوە. باسی ئەو دیدارە و پایەڕێژیی هاوکاریی داهاتوو لە کاروباری سیاسیدا، لە لایەرەکانی دواتردا، دێ.

هەر لەو ڕۆژانەی پاش کودیتای ۲۸ی گەلاوێژدا، چاوم بە کاک سولەیمان و کاک مستەفا ئیسحاقی کەوتەوە کە ئەوانیش هەر بۆ خۆدزینەوە، لە مهاباد دەرکەوتبوون و بە نیازبوون بڕۆن بۆ تاران و لەوێ خۆ ون بکەن. لەو دیدارەدا دەرکەوت کە ئەوانیش سەبارەت بە سەرکەوتنی کودیتا، هەر لەسەر خەیانەتباریی حیزبی تودە سوورن و لەو ڕووەوە هاوعەقیدەین. کە وابوو سێ قۆڵی بڕیارمان دا کە ئێمە هەموو عەلاقە و

پێوەندی داهاتووی سیاسیی خۆمان دەگەڵ حیزبی تودە، دەبڕین. ئێمە هیچ باوەڕێکمان بەو دعایە و پروپاگاندای حیزبی تودە نابێ، کە گۆیا خۆ بۆ شەڕی چەکداری ساز دەکا لە دژی کودێتا و لە دژی دەسەڵاتی حەمەڕەزاشا.

چەند ڕۆژێک پاش گەڕانەوەمان، لە تەوریزڕا بۆ ماڵێ لە حاجیاوا، ئەحمەد ئاغاش گەیشتەوە دێ. ئەو کە لە مهاباد ڕایکردبوو خۆی گەیاندبووە گوندی "قزڵجە" و لەوێڕا بە یاریدەی خزم و دۆستانی بنەماڵە، نێوەڕۆیەک، چەند خزمی "قزڵجە" ی دەگەڵ، گەیشتەوە ماڵ. هەڵبەت گەیشتنەوەی بە دێ و بە ماڵ، بەو مانایە نەبوو کە ئێدی تەواو کێشە بڕاوەتەوە و لە کۆڵ دەبنەوە. چونکە زۆر پێ نەچووبوو چێشتانگاوی ڕۆژێکی گەرم، سەرهەنگێکی ژاندارم بە خۆی و بە چەند ژاندارمێکەوە، لە بەردەرگای دیوەخانی ماڵ دابەزین. هەم ئەحمەد ئاغا و هەم نووسەری ئەو یادداشتانە، لە دیوەخانی ماڵ، دانیشتبووین، بە هەڵکەوت خاڵۆزایەکیشمان؛ -کاک عومەر دێبۆکری- لەو کات و ڕۆژدا میوان بوو.

کە ماشێنی جیپی سەرهەنگ ڕایگرت، ئێمە دووکەسی فیزماڵکماندایە و خۆمان دزێوە بۆ دیوی ژوورێ، نێو ژن و منداڵ کە بەپێی هەلومەرجی ئەو زەمان، دیوی ژوورێ، وەک بڵێی مەسوونییەت؛ واتە پارێزگاری پارلەمانی هەبێ وابوو کەسی لاوەکی و بیانی بۆی نەبوو ڕووی تێ بکا. ژاندارم وەژوور دیوەخان دەکەون، باوکم بەخێرهاتنیان دەکا و دەستووری نانی نێوەڕۆ دەدرێ. سەرهەنگ، وەک دەڵێن، چەکمە نەکەشیدە داوای ئەحمەد ئاغا دەکا، تا بێتە حزوور و خۆی ڕادەست بکا.

باوک، ئینکار دەکا کە گەڕابێتەوە و دەڵێ: "هەرکات هاتەوە ماڵ، دەینێرمە ژاندارمەری." سەرهەنگ پێداگر دەبێ، ناچار باوک زللەیەکی لێدەدا و بە دەوروبەر دەڵێ تفەنگەکانیان لێبستێنن و هەمووان دەستبەسەر، لە دیوەخان دەکەن، هاوکات خەبەر بۆ مامم، مەرحوومی - سالار میرزافەتاح- لە دێی ساروقامیش دەنێرێ کە بگاتێ و بۆ ڕێگاچارە لە هەلومەرجەکە بێ دە کێشەکەوە. دۆستانی دیکەی بنەماڵە، ئاغاکانی

دێێ "حاجی لەک"، خوالێخۆشبوو حاجی سوڵتان ئاغا مەعروفی و مەرحومی حاجی حەمەدەمین ئاغا مەعروفی کە ئەویش لەو وەختەدا بە میوانی لە حاجی لەک دەبێ و لە بارودۆخەکە ئاگادار دەبن، تێکڕا ڕوو دەکەنە حاجیاوا و گەیشتنە بەزموهەراکە. هەرچۆنێک بوو نیوە بە زۆر و نیوە بە خواهیشت، بە دووهەزار تمەنی ئەوکات، کە پارەیەکی زۆریش بوو، سەرهەنگ ئاشت دەکەنەوە و بە ڕێی دەکەن و بۆ ئەوجارە خەتەر و مەترسی لەسەر ڕەویەوە.

بەو چەشنە، ئەو هاوینمان، لە نیوەئازادی و نیوەقاچاخیدا بردە سەر، پشووی هاوین بۆ خوێندکار و مەکتەبی خەریک بوو تەواو دەبوو. بەو حیسابە ئێمەش دەبوو بیر لە مەکتەب و خوێندنمان بکەینەوە، بەڵان چۆن؟ لە کوێ؟ کە هەم خوێندنمان هەبێ و هەمیش لە گیران و بەردەستبوون پارێزراو بین.

باس و مەسڵەحەت لەو بارەوە گەیشتە جێگایەک کە ئەحمەد ئاغا، بچێ بۆ تاران لەوێ لە مەکتەبی ئەلبورز -دبیرستان البرز-، خۆی حەشار بدا. ئەلبورز، مەکتەبێکی بە پارە و شەوانە ڕۆژی بوو، واتە هەرکەس لەوێ ژووری خۆی دەبوو، بە ڕڕۆژ دەیخوێند و شەوانە لە ژووری خۆیدا دەمایەوە. ئەلبورز، بۆ وی زیاتر بە مەسڵەحەت بوو و گۆیا کەسیش باس نەکا و نەزاندرێ لەکوێیە.

جا دەگەڵ ئەوەش کە خۆنووسین و جێبوونەوە لە مەکتەبی ئەلبورزدا هاسان نەبوو بەرتیل و ناوناونجیی دۆست و خزم لە تاران، گرێی لە گرفتی کارەکە دەکاتەوە، ئەحمەد ئاغا لەوێ ماتەی هەڵگرت. نووسەری ئەو یادداشتانەش، کە ئەو زەمان دەبووم بە کەلاسی ٨ نێردرامە باژێڕی تەورێز تا لەوێ دەست پێ بکەم. لەباڵ ماڵێکدا ژوورێکیان بۆ بە کرێ گرتم، بەرپرسایەتیی ئیدارەی خۆم درا دەست خۆم، لە مەکتەبی مەنسوور -دبیرستان منصور- دامەزرام.

جارێ ئێستا دوو مانگ لە ساڵی خویندن تێپەڕ نەببوو کە بەیانێکی زوو بە کوتانی دەرکی ژووڕەکەم وە خەبەر هاتم، کە دەرگام کردەوە، ئەحمەد ئاغا بە چەند سەرباز و ئەفسەرێکەوە وە ژوور کەوت. پەشۆکام و پرسیم:

"بۆ بەو سەرباز و ئەفسەرانەوە؟" کوتی: "گیراوم، هێناویانمەوە ئێرە، نیگەران مەبە، شتێکی وا نییە، جێبەجێ دەبێ. خەبەری ماڵەوە بدە با ئاگادار بن." جێبەجێ دەبێی ئەحمەد ئاغا وایلێهات کە دەگەڵ مەرحومی حاجی ڕەحیمی- ئامۆزا ٤ ساڵی ڕەبەق لە زیندانداا مایەوە و پووڵ و پارەیەکی زۆری لێ خەرج کرا، تا نەجاتی بوو.

ساڵی دواتری خوێندن، شار و مەدرەسەم گۆڕی، لە تەوریزڕا هاتمەوە مهاباد و لە دەبیرستانی "ابن سینا" دامەزرام. ئەوکاتە لە مهابادا جیا لە دەبیرستانێکی کچان، تەنیا هەر دوو دەبیرستانی کوڕان هەبوو، "ابن سینا" و" محمد رضاشاه" ماوە و دەورەی خوێندن لە دەبیرستانەکانی ئەو زەماندا ٥ ساڵ بوو.

لە سەروبەندی، شۆڕشی ساڵی ١٩٥٨ "عبدالکریم قاسم" لە ئیڕاق، بەسەرهاتێک کە هەموو ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی تووشی ئاڵوگۆڕ کردبوو و تەنانەت خەریک بوو بیچم و چوارچێوەی دەسەڵاتی پڕ لە زۆری و زوڵمی ڕۆژهەڵاتی ناوین بە گشتی ژێر و ژەبەر بکا، تەنانەت بۆ ئێمەی کوردیش، بووژانەوە و هەستانەوەیەکی نوێی دەستەبەر و بە دیاری هێنا.

بارزانی لە تاراوگەڕا، گەڕایەوە ئێڕاق و وڵات. ئەو گەڕانەوەیە، کوورەی تیکۆشانی سیاسی و کوردایەتی نە تەنیا هەر لە باشووری کوردستان، بگرە لە بەشەکانی دیکەی کوردستانیشدا، دەما. دەنگی سروودی "هذاالوطن شرک لاکراد وعرب" -ئەگەر عەرەبییەکەم ڕاست نووسیبێتەوە- کە نێوبەنێو هەموو ڕۆژێ، لە ڕادیۆی دەوڵەتی ئیڕاقەوە دەگەیشتە گوێ، هەڵگری مزگێنی دواڕۆژێکی گەشەدار بوو بۆ ئێمەی کوردیش. لەو هۆڕا بوو کە جموجۆڵی سیاسی، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیشدا، بەرەبەرە دەستی پێ کردەوە. حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان، کە تەنیا ڕێکخراوی سیاسی ئەو کاتە بوو لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هێدی هێدی، بووژایەوە.

لەو ڕۆژگاردا، نووسەری ئەم یادداشتانە، لە ساڵی ٤ ی دەبیرستان دەمخوێند، لەسەر داوای کاک غەنی ئەوکات و مامەغەنی ئێستا چوومە لای و لە ماڵەخۆی، چاوم پێی کەوت و بەیەکەوە دانیشتین. مامەغەنی باسی دەستپێکردنەوەی کاروباری سیاسیی حیزبی، بۆ گێڕامەوە و

بەیاننامەیەکیشی دامێ و خویندمەوە، گۆیا تازەی بە دەست گەیشتبوو. لەو دیدارەدا، مامەغەنی داواکا ربوو هاوکاری دەست پێ بکەمەوە. بەبێ ئەوە جوابێکم دابێتەوە، گوێم لە وتەکانی گرت، بەڵان بە گەرمی بەرەو داواکارییەکەی نەبوومەوە، پێم خۆش نەبوو جارێکی دیکە بکەومەوە ژێر رکێفی حیزبی تودەوە.

ماوەیەک پاش ئەو دیدارەی مامە غەنی، هەروا بە هەڵکەوت لە گوندی "گوێگجەلی" لە سەفەری سەردانی خزمان، چاوم بە کاک سولەیمان موعینی کەوت کە بە نهێنی و بە کاری سیاسییەوە لەوێ بوو. ماوەیەکی دوورودرێژ بوو کاک سولەیمانم نەدیتبوو بە دیداری شاد بووم و گەشامەوە، بۆ ویم باس کرد کە چاوم بە مامەغەنی کەوتووە. کاک سولەیمان دڵنیای کردم و وتی، هیچ چەشنە پێوەندێکی حیزبی دێمۆکرات دەگەڵ حیزبی تودە، لە ئارادا نییە و هانیدام کە تێکەڵاو ببمەوە. لە بیرمە، پێشنیارم پێ کرد هەر لەوێرا دەگەڵ وی بڕۆم، منیش وەک ئەو ببم بە کادری نهێنیی حیزب، بەڵان لێی نەسەلماندم و لای وابوو جارێ تا دەکرێ لەسەر خوێندن و چوونە مەدرەسەم بڕۆم.

نازانم چ ماوەیەک بەسەر ئەو دیدارەدا تێپەڕ ببوو کە هێرشێکی بەربڵاوی گرتوبڕی "سازمانی ئەمنییەت" لە هەموو بەش و ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بۆ جارێکی دیکە، دەستی پێ کردەوە. ڕێژیم، وەک سیاسەتی هەمیشەیی خۆی، پاک و پیس، تێکەوت و خەڵکێکی زۆری گرت، بە خۆشییەوە سەرەڕای مەترسییەکی کە لە خۆم هەبوو بەر نەکەوتم و نەگیرام، بەڵان مامە غەنی و باقی ئاشنا و ڕۆشنا، وە بەر هاتن و گیران.

زەمان، لە ساڵی ١٩٦١ و ڕاپەڕینی " ئەیلوول " لە باشووری کوردستان نیزیک دەبۆوە. لەو سەروبەندەدا، نووسەری ئەو یادداشتانە، وێڕای چەند خوێنکارێکی دەیکەی مهاباد و دەروبەر، گەیشتبووینە زانستگای " تاران" و لە زانکۆی حقوق، واتە زانکۆی ماف یان مافناسی، دەمخوێند.

ئێمەی خوێندکار کە ئاگری شۆڕشی مانگی "تەموز"ی عەبدولکەریم قاسم، تین و هەستی کورایەتی وە بەر نابووینەوە، بە خەمخۆری و پەرۆشەوە، گوێ لەسەر هەست، ڕوداو و هەڵوێستەکانی سەروبەندی

شۆڕشمان لێکاڵا دەکردەوە، بەدوای خەبەری ڕادیۆ و ڕۆژنامەکانەوە بووین و گوێقوڵاغ، لێک کۆ دەبووینەوە، چمان دەست کەوتبا لە خەبەر و لە قسەوباس، هەڵماندەڕشت.

سەرئەنجام، ڕۆژی یەکەمی مانگی ئەیلوول، یانی ١١ی مانگی سێپتامبری ساڵی ١٩٦١ی زایینی ڕاپەڕین لە ناوچەی "کۆیە" و "ڕانیە " و لە دۆڵی "خەلەکان"ڕا هەڵگیرسا و شەڕ و پێکدادان لە نێوان هێزەکانی حکوومەت و دەستەچەکداری کورد لە باشووری کوردستان، گەیشتە دەنگوباسی جیهانی و تێوەگلانی ئێمەمانان، خوێندکارە کوردەکانی زانستگای تارانیشی، بە دوادا کشا.

هەرچەند هەستی کوردایەتی و وڵاتخۆشەویستی لەسەرڕا گەڕاوەم، ڕێی نەدەدام کەم تا زۆر، دەستپێک و دەوامکاریی و بەرهەم و قازانجێ ئەو ڕاپەڕینە، بێنمە ژێر هیمای لێپرسینەوە، بەڵان بیرۆکەی هەبوونی شوێنی واجبتر و گونجاوتر بۆ شۆڕشێکی هەقخوازانەی نەتەوایەتی وەک ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لەجیاتیی باشوور، بە مێشکمدا دەهات، ئێستاش هەر دەگەڵمە و لێم دانەبڕاوە.

لە ڕوانگەی نووسەری ئەم یادداشتانەوە، عەبدولکەریم قاسم، ڕێبەری مانگی تەمووزی ساڵی ١٩٥٨ مرۆیەکی وڵاتپارێز، گەلخۆشەویست، دوور لە دزیفزی، دژ بە داگیرکاری و بە پێکگرتن دەگەڵ زەمان و دەگەڵ ڕێژیمەکانی دەوروبەری خۆی، پیاوێکی خەڵکی و دێموکڕات بوو.

کەریم قاسم و شۆڕشەکەی، گشتە ڕوانگەیەکی پێشکەتنخوازی و سەروەریی گەلەکانی وڵاتی ئێڕاقی لێ بەدی دەکرا، نموونەیەکی ئەو دیاردەیە، لە پێشدا هێنانی مادەی دووهەمی بەناوبانگ لە دەستووری کاتیی وڵاتداکە ئێڕاق بە خاکی دوو نەتەوەی کورد و عەرەب، دادەنێ. دواتر، لە هەنگاوە پێشکەوتنخوازەکانی ئەمە بوو کە پەیماننامە و گرێوبەستی "بەغدا"ی هەڵوەشاندەوە کە پەیمانێک بوو لە دژی خەڵکان و وڵاتانی ناوچەکە و بە مەبەستی سەرکوتکردنی هەرچەشنە خەبات و تێکۆشانێکی گەلە ژێردەستەکانی ناوچەکە، بە تایبەتی دژ بە نەتەوەی ئێمە، بەسترابوو.

هەنگاوی زۆر گرینگی دیکەی کەریم قاسم دەوەدا بوو کە مافە دێمۆکراتیکەکان لە وڵاتدا بووژانەوە، ئازادی بۆ حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان، هەروەک ئازادیی ڕۆژنامەگەری و پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان لە وڵات و بە تایبەتی لەکوردستاندا، بە گشتی دەستەبەر کرد.

وەک لە هەمووان ئاشکرایە، ئاگری ڕاپەڕینی مانگی ئەیلوولی ١٩٦١ لە خەلەکانڕا، داگیرسا. ئاغاوەت و ساحێب دەسەڵاتانی ناوچەکە، بە ڕواڵەت لە دژی پرۆژە و پرۆگرامی حکوومەت بۆ دابەشینی زەویوزار بە جووتیاران دەستیان دابۆوە چەک، بەڵان لە بنەوەش تەپوتۆزی ڕێژیمی ئێرانیشی تیدا شاردرابۆوە. ئێران، شۆرشی نەوپای ئێراقی لێ ببوو بە چقڵی چاو لە هەموو ڕێگایەکەوە، خەریکی تێکدان و گورزلێوەشاندنی بوو.

لە بەختی نابەختی کەریم قاسم ئەوە بوو کە دەگەڵ کۆمەڵێک کێشەی خۆڵقاوی ناپێویستی ناوخۆیی دەست بە یەخە و تووش هاتبوو کە لەڕاستیدا، سەریان لێ شێواندبوو هاوکات گیرۆدەی بەندوداوی ئێران، ترکیە، ئەمریکا و ئینگلیسیش هەر بوو، بۆیە وەک گورگی چوارچاوی بەسەرهاتبوو ڕێگای سەردەرکردنی لێ تێکچوبوو، ڕەنگە هەربۆیەش هەڵەی گەورەی شەڕ دەگەڵ کوردستانی ڕاگەیاند.

وابوو کە بارزانیی نەمر، لە ئەنجامی نەزانمکاریی کەریم قاسم دەستی دا چیا، ڕاپەڕینی چەکدارانەی خەلەکان بوو بە شۆڕش، شۆڕشێکی خەست و هەمەگیر. باشووری کوردستان کەوتە فاز و پرۆسەیەکی هەمەگیرەوە، ئەو پرۆسە نوێیە، ئەرک و وەزایفێکی گرینگ و تازەی بۆ هەر کوردێکی نیشتیمانپەروەر، هێنایە ناوەوە.

بۆ ئێمەش، خوێندکارانی ئەو زەمان لە زانستگای تاران، کە بەداخەوە ژمارەشمان لە ١٧٠-١٨٠ کەس زیاتر نەبوو، ئەو ئەرک و وەزیفەیە بە هەموو هێز و قووەتی خۆیەوە بۆمان لە گۆڕێدا بوو کە دەبوو بەڕێوەی ببەین. بریارمان بوو کە هەموو ڕۆژانی هەینی، کۆ ببینەوە سەر یەک، لە

ڕادیۆ و ڕۆژنامە ناوخۆیی و دەرەکی، لە قسەوباسی گەیشتوو و لێزانی لەسەر شۆڕش و هەلومەرجی لەوێ پێکەوە، ئالۆگۆڕ بکەین.

دامانناوە بە کوردی بنووسین، بە کوردی بخوێنین و بخوێنینەوە، مێژووی خەباتی نەتەوەکەمان بێنینە ژێر باس و لێکۆڵینەوە، کوردایەتی بکەین و یەکێتیی خوێندکاریی خۆمان پتەو ڕابگرین و یاریدە و یارمەتی شۆڕشی باشووری وڵات، ببێ بە کار و ئەرکی هەرەپێویست و لازم بۆ گشتمان.

ئەو سەروبەندە "جبە ملی ایران" لەسەرڕا کەوتبۆوە تێکۆشانی سیاسی، لە وڕییەدا زانستگای تاران پێشقەراول و ڕچەشکێن بوو. خۆپیشاندان و ڕێپەیمایی لە مەیدانی گەورەی حەوشی زانستگادا، ببوو بە کاری ڕۆژانە. دەستەی خوێندکاریی ئێمە؛ کوردەکان، دەگەڵ بەڕێوەبەرایەتیی جەبهەی میللی، هەروەها دەگەڵ ڕێبەرایەتی خۆپیشاندانەکانی نێو زانستگە، لە پێوەندیدا بووین.

ئێمە، لە هەوڵدا بووین کە سرنجی جەبهەی میللی و ئیعتیرازی نێو زانستگا، بۆ پشتیوانی لە شۆڕشی باشووری کوردستان، ڕاکێش بکەین بۆ ئەوەی هەر نەبێ شەڕفرۆشی و هێرشی ئەپەراتی نیزامی ئێڕاق بۆ سەر کوردستان، مەحکوم بکەن، هەر بەو شێوەیەی بۆ خەڵک و بۆ بزاوی ڕزگاریخوازیی فەلەستین دەیکەن، بەڵان هەوڵەکانمان فایدەی نەدا. نە جەبهەی میللی و نە خۆپیشاندانی ئیعتیرازی نێو زانستگا، تەنانەت ورده دەستەچەپەکانی بەشدار لە خۆپیشاندانەکانیش، ئامادە نەبوون داخوازییەکانمان لێ قبوول بکەن.

بنبەستی هەوڵەکانی ئێمە دەگەڵ جەبهەی میللی کە جووڵانەوەی ئیعتیرازیی نێو زانستگایان لەبەر دەستدا بوو و کەسانێکی وەک "ئەرفەعزادە"، "سەلامەتیان" و "بەنیسەدر" بگێڕی بوون ئێمەی گەیاندە سەر ئەو باوەڕە کە هەرچەند بە ژمارەش کەمین وا باشە کارشکێنی قەرار و بڕیارەکانی جووڵانەوەی ناڕەزایەتی نێو زانستگا بکەین و نیشانیان بدەین کە ئێمە؛ کوردەکانیش، هەین، دۆستایەتی و هاوکارییان ناکەین ئەگەر ئەوان سەبارەت بە داواکارییەکانی ئێمە، خۆیان نەگۆڕن.

بۆیە، بڕیارمان دا خوێندکارانی زانکۆی حقوق لەو هەنگاوەدا، پێشقەدەم بن.

ئەو ڕۆژە، قەراری بەڕێوەبەرایەتیی خۆپیشاندانەکان وابوو کە خوێندکار بە گشتی لەبەر دەرگای گەورەی زانکۆی حقوق، کۆ ببنەوە و لە چوونە سەر کەلاسی دەرس مان بگرن. کاتی دیاریکراو گشتی خوێدنکار لەوێ کۆ بوونەوە، بڕیاری دەستەی بەڕێوەبەر خوێندرایەوە، مانگرتن ڕاگەیەندرا، لەو نێوەدا، نووسەری ئەو یادداشتانە، دەگەڵ ڕەحمەتی کاک "موعتەسەم عەلیار" کە پێکەوە هاوکەلاسیش بووین سەرەڕای مەترسی لە لێدان و کوتانمان، بەرەو چوونە سەر کەلاس، وە ڕێ کەوتین. هەرچی هاواریان لێکردین کە مانگرتن مەشکێنن، گوێمان پێ نەدان و چووینە سەر کەلاس. بەو شێوەیە، ڕیز و سەفی خۆمان لەوان جیا کردەوە.

لە هەل و فرسەتەکانی دواتریشدا، هەرچەند یەک دوو دڵۆی زڕەتودەیشمان لێ پەیدا ببوو ئەو هەڵوێستەی خۆمان بۆ دەنگدان بە ٦ ماددەی حەمەڕزاشا، لە پێوەندیدا دەگەڵ دابەشینی زەوی بۆ جووتیاران و مافی دەنگدان بۆ ژنان... دووبارە کردەوە، چونکە بزووتنەوەی خوێندکاری زانستگا، دەنگدان بە ٦ مادەی ناوبراوی، وێڕای ئایەتوڵا"خومەینی" و جەبهەی میللی و تەنانەت چەپەکانیش، تەحریم کردبوو. بەڵان ئێمە پێکەوە و بە دەستە جەمعی بەرەو سندوق چووین، دەنگمان پێدا.

با وتەی سەیر ون نەبێ، لە جەنگەی گەرموگوڕیی کوردایەتی و هەڵاوبگری ئیعتیرازیی ئەو زەمانی زانستگای تاران، کابرایەک بە نێوی "سڵەمان ئەنەوشیروانی"، وا بزانم لە بنەماڵەی بەگزادەکانی ناوچەی"سەقز، ڕۆژنامەیەکی لە تاران دەردەکرد بە نێوی "سەحەر" ئەو ڕۆژنامەیە، کاری هەر نووسین و پێداهەڵگوتن بوو بە حکوومەتی شا و سازمانی ئەمنییەت. وا بزانم خەرج و مەسرەفی دەرچوونیشی هەر لە ساواکڕا، دابین دەکرا.

کاتی خۆی کاک "عەلی قازی"؛ کوڕی پێشەوا، لە لایەن حکوومەتی ئێرانەوە بۆ خوێندن دەنێردرێتە دەرەوە. لەو پێوەندییەدا، سڵەمانی

گۆرین نووسراوێکی پڕ لە گلەیی لە دەوڵەت لەژێر ناوی- گرگ زادە گرگ شود، گەرچی باادمی بزرگ شود- لە ڕۆژنامەی سەحەری خۆیدا بڵاو دەکاتەوە و گازەندە و تانووت لە حکوومەت دەدا کە بۆچی – بێچووەگورگ- بۆ خوێندن دەنێرێتە دەرەوە.

جا، ئەم سڵەمان ناوە کە لەبەر دەوڵەتخوازیی بە کابرایەکی ناپەسند و خراپ ناودێر بوو بەم نووسینە ئەویش بەم شێوازە، لە کوردەواریدا بە تەواوی بەر نفرەت و بەر نەحلەتی خەڵک بووبۆوە. بە هەڵکەوت لەو دەوراندا وا بزانم لە زانکۆی ئەدەبیاتیش خوێندکار دەبێ. ڕۆژێک لەو ڕۆژگارە کە ئێمە چەند کەسێک لە پێش زانکۆی حقوق ڕاوەستابووین و پێکەوە قسەمان دەکرد، کابرا کە بە وێدا تێدەپەڕێ، گوێی لە گوتاری بە کوردی دەبێ و هات بۆ لامان، خۆی ناساند و کوتی: "برا منیش کوردم." لەنێو کۆی ئێمدا، کاک سەلاح و ڕەحمەتی عەلی حەسەنیانی لێی هەڵچەرخینەوە و بە گژیدا هاتن، جاسووس و خۆفرۆشیان پێ کوت. کابرا کە چاوەڕوانی هەڵوێستێکی ئەوتۆی نەدەکرد، ڕووی لە کاک سەلاح کرد و کوتی: "قوربان جەنابت کێی؟"

_ من عەلی حەسەنیانیم!

ئەوجار لە ڕەحمەتی عەلی پرسی: "ئەدی جەنابت؟"

_ من سەلاحی موهتەدیم!

ئەو پرسیار و وەڵامانە، خەڵکەکەی وە پێکەنین خست. نەوشیروانی بە ڕووشکاوی ڕێی داگرت و ڕۆی.

شەڕ لە باشووری کوردستان هەر دەهات و گەرمتر دەبوو. حکوومەتی بەغدا، چی لە توانا و هێزی نیزامیدا شک دەبرد هەمووی خستبوونە کارەوە تا شۆڕشی کوردستانی پێ سەرکوت بکا. لە گشت بەشەکانی باشوور، بە تایبەتی لە ناوچەی بارزان و دەوروبەر کە پێگە و جەبهەکانی بارزانی لێ دەبوو شەڕێکی قورس و مالوێرانکار، بێ وچان بە شەو و بە ڕۆژ لە کاردا بوو، بە چەشنێک کە جیاواز لە کەموکوڕیی

کەرەستەی بەرگری و پێداویستییەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، قاتیوقڕی لەوێ، مەترسێکی گەورەی هێنابووە پێش.

پێداویستیی باریدەی زیاتر بە ڕاپەڕینی کوردستان، بۆمان ببوو بە ئەمرێکی حەیاتی، بۆ ئەو مەبەستە ئۆرگانیزەبوون و تێکۆشانێکی زێتر و کاراتر گەرەک بوو، نەک بە تەنێ هەر لە تاران، بەڵکە دەبوو پەل باوێینە نێو خەڵکەوە لە شار و گوندەکانی خۆمالێیدا. بۆ ئەو مەنزوورە، کومێتەیەکی ٧ کەسیمان پێکهێنا لەو ناوانەی خوارەوە.

١- کاک سەلاح موهتەدی

٢- کاک عەزیز ژیان

٣- کاک حەمەدەمین سیراجی

٤- کاک فاتیح شێخولئیسلامی

٥- کاک مستەفا ئیسحاقی

٦- ڕەحمەتی کاک سولەیمان شافعی

٧- ئە میر قازی

کاک حەمەدەمین سیراجی کە دەگەڵ بیرۆکەی کوردستانیی ئێمە زۆر گونجاو نەبوو لە کومێتەکە وە لا کەوت، بە جێگای ئەو کاک بایز شیروانی هاتە کومێتەکەوە. لەو سەروبەندەدا، کاک سولەیمان شافعی بە تەقینەوەی کووڕەی خشتپەزیی بنەماڵەیی، بەداخەوە ژیانی لە دەست دا، ڕەحمەتی کاک حەسەن باباتاهیری، جێگای گرتەوە.

هەرچەند کومێتەی ئێمە لە دەستپێکدا تەنیا یارمەتی و کۆکردنەوەی پیتاک و گەیاندنی یارمەتییەکانی بە شۆڕش بە کاری خۆی دانابوو دەگەڵ ئەوەش کومێتەکە، کومێتەیەکی نهێنی و ئەندامەکانی نەناسراو بوون، بەزوویی تەقریبەن لە زۆربەی ناوچەکانی ڕۆژهەلات، ڕەگوڕێشەی داکوتا.

لە سەرەتادا، یارمەتی زیاتر هەر لە رێگای قاچاغچییە ناسراوەکانەوە بۆ شۆڕش دەنێردرا، تا بەرەبەرە مەیدانی تێکۆشانی کومێتەکە بەرفرەوانتر زیاتر دەبوو ئەوکاتە گەیشتینە ئەو قەناعەتە کە دەبێ ببین بە رێکخراوی سیاسیش و لە چوارچێوەی کومێتەیەکی یاریدەدەر، دەرچین، هەرواشمان کرد.

کومێتەی ئێمە، نێوی "کومێتەی بەڕێوەبەری کاتی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان"ی لەسەر خۆی دانا، هاوکات، بێجگە لە خزمەت بە شۆڕشی باشووری کوردستان، چەند ئامانجێکی سەرەتایشی بۆ خۆی دیاری کرد. لەوانە، هەوڵی پێوەندی دەگەڵ پارتیی دێمۆکراتی کوردستان، هەروەها هەوڵی پێوەندی و گەیشتن بە کادرەکانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان کە کەوتبوونە ناو شۆڕشی کوردستانەوە. ئامانجێکی دیکەی دیاریکراو لەو پلەیەدا ئەوە بووکە پێوەندی بگرین بە" کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئوروپا" کە بە تازەگی پێکهاتبوو و بەیاننامەکیش کە نێوی کاک سەعدی دزەیی، کاک وریا ڕەواندزی و کاک کەماڵ فوئادی پێوە بوو بۆ ئێمە هاتبوو. لەو نووسراوەدا داوای پێوەندی لە ئێمە کرابوو.

یەکەمین کومێتە یان یەکەمین رێکخراومان لە ناوچەی بۆکان، بە سەرپەرشتیی ڕەحمەتی کاک "حەسەن موهتەدی" لە گوندی "قەرەگوێز" پێکەوەنا. هاوکاریی ئەو ڕەحمەتییە بەڕێزە، کە مرۆیەکی کوردخۆشەویست، تێگەیشتوو و ڕاست و دروست و باوەرپێکراو بوو دەروازەیەکی گەورەی لە تێکۆشانی ئێمە کردەوە و هەموو پێوەندییەکانی دواتری ئێمە دەگەڵ شۆڕشی باشوور، هەروەها دەگەڵ بەڕێوەبەرانی ئەوکاتی ح. د. ک. لە باشوور، لە رێگای بەڕێزیانەوە سەری گرت و بەڕێوە دەچوو.

پاش گشتەسالێک لە لێکدابڕان، بۆ جارێکی دیکە کاک سولەیمان موعینیم کە ئیدی بە "فایق ئەمین" دەناسراوە، لە گوندی "شێخلەر" لە نیزیک بۆکان و لە ماڵە ڕەحمەتی کاک "سەعد موهتەدی" تێکۆشەری بەناوبانگی رێگای کوردایەتی کە سەرافەتی گشتیی کاروباری ئەو کاتەکانی حیزبی لە ناوچەکەدا لە ئەستۆ بوو چاو پێکەوت. ئێمە، کومێتەی تازەپێکهاتووی

حیزب، لە ڕێگای ڕێکخراوی قەرەگوێزەوە و ئەوانیش لە ڕێگای قادر تەگەرانیی قاچاغچییەوە، پەیامی ئێمەیان گەیاندبوو کە بێن و دیدارمان دەگەڵ بکەن، کاک فایق بەدوای سەروسۆراغماندا، هاتبۆوە ئەوێ.

لە دیداری کاک "فایق"دا، قەرارومەداری پێکەوەبوونمان بڕیەوە، پێوەندی سیاسی لە مابەیندا دامەزراوە و قەرەبوو بۆوە. لەو سەفەرەیدا، کاک فایق گشتە ڕۆژنامە و بڵاوکیشی بە نێوی "دیسان بارزانی" بۆ هێنابووین کە بە تایپ و ڕۆنیو لە چاپ درابوون. ئەو نووسراوەیەی دیسان بارزانی لە لایەن حیزبی دێموکڕاتی کوردستانەوە، کە لە شۆڕشی ئەیلوولدا بەشدار بوون، دەردەچوو و بڵاو دەبۆوە، زیاتریش هەروەک خەبەرنامەیەک، هەوالّی شەڕ و پێکدادانەکانی پێشمەرگە و هێزەکانی حکوومەتی تێد ادەنووسراوە.

دیسان بارزانی، وەک لە نووسراوەکانیەوە دەردەکەوت، خاوەنی بیرۆکەی سەربەخۆیی کوردایەتی و یەکێتیخوازیی نەتەوایەتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئەو کاتانی لە ڕاوێژدا بوو. بارزانیی نەمر، وەک سەرۆکی گشتیی خەباتی ڕزگاریی یەکجاری نەتەوایەتی ناوزەد دەکرد و دەیناسی. ئەوەش وەک لە سلێمانی دەگوترێ، خۆی لە خۆیدا ببوو بەهۆی ناکۆکی، لە مابەینی ڕێبەرایەتی ئەوکاتی ح. د. ک و مەکتەبی سیاسیی کۆنی پارتی. پارتی ئەو زەمان، حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی، بە نێوی "جەماعەتی دیسان" ناو دەبرد. ئەو ناکۆکییە دواتریش هەر ما و بێ سەدەمەش نەبوو.

باسکرا کە پەیام و نامەیەکی کۆمەڵەی خوێنکارانی کورد لە ئورپامان بۆ هاتبوو. لەو پێوەندییەدا بڕیارمان هەبوو کەسێکی خۆمان، هەم بۆ نوێنەرایەتی لە دەرەوە و هەم بۆ پێوەندیی بەردەوام دەگەڵ کۆمەڵەی خوێندکاریی ناوبراو بنێرینە ئوروپا. نووسەری ئەو یادداشتانە بۆ ئەو ئەرکە دیاری کرابووم و هەروا خەریکی ڕاپەڕاندنی کاری پاسپۆرت و پێداویستییەکانی سەفەر بووم، کە چاوپێکەوتنی کاک فایق لە شیخلەر، هاتە پێش.

لەو دیدارەدا، داوای کاک فایق لەمەڕ ناردنی نوێنەر بۆ دەرەوە ئاوا بوو کە با نوێنەر هەرکەسێ دەبێ، لە ماوەیەکی پازدە بیست ڕۆژیدا ساز بێ، دەگەڵ وی بچێ بۆ باشوور بۆ ناو شۆڕش، لەوێ هەم چاوی بە بارزانی بکەوی و هەم بە کاک "عەوڵا ئیسحاقی" کە بە ئەحمەد توفیق ناودێر ببوو، ئامۆژگاریی پێویست و لازم لەو بارەوە، دەگەڵ خۆی ببا. سەرەڕای ئەوەش کە سەفەر لە ئێرانڕا هاسانتر، کوتم با وابێ وەک ئێوە دەتانەوێ. سەفەرچی خۆم بووم، بە تەواویش حازر و ئامادە بووم. قەرارمان دانا کە پاش پازدە ڕۆژی دی، لە گوندی "وزندەرە" لە ماڵەخزمان، یەکتر بگرینەوە و پێکەوە وە ڕێ کەوین.

لە جەنگەی ئەو دیدارەی کاک فایق و ئامادەکاری بۆ سەفەر، کاک سەلاح لە تارانڕا هاتەوە بۆکان، لەوێ چاومان پێک کەوت. بۆ چوونی نووسەری ئەو یادداشتانە، لەمەڕ نوێنەراتیی دەرەوە، ئاوا بووکە کاک سەلاح بۆ ئەو کارە شیاوتر و هەبوونی وی لەوێ بەرهەمی زیاتری لێ وە دەست دێ. ڕای خۆم دەگەڵ کاک سەلاح هێنا گۆڕێ و پێشنیارم کرد ئەو لە جیاتیان، نوێنەرایەتیی ئوروپا بەڕێوە ببا.

کاک سەلاح، پێشنیارەکەی وەرگرت بە دووڕ مەرج. مەرجی یەکەم ئەوە بوو کە کومێتەی بەڕێوەبەری ناوەوەی حیزب ئێمە وامان نێوک بڕیبوو- پەسندی ئەم ئالۆگۆڕە بکا لە نوێنەری خۆیدابۆ دەرەوە. مەرجی دووهەم ئەوە بوو کە هەم باوکی خوالێخۆشبووی -جەنابی حاجی ڕەحماناغا- کە لەو زەماندا، لە تاران و مامۆستای زانستی ئیسلامی بوو لە زانکۆی تاران و هەم مامی بەڕێزی خوالێخۆشبوو -جەنابی قاسماغا- کە لە بۆکان دەبوو ڕازی بەو سەفەرەی بن. کوتمان، نووسەری ئەو یادداشتانە بە پەلە بچمەوە تاران بۆ ڕاپرسیی کومێتە و جەنابی حاجی ڕەحماناغا، کاک سەلاح خۆشی لەوێ چاری جەنابی قاسماغا بکا.

کومێتەی بەڕێوەبەری بەبێ گرێوگۆل، ئالۆگۆڕەکەی قبوول کرد، هیچ دژایەتییەک نەهاتە بەرەوە. ئیدی بەبێ پێوەخران، وە ڕێ کەوتم بۆ خزمەت جەنابی حاجی ڕەحماناغا، کە ئهوکاتە مالّی لە -خیابان نصرت- بوو. لە ڕێگادا، هەر بیرم لەوە دەکردەوە کە چۆن و بە چ شێوەیەک

مەتڵەبەکەم بێنمە گۆڕێ کە گیروگرفتی کەمتر بێ. وە بیرم دێ ڕۆژ بەرەو ئێوارە بوو، لە سەرەتاکانی مانگی خەزەڵوەری ساڵی ١٩٦٢ زاینی.

کە چووم، خوالێخۆشبوو بە تەنێ لە دیوەخانی ماڵ دانیشتبوو. پاش سڵاو و ئەحوالپرسی هێندێک لە خەبەر و بارودۆخی ناوچەی ئەودیو -شۆڕش- ی لێ پرسیم، بەڕێزیان دەیزانی کە ئێمە جموجۆڵی کوردایەتی و سیاسیمان هەیە. پاش بڕە لێدوانێک عەرزم کرد بۆ مەوزوعێک هاتوومە خزمەت. فەرمووی بڵێ! ئینجا کوتم، کاک سەلاح ئەرکی بەڕێوەبەریی کار و تێکۆشانی، لە دەرەوە بۆ دیاریکراوە. دەبێ بچێ بۆ ناو شۆڕش و لەوێڕا بۆ ئوروپا، هاتوومە خزمەت تا عەرزت بکەم و ئیزنت بخوازم.

هەوالنامەی کتێب

III

خوالێخۆشبوو حاجی ڕەحماناغا کە ناسراو بوو بە پیاوێکی بەدین، ڕاست و دروست، کورد و کوردستان خۆشەویست، ئەندامی کۆمەڵەی ژ. ک. لە ڕابردوودا و وەزیری کۆماری کوردستان، بەبێ ڕامان و بیرلێکردنەوە فەرمووی: "کوردایەتی و کوردستان ئەگەر منیشی بووێ حازرم، بڕیاری خۆتان چۆن بێ بەڕێوەی ببەن." جا پرسی: "کەنگێ دەبێ بڕوا؟" عەرزم کرد بەزوویی. لە هەستانمدا کوتی: "ئەگەر پرسیار هاتە گۆڕێ، دەڵێم من لێی تووڕە بووم، دەگەڵ من عاجزیی هەبووە، ئێوەش هەروا بڵێن."

کورتێک پاش گەڕانەوەم بۆ وڵات، کاک سەلاح دەگەڵ ڕەحمەتی کاک "محەممەد ئێلخانیزادە" هاوڕێ دەگەڵ کاک فایق، بەرەو نوێنەرایەتی لە ئوروپا کە هەرگیزیش نەکرا و نەلوا، کۆڕی ئێمەی بە جێ هێشت.

بێسەروشوێن و ونبوونی کاک سەلاح، کە کەسایەتییێکی ناسراوی تێکۆشانی نێو ئێمە بوو بەرەبەرە دەنگۆی لێ پەیدا دەبوو، پرسیار و لێکدانەوەی هێنابووە گۆڕێ. ئێمە بەگوێرەی بڕیار، بە زیزبوون لە دایک و باب، سەروبنمان پێک دێنا.

تەنانەن جارێک لەو جارانە کە لە مهاباد بووم بانگیان کردم بۆ "سازمانی ئەمنییەت" و لە هۆ و سەبەبی ڕۆیشتنی کاک سەلاح لێیان پرسیم. ئەو پرسینە خۆی نیشانەی ئەوە بوو کە لە کەینەوبەینەی ئێمە شک و گومانیان لێ پەیدا ببوو.

کاک سەلاح ڕۆیی وەک بەردی بنی گۆم ون بوو. ئێمە کە چاوەڕوان بووین بەزوویی لە ئەوروپاوە پێوەندیمان پێوە بکا، ماوەیەکی دوورو ودرێژ، هەر بە تەواوی لێی بێخەبەر بووین. جارێکیان خەبەرێک هات کە گۆیا شەهید بووبێ، هێندێک پاش ئەو خەبەرە، نامەیەکی هات و گەیشتە دەستمان. نامەکە بۆ دایکی بەڕێزی نێردرابوو، تا دڵنیا بێ کە خەبەری شەهیدبوونی درۆیە.

تا پێداویستی شۆڕش زیاتر و هەڵسوڕانی ئێمە پەرەگرتووتر و هاتوچۆ لەولاوە بۆ لای ئێمە زیاتر دەبوو، دەنگۆی ناکۆکی لەناو شۆڕش و لە بەینی برادەرانی خۆشماندا، زیاتر بڵاو و بە گوێ دەگەیشت.

ئێمەی شەیدا، کە بێجگە لە یەکێتی و برایەتی و بەیەکەوەبوونمان لە مەیدانی کورداییەتیدا نەدەویست، لە سەرەتادا باوەڕمان نەدەکرد یان لە خراپترین حاڵەتی خۆیدا، بە مەسلەحەت دیدی لایەنەکانمان دادەنا.

بۆچوونی ئێمە ئاوا بوو کە لەو سەلاحیدەدا، لایەنی بارزانیی نەمر، یەکێتیی سۆفیەت و لایەنی پارتی، هەوڵی ڕۆژاوای بە دەستەوەیە. بڕیار وا با، بەڵام هێدی هێدی بۆ ئێمەش دەرکەوت کە وا نییە، ئێمە هەڵەین، شۆربا سوێرترە لەوەی ئێمە دەیزانین.

خەبەرمان بۆ دەهات کە مەکتەبی سیاسیی پارتی، پێوەندی بە ئیرانەوە هەیە و هەربۆیەش برادەرانی ئێمە لە ناوچەی ژێردەسەڵاتی مەکتەبی سیاسیی پارتی، لە دێی" شابەدین" کاک فایق، کاک سەلاح، مام عەلی و... گیراون و بۆ زیندانی ماوەت نێردراون و مەترسی ئەوەیان لێ دەکرێ بدرێنەوە بە ئێران. گۆیا خواوڕاستان یەکێک لە کادرەکانی حیزب لەو بنکەیە، بە نێوی: "مەلا ڕەحمان" کە پاشناوەکەیم لە بیر چۆتەوە و خەڵکی ناوچەی سەقز، وە بەردەست نایە، بە هەڵەداوان ڕوو لە ناوچەی بارزان دەکا و لەوێ کاک ئەحمەد تۆفیق دەدۆزێتەوە. ماجەرای بۆ باس دەکا.

کاک ئەحمەد، بارزانیی نەمر لە بەسەرهات ئاگادار دەکا. گۆیا ئەویش فەخرەدین ناو لە پێشمەرگە بەرپرسەکانی شۆڕش؛ خەڵکی باکووری

کوردستان، بە نامەیەکەوە دەنێری بۆ مەکتەبی سیاسی و داوا دەکا کە گیراوەکان فەوری بەر بدرێن و دەنووسێ، ئەو گیراوانە دەگەڵ منن، گرتنی ئەوان یانی گرتنی بارزانی و هەر خراپەیەک دەگەڵیان بە مانای خراپەیە دەگەڵ بارزانی. نامەی نێردراو کاری خۆی دەکا و جەماعەت ئازاد دەکرێن.

ئەو ڕووداوە چاوەڕواننەکراوە، ئێمەی گەیاندە ئەو قەناعاتە کە لایەنی نهێنیکاری بەر نەدەین لە هەل و مەجالی ئەوتۆدا، هەوڵی دامەزراندنی پێوەندیی سیاسیی دەگەڵ لایەنی پارتی نەدەین.

ئەوکاتە لە زانستگەدا چەند خوێندکارێکی "یەهوودی" دەیانخوێند، پێوەندیمان دەگەڵیان هەبوو و داواکاریمان ئەوە بوو کە پێوەندی دەگەڵ شۆڕش بکەن، ئێمە ئەو ڕێگایە هەموار دەکەین و کێ بنێرن بە زەمانەت، دەیبەین و دەیگێڕینەوە. ماوەیەک چاوەڕوانی جواب لەوانڕا بووین، ئاخرجار کەسێکی بۆ ئێمە نەناسراویان هێنا و کابرا کوتی: "ئێوە خۆتان ماندوو مەکەن، ئەو مەسەلەیە، ڕایەڕیوە."

دەنگۆی ناکۆکیی دوو لایەنی شۆڕش، هەرچەند خەریك بوو وردە وردە بۆ ئێمەش وە ڕاست دەگەڕا، دیسانیش هەر بە شک و گومانەوە بووین و ئەوەی کە برادەرانی خۆشمان لەو بارەوە پێیان دەگوتین یان بە نووسراو بۆیان دەنووسن، بۆ ئێمە بە تەواوی هەر قابیلی قبوڵ نەبوو؛ چونکە هۆ و سەبەبێکی مەنتیقیمان بۆ ناکۆکی، لەو کاتە ئاستەم و ناسکەدا بۆ نەدەدۆزراوە.

وەختایەک خەبەرمان زانی کە هەیئەتێکی مەکتەبی سیاسیی پارتی، بە سەرۆکایەتی، ڕێزدار مەرحوم مامۆستا برایم ئەحمەد میوانی حکومەتن و لە ماڵی خوالێخۆشبوو عەلی خوسرەوی میوانن. کەسێکی خۆمان کە هاتوچۆی ماڵی کاک عەلی هەبوو هەنارد کە هەروا وەک سەردانی عادەتی بچێتە ئەو ماڵە بەشکو چاوی بەو میوانانە بکەوێ لەمەڕ خیلاف و ناکۆکی ناوخۆیی شتێکیان لێ وەدەست بێنێ.

ڕاسپاردە گەڕاوە و گوتی: "بەداخەوە وا دیارە خیلاف هەیە و توندیشە. هیچ وە خیلاف و کێشەی مەسڵەحەتی ناچێ." بە هەڵکەوت و هەر لەو ڕۆژانەدا کە هەیئەتی مەکتەبی سیاسی لە تاران بوون، خوالێخۆشبوو "حاجی سەید عەبدوڵڵا ئەفەندی" بە نەخۆشی لە تاران بوو لە نەخۆشخانەیەک کەوتبوو. دەگەڵ ڕەحمەتی "خانمی پێشەوا" چوویینە سەردانی شێخ و لەوێ بۆ یەکەم جار خوالێخۆشبوو "سەید عەزیز" کوڕی حاجی سەید عەبدوڵڵا ئەفەندیم چاو پێکەوت کە گۆیا بۆ دیداری باوکی هاتبێتە تاران، وا بزانم ئەویش هەر یەکێک بوو لە دەستەی نوێنەرانی مەکتەبی سیاسیی پارتی لە تاران. کە قسەوباس هاتە گۆڕێ، ڕەحمەتی سەید عەزیز هێرشی توندی کردە سەر سەرکردایەتیی بارزانیی نەمر و لەو ڕێییەشەوە زیاتر مەعلووم دەبوو کە بەینیان ناخۆشە و دەسکردیش نییە.

وەک گوترا، لەو بەینەدا ئێمە لەسەر ئەوە ساغ بووینەوە کە بەش بە حاڵی خۆمان ئەوەندەی بۆمان دەکرێ هەوڵ بدەین لایەنەکان لێک نیزیک بکەینەوە، خۆ ئەگەر نەکرا، دۆستایەتی و پشتیوانیی خۆمان، دەگەڵ لایەنی سەرۆکایەتیی بارزانیی نەمر، بەهێز بکەین.

هەلومەرجی دژواری ناو شۆڕش، شەڕوپێکدادانی بێپسانەوەی پێشمەرگە و هێزەکانی حکومەتی، تەنگی بە گوزەران هەڵچنیبوو. درێژەی ئەو دۆخە نالەبارە دەگەڵ خیلاف و ناکۆکی ناوخۆیی سەرۆکایەتیی بارزانیی نەمر دەگەڵ سەرۆکایەتیی پارتی کە خوانەخوا لەسەر ئێمەمانیش کاریگەریی خۆی دەبوو بۆیە لەنێو کادر و ئەندامەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێمەشدا، کە دەگەڵ شۆڕش و لەناو شۆڕش بوون، ناتەبایی پێکهێنابوو و دەنگ و فەنگی گەیشتبۆ ئێمەش.

مرۆ نازانێ بۆچی وایە و لەکوێڕا بۆمان بە ئیرس هاتووە و بۆمان ماوەتەوە کە ئێمەی کورد هێندە ئەهلی کێشە و خراپەین دەگەڵ یەکتر و ئەوەندەی بۆمان دەڕوا، دزێوی یەکتر و من منین. جا ئەو دژایەتییە ناوخۆیی و من منییە، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هەر یەکجار زۆر و بەرچاوە. ئەوەندەی دێتەوە بیرم و دیتومە بەتایبەتی دەنێو حیزبی

دێموکڕاتی ئێمەدا، منمنی و ململانە بازاڕی هەر گەرم بووە. نەحاوانەوە بەیەکەوە و یەکتربۆغزاندن، مۆد و باوی هەر هەوبوە.

هەرچی بیری لێ دەکەمەوە لەو بارەوە بێجگە لە پێنەگەشتوویی و دواکەوتوویی خۆمان، فکر و بیرم بۆ چ جێگای دیکە بڕ ناکا.

دیاردەی ئەو جارەی ناکۆکیی ناوەوە لەناو شۆڕشدا، هەرچەند هەر لەسەر ئەسڵ و بنەوانی بۆچوونی گۆڕین داڕژابوو، دیسانیش لە لایەن ئێمەوە بە شتێکی چاوەڕواننەکراو و مەترسیدار، لێک دەدراوە کە دەگەڵ چەشنەکانی پێشووی خۆی جیاوازی هەبوو.

بە هەرحاڵ هەرچۆنێک بوو نوێنەری ئێمە بۆ دەرەوەی وڵات، واتە کاک سەلاح، بەپێی بۆچوونی ئێمە، بە جێگای ئەوەکە بڕوا بۆ دەرەوە و ئەرکی ڕاسپێردراو ڕاپەڕێنێ، هەر لەپاڵ شۆڕشدا مابۆوە و بەبێ ئاگادارکردنەوەی ئێمە لە بەسەرهات و ئەو هۆیانەی کە بوونە سەبەبی مانەوەی لەوێ تەنانەت بۆتە لایەنی کێشە و ناکۆکی لەوێ دەگەڵ ڕێبەرایەتی حیزب.

ئێمە، بەپێی ڕامان و دانانی خۆمان، دوو ڕێبەرایەتیمان بۆ ح. د. ک. قبوولْ بوو، ناوەوە و دەرەوە. کاک سەلاح، نوێنەری ئیمە بۆ دەرەوەی وڵات، دەگەڵ ڕێبەرایەتیی دەرەوە کەوتبووە ناکۆکی و هەر بەبێ ئاگادارکردنەوەی ئێمەش ڕاستەوخۆ لەو بارەوە پێوەندی بە بەشێک لە ڕێکخراوەکان، بەتایبەتی لە بۆکان و دەوروبەری بوکانەوە، بەستبوو بەو شێوەیە سەرەتایەکی ناکۆکی لە ناوە و لەناو ڕێکخراوەکانی حیزبدا، دیاری دابوو.

چارەسەری دیاردەی ناکۆکیی ناوخۆیی گەلێک پێویست و بەرچاو بوو بۆ ئێمە، چونکە بێجگە لە ئاڵۆزپڵوزی ناوخۆیی، یەکێتیی کار و کردەوەی ڕیزەکانی ڕێکخراوی خەریک بوو لێک دەترازان، ئەوەش هەم ئاشکرابوونی زیاتر و لە بەرهەمدا هەم هێرشی "ساواک" و پۆلیسی بۆ سەر ڕێکخراوەکانی لێ بە دی دەکرا. بە مەبەستی پێشگێڕەوەیی لە

ناتەبایی و هەروەها لە مەترسیی هێرشی ساواک، چەند کۆبوونەوەیەکی گشتی لە گوندکانی "خێریاوا"،"داشبەند" و"وشتەپە" پێکهێنرا.

لەو کۆبوونەوە گشتییانەدا، خیلاف و ناکۆکی، وەک دیاردەیەکی هەرە مەترسیدار لێدوانیان لەسەر دەکرا.. سەرئەنجام کۆبوونەوەکان گەیشتنە ئەو بڕیارە کە "کومیتەی بەڕێوەبەریی ناوەوەی حیزب" نوێنەرێک بنێرێ بۆ نێو شۆڕش، لەوێ لایەنەکان پێکەوە دابنێ و هەر لەوێوە ناکۆکییەکان کۆتاییان پێ بێ. دەنا، لە خراپترین حاڵەتدا کە ناکۆکی کۆتایی پێ نەهات، نوێنەری نێردراو ڕاوبۆچوونەکان، بۆ بڕیاری نیهایی بۆ کۆبوونەوەیەکی دیکەی گشتی لەو بارەوە، دەگەڵ خۆی دێنێتەوە. حزوور و ڕاوبۆچوونی بارزانیی نەمر لەو بوارەدا بە هێند دەژمێردرا. بۆ ئەو مەبەستانە، بڕیار درا نووسەری ئەو یادداشتانە، نوێنەر بێ و ئەرکی سەفەر و کارەکە، وە ئەستۆ بگرم.

سەفەری نوێنەر و مەبەستی سەفەر، بە برادەرانی سەرکردایەتیی حیزب لە گەرمێن، ڕاگەیەندرا و داوا کرا کە لەوێڕا چەند برادەرێکی پێشمەرگە، وەک پارێزگار و ڕێنوێن، بۆ سەروبەندی نەورۆزی ساڵی ١٩٦٤ی زایینی، بنێرن بۆ شوێنی دیاریکراو گوندی"سیاقۆڵ" لەوێ یەک بگرینەوە و نوێنەر دەگەڵ خۆ بگەیەننە باشوور.

هەر لە سەروبەندی ئەو کۆبوونەوە نهێنییانەدا و ماوەیەک بەر لە سەفەری گۆرین، لە ناوچەی بۆکانڕا ئاگادار کراین کە کاک سەلاح بە سەفەر گەڕاوەتەوە بۆ هەرێمەکە و داوای دیدار دەکا. ئەو کاتە لە تاران بووم، بە پەلە گەڕامەوە بۆکان و دەگەڵ چەند هاوڕێیەکی خۆمان، لەوانە تێکۆشەر و کوردپەروەری ناسراو ڕەحمەتی کاک "سەعد موهتەدی" و هەروەها ڕەحمەتی "مام سڵەمان عەلیار" یادیان بە خێر، لە گوندی سەردەراباد، چاومان بە کاک سەلاح کەوت، بەڵان چونکە بڕیاری چوون بۆ ئەوێ لە گۆڕێدا بوو باسوخواس درێژخایەن نەبوو هەرلە چوارچێوەی سەفەری نوێنەر بۆ ئەوێ، دەخولایەوە. هەڵبەت لە ئێمەی ناشارەزا لەسەر هەلومەرجەکانی ناو شۆڕش، ئەوەندە قازانجەی هەبوو کە زانیمان و حاڵی بووین لەوێڕا ئیمکانی چوونە دەر بۆ دەرەوەی وڵات نییە.

ئەدی بۆچی لە دەستپێکدا پێچەوانەیان لێ حاڵی کردوین! خۆی باسێکی جیاوازە. بە هەر ئاوایەک بوو قسە وای لێ هات کە کاک سەلاح بێجگە لە دیداری دۆستانە و بردنەوەی شتومەکی پێویست دەگەڵ خۆی، تا دیدار و ساغبوونەوەی ئەوێ، باسێک لە ناکۆکی و خیلافی ناوخۆیی نەهێنێتە گۆڕێ.

پێم خۆشە لێرەدا ڕووداوێکی سەیروسەمەرە باس بکەم کە لە بازنەی باس بەدەرە، بەڵام لە چەشنی خۆیدا، بەسەرهاتێک بوو کەموێنە و لەوانەیە هەر باوەڕیشم پێ نەکەن، هەرچەند ڕاستە و خیلافی تێدا نییە، ئاوا بوو کە دەیگرمەوە.

ئێمە کە هەر بەدوای چارەسەری گیروگرفتەکانمانەوە بووین، زۆرجار کۆ دەبووینەوە، چونکە گرێی کارمان لە ناوچەی بۆکانەوە بوو دەبوو هەر لەوێشدا چار بکرێ.

جارێک لەو جارانە، نێوەڕاستەکانی مانگی ڕێبەندانی ١٩٦٣ی زایینی، کۆبوونەوە لە دێی "وشتەپە"ی بۆکان دانرابوو، لە ماڵی ڕەحمەتی "خالید ئاغا عەلیار". ئەو شەوە بەفرێکی قورس باریبوو سەرلەبەیانی کە لێی کردبۆوە و لێی کردبوو بە سەیاقە و سارد و سەرما، وڵات بەستبووی، جادە شووسەی بەینی میاندواو- بۆکان کە جارێ قیرتاویش نەکرابوو وەهای بەستبوو دەتکوت شووشەی سەهۆڵە.

بەیانەی ئەو شەوە چێشتانگاوێکی درەنگ، هەرچەند مەنعیان دەکردم کە بەو ڕۆژە سارد و بەستەڵۆکە دەر نەکەوم، ڕاوەستم تا ڕێگا دەکرێتەوە، بە قسەم نەکردن و کەوتمە ڕێ. جیبێکی ئەمریکایی وەتاغ ئاسنم پێ بوو، ئەو زەمانیش جارێ باس لە تایەی زستانی هەر نەبوو، تایە هەر تایەی هاوینی بوو بۆ ماشێنی منیش هەروا.

وە بیرم دێ، دەوروبەری سەعات ١١ی بەیانی لە وشتەپە دەرکەوتم، هەوا یەکجار زۆر سارد بوو هەرچەند هەتاو جارجار لە پەنا هەوران خۆی دەنواند، هەتا بەتەواویش نەهاتمە سەر جادەی ماشینڕەو خەتەری خلیسکان و وەرگەڕان نەگەیشتبووە پەنا گوێم، بەتایبەتی جێبی

ئەمریکاییش کە ئەوکات وەک شەللاقە وا بوون و وەرگەڕانیان لێ هاسان بوو. تازە دەرچووبووم و کەوتبوومە سەر ڕێ، بەڵان وەک ئەوەی کە بەسەر شووشەدابڕۆم ماشین هەر خەریکی دانس و سەمابوو، بەو حاڵەش دەبوو لانی کەم ٣٠/٤٠ کیلۆمیتر بەو ڕێیەدا بێم تا بگونجێ.

سەبر سەبر وەک پێ لە مێروولان بنێی، بەرەو ماڵ بوومەوە، نازانم چەندم پێ چووبوو تا گەیشتمە دەشتایی پان و بەرینی دێی حاجیاوا؛ "حاجیاباد" بەرەو ماڵ. خۆی حاجیاوا چەند کیلۆمیترێک لە جادەی میاندواو- بۆکان دوورە. جا کە گەیشتم دەشتایی پان و بەرین، لە دوور چاوم بە ڕەشاییەک کەوت کە چەند نوختەی ڕەش ڕەشی لە دەوروبەر بوو. هەرچی بیرم لێ دەکردەوە بۆم نەدەچۆوە سەر یەک، لەنێو ئەو وڵاتە بە بەفر داپۆشراوەدا، ئەو ڕەشاییانە دەبێ چ بن!

تا دەهاتمە پێشتر زیاتر لێم دەبوو بە مەتەڵ، تا بەرەبەرە لێیان وە نزیکتر کەوتم، بە فکری خۆم لام وا بوو کابرایەکە کە چەند سەگێکیشی دەگەڵدایە، بەڵان کێیە بەو ڕۆژە ڕەشە، لە نزیک ئەو جادەیە! ئەدی ئەو هەموو سەگە بۆ؟

هەروا وردە وردە بەو فکرانەوە دەهاتم، تا بەتەواوی لێی نزیک بوومەوە، ئەوجار کابرام ناسییەوە و تێگەیشتم ئەوانەی دەوروبەریش سەگ نین، گورگن و خۆیان لە خواردنی خۆش کردووە.

کابرا، خەڵکی حاجیاوا و دوکانداری گوندەکە بوو بە نێوی"جانگیر" جانگیز، لەبەر جادەکەوە گۆچان بە دەست، پشت لە جادە و ڕووبەڕووی گورگەل ڕاوەستابوو. کە ئەو وەزعەم دیت ترسم لێ نیشت نەمدەزانی دەبێ چ بکەم و چم لە دەست دێ. هەروا دەستم کرد بە سیگناڵلێدان و هەراهەرا، گورگەل گوێیان لێ نەبوو، واتە بە هێندیان نەدەگرت، جانگیز بەبێ ڕوو وەرگێڕان لە گورگگەل کە ژمارەیان دەگەیشتە پێنج، بانگی لێ کردم و گوتی: "ئامان لە ماشێن نەیە خوارێ!" ڕەنگە زیاتر لە ١٠ دەقیقەیەک هەر بە هەرا، بە سینگاڵلێدنی ماشێن و بە بەهێزکردنی دەنگی مۆتۆڕی ماشێن دە هەوڵدا بووم، بەڵان گورگەل گوێیان پێ نەدەبزوت. ناچار و سەرئەنجام گوتم: "جانگیز پاشەوپاش وەرە دوا،

ڕوویان لێ وەرمەگێڕە، وردە وردە وەرە سەر جادەکە کە گەیشتیە ماشێن، دەرگات بۆ دەکەمەوە خۆ دە ماشێن باوێ، چارەی دیکەمان نییە. ئەمما وریا بە نەکەوی، بکەوی سواری سەرت دەبن!

ئەو سیاسەتە گرتی، پێ بە پێ بەرەو ماشێن، پێگۆڕکێی دەکرد و دەهات، هەڵبەت منیش لە کاری خۆم کە سیگنالێدان بوو نەدەکەوتم، یەک دوویەک لە گورگەکان، بە سینگەخشکێ چەند میترێکی دەگەڵ هاتن تا گەیشتە دەرگای ماشێن و خۆی دەنێو ماشێن هاویشت و نەجاتی بوو.

جانگیز، وەک بۆی گێڕامەوە، شتومەکی دوکانەکەی لێ تەواو دەبێ، لە دێڕا بە پێیان دێتە سەر جادە تا ئەگەر ماشێنێک شتێکی لێ پەیدابوو بچێتە میاندواو و حاجەتی دوکانی خۆی بێنێ، کەچی ئاوای لێ قەومابوو. بۆی گێڕامەوە و کوتی: "٣ سەعات زیاترە بەو شێوەیە دەوریان لێداوم."

وەک گوترا، ئێمە بەتەواوی قەبە و بەربڵاو ببووینەوە. هەستی کوردایەتی و ڕزگاریخوازی، وەهای گەشە و نەشەی کردبوو کە تەنیا هەر بە یارمەتی و یاریدە گەیاندن و بڵاوکردنەوەی خەبەرەکانی ناو شۆڕش ڕانەدەوەستا، چوارچێوە لەبەر یەک ترازابوو، ڕێکخراو و کومێتەکان، لە هەموو شار و شارۆچکەکان دامەزرابوون، خەبات تا ڕادەیەکی زۆر لە تێکۆشانی تەواو نهێنی دەرچووبوو.

ئێمە خۆمان هێرشێکی بەربڵاوی پۆلیس و ساواکمان بۆ سەر ئەندام و ڕێکخراوەکانی حیزب لە داهاتوویەکی نیزیکدا بە دوور نەدەزانی، بۆیە بڕیار وابوو لە ئەگەری هێرشێکی ئەوتۆدا، ئەوەندەی دەکرێ، خۆ بە دەستەوە نەدەین و خۆ دەرباز بکەین بۆ ناو شۆڕش، هەرکەسیش وە بەردەست هات و گیرا، ئەوەندەی بۆی دەکرێ بەرپرسایەتی، لە مل ڕاکردووەکان، یانی ئەوانەی کە لە قامچی دوژمن دەرچوو ڕاکا و خۆی لێ دەرباوێ.

وەک گوترا، ئێمە ئیمکانی هێرشێکی ساواک بۆ سەر خۆمان دانابوو، بەڵان ئەو هێرشە گشتییە لەسەر نەزانمکاریی کۆمیتەی حیزب لە

مهاباد، وە پێش کەوت و داوێنگیر بوو. مەلایەکی سەر بە ساواک و هاوکاری حکومەت، وا بزانم مەلا محەممەدی دێی"خۆرخۆرە" خۆی دەکۆتیتە ناو ڕیزەکانی حیزبەوە و قەدەرێکی تەواو ڕاپۆرتی هەڵسوڕانی ئەندام و بەرپرسان دەداتەوە بە ساواک. بە ڕواڵەت ئەو ڕاپۆرتانە دەبێ کاری خۆیان کردبێ و هێرشی بەربڵاوی ساواک لە ڕۆژەکانی پێش نەورۆزی ساڵی ١٩٦٤ی زایینی، لەپێشدا لە مهاباد و دەوروبەری مهاباد، دواتر هەمەگیر و گشت ناوچەکانی بە تارانیشەوە گرتەوە و پاک و پیس تێکەڵاو خەڵکێکی زۆر گیران و بە سەدان، بگرە بە هەزارانیش، تووشی خۆشاردنەوە و کۆچکردن هاتن بۆ باشووری کوردستان.

ئەو هێرشە تازەی ساواک بۆ سەر تێکۆشەرانی کوردایەتی لە مانگی ڕەشەممەی ساڵی ١٩٦٣ی زایینی، ڕۆژەکانی پێش نەورۆزی ئەو ساڵە و هاوکات بوو دەگەڵ ئەو وەختەی کە نووسەری ئەو یادداشتانە، دەبوو بۆ ئەنجامی مەئموریییەتەکەم بچمە باشووری کوردستان، هەر بۆ ئەو مەسەلە چەند ڕۆژێک بوو لە تارانڕا گەڕابوومەوە کوردستان و لە ماڵێ بووم لە حاجیاوا، ڕۆژی گرتنگرتنەکە، بێ ئاگا لە هەر ڕووداوێکی نائاسایی، بەرەو مهاباد وە ڕێ کەوتم تا لەوێڕا بچم بۆ دێی سیاقول و لەوێشڕا بەرەو باشوور وە ڕێ کەوم.

لە بیرمە سەعات دەوروبەری ١٠-١١ی سەرلەبەیانی بوو کە گەیشتمە نێو شاری مهاباد، لەسەر شەقام گزوگومەت تووشی دوو کەس لە خاڵۆزاکانی خۆم هاتم. ماشێنم ڕاگرت و بەبێ ئەوەی دابەزم سڵاو و ئەحواڵپرسیم دەگەڵ کردن. هەستم پێ کرد بزڕکاون و تەماشای دەوروبەر دەکەن، لەوەی لەوێم دەبینن پەشۆکاون. یەکێکیان گوتی: "ئەوڕۆ لە بەیانیی زووەوە دەستیان بە گرتنێ کردووە و خەڵکێکی زۆر گیراون." پرسیم: "وەکو کێ؟" نێوی چەند کەسێکی هێنا کە ئەندام بوون لە کومیتەی شاردا، لەوانە بەرپرسی کۆمیتەی شاری مهاباد کاک عومەر قازی، نێو برد.

زانیم قەوماوە، ئەوەی کەوتبۆ درەنگ و زوویی و لێی دەترساین، یەخەگیرمان بووە. سەری ماشێنم باداوە بۆ کارێژ، کلیلی ماشێنم دانا و ئەسپاردم بە ئەحمەد ئاغای برام. دێ ماشێنی لازم دەبێ، کلیلەکەی

بدەن بەو و بە کووچە و کۆڵانەکاندا خۆم گەیاندە گەڕەکی ماڵەکانی خۆمان و لەوێ ماتەم هەڵگرت تا بزانم چ دەبێ و چۆن دەردەچین.

گرتوبڕ بەردەوام بوو. ترس و لەرز هەموو شار و دەورو وبەری داگرتبوو، ئەوەی گیرابوو گیرابوو، ئەوەش کە وە بەردەست نەکەوتبوو، بە کێو و شاخانەوە بوو و خۆی ون کردبوو. پێوەندی بەتەواوی پسابوو. لە وەزعی تاران و تەورێز و بۆکان بەتەواوی بێ ئاگا بووم.

بە شەو کە وڵات تاریک دادەهات لە ترسی پێزانینم، خزم و کەس ماڵەومامڵیان پێ دەکردم، چونکە دەوروبەری شار بە شەو و بە ڕۆژ دەگیرا و لەژێر چاودێری و کۆنترۆڵدا بوو، دەرکەوتن لە شار کارێکی هاسان نەبوو، خۆ ئەگەر دەریشچووبام بە ناشارەزایی و تاک و تەنیایی و کەمتەجروبەیی، نەمدەزانی دەبێ ڕوو لە کوێ بکەم و ڕێگای دەرچوون لە کوێ بدۆزمەوە. دە دوزادە شەو و ڕۆژێکم بەو شێوەیە سەر کرد، تا ئێوارەیەکی درەنگانێ یەکێک لە خزمان بە ماشێنێکی جێبەوە بە دوامدا هات تا لە بنبەستی شار نەجاتم بدا. شەوێکی زۆر تاریک و بەباران و لەنگیزە بوو، کە چوومە ماشێنەکەوە تەماشام کرد خوالێخۆشبوو "سەید ڕەحیم جەعفەری" تێدایە و بەدوامدا هاتووە، تا لە ڕێگای دێی داشتەمرەوە کە ماڵی لەوێ بوو و هاتوچۆی شاری هەبوو و ناسراوی ناوچەکە و دەوڵەتیش هەر بوو. ڕەهام بکا.

دەرکەوت لە پێش منداً، ڕەحمەتی حاجی مونتەقیمی قازیش، کە هەر لە شاردا خۆی حەشار دابوو، دەگەڵدایە. بێ خەتەر، لە شار دەرکەوتین و هەر شەوێ گەیاندینیە، قازیاوا، ماڵە خزمان. پاش حەسانەوەیەکی کورت لەوی، بە بەڵەدچێکی خەڵکی دێیەکەوە بە نێوی، مراد... بەرەو سیاقۆڵ بە پێیان، وە ڕێ کەوتین.

لە بەرەبەیانیدا، ماندوو ومردوو، تەڕ و تلیساوە، گەیشتینە سیاقوڵ، بەڵان چ گەیشتنێک! فارس کوتەنی: "جای ترو بچە نیست" من کە هەموو هومێدم ئەو پێشمەرگانە بوون کە دەبوو لەوێ بن و دەگەڵ خۆم ببەن بۆ باشوور، لەوێ نەمابوون و گەڕابوونەوە بۆ شوێنی خۆیان. وەک باسیان کرد لە کێو و شاخی دەوروبەر چەند ڕۆژێک مەحتەل دەبن، بەڵان چونکە

نەگەیشتبومێ و چ وەڵام و خەبەریشیان پێ ناگا، وایاندانـاوە ئەو کەسەی کە دەبوو دەگەڵ خۆی ببەن گیراوە و مانەوەی زیاتریش لەو دەوروبەرە ڕەنگە ئەوانیش تووشی گیروگرفت بکا، کە وابوو ڕێی گەڕانەوە دەگرنە بەر و لە ناوچەکە دەردەچن.

خراپتر ئەوە بوو کە لەوانەی من دەمناسین و بەرپرسی پێوەندییەکانی ئەمدیو و ئەودیو بوون، لەوانە ڕەحمەتی، حەمەڕەشی سیاقوڵ، یا گیرابوو یان پەرەواز ببوو. کەس لە دەستڕەسدا نەمابوو. بەڵان کاک مستەفا قازی کە لەو کاتەدا کارگێڕی ئیدارەی سجیل و نفووس بوو بە کارەوە لە سیاقوڵ مابۆوە و لە ترسی گیران نەیوێرابوو بگەڕێتەوە بۆ شار و لەوێ چاوەڕوانی هەلومەرجی نادیار مابۆوە، بۆ ئێمە دڵخۆشییەک بوو. وەک دەڵێن، کەوشی کۆنەش لە بیاباندا نیعمەتە، لە سیاقوڵڕا دەگەڵمان کەوت و بەو نێوەی کە ئێمە هەرسێکمان کارمەندی دەوڵەت و "سجیل"نووسین، بەرەبەرە و دێ بە دێ لە مەنگورایەتیدا بەرەو سنوور وە ڕێ کەوتین.

نازانم چەند ڕۆژمان پێ چوبوو تا گەیشتینە گوندی "میشەدێ". کاک خدری میشەدێ. ناسیاو و دۆستی بنەماڵە، هەم کاک مستەفا و هەم کاک مونتەقیمی دەناسی و ڕێنوێنی کردین کە ڕوو بە دێی " گردشەیتان" ئاخر ئاوایی مەنگورایەتی ئەمبەرەی چۆمی زێیە برۆین، لەوێ لە ڕێگای ڕەحمەتی، کاک "خدر"ی ماڵ لە گردشەیتان کە دەیناسی و دەیزانی ماوە و نەگیراوە، چارەی کار بدۆزنەوە، هەرواشمان کرد و هەرچۆنێک بوو خۆمان گەیاندە دێی گردشەیتان، لەسەر چۆمی کەڵوێ.

گردشەیتان دێیەکی سێ چوار ماڵی و بە مۆڵکایەتی دێی خوالێخۆشبوو کاک خدر بوو. کاک خدر ئەندامی حیزب بوو، جارێ هەر مابۆوە و ڕاینەکردبوو. کاک خدر ئێمەی نەدەناسی، هەر ئەوەندەی دەزانی کە ئێمەش حیزبین و ڕاکردووی گرتن گرتنی ئەو سەروبەندین. لەومان زانی کە پێشمەرگەکان بە تازەکی لەوێڕا پەڕیوونەوە و ڕوو بە "زینوێ شێخی" لە ناوچەکە دەرچوون. کاک خدری ڕەحمەتی، هەر ئەوەندەی یاریدە داین کە لە چۆمی کەڵوێ بمانپەڕێنێتەوە ئەوبەری چۆم و چیدی نا. بە گوتەی

وی دەبوو نامەی حیزبیمان پێ بێ کە نەمانبوو و منیشی وەک یەکێک لە بەرپرسەکانی نەدەناسی.

هەرچۆنێک بوو ئێوارەی ڕۆژی پاشتر کە وڵات تازە تاریک دادەهات و ئێوارەیەکی زۆر ساردیش بوو کاک خدر وە پێشمان کەوت و لە تەنکایی دەراوەکە، کە ئاو هەتا سەر سینگ دەهات لە چۆمی پەڕاندینەوە. ئامۆژگاری دێیەکی کردین کە بچینێ و لەوێ بەڵەدچییەک بۆ خۆمان پەیدا بکەین. ئەگەر لە بیرم مابێ ئەو دێیە ناوی "چیانە" بوو.

سەرەڕای ناشارەزایی و ترس و لەرز لە ژاندارم و ساواک، بە قوڕەزەلەقی دەشتێدا، ڕوومان لە گوندی گۆرین کرد. وڵات بەتەواوی تاریک داهاتبوو گەیشتینە دێیەکە. لە ترسی چەقوڵووری سەگەل و ئاشکرابوون، ڕوومان لە خانووێکی فەقیرانەی سەرپەڕی دێیەکە کرد و چووینە ژوورێ. ماڵێکی فەقیرانەی سێ کەسی، ژن و پیاو و منداڵێکیان. خاوەن ماڵ بە گەرمی بە خێریان هێناین. خۆمان لەبەر سۆبەی ماڵێ ویشک و گەرم کردەوە و تا ئەوەمان کرد کەوڵەنانی پەنیری کوپەلەسەر، لەپێش داندرا و بە ڕیزە چایی ڕازاندیانەوە، تام و لەزەتی ئەو نان و پەنیرەم هەروا لە بنی ددانانداید.

جێی نهێنیکاری نەمابوو پاش نان و چایەکە، داوامان لە خانەخوێی بەتەمەن ٤٠ ساڵە کرد کە خۆی یان کەسێکی دیکەی بەڵەدمان بۆ پەیدا بکا کە ڕێنوینمان بێ تا دەگەینە بنکەی "زینوێ" لەودیوی سنوور کرێش چی بێ دەیدەین، خانەخۆی ماڵی ئاوەدان ئامادەگیی خۆی ڕاگەیاند کە دەگەڵمان دێ و کرێ ڕێگاشی ناوێ.

شەو شەق ببوو لە ماڵێ وەدەرکەوتین، بە قسەی خانەخۆی هەرچی درەنگتر باشتر. چونکە دەبوو لە ڕێگای "گروە شینکێ"وە دەرباز بین و خۆ بگەینینە کوێستانە چیای "قەندیل". گەروەشینک دۆڵێکی ئاستەم و یەکێک بوو لە قاچاغەڕێیەکانی باشوور و ڕۆژهەڵات لە ناوچەی پیرانشار-حاجی ئۆمەران و لەسەر چەقی ڕێگا، پۆستێکی ژاندارمەیان لێ دانابوو تا کۆنترۆڵی هاتوچۆ، بەتایبەتی هاموشۆی قاچاغچیانیان، بە دەستەوە بێ. بە قسەی بەڵەدچی، ژاندارم زۆرجار شەوانە لە کونێ

دەهاتنەدەر و خۆیان لە قاچاغچی و ڕێبواران مات دەکرد، تەنانەت قاچاغەڕێیەکانیشان دەگرتن.

نازانم سەعات چەندی شەو بوو کە گەیشتینە دوورونزیکی دەرووی لێدەربازبوون، بە قەدپاڵی کێویەوە خۆمان مەڵاس دا و بێدەنگ و هەست، چاومان بڕیبووە ئەو دەراوەی کە دەبوو لێی بپەڕینەوە، هەستمان ڕاگرتبوو تا بزانین سەردەراو ژاندارمی لێ هەن یان نا. بە سرتە قسەمان دەکرد و هەموو گیان ببووین بە گوێ.

ڕەنگە پازدە بیست دەقیقەیەک لەو هەستڕاگرتنەدا مابووینەوە کە چەند سەد میترێک لە دەراو بەرەوژوور بوو بە تەقە، وێ دەچوو جەماعەتێکی قاچاغچی بووبن کە تەقەیان لە پاسگای ژاندارمان دەکرد تا بیانترسێنن و خۆ دەربازکەن. کە تەقە دەستی پێکرد گوێمان لێ بوو لە پاسگاکەڕا، ژاندارم هاواریان دەکرد "کوڕە تەقە مەکەن، بڕۆن" ئێمە کە بە عەرزەوە مەڵاس ببووین، هەلمان دەست کەوتبوو چوارناڵە و تەقڵەکوت ڕوومان لە دەراو کرد و ئەوەندەی بڵێی یەک و دوو لە دەراو دەرباز بووین و بە کێوی قەندیل هەڵگەڕاین، تا دواتر لەودیوی پاسگای ژاندارمان، بەرەو "حاجی ئۆمەران" شۆڕ بینەوە.

قەندیل مالاومال بوو لە بەفر، هیچ ڕێگا و شوێنێک بە دی نەدەکرا، تا چاو هەتەری دەکرد هەر بەفر و هەر بەفر بوو. بەڵان ئێمە کە هەستمان بەوە دەکرد تازە لە گازی عەجەمان دەرباز بووین و ئیدی دەستیان نامانگاتێ، وەک بزنەکێوی بە ڕنووبەفراندا هەڵدەگەڕاین و بەرەو بەرزایی خۆمان دەکوتا. ڕنووبەفر جێ جێ قەلشیان بەستبوو خەتەری تەقین و هاتنەخواریان هەبوو، بەڵان لە خۆشیان بە هێندمان نەدەگرت و پێ هەڵدەگەڕاین تا گەیشتینە تڕۆپکی قەندیلی بچووک و لەوێڕا بەرەو حاجی ئۆمەران داگەڕاین.

بەرە بەرەی بەیانی، تازە وڵات ڕووناکی ڕۆژییەی دەکەوتێ، گەیشتینە دێی چەند ماڵی حاجی ئۆمەران و لەوێ ڕوومان لە بنکەی پێشمەرگەکان کرد کە کەوتبووە سەرپەڕی دێیەکەوە. بنکەیەکی ٩-١٠ کەسی پێشمەرگەی شۆڕش کە زۆربەیان کرمانج بوون. بە دەنگەدەنگی ئێمە

دەگەڵ کێشکچی بەر دەرگا، لە خەو هەستان، کە زانیان ئێمە لە لێقەوماوانی ڕۆژهەڵاتین و وەک باوی قسەی ئەو زەمان لەناو شۆڕشدا" جەماعەتی" ئەحمەد تۆفیق"ین هەستان و جێگاکانی خۆیان دا بە ئێمە تا بڕە حەسانەوە و ساتەخەوێکمان وە بەر کەوێ.

هەرچۆنێک بوو چاوێکمان گەرم کرد. بەشێک لە ماندوویی و شەکەتی شەوڕەویی مەترساویمان لە لەش دەرکرد. تاو هەڵات، بە کولێرەی ویشکی و چای بێ شەکر -شەکر و قەند کەم یانەبوون- بەرچایمان کردەوە، جا پێشمەرگەیەکمان ڕەگەڵ کەوت تا زینوێ شێخی کە بنکەی کادر و پێشمەرگەکانی خۆمانی لێ بوو.

بنکەی زینوێ ١٠-١٢ پێشمەرگەیەکی لێ بوو، کە بە قسەی خۆیان تازە لە سەفەری دەوروبەری مهابادڕا گەیشتبوونەوە. ئەو سەفەرەی کە گوایە دەبوو لەوێڕا دەگەڵ خۆم ببەن بۆ گەرمێن، بەڵان چونکە نەیانگەیشتبوومێ و لایان وا دەبێ کە وەبەر گیران کەوتووم، ڕێی گەڕانەوە دەگرنە بەر. لە هەرحاڵدا ئەو ڕۆژ و شەوە لە بنکەی زینوێ حەسایەوە.

ڕۆژی پاشان، دەگەڵ بەرپرسی بنکە بە نێوی "قەیماس خان" و برادەرێکی دیکەی پێشمەرگە، بەرەو "سەنگەسەر" لە دەوروپشتی شاری "قەڵادزێ" بە دۆڵی باڵەکایەتیدا وە ڕێ کەوتین.

قەیماس خان کە بەرپرسایەتیی دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی بنکەی زینوێی بە دەستەوە بوو لە بنەواندا نێوی "مارف" دەبێ و چونکە وەختێک لە وەختان کوێخایەتیی گردشەیتان و بەردەڕەشانی مەنگوڕایەتی سەر چوومی کەڵۆی کە خۆی ماڵی لەوێ دەبێ، بە کوێخا مارف ئاودێر دەبێ. قەیماس خان نازناوی سیاسی و پێشمەرگایەتی ئەو کوێخا مارفە بوو-گوێیا لە چەشنی ناوی مەغوولەکان بچێ- بۆیە ئەو نازناوەی بۆ خۆی هەڵبژاردبوو کە بە هەق و بە ڕاست قەیماس خان زۆریش وە تۆرەمەی مەغوولەکان دەچوو.

قەیماس خان، پیاوێکی تا ڕادەیەک باڵابەرزی سپیلکەڵە، موو بۆر و چاوشین و دەموچاوێکی کەممووی دەنک دەنک گرۆ کە جووتە سمێڵێکی کەم پشتی ڕوو لە خوار دەیڕازاندەوە. مرۆڤێکی قسەخۆش و نوکتەباز و وشیار و زیرەک. کۆڵکەسەوادێکی لە حەدی وردەخوێندنەوە و ڕەشکەوپێشکەیدا هەبوو، بەڵان ڕادەی تێگەیشتویی کۆمەڵایەتیی کوردەواری و هەڵسوکەوتە سیاسییەکانی سەردەمی هەبوو، کە هەر لە سااڵەکانی هەوەڵی شۆڕشی ئەیلوولی گەرمێن، وەک پێشمەرگەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە ڕیزی تێکۆشاندا بوو. ئەگەر کەسێک دیاردەکانی پێشمەرگەیەکی ئازای لێ پرسیبا، ئادرێسی قەڵافەت و بیچمی خۆی دەدایە وەک بڵێین مووی قرژ، چاوی چووکەلە و کەسک، سمێڵشۆڕ و شیرینگرۆ بێ.

خەڵکی باشوور بە عام، ئێمەیان خۆش دەویست و دۆستایەتیان دەکردین و لەو ڕوانگەشەوە کە لە ناوچەی خۆ پەرەوازە و لەوێ بێ خانوو مابووین، بانگی ماڵەخۆیان دەکردین، خزمەتمان بەپێی توانا دەکرا. پێشمەرگەکان لە قەیماس خانیان دەگێڕایەوە و دەیانگوت ئەگەر کەسێک بۆ نانی ئێوارێ بانگهێشتی بکا، لەپێشدا دەپرسێ چتان لێناوە؟ خاوەن ماڵ تەعامێک نێو دەبا، قەیماس خان، وەک عادەتی خۆی دەبێ، دەڵێ: "وەڵاهی ئەم چێشتەتان نەبا نەدەهاتم." هەموو جارێش دوو سێ پێشمەرگەی دەگەڵ خۆی دەبرد، تا ئەوانیش شتێکیان بچێتە گەدەوە.

وەک باس کرا لە زینوێ شێخیڕا بە ڕێوە بووین بەرەو سەنگەسەر کە بنکەی سەرەکیی حیزب کەوتبووە وێ، چونکە بارزانیی نەمریش هەر لە سەنگەسەر جێگیر ببوو. ئەوکات و زەمان وابوو کە، بارزانیی نەمر لە هەر شوێنێک بارەگای خستبا، کاک ئەحمەد تۆفیق و کاک فایقیش هەر لەو دەوروبەر بنکەی خۆیان دادەنا. ئێمە لەو سەفەرەدا دوو ڕۆژ بە ڕێوە بووین و لەو ماوەیەدا و هەر بە ڕێگاوە، ئەوەندەی دەکرا قەیماس خان لە وەزعی ناو حیزب و کێشە و بەربەرەکانییەکان و ئەوەی ڕابردووە، ئاگاداریی دەداینێ، کەڵەوەکێشییەک، کە من چاوەڕوانیم نەدەکرد.

ئێوارەی ڕۆژی دووهەم گەیشتینە شارۆچکەی سەنگەسەر، کە لەو دەوراندا گەورەدێیەکی سەدوپەنجا ماڵی و بەپێی تەقسیماتی ئیداری وڵاتی ئێراق نێوی "ناحیە"یان "بەخش"ی لەسەر دانرابوو. هەست و ئیحساسی ئەو ئێوارەی کە گەیشتمە سەنگەسەر و دیداری کاک ئەحمەد تۆفیق کە ساڵهای ساڵ بوو نەمدیبوو، هاوکات حزوری پێشمەرگەیەکی زۆر و زەوەند لەو شارۆچکەیەدا، قەت لە یاد ناکەم و ڕۆژێکە لە ڕۆژە هەرە گرینگ و بڕبایەخەکانی ژیانی سیاسیم.

سەرەبەهاری ئەو ساڵە، ١٩٦٤، وتووێژی بارزانیی نەمر دەگەڵ حکوومەتی عبدالرحمان عارف، کە لە زستانی ١٩٦٣ڕا، دەستی پێ کردبوو بەردەوام بوو. وتووێژی بارزانی دەگەڵ عبدالرحمان عارف بەبێ بەشداری مەکتەبی سیاسیی کۆن بە ڕێوە دەچوو.

وەک هەموومان دەزانین ئەوان، واتە مەکتەبی سیاسی، دژ بەو وتووێژە بوون کە بە ڕواڵەت بۆ سەپاندنی داوا سیاسییەکانی شۆڕش بەرپا ببوو، بەڵان لەڕاستیدا ئەوە هەر بەشێکی کێشەکە بوو؛ لایەنی نادیاری دیکە لەو وتووێژەدا ئەوە بوو کە بارزانیی نەمر دەیەویست بەیەکجاری، تەکلیفی خۆی دەگەڵ مەکتەبی سیاسیی کۆن، ڕوون بکاتەوە. دوو پادشا، لە وڵاتێکدا ناگونجێن.

نوێژەنکردنەوەی ئەو کێشەیەی بارزانی و مەکتەبی سیاسی لێرەدا ناگونجێ، نامەوێ لەسەری بڕۆم، هەر ئەوەندە دەڵێم کە ئەو دووبەرەکییە، بارودۆخێکی پێکهێنابوو کە دەستە و جەماعەت جەماعەتی جیاواز ڕوویان کردبووە شارۆچکەی سەنگەسەر، کە بارەگای بارزانی لێ بوو؛ بە شێوەیەک کە سەنگەسەر هەر جمەی دەهات لە پێشمەرگە و چەکدار و ڕێی ڕێداری نەبوو.

کاک ئەحمەد تۆفیق کە چەشنە وەکالەتێکی بارزانیی نەمری جارێ هەر پێ بوو بۆ ڕاپەڕاندنی کاروباری بارەگای بارزانی، نە خۆی و نە کاک فایق، وەختی سەرخوارندیان نەبوو تا بە موشکیلاتی ناو حیزبی ڕابگەن، بە شەو و بە ڕۆژ بنکەکانی ئێمە لە سەنگەسەر، لەبەر جمەی میوان و کارڕاپەڕاندنیان، دەرەتانی لێ بڕیبووین، تا ئەو جێیەی کە شەوانە

تەنانەت پەتوویەکیشمان دەست نەدەکەوت بە خۆی دادەین. خۆی کاک ئەحمەد و کاک فایقیش هەر لەو وەزعەدا بوون.

ئەو چەشنە گیروگرفت و مەشغەڵانە هەرچۆنێگ بوو هەر لایەنێگی کێشەکان بوون، لایەنی دیکە ئەوە بوو کە ڕاکردووی هێرشی دوایی حکومەتی ئێران بۆ سەر ڕێکخراوەکانی حیزب و خەڵکی کوردستان، بەرەبەرە هەروا دەگەیشتن و لە زیادبووندا بوو.

ئێمە وا بزانم یەکەم دەستە بووین کە گەیشتبووینە گەرمین و پاش ئێمەش، لە بانە و لە سەردەشت و شوێنەکانی دیکەی سنووورەوە، تاک تاک و دەستە دەستە خەڵک، هەر دەگەیشتنە جێ؛ تەنانەت ئاغاوات و عەشایرێکی زۆر لە ترسی گیران و لە داخی پرۆژەی حکوومەت بۆ دابەشینی زەوی بە جووتیاران، مەجبور بە تەرکی وڵات ببوون و بەتاییەتی لە ناوچەکانی مەنگور، شارۆێران و شاماترا، جەماعەتێکی زۆر پەرەوازەی گەرمین ببوون، جا ئەوانە هەموو لەسەر یەک و بەگشتی، بارودۆخێکی ناجۆر و تێکەڵپێکەڵیان هێنابووە پێش، کە زۆر دەست و پێ گیربوون.

دوو سێ ڕۆژێک پاش گەیشتنم بە سەنگەسەر، سەرەڕای ئەوەش کە شیرازەی کاروبار و ڕێکخراو هەم لە وڵات و تاڕادەیەک هەم لە گەرمینش لێکپچڕابوو و مەعلووم نەبوو چی و چۆن و لەکوێڕا دەست پێ بکەینەوە، هەر پێویست بوو دەگەڵ کاک ئەحمەد تۆفیق، بچمە خزمەت بارزانی.

بۆ منی شەیدای کوردایەتی و قاڵبوو لە خۆشەویستیی وڵات و خەڵکی خۆ، کە پاش تێکچوونی کۆماری کوردستان و لە سێدارەدانی پێشەوا و سەرۆکەکانی دیکەی کۆمار، بارزانیی نەمر، بۆ نووسەری ئەو یادداشتانە، قیبلەی ئامانج و سەروەری گشت و کەشتیوانی کەشتیی نەجاتی نەتەوە بوو لە دەریای پڕ لە شەپۆل و سەرتاسەر مەترسیداردا، بۆ ئەو دیدارە سەرەتاییە لە لایەک سامگرتوو و لە لای دیکەڕا، دڵ لە خۆشیان پەیتا پەیتا خۆی بە قەفەسەی سینگدا دەدا.

ئێوارەیەکی زوو بوو تازە وڵات تاریک دادەهات، لە بارەگای بارزانیی نەمر وە ژوور کەوتین. بارەگاکە لە جیرانەتی بنکە یان "مقەر"ی ئێمە هەڵکەوتبوو، خانووبەرەیەکی چەند ژووری بە حەوش و حەساریێکی تارادەیەک بەرینەوە کە مەکتەبی منداڵان و لە زەمانی حکوومەتی عبدالکریم قاسمدا ساز کرابوو.

بارزانیی نەمر بە تەنێ لە ژوورێکی سەرپەڕی خانووبەرەکەدا دانیشتبوو و شەهید "عومەراغای دۆڵەمەڕی" بە تفەنگێکی "کلاشینکۆف"ەوە لەبەر دەرگای ژوورەکە دانیشتبوو، کە چووینە ژوورێ و سڵاومان کرد، وەک عادەتی خۆی بارزانی بوو لە بەرمان هەستا و بەخێرهاتنی کردین. کاک ئەحمەد، منی پێناساند، ڕاسپاردەیی و مەئموورییەتی نووسەری ئەو یادداشتانە و هاوکات هێرشی بەربڵاوی حکوومەتی ئێران بۆ سەر کوردستان و ڕێکخراوەکانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان و لە بەرهەمدا، ڕاکردەیەکی زۆر بۆ چیاکان، هەروەها بۆ ناو شۆڕشی عەرز کرد. لەو ماوەیەدا کە کاک ئەحمەد قسەی دەکرد، بارزانی سەری بەردابۆوە و لە کیسەتووتنەکەی بەردەمی، سیغاری هەڵدەبەست.

کە قسەکان تەواو بوون، ڕووی تێکردم و پرسی: "سیغار دەکێشی؟" عەرزم کرد: "بەڵێ!" سیغارێکی لە سیغارە هەڵبەستراوەکانی خۆی دامێ و فەرمووی: "ئەگەر ئەوانەت پێ خۆش نییە، با جگارەی پاکەتت بۆ بێنن." کە نەمویست.

ئەوجار بارزانی وە قسە هات. وام لە بیرە زیاتر لە سەعات و نیوێک دوا. ڕێکوپێک و فۆرمولە، لەسەر مەزلوومی و لێقەوماویی کورد، دابەشکردنی کوردستان، تێکۆشانی خۆی و بنەماڵەی بۆ ئازادیی کوردەواری، هاتنی بۆ پاڵ کۆماری کوردستان، ڕۆیشتنی بۆ ڕووسییە، شۆڕشی عبدالکریم قاسم و گەڕانەوەی بۆ ئێراق، شۆڕشی نوێ و ئێستای "شۆڕشی ئەیلوول"، هەروەها بەندوداوی ئێران لەسەر شۆڕش، هەروەک ئامۆژگارییی خۆی لەمەڕ قاچاغ و ڕاکردوەکان بۆ گەرمێن و لەئاخریدا، ڕاسپاردەیی و مەئموورییەتی کە پێم سپێردرابوو، قسەی کرد. لێرەدا، بە کورتی ئامازە بە هێندێک لە

ڕاوبۆچوونکانی بارزانیی نەمر دەکەم کە لەو دیدارەدا لێم بیست و پێموایە بۆ گێڕانەوە دەبن، لەوانە:

لە شەخسی پێشەوا، ڕەخنەی هەبوو لەوە کە دەگەڵی نەچووبوو بۆ ڕوسییە و گوتی، لە تێکچوونی کۆمار و لە دەرچوونی خۆمدا لە شار، چوومە لای پێشەوا و پێم کوت، فەرموو دەگەڵ ئێمە وەرە، تۆ هەر سەرۆک و من وەک پێشمەرگەیەک لە خزمەتتدا دەبم. عەجەم جێی باوەڕ نین، دەتگرن و دەتکوژن.

گوتی دەزانم عەجەم جێی باوەڕ نین، بەڵان هەلومەرجی من وەک هی تۆ نییە. من ئەگەر لێرە دەرکەوم، کوشتاری خەڵک دەست پێ دەکەن. ئەو خەڵکە لە خۆشیدا دەگەڵ من بوون، لە ناخۆشیدا بەجێیان ناهێڵم. تۆ فەرموو بڕۆ، چت پێویستە دەگەڵ خۆی ببە. لە هەستان و خواحافیزیدا، ئاڵایەکی چووکی لوولەکراوی کوردستانی لە گیرفانی "جوببە"ی دەرێژی، دەرهێنا و دای بە من و گوتی ئاگات لەو ئاڵایە بێ و مەیەڵە وە عەرزی بکەوێ.

گلەیی لە مەکتەبی سیاسیی ئەو کاتەی، پارتی کرد کە کوردستانفرۆش بە پرتەخاڵم ناو دێنن، خەریکن بن پێم دەکۆڵن. هێرشی حکوومەتی ئێران بۆ سەر کوردستان، بە دەسیسە بۆ سەر شۆڕش لە قەڵەم دا و ئامۆژگاریی کرد خەڵکەکە دڵ بدەنەوە بۆ گەڕانەوە بۆ سەر جێ و ڕێی خۆیان، مەگەر ئەو کەسانەی بەرپرسایەتیان هەیە و مەترسیی گرتنیان لەسەرە. ئەوان با بمێننەوە و بزانن کە شۆڕش، شۆڕشی میللەتی کوردە و کوردستانێش ماڵی هەموو کوردێکە.

لەمەڕ جوابێک بۆ ئەو مەئموورییەتەی پێم سپێردرابوو. فەرمووی، ئێوە حیزبی سیاسین، من هەر کوردێکم! ئێوە خۆتان دەبێ هەوڵ بدەن ناکۆکییەکانتان چارەسەر بکەن، لەو بارەوە ئەگەر منیش خزمەتێکم لە دەست هات دریغی ناکەم. ئەوەندەیە، ئێوە کەیفی خۆتانە ئەحمەدتان دەوێ یان نا، من ئەحمەدم پێ باشە و ئەحمەدم پێ دەوێ، من بە برادەریی ئەحمەد ڕازیم. ئەگەر ئێوە پێویستیتان پێی نییە، بیدەن بە من.

شەو درەنگ ببوو کە لە خزمەت بارزانی هەستاین. دواتریش تا بمانزانیبا میوانی نییە و سەری فاریغە، دەچووینە خزمەتی. دیداری بارزانیی نەمر لەو سەروبەنددا، بۆ جەماعەتی ئەحمەد تۆفیق کە ئەوکات ئەو شێوازە باو بوو و دەگوترا، ئازاد بوو.

جارێکییان پاشنیوەڕۆیەک، چوومە خزمەت بارزانیی نەمر. بارزانی میوانێکی خۆشەویستی خۆی لە لا بوو، خەڵکی ڕۆژاوای کوردستان. عەمەراغای دۆڵەمەڕی لەبەر دەرگای ژوورەکە دانیشتبوو. بارزانیی نەمر بانگی لێ کرد و گوتی: "عەمەراغا وەرە شەترەنج دەگەڵ میوانی بکە."

عەمەراغا هاتە ژوور، ڕووبەڕووی میوان دانیشت، پێیەکی لە بن خۆ و ئەوی دیکەی بەرەو بارزانی ڕاکێشا، هەر هێند کە نەگەیشتبووە چۆکی بارزانی، دەستیان بە شەترەنج کرد. بارزانیش، دەفتەرێکی گچکەی شڕۆڵە، کە بە کێشێکی لاستیک پەڕەکانی لە بڵاوبوون پارێزراو بوون بە دەستەوە بوو، کە بە قوڵە "میداد"ێک کە جارجاریش نووکی میدادی دەگەیاندە زمانی، خەریک بوو شتێکی دەنووسی، بەڵان لە شەترەنجەکەش خافڵ نەبوو و قسەی لێ دەکرد، دیار بوو شارەزاییەکی لەو بارەوە هەیە، چونکە عەمەراغا مۆرەیەکی بزاوت تا کایەی پێ بکا، بارزانیی گوتی: "مەکە! عەمەراغا مەکە! لەو مۆرەیە گەڕێ، ئەسپەکە بێنە پێش ئەسپەکە."

_ نایکەم، کایەی خۆم باشترە.

هاواری لێ بڵند بوو: "کوڕە زەرەر دەکەی، بە قسەی من بکە.

_ خودانێ بارزان، بە قسەت ناکەم.

بارزانی ڕووی لە شەترەنجەکە وەرگێڕا و گوتی: "خودانێ بارزان! هیچ کایەیەکی دیکەت پێ نالێم".

هاتوچۆ و پێوەندیی ئابووری و سیاسیمان هەر دەگەڵ بارەگای بارزانیی نەمردا بوو. چی لەوێ هەبا لە ئازووقە و پێتاک، بەپێی سەر و نەفەر، بنکەکانی ئێمە جیا نەدەکرانەوە و بەشیان هەبوو.

جارجاریش چ لەسەر داوای کاک ئەحمەد یان کاک فایق با، یان هەر خۆی بارزانی بە پێویستی زانیبا، یارمەتی دراویشی دەداین و لە بیری نەدەکردین.

مەیدانی خەباتی سیاسی لەو دەوراندا، هەر مەیدانی کوردایەتی و ڕزگاری و یەکسانی بوو، شۆڕش وەک گەڕی داوەتێ وابوو کێ پێی خۆش با هەڵپەڕێ، دەهاتە گەڕی داوەتەوە، جا لە هەر ناوچەیەکی وڵاتی گەورەڕا بایە، دەهاتە تێ. حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستانی ئەو زەمان، لە گەڕی ئەو داوەتەدا بوو و بارزانیی نەمریشی بە سەرچۆپیکێش دانابوو. دەگوترا خەبات بۆ کوردایەتی، کوردایەتی بۆ شۆڕش و شۆڕشیش بۆ ڕزگاریی نەتەوەیی، وردەحساباتی دیکە بۆ ڕۆژگاری پاش سەرکەوتن.

سەرەڕای گشت شۆق و زەوقێکی کە بۆ کوردستانی ڕزگارکراو دە خۆمدا شک دەبرد و داهاتوێکی پڕ لە شانازی و سەرکەوتنم لە ئاسۆی ڕوونی تێکۆشاندا بە دی دەکرد، شێوازێک لە گرژی و ناکۆکیی ناوخۆییم دەدیت کە بەرەبەرە پەرەگرتە بوو، خەریک بوو هەست و ئیحساسی لێ ئاڵۆز دەکردم. مەترسیی گەورە لە ڕوانگەی منەوە، گرژی و ناکۆکیی نێوان سەرکردایەتیی بارزانیی نەمر و مەکتەبی سیاسی ئەوکاتەی پارتی بوو، کە وێدەچوو ئاشتی پێکەوە، تووشی بنبەستی سیاسی هاتبێ و لە بەیەککگەیشتن دوور بێ.

زیاتر، هەر بە پێڕەوی لەو بارودۆخە، لەنێو کادرەکانی حیزبی ئێمەشدا، دوو دەستەگی کەوتبووە ئاراوە. کاک سەلاح و دەستەیەک لە هاوفکرانی، پێوەندی و هاوکاریی سیاسیان دەگەڵ کاک ئەحمەد و کاک فایق کە بەرپرسی یەکەم و دووهەمی حیزب بوون، بڕابوو.

دەستەیەکی دیکە لە کادرەکانی حیزب وەک کاک حەسەن ڕەستگار، کاک حوسێن مەدەنی و کاک مامەندی قازی و کاک مەلا ڕەسوول پێشنەماز و... لە پەنا و دااڵدەی مەکتەبی سیاسیی پارتیدابوون و خەریک بوون شتێکیان پێک دەهێنا بە نێوی "کۆمیتەی ساغکەرەوەی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان" وا بزانم پێکیش هات و زۆر زووش لێک بڵاو

بوو. مامەندی قازی لە هاوفیکرانی ئەوکاتی کومیتەی ساغکەرەوە، لە هەڵگیرسانی شۆڕشی بەرگریی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، شەهید بوو.

بە سیفەتی ئەوە کە من لەوێ تازە بووم و ناسیاوی و شارەزاییم لەسەر بارودۆخ و کەسایەتییە خاوەن هەڵسوکەوتەکان بەگشتی کەموکوڕی تێدا هەبوو، زۆرجار لە مامۆستا "هەژار"ی زانام دەپرسی تا ئاگاییم بداتێ. شانازیی دیداری مامۆستا هەژارم، یەکەم جار لە شارۆچکەی سەنگەسەر بۆ هاتبۆ پێش. بەڕێزیان ئەوکاتە زیاتر هەر لە بارەگای بارزانی دەبوو و کاروباری وی ڕادەپەڕاند، هاتوچۆی بنکەکانی ئێمەشی دەکرد و هەم بە قسە خۆشەکانی دەگەشاینەوە و هەم لە ئەوزاع و ئەحوالّی بە قەولی خۆی "سیاسەتا کەسێ نەفاما" ئاگاداری دەداینێ، چونکە ئەو لە زۆربەی دانیشتنەکان بۆ چارەسەرێکی ئاشتییانە بەشدار دەبوو.

با قسەی خۆشی ون نەبێ. لە بنکەی ئێمە پێشمەرگەیەکی لێ بوو بە نێوی " قەدۆ"، قەدۆ، کە بە داخەوە دواتر شەهید بوو نێوی ڕاستێنی خۆی "قادر" و وا بزانم خەڵکی شاری مهاباد و تا خوا حەز بکا گەنجێکی شایی بە خۆ و بە خزمەت بوو. نانکردنی بارەگای بارزانی و بنکەکانی ئێمەی لە ئەستۆ بوو. قەدۆ گەنجێکی بالاّبەرزی سمێڵبابڕی بە تەمەن ٣٠ ساڵە و هەڵپێچراو و هەمیشە چوار قەد فیشەکدانی بە تفەنگ و دەمانچە و دووربینەوە لە خۆ شەتک دابوو، هەرگیز دای نەدەنان. قەدۆ لە سەرەتای شۆڕشەوە گەیشتبووە کاک ئەحمەد و ببوو بە پێشمەرگە و چونکە زیاتر هەر دەگەڵ ئەو و لە ناوچەی زاراوەی کرمانجیدا مابۆوە، کوردی قسەکردنەکەی شتێک بوو کە ئێستاکە پێی دەڵێن "سورمانجی"، واتە تێکەڵاوێک لە کرمانجی و سۆرانی.

قەدۆ، مامۆستا هەژاری زۆر خۆش دەویست و بە قسەکانی شین و ڕەش دەبۆوە. جارێک لەو جارانە کە مامۆستا هاتبووە لامان، قەدۆ زۆری خۆ لێنزیک کردبۆوە و هەر خۆی تێهەڵدەسوو، مامۆستا هەژار گوتی: "قەدۆ لێم دوورکەوە، دەترسێم تڕێکم لێ بەر بێ، هەتیو هەم تۆ ئاور دەگری و هەم ئێمە سەرمان تێدا دەچێ." بوو بە گاڵتە و پێکەنین.

وەک باس کرا، لە سەرکەوتنی شۆڕشی عەبدوالکریم قاسمدا و لەو ڕۆژەوەڕا کە بارزانیی نەمر گەڕابۆوە ئێراق، پێوەندی سیاسیی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان و شەخسی کاک ئەحمەد و کاک فایق زیاتر هەر دەگەڵ بارزانیی نەمر، بە ڕێوە چووە. بەتایبەتی لە دەسپێکی شۆڕشی ئەیلولدا برادەرانی حیزبی دێمۆکڕات هەر دەگەڵ بارزانی و لە ناوچەکانی ژێر دەستەڵاتی ویدا حاواونەوە و هەم لە باری سیاسییەوە دەگەڵ بارزانیی نەمر بوون، هەم هەر یاریدە و یارمەتێک بووبێ هەر بۆ سەرۆکایەتیی بارزانیی نەمر بووە و لەو ڕوانگەیەڕا، پارتیی کۆن هەر بە نێوی "جەماعەتی دیسان" ناوی دێنان، کە ئامازەیە بەو بڵاوکەی کە حیزبی دێمۆکڕات، وەک خەبەرنامەی شۆڕش، لە دەسپێکی شۆڕشدا، چاپ و بڵاوی دەکردەوە.

ئەو خەبەرنامەیە ببوو بە هۆیەکی دیکەی ناکۆکی، بۆیە نەک هەر هیچ پێوەندێک دە نێوانیاندا نەبووە، بگرە جەماعەتی دیسان؛ بەتایبەتی شەخسی کاک ئەحمەد، لە ڕوانگەی مەکتەبی سیاسیی کۆنەوە، ناخۆشەویست و ناحەز دەهاتە حیسابەوە.

وەرزی ساڵ بەرەو هاوین و تا دەمای بەهار بەرەوژوور دەچوو گرژی و ناکۆکی نێوان دوو بەشی سەرکردایەتیی شۆڕشی ئەیلولیش، ڕووی لە زیادبووندا بوو. ئاخرجار هەیئەتێکی مەکتەبی سیاسی بە سەرۆکایەتیی ڕەحمەتی مامۆستا برایم ئەحمەد، هاتبوو بۆ بارەگای بارزانی، گۆیا بۆ ئەوە تا بەتەواوی لێک حاڵی بن و کورد گوتەنی: "پاکی کەن." نووسەری ئەو یادداشتانە کە پێمواید زاتەن کابرایێکی لاشەڕ و حەز لە ناکۆکی و دووبەرەکی ناکەم و ئەوکاتیش هەروا بووم، پێشنیاری کۆبوونەوەیەکم بە کاک ئەحمەد کرد، تا لە بارەی ناکۆکییەکانی کە لە مابەیندان بدوێین و ڕاوبۆچوونی خۆمان بڵێین.

کۆبوونەوەیەکی سنووردار پێکهات کە بێجگە لە کاک ئەحمەد و کاک فایق، کاک مەلا سەید ڕەشید حوسێنی، کاک نحو شکاک "باپیر"، کاک ڕەئوف مەلا حەسەن و نووسەری ئەو یادداشتانە، تێدا بەشدار بووین.

پێشنیارم ئەوە بوو کە ئێمە با حەد و ئەندازەیەک هەم بۆ ناکۆکی، هەم بۆ دەگەڵبوون دابنێین.

ئێستا کاتی ئەوەیە کە حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، دەگەڵ هەیئەتی مەکتەبی سیاسیی پارتی کە لێرەن لە لای بارزانی، دیدارێکی ئەوان بۆ ئێمەش پێک بێ. بەشکو ڕای ئێمەش لە ڕەواندنەوەی گرژیی داکەوتوو بە هێند بگیرێ. بەگشتی و بەتەواوی قبوڵ کرا بەو مەرجە لەپێشدا بە بارزانیی نەمر ڕابگا و ڕەزایەتی وی لەسەر بێ. نەکراو نەبوو بارزانی گوتبووی: "دەگەڵ مەکتەبی سیاسیی داهاتوو پێوەندی ببەستن باشترە." بەو شێوەیە مەعلووم بوو، کە بارودۆخ ڕووی لە کام بەرە.

ئێوارەیەک لەو ئێوارانە، دەگەڵ کاک ئەحمەد، چووینە خزمەت بارزانی، بە تەنێ لە ژوورەکەی خۆی دانیشتبوو. زۆر زوو پاش سڵاو و چۆن و چاکی پرسی: "ئەحمەد، سلێمان مەبەست لە کاک فایق بوو- لەکوێیە؟" کاک ئەحمەد، لە جوابدا، گوتی: "بۆ هێندێ کاروبار چۆتە سونێ." بارزانی بزەیەکی بە مانای هاتێ و گوتی: "وەڵڵا نەتزانی، سلێمان وا لە خزمەت برایم ئەحمەدە."

بەو قسەیەی بارزانی، کاک ئەحمەد تۆفیق دەرهەڵ بوو، بە تووندی بە گژ بارزانیی نەمردا هاتەوە کە چۆن بە دووڕوو و درۆزنم حساب دەکەی! ئیهانەی خۆم و برادەرم دەکەی! من ڕێگا بە کەس نادەم کەرامەتی خۆم و برادەرەکانم بشکێنێ و...

بارزانیی نەمر هەردک دەستی بە جەمەدانییەکەی سەری داگرت و یەک دووجار، گوتی: "نەمزانی، نەمزانی بابە غەڵەت بووم." کاک ئەحمەد ڕۆبووە تفەنگە بڕنۆ دریژەکەی، ڕاست بۆوە، بەبێ خاترخوازی لە ژوورەکە دەرکەوت. من مامەوە، شەرمەزار، سەرم لەبەر خۆم نا و لە شەرمان هەموو گیانم وەسەر ئاو کەوت. بارزانی لە وەزعی من گەیشتبوو، گوتی: "ناڕەحەت مەبە، ئەحمەد برادەری منە جارجار لێم تووڕە دەبێ."

ئیجازەم خواست و لە ژوورەکە دەرچووم، بەرەو بنکەی خۆمان بوومەوە و ئەوجار نۆرەی من بوو کە بە گژ کاک ئەحمەددا بچم، لەو شێوازەی دواندنەی دەگەڵ بارزانی کرد، زۆرم سەرزەنش کرد و بە سەریدا هاتم، بێدەنگ سەری لەبەر خۆی نا، تەنیا هەر ئەوەندەی گوت کە دەزانم ڕاست دەکا.

دەبێ ڕوالەتی مەسەلە ئاوا بووبێ کە کاک فایق کە لە "سونێ"ڕا دەگەڕێتەوە بۆ قەڵادزێ، ڕێگای کەوتبێتە گوندی"گرپداغ"، گۆیا بە هەڵکەوت لەوێ تووشی مامۆستا برایم ئەحمەد و هەوالانی دێ کە بەرەو شوێنی خۆیان لە ناوچەی ماوەت بە ڕێوە دەبن، لەو تووشی یەکترهاتنەدا، سڵاو و ئەحوالپرسیی یەکتریان کردبێ، جا بزانە کام خێرخوایەک لەوێڕا ڕاپۆرتەکەی ناردبێتەوە بۆ سەنگەسەر. کە کاک فایق گەیشتەوە، کاک ئەحمەد قسەکەی بۆ گێڕاوە و داوای لێ کرد بەبێ تێوەستان، بچێتە خزمەت بارزانی، لە هەلومەرجی حاڵی بکا.

بە ئەرکی خۆم دانابوو کە لەسەر هەوڵی ئاشتکردنەوەی دەستە و جەماعەتە کادری دابڕاو لە بەڕێوەبەرایەتی بڕۆم. هیوام وابوو کە لێکحاڵیبوون و لێکبووردنێکی دۆستانە بۆ یەکێتییەکی هەمەلایەنەی داهاتوو لەنێو حیزبدا، بۆ هەمووان پێویست و گونجاو بێتە بەرچاو. بۆ ئەو مەبەستە پێوەندیم گرت بە کاک سەلاح موهتەدی و برادەرانی دیکە لە کادرەکانی حیزب کە دەگەڵ وی بەیەکەوە بوون. لەوانڕا جواب ئەوە بوو کە ئەوان، جارێ چاوەڕوان دەبن و بێجگە لە پێوەندییەکی دۆستانە تێکۆشانی سیاسییان نابێ. دۆستانی دیکە لە کادرەکانی حیزب کەوتبوونە لای مەکتەبی سیاسیی کۆن، وەک دەگوترا کۆمیتەی ساغکەرەوەی حیزبی دێموکراتیان پێکهێنابوو، جاروبار بە نیوەدزی و نیوەئاشکرا هاتوچۆی قەڵادزەیشیان هەر هەبوو و دەمدیتن، قسە و ئاڵوگۆڕی بیروڕامان پێکەوە هەبوو.

جارێک لەو جارانە، لەسەر شەقامی قەڵادزێ، تووشی کاک مەلا حەسەن ڕەستگار، هاتم، پاش چاکوچۆنی گوتی: "بەیاننامەی کۆمیتەی ساغکەرەوەمان پێیە، دەگەڕێینەوە بۆ ئەودیو و بڵاویان دەکەینەوە."

داوام لێکرد جارێ دەست ڕاگرن، تا من بۆ جارێکی دیکە لەو بارەوە کاک ئەحمەد دەدوێنم لەوانەیە بگەینە ڕێگەچارەیەک و ڕێککەوتنەوەیەک. هەستم پێ کرد زۆری پێ خۆشبوو و بەڵێنی دا تا لە نووسەری ئەو یادداشتانەڕا، وەڵامێکیان پێ دەگاتەوە، لە قەڵادزێ بمێننەوە.

ئێوارەی ئەو ڕۆژە گەڕامەوە سەنگەسەر، باسی دۆستانی "ساغکەرەوە"م دەگەڵ کاک ئەحمەد تۆفیق هێنا گۆڕێ، بێ گێرەوکێشەیەکی زۆر ئامادە بوو کە دەگەڵم بێ بۆ قەڵادزە و چاوی پێیان بکەوێ. ملی دا با هەموو لایەنەکان بەوە ڕازی بن کە لە کۆنفرانس یان لە کۆنگرەیەکی گشتیدا ناکۆکییەکان تاوتوێ بکرێن. لە شانسی باش لە دیدی منەوە ئەوە بوو کە کاک فایق ئەو ئێوارەیە دەگەڵمان نەبوو، بۆ سەفەرێکی کورت لە سەنگەسەر دەرکەوتبوو.

سبەینەکەی پاش کولێرەویشکەی بە چای شیرین، سواری ماشێنە "جێپ"ە شڕەی خۆمان بووین بەرەو قەڵادزێ، وە ڕێ کەوتین. بڕیارمان وابوو کە لەوێ بچینە ماڵی "حاجی سێمان" لەوێڕا، بەدوای کاک مەلاحەسەن و برادەرەکانیدا بنێرین بۆ دانیشتنەکە.

لە بیر نەچێ کە ماشێن لەسەر یەک لەو زەماندا زۆر کەم بوو. بێجگە لە بارەگای بارزانیی نەمر، کە ماشێنێکی "لاندڕوری" نوێی هەبوو، ماشێنی دیکە بە دەگمەن دەبیندرا. جێبەشڕەی ئێمەش ڕەحمەتی "عەباس ئاغای مامەند ئاغا" بە دیاری بۆ کاک ئەحمەدی ناردبوو کە پاش بڕە پێداهاتنەوەیەکی موختەسەر، پێی لە زەوی بڕیبووین. ئەو ماشێنە شڕە، لە لایەن چەند برادەرێکی "ئۆپۆزیسیۆن" و خاوەن هەڵوێستەوە نازناوی "حەدەک تووڕ"ی بەسەردا بڕابوو.

لە کەم شانسیی ئێمە و تاکەشەقامی ئەوکاتەی قەڵادزەێ، لەولاڕا کاک فایق بە خۆی و دوو سێ برادەری پێشمەرگەوە لە بەردەممان شین بۆوە. دیار بوو زانیبووی ئێمە بۆچی هاتووینە قەڵادزەێ، تێکچرژابوو بێ سڵاو و ئەحوالپرسی، گوتی: "کاک ئەحمەد کارم پێتە." کاک ئەحمەد لە ماشێن دابەزی و پێکەوە خزانە بن دیواری چایخانەی "سەید وەسیم". سێ چوار دەقیقەیەک پێکەوە دوان، پاشان کاک ئەحمەد گەڕاوە نێو ماشێنەکە و

گوتی: "با بڕۆین بۆ ماڵی حاجی سلێمان، کاک فایقیش دێتە وێ با لە پێشدا پێکەوە کۆ ببینەوە و بڕیار بدەین، کاک فایق لە دژە کە دەگەڵ ئەو جەماعەتە وتوویژ بکەین." بە لالووتی لێکتر، لە ماڵی حاجی سلێمان وە ژوور کەوتین.

ڕەحمەتی حاجی سلێمان، ناسراوە بە"حاجی سلێمانی حەسەنە جۆڵ"، لە تایفە و عەشیرەتی "شۆڕی"، یادی بە خێر و وەک کورد دەڵێ قەبری پڕ بێ لە نوور، لەو میرخاس و بەڕێزانە بوو کە جارجار هەڵدەکەون. حاجی سلێمان تا بتەوێ پیاوێکی پڕ عەقیدە و ئیمان بوو بە کوردایەتی، ماڵ خۆش و دڵ و دەروون ئاوالا، بە خۆی و بە ژن و منداڵیەوە، بێ گرێوگۆل، لە خزمەتی ئێمەدا بوون. بەتایبەتی وەک مرید، مریدی کاک ئەحمەد بوون.

وە بیرم دێ کە کاک ئەحمەد تازە کەوتبووە زیندانی حکومەتی ئێراقەوە، خەبەرەکەی گەیشتبووە حاجی سلێمان، بە نووسەری ئەو دێرانە، کە بە تازەگی بە سەردان لە دەرەوەڕا گەڕابوومەوە باشوور، پێشنیاری کرد کە ئامادەیە پەنجا هەزار دیناری ئێراقی، پەنجا هەزار دیناری ئەوکات، بدا بەو مەرجە بەوەندە پارەیە کاک ئەحمەد تۆفیق بە کەفالەت لە زیندان ئازاد بێ و بێتە دەر.

IV

با دوور نەکەومەوە، هێندەی پێ نەچوو کاک فایقیش گەیشتە ئێمە لە ماڵی حاجی سلێمان. وەک دەڵێن، "چەکمە نەکەشیدە" و بێ سەرەتا بە گژمدا هات کە بە قەولی وی بۆچی چووم دە کەڵیشەی کاک ئەحمەدەوە و کردومە بە دیاریی دەست دەگەڵ ئەم و ئەو و کێ هەقی پێمداوە کە ڕۆڵ و نەخشی میانجی بگێڕم! سەرم لەو هەڵوێستەی کاک فایق سوڕما، چونکە وا ناودێر بوو کە ئەو تەرەف و لایەن نییە تەنیا هەر ئەحمەد تۆفیقە لایەن و جیهەتی نەگونجاو و کێشەهەڵایسێنەر.

قسەکانی کاک فایقم لێ زەحمەت هات. بە پێچەوانەی مەیل و ویستی خۆم و سەرەڕای ڕێزی براگەورەییم بۆ بەڕێزیان، منیش بە گژی داهاتمەوە، بەرپەرچی هەڵوێستە نالەبارەکەییم دایەوە و گوتم: "تازە حاڵی دەبم ناوەندی کێشە و خیلاف کێیە کە بە نێوی ئەحمەد تۆفیق تەواو دەبێ." کاک ئەحمەد متەقی لێوە نەهات. هەستام ماڵم بەجێهێشت. لەسەر شەقام کاک مەلا حەسەنم چاو پێکەوتەوە کە دەگەڵ چەند کەسێک پیاسەی دەکرد، پێم گوت: "کەنگی دەڕۆن؟"

وا دیار بوو ئەو لە مەبەستی ئەو قسەیەم و شکستی هەوڵ و تەقەلاکانم گەیشتبێ، چونکە مەلا حەسەن خۆی نا، بەڵان یەک دوو کەسێکی لە برادەرانی خۆی بە ئیعلامیە و بڵاوکەکانی کۆمیتەی ساغکەرەوەوە ناردبووە ڕۆژهەڵات کە لەوێ لە لایەن پاشماوە ڕێکخراوەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە، دەستیان بەسەردا گیرابوو و نەیانهێشتبوو بڵاو

ببنەوە. پاش ئەوە ئیدی نێو و تێکۆشانێک لە کومێتەی ساغکەرەوە نەما، یان من ئاگام لێی بڕا.

هێرشی زستان و سەرە بەهاری حکوومەتی ئێران بۆ سەر کوردستان، ساڵی ١٩٦٣ی زایینی، هەموو چین و توێژەکانی خەڵکی گرتبۆوە، لەنێودا گشتە خوێندکارێکی زانستگایی و پلەکانی خواروتر هەبوون و مابوو خوێندنی خۆیان تەواو بکەن، بەڵان وە بەر هێرشەکە نەکەوتبوون، بە نهێنی و بە قاچاغی خۆیان گەیاندبووە نێو شۆڕش، لەوانە کاک"سمایل شەریف زادە"، کاک "عەولا موعینی" و کاک "هەمزە بابەزێدی" و... جا بۆ وەی ئەو خوێندکارانە لە خوێندن نەبن و لە لای دیکەوە شوێنەوارێک بۆ هەبوونی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە دەرەوە بە دی بکرێ، بڕیار درا هەوڵی پێوەندی بە سەفارەتی وڵاتی"مصر"ەوە بدەین لە بەغدا.

وەک گوترا گۆیا، ساڵەکانی پێش هەڵگیرسانی شۆڕش لە باشوور، سەرکردایەتیی ئەوکاتی حیزب جۆرە پێوەندییەکی لەگەڵ سەفارەتی میسر هەبووبێ، چونکە وا لێکدرابۆوە کە حکوومەتی "جەمال عبدالناصر" هەم حکوومەتێکی پێشکەوتووە و هەمیش دۆستی کوردە. لەو ڕوانگەیەڕا بوو کە بڕیار درا کاک فایق و نووسەری ئەو یادداشتانە، پێکەوە بچینە بەغدا، بە دوای پێوەندی کۆندا بڕۆین و تازەی بکەینەوە و هەوڵ بدەین لەوێ شوێنی خوێندنی خوێندکارەکان و ڕێگای دەرچوونی نوێنەرێک بۆ ئەوروپا دابین بکەین. بۆ ئەو مەبەستە ڕۆژێکی گەرمی مانگی گوڵان بە هەندێک نامە و ڕاسپاردەوە لە سەرۆکایەتیی بارزانیڕا دەگەڵ کاک فایق خۆمان گەیاندە بەغدا.

وە بیرم دێ، کات دەوروبەری سەعات یەکی نیوەڕۆ بوو کە گەیشتینە ناوەندی بەغدا. بەلێن وا بوو بچین لە هۆتێلێک میوان بین بە نێوی "رشیدالکبیر" کە هەم کاک ئەحمەد و هەم کاک فایق لە ساڵەکانی ڕابردوودا لەو شوێنە میوان ببوون. بەغدای ئەو ڕۆژە بە هەتاوی مانگی گوڵان وەک مەنجەنیق گەرم داهاتبوو هاتوچۆی حەشیمەتی لەژمارنەهاتووی مەرکەز و ناوەندی بەغدا، دەگەڵ گەرما و سڕمان سڕمان، هەناسەکێشانی وە زەحمەت خستبوو.

کاک فایق نەدەچووە سەر ئادرێس و شوێنی هوتێلەکە. جا چونکە هیچ کاممان نە یەک کەلیمە عەرەبیمان دەزانی و نە هیچ کوردێکمان وە بەرچاو دەهات کە لێی بپرسین، وەک خولخولە بە دەوری کوچە و کۆڵانەکانی شەقامی "ئەلرەشید"دا، ساک و جەمەدان لەسەر شان هەڵدەسوڕاین و لە هوتێلەکە دەگەڕاین. وا بزانم زیاتر لە دوو سەعات لەو دەوروبەردا خولابووینەوە لە کاتێکدا کە لە ئارەقەدا شەلاڵ و لە تێنوان ڕەمەقمان لەبەر بڕابوو، لەناکاو بەسەر هوتێلەکەدا کەوتین. خوا وەتحەسێنێ ژوورێکمان گرت، جانتا و باولیمان لێ بە عەرزێدا دا. ڕۆژەکانی پاشتر بە نامە و ڕاسپاردەکانەوە چووینە سەفارەتی میسر.

لەپێشدا کارداری سەفارەت و دواتر دیداری سەفیرمان کرد و داواکارییەکانی خۆمان کە بریتی بوون لە تازەکردنەوەی پێوەندییەکانی پێشوو، داوای قبوڵکردنی هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ چوونی میسر و دیدار دەگەڵ بەرپرسانی وێ، هەروەها قەولی گرووپ و دەستەیەکی خوێندکاری کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە خوێندنگەکانی میسر، پێشکێش کرد. من بەوەندەی ئینگلیزییەی کە پێم هەبوو داواکارییەکانم گەیاندن.

شایانی باسە کە بڵێم سەفیر زۆر بە گەرمی وەریگرتین، پەزیرایی و مێوانداریەکی گەرم و گوڕی بە چا و قاوە لێکردین، ماوەیەکی مانگ و نیویی بۆ دیاری کردین، تا جارێکی دیکە بۆ نەتیجە و جوابی داواکانمان سەردانی سەفارەت بکەینەوە.

نووسەری ئەو دێڕانە هەوەڵ جار بوو بەغدام دەدیت. وەک شارێکی خۆش و بە دوکان و بازاڕ و پڕ لە شتی جوان و مۆدێرن، دەهاتە بەر چاوان. کردم بە زۆرەملی و هەفتەیەک لەوێ ماینەوە.

لە گەڕانەوەدا بەرەو سلێمانی، لە خەتی "جەلەولا" و"دەربەندی خان"ەوە، دەگەڕاینەوە. لە ڕێگادا، لە چەند شوێنێکی سەیتەرەی سەرباز و پۆلیسی حکوومەتیەوە تەفتیش و گەڕان لە گۆڕێدا بوو.

ئێمە هەر "پسوولە"ی هاتوچۆی سەرۆکایەتیی بارزانیمان پێ بوو، هاتوچۆمان بەو وەرەقە پسوولەیە بوو. سەرەڕای ئەوە هیچ گارانتی و زەمانەتێک لە ئارادا نەبوو کە بەبێ گرێوگۆل نەجاتمان دەبێ، بەتایبەتی کە کاک فایق بەبێ لزوم و پێویستی لە هاتندا، دەمانچەیەکی شاردبۆوە و دەگەڵ خۆی هێنابووی. ئەو دەمانچەیە لە گەڕانەوەدا مەترسی لەسەر ئێمە زیاتر کردبوو. بۆیە لەو ٢٠ دینارە پارەیەی کە لە گەڕانەوەدا پێمان مابوو پێنج دینارم گێراوە بۆ خۆم، پازدە دینارەکەی دیکەم دا بە کاک فایق.

کاک فایق کە زۆر کەم وا هەڵدەکەوت هیچ پارەوپوولێکی لە لا هەبێ، پرسی: "ئەوە بۆ دەیدەی بە من؟" گوتم: "برا! لەوانەیە تۆ لەسەر ئەو دەمانچەیە پێوە بی و بگیرێی با ئەو ١٥ دینارەت پێ بێ. خوانەخواستە ئەگەر هات و گیرای، خۆت لێ ناکەم بە ساحێب، نە دەمناسی و نەدەتناسم، تا منیش دەگەڵ تۆ نەگیرێم و بتوانم داد و هاوار بە جێگایەک بگەیەنم." هەرچۆنێک بوو بێ خەتەر لە سەیتەرکان نەجاتمان بوو بۆ نانی نیوەڕۆش گەیشتینە چایخانەی "کەلار" و لەوێ لامان دا.

چایخانەکە وەک کەپرێکی دوورودرێژ سازکرابوو، دەوروبەری کەپرەکە لە هەر چوارلاوە بە دڕوی وشترخۆرکە هەڵچنابوو. دەوراندەور بەنێو دڕوەکەدا، لوولەی ئاویان پێدا هێنابوو، کە دڵۆپ دڵۆپ دەکەوتە سەر وشترخۆرکەی کەپرەکە، جا کە هەوای دەرەوە لە دڕۆکەی دەدا و دەربازی ژووری کەپرەکە دەبوو، وەک هەوای "کولێر" فێنک دادەهات کە لەو سەحرا و گەرمایەدا لوتف و هەستێکی تاییەتی بە گەشتیاری گەرمازەدە دەبەخشی.

هەر چۆنێک بێ، چایچی هاتە بەردەممان و پرسی: "چی دەخۆن؟" گوتم: "چی هەیە بۆ خواردن!" گوتی: "ئەسپەناغ." من کە ئاشقی ئەسپەناغم و لەمێژبوو نەمخواردبوو، بێ ئیختیار، گوتم: "کاک فایق گویت لێ بوو گوتی چی!" گوتی: "بەڵێ گوێم لێ بوو گوتی ئەسپەناغ، بڵێ با بۆمان بێنێ." ئەسپەناغ داواکرا و کابرا ڕۆیی پاش قەدەرێک بە سینێکی دوو

شاکاشی لەسەر، پڕ لە ئاوێکی شین و بە دوو دەوری بڕینجەوە گەڕاوە و لە پێشی دانین.

- ئەو شیناوە چییە هێناوتە؟

- ئەوە سڵقە.

- ئاخر نەتگوت ئەسپەناغ هەیە؟

- جا فەرقیان چییە!

لە داخان ڕۆ بوومە یەکێك لە شاکاشییەکان و لەبەر چاوی کابرای چایچی ڕشتم. کاک فایق لە سەرەخۆ گوتی: "من تووڕە نیم و هی خۆم دەخۆم!"، هەرواشی کرد و خواردی. جا هەر بە ڕاستیش، کاک فایق مرۆڤێکی وا بوو کە نە خواردنی زۆر پێ گرینگ بوو و نە خەو و ئیستیراحەت. لە هەر جێیەک با، شەدەی خۆی لە سەری دەکردەوە و دە خۆی دالاند، خۆی گرموڵە دەکرد و لێی دەنووست. بۆ خواردنیش هەروا، چت لە پێش دانابا دەیخوارد.

کێشەی بێ تەوفیری سڵق و ئەسپەناغ، وە بیر بەسەرهاتێکی دیکەی هەر لەو چەشنەی خستمەوە کە ناخۆش نییە و بۆ گێڕانەوە دەبێ. ئەویش ئاوا دەبێ کە هەر لەو سەروبەندەدا خوالێخۆشبوو مەحموداغا شێخاغایی، یادی بە خێر، کە ئەویش هەر لە ئاوارەکانی ئەو کات و زەمان بوو، دەگەڵ چەند برادەرێکی دیکە، دەکەوێتە سەریان هەروا بە کەیف و سەیاحەت بچن بۆ دیتنی شاری "ڕانیە"، کە لە شارۆچکەی سەنگەسەر زۆر دوور نییە. لەوێ، لە گەرمای بێئەمانی ئاخر و ئۆخۆری مانگی جۆزەردانی ڕانیە، کە پێموایە لە مەککە و مەدینەش گەرمترە و ئەوکاتیش بەڕاستی هەر نێوی شار بوو، دەنا هیچی لێ دەست نەدەکەوت.

لەوێ، هێندێک بە دەوربەری شاردا دەخولێنەوە، کە گەرما هێرشیان بۆ دێنێ ناچار ڕوو لە چایخانەیەک دەکەن، کە وا بزانم ئەوکاتە تاقانە یان تەنیا چایخانەش دەبێ لەو زەمانی شاری ڕانیەدا. بۆ ئەوە کە خۆ

لە گەرما بدزنەوە، میوەیەک، ساردییەک شتێکیان دەستکەوێ بۆ خواردن و خواردنەوە. مەحموودا‌غا، دەیگێڕاوە و گوتی، لە شاگردی چایخانەم پرسی: "ئەرێ میوە لەو شارەدا دەست دەکەوێ؟

- ئا، هەیە.

- چی هەیە!

- ئاڵووباڵوو.

گوتی: "لە خۆشی ئاڵووباڵوو خەریک بوو شاگەشکە دەبووم. دیناریێکم دا بە کابرای شاگرد و گوتم، بۆمان بدە بە ئاڵووباڵوو. دیناریێکی ئەوکات پوولوپارەیەکی زۆر بوو.

- بایی چەند بکرم؟

- هەمووی پێ بدە!

مەحموودا‌غا گوتی، زۆری پێ نەچوو کابرای شاگردچایچی، بە قەرتاڵەیەکی پڕپڕ لە چەقالەقەیسییەوە، وە ژووری چایخانە کەوت، قەرتاڵە چەقالەی لە پێش داناین، ئەویش چ چەقالەقەیسییەک! چەقالەقەیسی داری دێمەکار، کە هەر پێستێکی چرچ و ویشک بە ناوکەوە نووساو بوو.

گوتم: "ئەوە چییە هێناوتە؟"

- ئاڵووباڵووە!

- کاکە، ئاڵووباڵو کوا ئاوایە، ئاڵووباڵوو دەنکی چووکەی هەیە کە دوو دوو بە یەکەوەن و ڕەنگیشیان سوورە!

گوتی، گوێی لێگرتم تا شەرح و حاڵی ئاڵووباڵووم بە تەواوی بۆ گوت، جا سەرێکی بۆ لەقاندم و گوتی: "ئەها! ئەوەی تۆ دەڵێی گێلاسە گێلاس! گێلاس لێرە دەست ناکەوێ."

ڕێگاچارەی ناکۆکیی نێوان بارزانیی نەمر و مەکتەبی سیاسی، هەر دەهات و ئاستەمتر دەبوو خۆش ناخۆش، بۆ یەک لابوونەوە، تەنیا مابۆوە سەر شەڕی ناوخۆیی. شتێک کە هەموو خەڵکی کوردستان پێیان ناخۆش بوو و بە زەرەریان دەزانی. لە کاتێکدا لایەنەکان، هێزەکانی پێشمەرگەی خۆیان خڕ هەڵدەدان و بۆ بەرەنگاریی یەکتر، ئامادەیان دەکردن.

لە ڕۆژگارێکی ئەوتۆدا، تاوهەڵاتی بەیانییەک، کاک ئەحمەد و کاک فایق ٣٠ کەسێک لە پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانیان کۆ کردبۆوە، سواری دوو دەزگا ماشێنی زیلی عەسکەرییان کردبوون کە لە بارەگای بارزانی خوازرابوونەوە. نووسەری ئەو یادداشتانە، لە کەینەوبەینەی سەفەرەکە بێ ئاگا بووم، لە کاک ئەحمەدم پرسی: "خێرە؟" لە جوابدا گوتی: "تا لای سلێمانی و دەوروبەری دەچین. تۆش دەگەڵمان بە، تا ئێمە کارەکانمان تەواو دەکەین و دەگەڕێینەوە، تۆ لە سلێمانی لە ماڵی کاکە "ڕەشە" بە جێ بمێنە و بۆ خۆت لە سلێمانی دا بگەڕێ." کاکە ڕەشە، کە ناسراو بوو بە ڕەشە سابڵاغی، لە برادەرە هەرە دڵسۆز و خۆشەویستەکانمان بوو. ئێستا کە ئەو دێڕانە دەنووسم، کاکە ڕەشە بە ماڵ و منداڵەوە لە شاری "درامن"ی وڵاتی نۆروێژ نیشتەجێیە.

پێشنیارەکەی کاک ئەحمەدم پێ باش بوو بۆیە منیش ڕەگەڵ کەوتم، لە ڕێگەدا پێی گوتم کە نیازی سەفەری لای چوارتای هەیە تا تەکلیفی بنکەیەکی حیزب ئەگەر لە بیرم مابێ لە دێی "مڕانە"ی خوار شارۆچکەی "چوارتا"، کە گوایە وە بەر بڕابوو و دەستی بەسەردا گیرابوو، ڕوون بکاتەوە. کاک فایقیش هەر بۆ هەمان مەبەست و هەمان ئەرک دەگەڵ بوو، بەڵان ئەو ناوچەی "پێنجوێن"ی بۆ داندرابوو.

نووسەری ئەو یادداشتانە، جارێ لە باشوور هەر نوێ و تازە بووم، نە لە مەنتیقە و ناوچەکان شارەزایی پێویستم هەبوو نە لەسەر وەزعی بنکەکانی حیزبیش زۆرم دەزانی. هەرچۆنێک بوو وە ڕێ کەوتین و دەوروبەری سەعات ١١-١٢ی ڕۆژێ، گەیشتینە نێو باژێری سلێمانی.

سلێمانی لە بارودۆخەکانی ئەو زەماندا، وەک ئاگری بن کا، لەژێر سەیتەرە و هێژمۆنی سیاسیی مەکتەبی سیاسیی کۆندا بوو، بەڵان بنکە

یان بڵێین نوێنەرایەتێکی سەرۆکاتیی بارزانیشی لێ هەبوو کە لەژێر بەرپرسایەتیی "عەگید" ناودا بەڕێوە دەچوو. دەسەڵاتی حکوومەت بەسەر سلێمانیدا زاڵ بوو، بۆیە پێشمەرگەی بەچەکەوەی لێ نەدەبوو مەگەر تاکوترۆک، ئەویش بە پسوولە و ئیجازە لایەنی سەرکردایەتیی بارزانیی نەمر.

وابوو کاتێک ئێمە بە دوو زیلی عەسکەری و سی چل پێشمەرگەی بەچەکەوە، چووینە نێو شارەوە و لە بنکەی کاک عەگید دابەزین، وەک دەڵێن بە سورعەتی بەرق، لەنێو شاردا بڵاو دەبێتەوە کە ئەحمەد تۆفیق بە پێشمەرگەوە هاتۆتە ناو شارەوە تا لایەنگرانی مەکتەبی سیاسیی پارتی دەستگیر بکا... نەزمی ناوشار تێک چووبوو. بیستمانەوە ڕاکردن و خۆشاردنەوە لە شاردا دەستی پێ کردووە، وەک باو بوو و دەیانگوت: "عەرز قڵەشیوەتەوە" واتە بار، باری نائاساییە.

ئێمە کە بڕیار بوو بۆ نانی نیوەڕۆ میوانی کاک عەگید بین، بە پەلە پەل، چایەکمان خواردەوە، سواری ماشێنەکان بووینەوە، بەرەو چوارتا لە شار وە دەر کەوتین، تا بارودۆخەکە ئاسایی ببێتەوە. منیش هەر ڕەگەڵ کەوتم، گوترا لە گەڕانەوەدا، لە سلێمانی بەجێ بمێنم. ئەو ڕۆژە، عەسرێکی درەنگ، بە جادەیەکی خاکی پڕ لە کەندوکڵۆدا، گەیشتینە شارۆچکەی چوارتا.

چوارتا لەو دەوراندا، شارۆچکەیەک بوو کە لە هەموو بارەوە کەمتوانا و بێدەرەتان دەهاتە بەر چاو. چوارتا لەسەر تەپۆڵکە بەرزاییەکی بڵند دروست کرابوو کە تەنیا چەند خانووبەرەیەکی بەجێماوی حکومەتی و جادەیەکی خاکی، نێوی شارۆچکەی پێ بەخشیبوو؛ دەنا لەڕاستیدا زیاتر هەر دێیەک بوو و بەس. لەوێ چووینە بارەگای هێزی پێشمەرگە کە لەژێر چاودێری و بەرپرسایەتیی "عەقید نووری" ناسراو بە "نووری کەڵەباب"دابوو. عەقید نووری بە پیرمانەوە هات و بەخێرهاتنی کردین، پاش حەسانەوەیەکی کورت، دەگەڵ کاک ئەحمەد تۆفیق و کاک فایق لە بنکەی هێز وە دەر کەوتن و ڕوویان کردە تەپۆڵکەیەکی نزیک بە بنکەکە، کە دەیڕوانیە دەشتایی و دۆڵ و دەرەی "شاربازێر"، لەوێ لەسەر

تەپۆڵکەکێو دانیشتن، منیشیان لە دانیشتنەکە بەشدار کرد؛ کە تا ئەو سەعاتە نەمدەزانی چ باسە.

عەقید نووری بە دەست و بە چاو شوێن و جێگاکانی پێشمەرگەکانی سەر بە مەکتەبی سیاسیی کۆنی پێ دەگوتین کە لەژێر فەرماندەیی خۆالێخۆشبوو کاک "عومەر دەبابە" لەو ناوچەدا، مۆڵیان خواردبوو. وەک دەگوترا ژمارەیان لە هەزار کەس بە دەر بوو. وەک بۆم دەرکەوت چوارتا، سنووری دەسەڵاتی پێشمەرگەی لایەنەکان بوو.

وەک گوتم، تا ئەو سەعاتە نەمدەزانی بۆ لەوێین و خەریکی چین، پاش نان و چایەکی بەپەلەی ئێوارە، دەگەڵ کاک ئەحمەد و کاک فایق، تەنیا کەوتینەوە. ئەوکات کاک ئەحمەد هاتە قسە و پەردەی لەسەر پلان و مەبەست لە سەفەرەکەی هەڵداوە و گوتی: "ئێمە تائێستا باسمان نەکردووە ئامانجمان لەو سەفەرە چییە تا بڵاو نەبێتەوە و نەخشەکەمان تێک نەچێ. ئەوە بڕیارە و ئێمە هاتووین تا تەکلیفی بنکەی حیزب لە دێی، وا بزانم مڕانێ ڕوون بکەینەوە کە وە بەر بڕاوە و "مەلا ئەبوبەکەر فەلسەفی"؛ ناسراو بە مەلا ئەبوبەکرە شەلە، لە کادرەکانی حیزب کە ئێستا ئیدی لە حدک هەڵگەڕاوەتەوە و بە هەواداری لەو بەشی پارتی دەستی بەسەر بنکەکەدا گرتووە، حساب و کتابێک بکەین."

گوتی: "من ئەو ئێوارەیە بە جەماعەتەوە بەرەو مڕانێ شۆڕ دەبمەوە، کاک فایقیش بەرەو پێنجوێن دەچێ تا بنکەی پێنجوێنی حیزب، لەژێر دەسەڵاتی "مەلا ڕەحمان" و "مەلا جەمیل" و "عومەر نگلی" ماوەتەوە، ڕەهای بکا و تەسلیم بە برادەرانی هەورامانی بکا. هەڵبەت ئەگەر بیانەوێ سەربزێوی بکەن و قبوڵی بڕیارەکە نەکەن، ئەوە دەیانگرێ و دەگەڵ خۆی دەیانهێنێ بۆ سەنگەسەر." گوتی: "نامەیەکیشم لەو بارەوە، بۆ "حەمە ڕەشیدخان" نووسیوە و داوام لێ کردووە هاوکاریمان بکا و ئەگەر پێویست بوو یاریدەی کاک فایق بدا." کاک مەلا سەید ڕەشید حوسێنی کە ئەوکاتە لە بەرپرسانی حیزبی دێموکڕات و لە سەفەرەکەشدادەگەڵ بوو، هاوڕێی کاک فایق دەکا بۆ ناوچەی پێنجوێن.

تا ئەوکاتە، هیچکام لەو برادەرانەم نەدیبوو و نەمدەناسین، ئەوەندە بوو بیستبووم کە مەلا ڕەحمان و مەلا جەمیل خەڵکی ناوچەی سەقزن. مەلا ئەبوبەکر، خەڵکی ناوچەی بانەیە، هەر دەستخەتم لێ دیبوو کە دیار بوو یەکجار خەتخۆشە. بێجگە لە مەلا جەمیل کە لە سەفەرێکی ئەو دواییانە بۆ سلێمانی چاوم پێکەوتەوە و ئێستاکە لەوێ نیشتەجێیە، ئەوانی دی نازانم کەوتوونەتە کوێ. بیستوومە عومەر سادق نگلی نیشتەجێی ئێستاکەی "ئەڵمان"ە و مەلا ئەبوبەکریش لە وڵاتێکی دیکەی ئوروپا، جێی خۆی کردۆتەوە.

بەو بڕیار و بەرنامەیە و بەو تەوزیحانەی کاک ئەحمەد لەسەری دەڕۆیشت و زۆر زیاتریش بوون لەوەندەی لێرەدا هێناومنەوە، وەک بە کوتک لە سەرم بدەن، تاسام. چاوەڕوان نەبووم لە کات و ساتێکی ئەوتۆ بڕ هەست و لە سەرتێزە، سەرکردایەتیی حیزب بۆ خاتری دوو دەنک ڕووتە بنکە، بڕیارێکی وا هەڵچوو بدا. پرسیم: "ئایا بارزانی ئاگای لە قەرار و بڕیاری ئەو هەنگاوە هەیە؟" کاک ئەحمەد گوتی: "بەڵێ پێمان گوتووە و ئاگاداری."

نارەزایەتی و پێناخۆشبوونی خۆم لەو کارە ڕاگەیاند، بڕیاری سەرکردایەتیم لەو بارەوە بە بڕیارێکی چەوت و نابەجێ حساب کرد و گوتم: "ئێمە دەزانین کەشوهەوای سیاسیی ئێستای شۆڕش چەند سوار و لەسەرپێیە. هەر هەڵەیەک هەر چەند چووکیش بێ، لەوانەیە کارەساتێکی زۆر گەورە بقەومێنێ. لایەنەکانی دەسەڵاتی شۆڕش لەوپەڕی ناتەباییدان، بەرامبەر بە یەکتر جەبهە و سەف بەندییان هەیە، تەقینەوەی فیشەکێکی بێ حساب ماڵ وێرانکەری گەورەی بەدوادا دێ، جا لە بارودۆخێکی ئەوتۆدا کە ئەگەر مرۆ واز لە بوار و بەرهەمە سیاسییەکەشی بێنێ تەنیا هەر لە ڕوانگەی نیزامی و شەڕگەریشەوە لێی بڕوانێ، کام ئەقڵ و مەنتیق ڕێ بە ئێمە دەدا کە بە گشتە پێشمەرگەیەکی ٣٠-٤٠ کەسیی ناشارەزاوە، پێ بنێینە ناوچە پێدەشتێکی پان و بەرینەوە کە بە بنکە پێشمەرگەی لایەنی دیکە داچنراوە و لەڕاستیدا بە ناوەندی هەرە سەرەکیی دەسەڵاتی نیزامی ئەم لایەنە، دەژمێردرێ! کام بۆچوون و لێکدانەوەی نەتەوەیی و سیاسی لە حیزبی

دێموکڕاتی کوردستان چاوەڕانە کە ببێ بە دەستەچیلەی داگیرسانی ئەو ئاگرە نەویستە پڕ خەسارەتە، ئەویش هەر لەپێناو چەند بەستە کاغەز و دوو تایپ و ڕۆنیۆشکاودا؟" گوتم: "وا باشە و ئاقڵانە ئەوەیە کە جارێ لە مەسەلەی مەلا ئەبوبەکر و بنکەی حیزب لە مڕانێ واز بێنین و بهێڵینەوە بۆ کاتێکی لەبارتر."

ڕاوبۆچوونەکەم وەرنەگیرا. بڕیار تێک نەچۆوە، بەڵان کاک ئەحمەد گوتی :"تۆ ئەگەر پێت خۆش نییە بێی، لێرە بەجێ بمێنە." وایگەیاند کە لە ترسان و بۆ خۆدزینەوەیە کە دژایەتی دەکەم. بۆیە قبوڵم نەکرد بە جێ بمێنم و گوتم: "دێم هەرچەند بەکارێکی خراپ و غەڵەتێکی گەورەی دەزانم."

ئێستا وڵات تاریک دانەهاتبوو بەرەو دەشت شۆڕ بووینەوە، چونکە ڕێگا دوور و وەک دەیانگوت و دەبوو هەر ئەو شەوە و بەر لە ڕووناک داهاتنی ڕۆژێش گەڕابانەوە دواوە تا لەجێی خەتەر دەرچووباین، دیارە ئەگەر پێ نەزانرابایەن و تووشی تەقە و شەڕێک، نەهاتبایەن. بۆیە دەبوو هەر ئەو شەوە بێ دەنگ و بێ وچان هاتبایەنەدەر.

ئەو شەوە، شەش حەوت سەعات ڕێگامان بڕی، شەو نزیک ببووە لە سەعات ١٢ کە گەیشتینە دێی مڕانی. نووسەری ئەو یادداشتانە، کە بێ چەکیش بووم، لە دەستەی پێشەوەدا دەڕۆیشتم، بێجگە لە دوو سێ کەس کە گوایە شارەزای نێو دێ و شوێنی بنکەکە بوون، کەسی دیکەم لە پێشەوە نەبوو. لەناکاو لە خانوویەکی چەند سەد میتری لە پێش دەستەی ئێمەوە، گڵۆم هەستا، گوێم لە ڕاکشانی چەخماغی تفەنگ و دەنگی بیگرە و نەبزوێی بوو، بە غار خۆم گەیاندە جێگا و خۆم دە ژووری کێشە و مرخێش مرخێش هاوێشت.

چەند ئان و چرکەیەک، لە تەپوتۆزی ژووڕێدا چم نەدیدت. کە بەرچاوم ڕوون بۆوە، دیتم کە پێشمەرگەی دەگەڵ ئێمە بە نێوی " هەڵمەت" بە قۆنداغەتفەنگ کە لە یەکێکی دیکە دەدا. لێی تووڕە بووم دەستی کێشاوە. تەماشام کرد کابرا سەروگوێی خوێناوی بووە، لێم پرسی: "تۆ کێی؟" گوتی: "من پێشمەرگەی پارتیم، بە میوانی لێرەم." کە وای گوت بێ

ئیختیار شەقەزللەیەکی خۆشم دە بنانگوێی هەڵمەت سرەواند، چونکە بە ناهەق لەو پێشمەرگەی دابوو، کەچی مەعلووم بوو بۆ ئەوە کە پێشمەرگەکە دەرفەتی دەستکردنەوە و تەقەکردنی نەمێنێ، وەریگەڕاوەتێ.

لەو حەیسوبەیسەدا، کاک ئەحمەد بە خۆی و بە جەماعەتی کە دەگەڵی بوون گەیشتێ. جارێ تەپوتۆزی نێو ژوورەکە بەتەواوی نەڕەوییبۆوە، کەچی دەگەڵ ئەوەش هەر لە دیداری یەکەمدا پێشمەرگەی لێدراوی پارتی ناسییەوە و گوتی: "شێخ سدیق چۆنە لێرەی و کێ لێداوی؟" وەک گوترا، دەرکەوت کە شێخ سدیق کە بەداخەوە هەر ناویم لە بیر ماوە و بەس، یەکێکە لە بەرپرسەکانی کەرتی پێشمەرگەی پارتی کە هەر ئەو ئێوارە، دەگەڵ پێشمەرگەیەکی خۆی، بە میوانی و بۆ سەردانی چەند برادەرێکی پەڕیوەی ناوچەی بانە کە لە بنکەی مڕانێی حیزبدا خۆیان گرتبۆوە، هاتۆتە وێ و تووشی ئەو چارەنووسە هاتووە.

کاک ئەحمەد، ئەوەندەی بڵێی یەک و دوو بە دەستی خۆی سەروچاوی شێخ سدیقی خاوێن کردەوە و پەیتا پەیتاش، داوای لێبووردنی لێ دەکرد و دەیگوت: "ئێمە بۆ کێشە و شەڕی ئێوە نەهاتووین. ئێمە بۆ عیلاجی ئەبوبەکر و ڕاگواستنی بنکەی خۆمان، لێرەین و زۆر بەداخەوەین کە تۆ ڕاست لەوکات و وەختەدا میوانی ئێرەی و ئەوەی نەدەبوو ببێ بووە. ئەوەش بێگومان لەبەرئەوە بووە کە تۆ نەپەرژێیە دەستکردنەوە و تەقەکردن تا کار لە کار نەترازێ..." لە هەر حاڵدا، بەزوویی شڕەوبڕەی بنکە پێچرانەوە و بۆ گواستنەوە دابەشکران. بەداخەوە یان بەخۆشییەوە، مەلا ئەبوبەکر، وە بەردەست نەهات. گوایە یەک دوو ڕۆژ پێشتر بۆ هێندێ کاروباری خۆی، سەفەری ئەودیوی کردبێ.

لە وەدەرکەوتندا بۆ گەڕانەوە، کاک ئەحمەد بە شێخ سدیقی گوت: "دەبێ ئێوەش دەگەڵمان بێن تا لە ناوچەی پێشمەرگەکانی ئێوە دەرباز دەبین، لەوێڕا ئازادن و بە چەکەکانتانەوە دەگەڕێنەوە بۆ بنکەکانی خۆتان."

لە گەڕانەوەدا، تازە گزنگی تاو دەرودەشتی گەرم دادێنا، لە مەنتیقەی خەتەری دەرگیرێ، دەرچووین، لە بناری شاڕۆچکەی چوارتا، حاجی عەلی

نێوێک کە کاک ئەحمەدی دەناسی، هاتە سەر ڕێ بۆ نان و چای بەیانی بانگێشتی کردین. ئێمەی ماندوو و برسی و تینوو لە سەفەری دوورودرێژی شەو؛ خوا بتحەسێنێتەوە، لە عەزای زگ و ورگ، نەجاتمان بوو.

لە ماڵە مام حاجی، بۆ جارێکی دیکەش کاک ئەحمەد تۆفیق دەستی لە ملی شێخ سدیق کرد و دووبارە داوای لێبووردنی لێ کرد، هەم چەکی خۆی و هەم چەکی پێشمەرگەکەی دەگەڵی بوو داینەوە، بەڵان هەرچی هەوڵی دا نە چەکەکانیان وەرگرتەوە و نە گەڕاشنەوە بۆ بنکەکانی خۆیان. لام وابوو لەبەر خەجاڵەتی چەککران و سەرکۆنەی دۆست و برادەرانی خۆی بوو کە شێخ سدیق دەگەڵ ئێمە هاتە چوارتا و لەوێ ڕەگەڵ هێزی پێشمەرگەی عەقید نووری کەوت.

هەر ئەو ڕۆژەی ئێمە گەیشتینەوە چوارتا، ئێوارەکەی، کاک مەلا ڕەشید و کاک فایقیش لە سەفەری ناوچەی پێنجوێنڕا گەیشتنەوە چوارتا، دەگەڵ خۆیان مەلا ڕەحمان و عومەر سادق نگلییان، وەک گیراو و زیندانی، دەگەڵ خۆ هێنابوو کە هەر ئەو ڕۆژە ڕەوانەی سەنگەسەر کران و لەوێ ماوەیەک لە بەندیخانەی شۆڕشدا، ڕاگیرکران تا بە هەوڵ و تەقەلای کاک مەلا ڕەشید و نووسەری ئەو یادداشتانە، ئازادکران.

لە چوارتا، دەگەڵ کاک فایق بەجێماین تا بنکەی کونە مڕانێ بۆ پێوەندی دەگەڵ ئەو بەشی ڕۆژهەڵات، لە چوارتا، دابنێین. وام لە بیرە نزیکەی شەش حەوت ڕۆژ لەوێ ماینەوە تا جێورێیەکمان بۆ بنکە بنیاد نا و شەڕەوبڕە کە لە مڕانێڕا هێنابوومانن لەوێ داندران. برادەرێکی دڵسۆزی کۆنە دێموکڕاتی ناوچەی بانە، بە نێوی مام "عەبدوڵلا کۆڵ" یادی بەڕێزی پیرۆز، دەگەڵ کورەلاوێکی تازە پێگەیشتووی خۆی بە نێوی "عەلی" وەک بەرپرس و جێگری بەرپرس بۆ بنکە، دیاری کران.

بنکەی ئێمە لەوێش وەک زۆربەی بنکەکانی دیکەی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی شۆڕش، وەک لایەنێکی شۆڕش دەژمێردرا، ئازوقە و جلک و پێلاویان بەپێی سەر و نەفەر، لە تەداروکاتی شۆڕش وەردەگرت، هەڵبەت هەرچییەکی لەو چەشن و نەوعە لە ڕۆژهەڵاتڕا هاتبا، کەم تا زۆر، دەدرا بە بەشی تەداروکاتی شۆڕش یان دەگەیشتە مەسئول و بەرپرسەکان،

بۆیە ئەو ماوەی کە لە چوارتاش ماینەوە، هەر هەمان ڕێوشوێن بەردەوام بوو. هەموو بەیانییەک مام عەولا یان عەلی کوڕی، دەچوونە نانەواخانەی پێشمەرگە و بەشە کولێرەی بنکەیان دینا کە هەروا بە ویشکی دەمانخوارد و چایمان بەسەردا دەکرد.

بەیانییەک، ڕووی خۆم هەلاوێشت و لە مام عەولام پرسی ئەرێ لەو شارۆچکەیەدا ماستێک پەنیرێک پێخۆرێک دەست ناکەوی تا ئەو کولێرانەیان پێوە بخوێن؟ بەو کولێرە و چایە هەموومان ویشکاییمان داهات. مام عەولا وەلامی داوە بەڵێ هەیە، ماست هەیە، بەڵان بە پارەیە و دەبێ بیکڕین، جامەماستێک بە سێ پەنجاییە، سێ پەنجایش دەیکرد سێ تمەنی ئەوکاتی لای خۆمان.

کاک فایق وەک عادەتی خۆی بوو هەرگیز فلسێکی پێ نەبوو، هیچ خواردن و خواردەمەنیشی بەلاوە گرنگ نەبوو، بۆیە متەقی لێ نەهات. من کەوتمە پشکنینی گیرفانان و تەنیا سێ پەنجایی سەروەت و سامانی شەخسیی خۆمم دیتەوە و دام بە مام عەولا تا بۆ نان و چای بەیانی ئەو ڕۆژەمان، پێخۆری ماستمان بۆ بێنێ. مام عەولا ڕۆیی بۆ ماست، ڕۆیشتن هەر ئەو ڕۆیشتنە بوو کە ڕۆیی، زۆری پێ چوو هەر نەگەڕاوە، ناچار هەر بە شێوەی جاران کولێرە بۆرمان خوارد و بەرەو بنکەی هێزی عەقید نووری وە دەر کەوتین. لەسەر جادە مام عەولام دیتەوە کە لە چایخانە دانیشتبوو سیغاری دەکێشا. گوتم: "مام عەولا ئەدی ماستەکە چی لێ هات؟" گوتی: "فلان کەس زۆر گران بوو نەموێرا خۆی لێ بدەم." گوتم: "بۆ بە چەند بوو؟" گوتی: "سێ پەنجایی."

عەلی کوڕی مام عەولا، لاوێکی تازەپێگەیشتووی قۆز و, لەبەردلان، کوڕێکی هەڵسووڕ و بەئیمان بۆ کوردایەتی، کوڕێکی شایی بە خۆ و زۆر دڵسۆز بۆ ڕێکخراوەکەی. دەگەڵ جووڵانەوە چەکداریییەکەی ساڵی ١٩٦٨ بەرکەوت، دەگەڵ کاک سمایل شەریفزادە پێکەوە شەهید بوون، یادی پیرۆزیان بە خێر.

لەو سەروبەندەدا، وا هاتە پێش کە سەفەرێکی بەپەلەی ناوەوەی وڵاتم وە بەر بێ، ئەگەر کرا، بچمە تارانێ و لەسەر یەک هەڵسەنگاندنێکی

هەلومەرجەکان بکەم بۆ کاروباری ڕێکخراوەییمان. خۆم وام بە باش زانی لەو سەفەرەدا، هەر هەتا سەر چۆمی "کەڵوێ" پێشمەرگەم دەگەڵ بێ، لەوێ بەولاوە هەر بە تەنێ و لە ڕێگای حەوزەکانی حیزبییەوە، بەبێ چەک، کارەکانم بە ئەنجام بگەیەنم.

ڕۆژی بزووتن، پاش نیوەڕۆیەکی درەنگ لە بنکەی "سونێ"ڕا بەرەو گوندی "تووژەڵ"؛ هاوڕێ دەگەڵ چەند برادەرێکی پێشمەرگە، لەژێر چاوەدێریی پێشمەرگەی ناسراو و بە مشوور، کاک"عەبدول نەستانی"دا وە ڕێ کەوتین. ئێستا، لە کاتی نووسینی ئەو نووسراوەیدا، هەم کاک عەبدول و هەم کاک کەریم نەستانی کە ئەویش لەو سەفەرەدا هەر دەگەڵ بوو نیشتەجیی وڵاتی سوئێدن-

لەو هاوڕێیەدا، تێکۆشەری دێرین "مام خدری پاشبەردی" کە بە کاری ڕێکخراوەییەوە هاتبووە سونێ، دەگەڵدا بوو.

لە تووژەڵرا، هاوڕێ و ئاواڵی بەڕێز "کوێخا ڕەسوڵ"یش وەک شارەزای کەلێن و قوژبن، ڕەگەڵ خۆ درا. دەبوو لە تاریکایی شەوێدا بە ڕێگای بەر پاسگای ژاندارمەری دێی"مەزرا"یەدا تێپەڕ بین. نازانم سەعات چەندی تاریکەشەوی ئەو شەوە بوو کە کوێخا ڕەسوڵی پێش قەرەوڵ هەڵوێستەیەکی کرد، لە دەورێ یەک کۆی کردینەوە و بە سرتە گوتی: "ڕێگام لێ تێک چووە، هەتڵە بووین. لێرە بن مەبزوون تا ڕێ تاقی دەکەمەوە." لەو سرت و خورتەدا بووین کە چرا نوورهاوێژێکی زۆر بەهێزیان دەنێو کردین. نووری چرا هێند بەکار بوو چاوم لەسەر یەک چەند جارێک بریسکایەوە، گوتم: "لە ئێمەڕا کەس تەقە نەکا، تا لەوانڕا تەقە نەکراوە."

مەعلوم بوو لەبەر تاریکایی شەو لە ڕێ لاڕێ ببووین و هاتبووینە بەر دەرگای پاسگاکە. ژاندارم شڵەژان، شەقوهۆڕی مێز و کورسیان، لە ژووری پاسگارا، کە لە ترسان بە دەرگا و پەنجەرەوەیان دەنان بەو مانایە بوو کە لاشەڕن. کە وامان دیت، ئێمەش سووکێک لەبەر دەرگای پاسگا وە لا کەوتین و هاتینەوە سەر ڕێی خۆمان.

شەوی زور نەمابوو کە گەیشتینە سەر چۆمی کەڵوێ، لەوێرا پێشمەرگاکان گەڕانەوە، ئێمەش پێکەوە دەگەڵ مام خدر، خۆمان گەیاندە گوندی چەند ماڵی پاشبەرد لە بەشی گەورکایەتی. پاش بڕە خەودەرکردنی ماندوویی شەوڕێی لە لەش، هەر دەگەڵ مام خدر، بەرەو گوندی"نێوەژ"ی مەنگورایەتی، وە ڕێ کەوتین.

لەوێ لە گوندی نێوەژ، کومێتەیەکی حیزبیمان هەبوو بەڕێز کاک "بایز" ئاغادێی نێوەژ، سەرپەرشتیی دەکرد. مام خدر لەوێ کاری تەواو بوو و گەڕاوە ماڵی خۆی، من لەوێ بەجێمام تا لە ڕێگای پۆست بە پۆستی کومێتەکانەوە، تەرتیبی کار و چوون و گەڕانەوەی خۆم بدەم. سیستیمی ڕێکخراوەییی ئەو زەمان وابوو کە لە هاتوچۆکردندا دەبا لە تەحویلی کومێتەکاندا باین. ڕێوشوێن وابوو ئێمەمانان بەبێ چەک لەو چەشنە سەفەرانەدا، لە دەری ماڵان نەبین، کەسی نامۆ نەمانبینێ، جێگامان زیاتر هەر لەنێو ژن و منداڵدابوو.

کاک بایز یادی بە خێر، گوتی: "شەوێ هەر لە دیوەخان دادەنیشین، کوڕەکانی خۆشمان بۆ کۆبوونەوە و قسەوباس بانگ دەکەینە دیوەخان، خۆ ئەگەر هات و لاوەیشمان لێ پەیدا بوو تەنانەت ئەگەر عەجەمیش بێن، قەیدێ ناکا، دەڵێم ئەو کابرایە نەجارە، هێناومە دەرگا و پەنجەرەم بۆ ساز دەکا."

لە دیوەخانی کاک بایز دانیشتبووین، برادەرەکانمان لێ کۆببوونەوە، تازە نانی ئێوارێ خورابوو، مەلای گوندی "میراوێ" بە میوانی، لە دیوەخان وە ژوور کەوت. ئێستا بە تەواوی لە چاکوچۆنی خەڵکەکە نەبووبۆوە، ڕووی کردە کاک بایز و پرسی: "ئەو کوڕە کێیە؟ لەو ناوانەم نەدیوە." کاک بایز جوابی داوە: "نەجارە، هێناومە دەرک و پەنچەرەم بۆ ساز دەکا."

پاش بڕە قسەیەکی عادەتی، مامۆستا دەستی کرد بە باس لە سەر دین و مەزهەب. لەسەر ئەسحاب و یارانی پێغەمبەر دەدوا، مەتڵەبی سەیر و سەمەرەی لێ دێنانەوە کە لە ئەقڵ و مەنتیق بە دوور بوون.

هەرچی کردم خۆم پێ زەوت نەبوو، هاتمە نێو قسانەوە و گوتم: "جەنابی مامۆستا ئەوانەی کە جەنابت بە نێوی دین باسیان دەکەی، فڕیان بە ئیسلامەتییەوە نییە..." لەو نێوەدا کاک بایز هەڵیدایە و گوتی: "کاکە تۆ مەلای یان نەجارِی؟" گوتم: "من نەجارِم." گوتی: "دە ئەگەر وایە، قسە لە کاری مەلای مەکە." گوتم: "ئەوە نەمکرد." بوو بەفرقوهۆڕی جەماعەت. نێودێر ببووم بە کابرای نەجارِ.

ساڵ ڕۆیشت و ساڵ هاتەوە. پاش ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی لە ئێران، لە زەمانی هەڵگیرسانی شۆڕشدا، کاک بایز بۆ سەردانم، هاتبووە دەفتەری سیاسیی حیزب. پێکەوە چووینە شارەدێی میراوێ. گوتی: "مەلا پیاوی باشە با سەردانی بکەین"، مەبەستی مامۆستای گۆرین بوو. چووینە ماڵی، مەلا هەر تەماشای دەکردم، سەرئەنجام پرسی: "ئەرێ کاک بایز ئەوە کابرا نەجارِەکە نییە؟" کاک بایز پێکەنی و گوتی: "بەڵی هەوە، بەڵان ئێستا ئیدی نەجارِی ناکا."

سەفەرەکەم لە نێوەژرا پێبەپێی هاورێی خۆشەویستم "عەلی پورپەری" یادی بە خێر، بە کوێستانەکانی مەنگورِایەتیدا، دەوامی هەبوو. بە داخەوە عەلی لە گوندی "کیسەڵان" کەشەومان لە هۆڵەمەڕێکدا ڕۆژ کردبۆوە، "گەنە" پێوەی دا و زور بە تووندی نەخۆش کەوت. ڕەوانەی مهاباد کرا بۆ لای دوکتۆر و دەرمان، دەگەڵ ئەوەش زیاتر لە ٣ مانگ لەناو جێدا کەوت. سەفەری گۆرین، لە مهاباد تێنەپەڕی، ناچار بە گەڕانەوە بووم، کە گەیشتمەوە سونێ، یەک مانگی ڕەبەقم پێ چووبوو.

ئاخرئۆخری هاوینی ئەو ساڵە ١٩٦٤ی زایینی، لێک سوور هەڵگەڕانی لایەنەکانی دەسەڵاتەکانی شۆڕش، گەیشتە ئاخر پلەی خۆی. بە جووڵان و هەرەکەتی پێشمەرگە و لایەنەکانی دیکەی هەواداری شۆڕش لەژێر فەرماندەیی شەخسی بارزانی، بۆ سەر مەکۆگەکانی پێشمەرگەی مەکتەبی سیاسیی کۆن، بە مەبەستی یەکلاکردنەوەی سەرۆکایەتیی شۆڕش، تەقیەوە. شەڕی ناوخۆیی، هەرچەند لەو بڕگەزەمەنەدا، کەم ماوە و کەم خەسارەتیش بوو، هەڵگیرسا.

لەو سەروبەندەدا، کاتی ئەوە هاتبوو ئاوڕێک لە قەولّ و قەراری پێشوو بدەینەوە و بەدوای داواکارییەکاندا بچینەوە بەغد او دیداری سەفارەتی میسر. ئەوجارە برِیار درا کاک ئەحمەد و نووسەری ئەو یادداشتانە، پێکەوە بچینە دیدارەکە. کاک "نحو" ناسراو بە"باپیر شکاک" لە کادرەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، هەروەها کاک، عەولّا موعینی، وا بزانم، هەمزە بایەزێدش هەر بۆ دیتنی بەغدا. ڕەگەڵ کەوتن. کاک عەولّا و هەمزە لەو کەسانە بوون کە وەعد وابوو بچنە میسر بۆ خوێندن. بۆ ئەو سەفەرەش هەم ڕاوێژ دەگەڵ بارزانی و هەم ئیجازە و پسوولەی هاتوچۆ لە بەڕێزیانڕا، بە پێویست زاندرا و ئەوەش هاوکات بوو دەگەڵ بزووتنی بارزانی بەرەو جەبهەکانی شەڕی ناوخۆیی.

ئێمە خەبەرمان وەرگرتبوو کە بارزانی، لە دێی "هێرۆ" لە دەوەروبەری سنوور ڕوو بە سەردەشت، بارەگای خۆی داناوە. برِیار درا کاک ئەحمەد، کاک فایق و نووسەری ئەو یادداشتانە بچینە هێرۆ و لەوێ بە خزمەتی بگەین.

لە سازبووندا، پێشنیارم کرد کە بۆ نانی نیوەڕۆ، بچینە دیداری کاک سەعد موهتەدی، تێکۆشەری بەناو کە دەگەڵ کاک سەلاح موهتەدی و کاک مەلا عومەر عەسری و چەند برادەرێکی دیکەی خۆیی، بنکەیان لە هێرۆ دانابوو. پێشنیارەکەم لە کاک فایقڕا دژایەتی دەگەڵ کرا، بێ دەلیل و بێ سەبەب دژ بوو کە بچینە دیداری ئەو کۆنەدۆست و کۆنەهاوکارانەمان. لەو ئینکار و لە من ئیسرار تا سەرئەنجام کاک ئەحمەد کێشەی نێوانمانی برِیەوە، دەگەڵ ڕاوبۆچوونی من کەوت و گوتی: "دەچینە دیداریان و پاش نانی نیوەڕۆ، دەچینە بارەگای بارزانی."، هەرواشمان کرد. ئێوارە دەوروبەری سەعات ٥ی پاش نیوەڕۆ، چووینە بارەگای بارزانی، بەڵان خۆی لەوێ نەبوو گوتیان شەو دەگەڕێتەوە.

ئەو شەوە سەعات لە ١٢ تێپەڕ ببوو و ئێمە هەر چاوەڕوان بووین کە لە ناکاو بارزانی، زۆر بێ هەست و بەبێ دەنگی وە ژوور کەوت. هەر دەگەڵ وەژوورکەوتن گوتی: "ئەحمەد ئێرانیم دیتن!"

من زۆرجاری دیکەش بە خزمەت بارزانیی نەمر گەیشتبووم، بەڵان قەت ئاوا قوچاغ و کەیف خۆش و لەسەر حاڵم نەدیبوو. بە خێری هێناین و بۆی باس کردین کە لە دێی "باشماخ" لەسەر سنوور چاوی بە بەرپرسانی ئێرانی کەوتووە و پێی گوتوون، ئێستاکە مەکتەبی سیاسیی کۆن بە پێشمەرگەوە، بەڕێونەوە و خۆیان داوەتە دەست ئێرانەوە، دەبێ چەکیان بکەن و لە ناوچە سنووریییەکان دووریان بخەنەوە، دەنا تا "تاران" بە دوایاندا، دێم!

بارزانیی نەمر، سەفەرەکەمانی پێ باش بوو. ئەمری کرد تا ٥٠٠ دیناریش وەک خەرجی ڕێ و سەفەر بدەن بە کاک ئەحمەد. ئێمە هەر ئەو شەوە گەڕاینەوە سەنگەسەر، تا کاروباری سەفەرەکە تەرتیب بکەین.

بۆ سەفەر، بووین بە دوو قۆڵ، کاک ئەحمەد و کاک باپیر پێکەوە لە ڕێگای کەرکووکەوە، کاک عەولا و هەمزە و نووسەری ئەو یادداشتانە، بە سلێمانیدا بەرەو بەغدا وە ڕێ کەوتین. سەفەری کاک ئەحمەد لە ڕێگای سلێمانییەوە بە مەسلەحەت نەزانرا. ڕۆژی دیاریکراو لە هۆتێلی، "رشید الکبیر"ی گۆرین یەکترمان گرتەوە. کاک ئەحمەد و کاک باپیر لە هوتێلێکی دیکە، وا بزانم "سمیرامیس" جێیان بۆ خۆیان گرتبۆوە.

سێهەمین ڕۆژی لە بەغدا مانەوەمان، کاک ئەحمەد بانگ کرا بۆ ئیدارەی "ئەمنی عام" کوردییەکەی ڕەنگە ببێ بە، ئاسایشی گشتی، لەوێ هێشتیانەوە و دەستبەسەر ڕایانگرت. سێ چوار ڕۆژێک بەبێ هووده لە بەغدا چاوەڕوان بووین بەشکو ئازادی بکەن، نەکرا. ناچار، جەماعەت گەڕانەوە سەنگەسەر لای کاک فایق، تا ئەو لەوێ، بەسەرهات بە بارزانیی نەمر ڕابگەیەنێ و ڕێگەچارەیەک بە دی بکا و خۆشم لە بەغدا بەجێمام.

چەند ڕۆژێکی پێ چوو بوو کە نامەیەکی بارزانیی نەمر بۆ خوالێخۆشبوو مامۆستا "مەسعود محەمەد" کە بە تازەگی لە لایەن شۆڕشەوە بە وەزیری دەوڵەت، دیاری کرابوو گەیشتە دەستم. نامەکەم بۆ برد، لە چۆنێتیی بانگکران و ڕاگیرکردنی کاک ئەحمەد، ئەوەی دەمزانی بۆم باسکرد، وەعدی دا فەوری هەنگاو باوێ و ئاگادارم بکاتەوە، کەچی هەر نەبوو و

هیچ خەبەرێکی لێ مەعلوم نەکردینەوە..ئێستا، کە باسی "وەزیری دەوڵەت" هات با قسەی خۆش ون نەبێ.

ساڵەکانی پاشتر، جارێک لەو جارانە کە لە خزمەت مامۆستا هەژاردا لە حزوری بارزانیی نەمر بووم، فەرمووی: "ئەرێ هەژار"وزیرالدولە" چییە و چکارەیە! کە تا ئێمە داوای پۆستێک لە حکومەتی بەغدا دەکەین، پۆستی وزیر الدولەیەکمان دەداتێ!"

مامۆستا هەژار لە وەڵامدا گوتی: "ئەزبەنی، تۆ لە ماڵەخۆت ئەگەر میوانت دێ شەو لە ماڵت دەمێنێتەوە، جێخەوی بۆ چا دەکەی و لێفەیەکی پێدا دەدەی، بەتانییەکی زیادیشی بۆ قەد دەکەی و لە تەنیشت جێگاکەی بۆی دادەنێی، تا هەرکات سەرمای بوو بەتانییەکەش بە خۆیدا دا، ئەو بەتانییە قەدکراوە، وزیر الدولەیە." بارزانیی نەمر پێکەنی و گوتی: "ئێستا لە وەزیری دەوڵەت حاڵی بووم."

وەزیری دەوڵەتی ئەوکاتی شۆڕش ڕەحمەتی مامۆستا مەسعوود محەممەد، کاری نەچووە پێش، قسەی بۆ ئازادکردنی کاک ئەحمەد نەچەقی. هەوڵ و تەقەلا لەو بارەوە، کاردانەوەی نەبوو هەرچەند هەموو ڕۆژێ جارێک، دەچوومە خزمەتی و سەروگوێلاکیم دەگرت، بێ نەتیجەش دەگەڕامەوە. ڕەنگە هیچ زەرەرێکی نەبێ ئەگەر پیاو ئەوەندەش ئامازە پێ بکاتەوە و بڵێ ناوی وەزیر دەوڵەتی کۆن کە دەگوترا، گۆڕاوە و ئێستا کە وەزیری ڕاوێژکاری پێ دەگوترێ.

بەو شێوەیەی کە باسم کرد بیست و چەند ڕۆژێک لە نارەحەتی و نیگەرانیدا بە سەرم برد، تا بەیانییەکی زۆر زوو دەستێک لە خەوی ڕاتڵەکاندم، کە چاوم هەڵێنا دیتم کاک ئەحمەد لەسەر سەرم، ڕاوەستاوە. لە خۆشییان لە جێ دەرپەڕیم، ئامبازی بووم و ماچم کرد. پرسیم: "ئەوە چۆنە بەو بەیانییە زووە ئازاد کراوی!"

گوتی: "ئازاد نەکراوم، هەڵاتووم و یەکسەر هاتوومە ئێرە تا ئاگادارت بکەم. ئەوە دەچمە ماڵی "حوسێن فەیلی" تۆش پاشان وەرە وێ."

خوالێخۆشبوو حوسێن فەیلی، یادی پیرۆزی بە خێر بێ، لەو مرۆڤە هەرە کوردپەروەرانە بوو کە تاروپۆی وجودی لە ولآت خۆشەویستی و شەرافەت و سەداقەت، چنابوو. ئەندام بوو لە پارتیی دێمۆکراتی کوردستانی ئێراقداو هاوکات لەو دۆست و برادەرانەی هەرە بەرێزی ئێمەش بوو. تا بتەوێ کاک ئەحمەدی خۆش دەویست و دەگەلمان مەربووت بوو. لە بازاڕی بەغدادا، دوکانی فەرش و شرەفرۆشی هەبوو. ئێمەمانان هەرکات چووبایە بەغدا، سەردانمان دەکرد و ئەویش هەم خۆی و هەم باوکی بەرێزی، لە هیچ خزمەت و دۆستایەتێکی بێ گرێوگۆڵ، خۆیان نەدەپاراست. حوسێن، لە شکستهێنانی شۆڕشی ئەیلولدا، پەرێوەی رۆژهەلآتی کوردستان دەبێ و هەر لەوێش و لەو سالآنەی دواییدا لە شاری "ئیسلامابادی غەرب"، وەفات دەکا، یادی بە خێر و گۆڕی پڕ بێ لە نوور.

قسەیەکی خۆشی ئەویشم لە لایە با ون نەبێ. جارێک لەو جارانەی سەفەری بەغدا، دەگەڵ کاکە ڕەشەی سابلاغی کە بە ڕەشەی فەللاحییش ناوی دێ، کاتی خۆی لە کادر و تێکۆشەرە بە بیروباوەڕەکانی حیزبی دێمۆکرات بوو پێکەوە چووینە دوکانی خوالێخۆشبوو حوسێن فەیلی. حوسێن بۆ نانی نیوەڕۆ میوانی کردین، سێ بە سێ چووینە ڕەستووورانی نێو بازاڕی بەغدا کە وا بزانم "مطعم تاجران"ی پێ دەگوترا.

ئەو ڕەستووورانە، بریتی بوو لە ژوور یان هاڵێکی زۆر گەورە کە جێی دانیشتنی زیاتر لە ٢٠٠ کەسی هەبوو. ئەو مەتعەمە لە بەغدادا بە نانی خۆش ناودێر بوو، کە نەک هەر تاجر و توجاری نێو بازاڕ بۆ نانی نیوەڕۆ دەچوو ئەوێ، بگرە لە دەرەوەی بازاڕیشڕا خەڵک ڕوویان تێ دەکرد و نانی نێوەڕۆیان لێ دەخوارد.

خەڵکی ئەو مەتعەم و ڕەستووورانە، بە عام بە دەست نانیان دەخوارد. دەست و دەم و پەل، چەور و چڵێک دەبوو، بۆیە پاش خواردنەکە، دەچوونە دەستشۆڕخانەی ڕەستورانەوە و دەم و پلیان دەشواردەوە. کاک حوسێن فەیلی ئێمەش هەر بەو تەرتیبە جووڵاوە کە "تەشریب" نێوەڕۆی خوارد، بەرەو دەستشۆڕخانە بزووت. هەر لەو ماوە کەمەدا، ڕەشە بانگی

شاگردی ڕەستووراندەکەی کرد و دراوی خواردنەکانی دایە، هەرچی هەوڵم دا کە لەسەر حوسێن ڕاوەستێ، بە قسەی نەکردم.

کاک حوسێن گەڕاوە سەر مێز و بانگی شاگردەکەی کرد تا حسابی بۆ بێنێ. شاگرد گوتی: "گەیشتووە." حوسێن گوتی: "نابێ، چۆن گەیشتووە؟ ئەوانە میوانی منن." لە حوسێنی پێداگری و لە شاگرد جوابی گەیشتووە، خەریک بوو بگاتە دەنگهەڵبڕین و هاوار کە ڕەشە گوتی: "کاک حوسێن پارەکە من داومە و ڕابردووە فەرقی من و تۆ نییە." حوسێن بێ ئیختیار بە لەهجەی فەیلی خۆی گوتی: "عەجەب خەریگەها! تۆبە ئەی خوا ئەوە چیم وت!"

پاش مانەوەیەکی کورت لە دەرچوونی کاک ئەحمەد لە هوتێلەکە، منیش پاش بەرچاییەکی بەپەلە، وە ڕێ کەوتم بۆماڵی ڕەحمەتی حوسێن فەیلی و لەوێ یەکترمان گرتەوە. وامان بە باش زانی کاک ئەحمەد بە جلکی گۆڕاوەوە بە دیشداشەی عەرەبان، بە مینیبووس لە ڕێگای موسڵ-هەولێر و کۆیەڕا بگەڕێتەوە وڵات و منیش پاش جوابێک لە سەفارەتڕا، چ بە بەڵێ و چ بە نا، بگەڕێمەوە بۆ وڵات هەرواشی لێ هات، چونکە جوابێکم لە سەفارەتڕا وە دەست نەکەوتەوە، منیش بە دوای کاک ئەحمەددا، گەڕامەوە لای ئاوالان.

لەوێ، هەر لەنێو خۆماندا، لەو کەسانەڕا کە کاک ئەحمەدیان دەبوغزاند، دەنگۆ بڵاو کرابۆوە کە ئەحمەد تۆفیق کە دەڵێ هەڵاتووم درۆ دەکا و بە شەرت و شروت بەریانداوە، دەنا کێ دەتوانێ لە ئیدارەی ئەمنی بەغدا ڕێ و شوێنی هەڵاتن بدۆزێتەوە، بەڵان ئەو کەسانەی ئەحمەد تۆفیقیان ناسیبوو و غەرەزوەرزیش نەبوون، دەیانزانی ئەحمەد تۆفیق. زۆر جاران کاری نەگوجاوی ئەنجام داوە.

پاش دیداری بارزانیی نەمر دەگەڵ بەرپرسە حکوومەتییەکانی ئێران لە دێی باشماخ، بەرە بەرە پێوەندێکی نیوە بە دزی و نیوە بە ئاشکرا لەنێواندا، کاری خۆی کردبوو. سازبوونی ئەو پێوەندییە خواناخوا لە ئێمەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان، خوازیار بوو کە هێدی هێدی بنکەکانی خۆمان لە دەوروبەری بارزانیی نەمر و دەزگاکانی شۆڕش،

دوور بخەینەوە، لەسەر جادە و شارەکان دوور بکەوینەوە و بەرەو گوندە سەر سنووریيەکان ببزوێین. بۆیە بنکەکانی سەنگەسەر و زینوێی شێخی لە ناوچەی حاجی ئۆمەران راگوێزران. بنکەی سەرەکی و ناوەندیمان لە دێیەکانی "دێلو" و سونێ دامەزراند.

خەڵکی گوندەکانی ئەو دەوروبەرە، ئێمەیان خۆش دەویست، چونکە کاک ئەحمەد لە کێشەی نێوانیاندا دەگەڵ ئاغاکانی پشدەری"میروادەلی" بە مەغدوور و زوڵملێکراوی زانییوون و پشتیوانی تەواوی لێ کردبوون، بە شێوەیەک کە زوڵم و زۆریی ئەوانی بەتەواوی لەسەر وەلاخستبوون.

سەرکردایەتیی ئەوکاتی ئێمە بڕیاری دا کە نووسەری ئەو دێڕانە، بۆ جارێکی دیکەش بگەڕێمەوە بەغدا، لەسەر پێوەندی و داواکارییەکانمان بڕۆم دەگەڵ سەفارەتی میسر و ئەگەر هەر نەبوو و نەکرا، هەوڵی ئەوە بدەم، تەنانەت ئەگەر بە قاچاغیش بێ، خۆ بگەینمە ئوروپا تا پێش بەستنی کۆنگرەی دووهەم -کە لە هەوڵی پێکهێنانیدا بووین- کۆمیتەیەک یان نوێنەرایەتێکی حیزب لەوێ پێک بێ. بۆ ئەو مەبەستە بە ٣٠٠ دینار یارمەتی حیزبەوە بۆ خەرج و موخارجی سەفەر و بڕەپارەیەکی شەخسیی خۆم، بۆ جارێکی دیکە بەرەو بەغدا وە ڕێ کەوتم.

چەند جاری هاتوچۆی بەغدا و مانەوە لەوێ، چوختیی کردبووم و تاڕادەیەک شارەزای شار و کەم کەمە لە عەرەبیش تێدەگەیشتم و دەمم تێوەردەدا. دۆزینەوەی دۆست و ئاشنای وەک خوالێخۆشبوو حوسێن ڕەعنا و ڕەحمەتی، ئەحمەد کەواکیب، لە بەغدا لێم ببوو بە نیعمەتێکی خودادادی، بێجگە لە حوسێن فەیلی، دیدار و هاتوچۆی ئەوان، یارمەتێکی گەورە و مایەی دڵخۆشیم بوو.

هەم ڕەحمەتی حوسێن ڕەعنا، هەم ڕەحمەتی ئەحمەد کەواکیب، خەڵکی ڕۆژهەڵات و پەڕیوەی بەغدا ببوون. ئەحمەد کەواکیب دوکانێکی وێنەگری کردبۆوە و دوگانەکەشی مەکۆگەی کورده سیاسەتوانەکان بوو. لەوێ بوو کە من بۆ یەکەم جار چاوم بە ڕەحمەتی مامۆستا زەبیحی کەوت کە ئەوکاتە نوێنەرایەتیی مەکتەبی سیاسیی کۆنی دەکرد. ئەو هەر لە بەغدا مابۆوە و نەچووبۆوە دیوی ئێران.

حوسێن ڕەعنا، وەک لە پێشتریشدا باسکراوە، لە نێوەڕاستی شاری بەغدادا لە شوێنێک کە ناسراو بوو بە "حافز قازی" دوکانێکی لوکسفرۆشی هەبوو عەتر و گۆرەوی و کراس و... دەفرۆشت. مەکۆگەی ئێمەمانان بوو، بەیەکەوە زۆر دۆست بووین یادی بە خێر و ڕوحی شاد بێ.

لە بەختی یاریدەدەرم ئەوە بوو کە لە سەفەر و مانەوەی ئەو زەمان و کاتم لە بەغدا، مامۆستا هەژاریش گەڕابۆوە بەغدا و لە ماڵەخۆی بوو. لوتفی دەگەڵ من زۆر بوو، ڕێی نەدەدا لە هوتێل بمێنمەوە، بۆیە دایم بەیەکەوە بووین. بەیانیان زوو بەیەکەوە وە دەر دەکەوتین، هەرکەسە دوای کاروباری خۆی دەکەوت وەختێ داندراو لە دوکانی حوسێن ڕەعنا یەکترمان دەگرتەوە تا بەرەو ماڵ ببینەوە بۆ نانی نیوەڕۆیە. جاری واش دەهاتە پێش کە هەر لە لای حوسێن نانی نیوەڕۆمان دەخوارد، حوسێن لە پشتەوەی دوکانەکەیدا، قولینچێکی هێشتبۆوە بۆ چێشتلێنان، تەرتیبی نان و خوانی خۆی هە ر لە دوکانەکەدا دەدا و خواردنی خۆی لەو قوژبنەدا ساز دەکرد.

جارێک لەو جارانە، نیوەڕۆیەکی گەرمی بەغدا، دەگەڵ مامۆستا هەژار لە دوکانی حوسێن، لە فکری گەڕانەوەی ماڵدا بووین کە ڕەحمەتی مامۆستا "تاهیر تۆفیق" وە ژوور دوکان کەوت. یەکەم جار بوو مامۆستام دەدیت. گفتولفتی خۆش و گاڵتە و گەپی دەگەڵ مامۆستا هەژار و حسێن، ماوەیەکی تەواو بەردەوام بوو. پاشان پرسی: "هەژار ناچێوە ماڵ؟"، جوابی داوە: "بەڵێ دەچینەوە."

گوتی: "جا ئەگەر وایە دەگەڵ من وەرن سەیارە، واتە ماشێنم پێیە من دەتانگەیەنمەوە ماڵ، ماڵیشمان هەر لێک نیزیکە." مامۆستا هەژار گوتی: "تاهیر، بە ڕێگای خۆتدا بڕۆ، لە ئێمە گەڕێ، دە گەڵ تۆ نایەینەوە." لە تاهیر پاڕانەوە و لە مامۆستا هەژار نەخێر، سەرئەنجام، مامۆستا تاهیر ڕێی داگرت و ڕۆیشت. پرسیم: "باشە بۆ دەگەڵی نەچووینەوە؟" گوتی: "کورە ماشێنەکەی زۆر کۆنە، لە هۆوەی پەکی دەکەوێ و دە بێ بە پاڵ بییەین، ئەو تکا و ڕجایەشی هەر لەبەر هێند بوو."

ڕۆژێکی دیکە، هەر لەو سەرو بەندانەدا، بەیانییەک بەرەو بازێر لە ماڵ دەرکەوتین، جارێ نەگەیشتبووینە وێستگەی ئوتوبووس، تووشی کابرایەکی ٦٣-٦٤ ساڵە هاتین بە نێوی "مامە حەمە"، مامە حەمە کەوایەکی شۆڕی ئاودامین بە شێوەی خەڵکی ناوچەی جافەتی و ناوچەی گەرمێنی دە بەردا بوو، پشتێنی لەسەر بەستبوو، شەدە "مشکی"یەکی ڕەشی جوانی بە سەرەوە و سۆرانیی سپی لە قۆڵ هاڵاندبوو، بەو چەشنە شکڵ و شەمایڵی ڕێکوپێکی پیاوە قەدیمەییەکانی بە خۆیەوە گرتبوو.

دیار بوو مامە حەمە لە ئاشنا و ڕۆشناکانی مامۆستا هەژاریش بوو. پێکەوە ڕاوەستان و دەستیان کرد بە چاکوخۆشی دەگەڵ یەک. لە بەینی قساندا، مامۆستا ئامازەی منی کرد و گوتی: "مامە حەمە ئەو برادەرە خەڵکی شاری مهابادە." کە ئەوەی گوت مامە حەمە باوەشی بۆ گرتمەوە و لە ئامێزی گرتم و زۆر بە گەرمی ئەحوالپرسی کردم. پرسیم: "بۆ مامە حەمە خەڵکی مهابادە؟" مامۆستا گوتی: "بەڵێ چۆن!" "ئەدی چۆنە کەوتۆتە ئەم ولاتە؟" گوتی: "هەیهو تۆ مامە حەمەت نەناسیوە، مامە حەمە ٣٢ ساڵە لەسەر دوو ساڵ سەربازی قاچاغە." مامە حەمە بە فەخ رو پۆزەوە گوتی: "ئەرێ وەڵڵا ئەدی چۆن!"

هەر لەو ڕۆژگاردا، جارێکی دیکە هەر دەگەڵ مامۆستا هەژار، لە ناوچەی "جوندی مجهول"، واتە سەربازی گومناوڕا، دەگەڕاینەوە بۆ ماڵ. پەیکەری سەربازی گومناو لە مەیدانێکی زۆر گەورەی بە پێپلیکان داندرابوو. لەو شوێنە، بە دایم سەربازێکی لێ بوو کە کێشکی دەکێشا، کەس بۆی نەبوو بێتە ناو ئەو مەیدانەوە و لەوێوە تێپەڕێ. هەرکەسێک وەک ئێمە پیویست با بچێتە جادەی ئەوبەری مەیدانەکەوە، ناچار دەبوو دەوری مەیدانی جوندی مەجهول لێ بداتەوە.

ئیمەی بەرەوماڵ، گەیشتبووینە مەیدانەکە و بە جێگای دەوردانەوەی مەیدان، مامۆستا هەژار ملی پێوە نا، لە پلیکانەکانی پەیکەرەوە سەر کەوت بەرەو ئەودیوی مەیدان وە ڕێ کەوت و منیش بەدوایدا. هەرچی سەربازی کێشکچی هاواری لێ کرد، کابرا مەیە مەمنووعە، قەدەغەیە، گوێ نەدایە تا گەیشتە بەردەمی سەربازی کێشکچی، ئامازەی بە من دا

و گوتی: "ئەو برادەرە خزمی سەربازی گومنامە و هاتووە سەری بدا، با سلاوێکی لێ بکا." سەرباز گوتی: "ئەگەر وایە باشە!" با لە لای ڕاوەستێ. بڕە هەڵوێستەیەکمان کرد و یەکسەر پەڕینەوە ئەوبەری جادە کە مەبەستمان بوو.

مانەوەی من لە بەغدا هەروا درێژەی هەبوو. لەسەر ئامۆژگاریی ئاشنایەک کە لە سەفارەتی وڵاتی "کوێت" کارگێڕ بوو و بە مەسڵحەت دیدی برادەرانی خۆمان، لە سەفارەتی کوێت"فۆڕمی" داوای پەنابەری سیاسی لە کوێتم پڕ کردەوە. ئەوکاتە پێوەندی نێوان ئێران و کوێت باش نەبوو، دەکرا لەو دژایەتییە کەڵک وەربگیرێ. لەسەر جوابی داوای پەنابەری لە کوێتیش ١٥-٢٠ ڕۆژێک بەبێ سوود، مەحتەل مامەوە تا وا بە باش زانرا کە لە ڕێگای قاچاغەوە، خۆ بگەینمە کوێت و لەوێ بەدوای وەلامی پەنابەرییەکەمدا بچم.

بە یاریدەی مامۆستا هەژار و ڕەحمەتی حوسێن ڕەعنا، ڕێ و شوێنی قاچاغچییێکی عەرەب لە "بصرە"م دەست کەوت. نیوەڕۆی ڕۆژێکی پایز، هەم مامۆستا هەژار و هەم حوسێن دەگەڵم هاتن بۆ وێستگەی شەمەننەفەری بەغدا و بەرەو بەسرە سواری قەتاریان کردم و وە ڕێیان خستم.

لە بەسرە چەند ڕۆژێکی پێ چوو تا کابرای قاچاغچی هەموو تەرتیباتی خۆی کرد. سەرئەنجام بەیانییەک دەوروبەری سەعات ٧ ماشێنێکی "پیکاپ"ی نەفەرهەڵگری سەر ئاواڵەی گەورە کە لە دوولاوە جێی دانیشتنی بۆ ساز کرابوو بەدوام داهات، بێجگە لە من ٢٠ کەسێکی دیکەی پێ بوو. بۆ ئەوەی هەموو یەک ڕەنگ و بەتەواوی وەک عەرەبی سەحرایە بچین، کابرای قاچاغچی هەر لەسەر هەقە حیسابی ٣٥ دینارەی خۆی دیشداشە یان کراسێکی سەرتاسەریی سپی بۆ هێنام کە لەبەر چڵکنی بۆر دەهاتە بەر چاو، ناچار دەبوو دە بەری بکەم. دە بەرم کرد، بەڵان بە زەحمەت دەمتوانی پێوەی بڕۆم، هەر لە لاقولەتەرم دالا.

هەرچۆنێک بوو لەنێو پیکاپدا جێی خۆم کردەوە و وە ڕێ کەوتین، ئەو ماشێنە دەبوو ئێمە بگەینێتە کوێت.

ماشێن بە کووچە و کۆڵانی بەسرەدا دە خۆشی و قەدەرێکی تەواو هەر بە باریکەڕێیاندا ڕێی دەکرد، ئاخری لە شار دەرکەوت و ڕووی لە سەحرا و بیابان نا.

هەرچەند ئاخروئۆخری مانگی خەزەلوەر بوو دیسانیش هەوا هەر گەرم بوو و هەتاو کە دەنێو ماشێنی سەرئاواڵەدا لێی دەداین، بۆ منی گەرما پێ خۆشیش زەحمەت و ناخۆش بوو. دەردی تینوێتی لەویش ناخۆشتر، برستی لێ بڕیبووم. دەنێو ماشێندا نە ئاو هەبوو و نە نان و خۆشم لەبەر ناشارەزایی بیرم لە هیچ نەکردبۆوە کە دەگەڵ خۆی هەڵگرم، بۆیە بێجگە لە جانتایەک کە هەر جلک و لیباسی تێدا بوو، هیچی دیکەم پێ نەبوو.

ئەو ڕۆژە تا سەعات ٣ی پاش نیوەڕۆ، بە لاڕێ و هەر بە بیاباندا، بەبێ وچان، ڕێمان بڕی. گۆیا لە ترسی "موسەللەحە" یان دەستەی گەڕۆکی پۆلیسی ئێڕاق، ڕێگامان دوور کەوتبۆوە تا سەرئەنجام ڕەشماڵێکمان لێ دەرکەوت، ماشێن ڕووی لە ڕەشماڵ کرد و بۆ ئیستراحەت و وچانێک لەوێ دابەزین.

تازە چووبووینە ناو ڕەشماڵەوە، ماشێنێکی گەڕۆکی پۆلیسمان گەیشتە سەر کە جلکیان وەکو جلکی پۆلیسی ئێڕاق نەدەچوو. هاتنە ژوور و دەگەڵ کابرای قاچاغچی و ساحێب ڕەشماڵ کەوتنە گفتوگۆ، مەعلووم بوو ئەوانە پۆلیسی عەرەبستانی سعودین و هاتوون هەق و حسابی خۆیان وەربگرن. کە وابێ دەبێ کەوتبینە ولاتی ئەوانەوە. هەم پۆلیسەکان و هەم کابرای خاوەن ڕەشماڵ، هاوەدەست بوون دەگەڵ کابرای قاچاغچی ئێڕاقی.

لە سێبەری ڕەشماڵدا حەساینەوە بڕە نان و چایەکیان کە وە چا نەبێ وە هەموو شت دەچوو داینێ. بۆ یەکەم جار لە عومرمدا، لەوێ ئاوی "سوێر و سوورم" خواردەوە. تانکێکی ئاویان لە دەرەوەی ڕەشماڵ دانابوو و ئاویان

تێ کردبوو بۆ خواردنەوە، لەو سەحرا وبشک و بەرە هووتەدا، ئاو وە دەست نەدەکەوت. ئاوی ناو تانکیش لەبەر گەرمای هەتاو و ڕەڵمی سەحرا، ڕەنگی ئاوی پێوە نەمابوو سوور و سوێر بۆ خواردنەوە نەدەبوو، دەبوو پارچەیەک، شتێکی لێ بکەی بە پالوێنەکە و بیپاڵێوی، جا ئەگەر لەبەر گەرمی بۆت خوراوە، بیخۆیەوە. زۆرم تینوو بوو هێندێکم هەر لێ خواردەوە.

ئەو ڕۆژە تا درەنگان لە بن ڕەشماڵدا دانیشتین، گۆیا هێندەمان بۆ سنووری کوێت نەمابوو. مەسڵحەت وابوو تا لای ڕۆژئاوا بوون، هەر لەوێ بمێنینەوە بۆ وەی بە تاریکی بگەینە جێ و دوور بین لە بگرە و بەردەی پۆلیسی کوێت.

عەرەبیزانینی ئەو زەمانم، لە ئی ئێستام زۆر خراتر بوو لە هەموو باس و خواسی نێو ڕێگا حاڵی نەدەبووم. لەنێو جەماعەتەکەماندا، عەرەبێکی "ئەهواز"ی تێدا بوو بە ناوی"یوسف" کە فارسی دەزانی، کوڕێکی زۆر باش بوو و قسەکانی بۆ وەردەگێڕام ولەو سەفەرەدا تا دوایی زۆریشی ڕێنوێنی کردم و یاریدەی دام.

هەرچۆنیک بوو نزیک بانگی شێوان، لە ڕەشماڵی عەرەبەڕا سوار بووینەوە، ڕوومان کردەوە سەحرا. چرا هەڵکرانێ، کەوتینە قەراغ شارێکی پڕ چرا و ڕووناکییەوە. گوتیان ئەوە شاری"جەددە"یە. تازە لە قەراغ شار دەرباز ببووین، سەیارەیەکی گەڕۆکی پۆلیسی عەرەبستانی سعودی پێشی پێگرتین، کابرای قاچاغچی و شۆفێری سەیارەکەیان جیا کردەوە و دوو سێیەک، قسەیان دەگەڵ دەکردن.

یەکێک لە پۆلیسەکان بە چراگازێکەوە وە سەر کەوت و پرسی خەڵکی کوێن. گوتمان ئێراقین، لە ماشێنەکە دابەزییەوە و چووە لای ئەوانی دیکە. سەرت نەیەشێنم سازان و ئێمەش تێکڕا سەر و پێنج دیناری ئێراقی جەریمە کراین و لە کۆڵ بوونەوە. لەسەرڕا وە ڕێ کەوتینەوە، وا بزانم دەوروبەری سەعات ١١ی شەو کەوتینە سەر جادەی ئاسفاڵت و قیلەتاو ئەویش بەو مانایە بوو کە هاتووینە وڵاتی کوێتەوە.

چەند سەد میترێک زیاتر بەو جادە ئاسفاڵتەدا نەهاتبووین، گوزوگومەت، تووشی دار و پەتی ڕایەڵکراوی نوختەی کۆنترۆڵی پۆلیسی کوێت هاتین، پۆلیسێک لە قەراغ داروپەتەکەوە ڕاوەستابوو. بێگومان پێی وابوو دەبێ بۆ کۆنترۆڵ بوەستین، کەچی وا دەرنەچوو ماشێنی ئێمە بەبێ ئەوە گوێ بداتێ و لە خێرایی خۆی کەم بکاتەوە، لای نەدا و ڕوو لە پەتک و داری ڕایەڵکراو کرد، شڵقوهۆر، ڕێگای گرتەبەر.

کابرای پۆلیس هاواری کرد "قف" ڕاوەستە ڕاوەستە و پاشانیش لەدواوە، وە بە دەسڕێژی گوللەیان داین. ماشێن ئەنگوا، تایەی دواوەی ماشێن پەنچەر بوو هەر بە تایەی پەنچەر و بە چرای کوژاوە، لە جادە دەرچوو و ڕووی کردە سەحراوە، پاش چەند کیلۆمیترێک ڕای گرت و هەیدیی، لێ کردین دابەزن و هەڵێن. هەرکەس کورِی بابی خۆی، خۆمان لە پیکاب فرێداخوارێ و لە سەحراو تاریکیدا، بڵاو بووینەوە. یوسف بە جێی نەهێشتم و دەگەڵم هات.

سەحرا لم بوو و منیش بە دیشداشەوە نەمدەزانی بڕۆم، هەموو جارێ خەریک دەبوو بکەوم. یوسف جانتاکەی لێوەرگرتم و پاش ماوەیەک ڕێپێوان لە سەحرادا، دیسان لە جادەی ئەسفالت نیزیک بووینەوە، تاکسیێک پەیدا بوو سواری کردین و بردینیە ماڵێک لەنێو شاری کوێت کە ئەوانیش هەر عەرەبی ئەهوازی بوون و ئاشنای یوسف کە لە کوێت لە شیرکەتی پاڵاوتنی ئاوی بەحرێ بۆ خواردنەوە، کاریان دەکرد. ئەو شەوە میوانی ئەو کورِانە بووم، زۆر پێمەوە ماندوو بوون، ماڵیان ئاوا و یادیان بە خێر بێ.

سبەی کە ڕۆژ بۆوە و نان و چای بەیانیمان خوارد، تاکسیێکم بانگ کرد، خواحافیزیم لە یوسف و لە جەماعەتی برادەری خواست و خۆم گەیاندە وەزارەتی ناوخۆی حکوومەتی کوێت. لە بەشی ڕاگەیاندنی وەزارەت خۆم ناساند، زۆری پێ نەچوو کورِێکی گەنجی بە گفت و لفت هاتە بەشی ڕاگەیاندن و ڕێنوێنی کردم بۆ ژوورەکەی خۆی. پاش چا و قاوەیەک بڕە پرسیار و وەڵامێکی کە لە بەینماندا هات و چوو ئەوەی دەمزانی و خۆم بۆ

حازر کردبوو کە کێم و بۆچی و چۆن گەیشتوومەتە وێ، کەم تا زۆر، بۆم باس کرد.

کابرا کە خۆی بە نێوی "ابواحمد" دەناساند و لەنێو قسە وْ جواباندا، جارجار وە دەر دەکەوت و دەگەڕاوە، وام دانابوو کە بۆ ڕاوێژ دەگەڵ بەرپرسێکی خۆی دێ و دەچێ. هەر چۆنێک بوو پاش قەدەرێکی تەواو لە دانیشتن و قسەوباس، ئاخری گوتی: "من لە ڕادەیەک لە بەرپرسیایەتیدا نیم کە بڕیارێک بدەم، من قسەکانی تۆ و داوای تۆ، بە سەرووی خۆم ڕادەگەیەنم. ئەوانن قەرار و بڕیاریان پێیە، تا ئەو ڕۆژە هەر لەو وەزارەتخانەیەی خۆماندا، لە جیرانەتی پۆلیسخانەکەدا، ژوورمان بۆ داناوی، فەرموو با بچین بۆ ژوورەکەت."

ژوور، ژوورێکی بڕێک گەورە، تەختێکی لەسەرنووستنی تێدا بوو، بێجگە لە لێفە و سەرین و دۆشەک، مێزێکی چووکی قەڵەم و کاغەز لەسەر و دوو سێ کورسییکیشی لە تەنیشت دانرابوو. دەستبەسەرێکی کەمێک بەئەدەب. سێ چوار ڕۆژێک ماڵم لەو ژوورەدا بوو نان و چایشم هەر لە لای پۆلیسەکانڕا بۆ دەهات. بە ڕۆژ جارجار لە ژوورەکە دەردەکەوتم و هەر لە حەوشی وەزارەتخانەکەدا، قەدەمم لێ دەدا و شەوانەش وا دەبوو دەچوومە لای پۆلیسەکان و تا درەنگ لە لایان دادەنیشتم.

ڕۆژی سێهەم یان چوارەم، ئەبوو ئەحمەدی گۆرین پەیدا بووەوە، دەگەڵ خۆی سواری ماشێنی کردم و لە حەوشی وەزارەت دەرچووین. پاش چەند دەقیقەیەک لەبەر دەرگای خانووبەرەیەک کە زۆر گەورە و جوان دەهاتە بەر چاو، ڕاوەستا و وە پێشم کەوت تا دە ژوورێکی زۆر گەورە و ڕازاوە بە مۆبلەمانی جوانی کردم و خۆی گەڕاوە دواوە. لە ژوورەکەدا گشتە خەڵکێکی چوار پێنج کەسی دانیشتبوون. یەکێک لەو کەسانە کە ٦٣-٦٤ ساڵە دەهاتە بەر چاو و ڕیشێکی تۆپنی هێشتبۆوە و دارگۆچانێکی جوانیشی بە دەستەوە بوو، ڕووی کردە یەکێک لە جەمەعاتەکەی خۆیان گوتی: "لەو کورە بپرسە کێیە و لە چی دەگەڕێ؟"

لەپێشدا گوتبووم کە عەرەبی باش نازانم، ئەو کەسەیان وەک موتەرجیم و فارسیزان بانگ کردبوو، ئەگەرچی فارسیگوتنەکەی زۆر لە عەرەبیەکەی من

باشتر نەبوو. بە هەر سوورەت، بۆ جارێکی دیکە داواکاریی پەنابەریی سیاسی خۆم کە لە پێشتردا لە بەغدا و لە سەفارەتی کوێت لەوێ پێشکەش کردبوو هێناوە گۆڕێ، وەک نوێنەر لە حیزبی دێموکڕاتی کوردستانڕا، داواکار بووم لە کوێت کە وڵاتێکی دێموکڕات و هەقخوازە، پێوەندی و پشتیوانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە هێند بگرێ...

قسەوباس تووڵی کێشا، سەرئەنجام پاش چوار پێنج سەعات گێرەوکێشە و ئەگەر و مەگەر، خاوەن ڕیش قسەی ئاخری کرد و گوتی: "ئێمە سیاسەتی پەنابەروەرگریمان نییە. وڵاتێکی چووکین بەرگەی کێشەی ئێرە و ئەوێ ناگرین. بۆ ئێوەش جیا لە ئارەزووی سەرکەوتن، شتێکی دیکەمان لە دەست نایە.

داوام کرد ئەگەر وایە و ڕێی مانەوەم لێرە نییە، "لیسەپاسە"یەکی کوێتیم بدەنێ تا پێی دەرکەوم. بۆ ئەوەش جوابی نام وەرگرتەوە، بەڵان گوتی: "ڕێگات دەدەین و هەر خۆشمان دەتنێرینە شێخ نشینی "دوبەی" لەوێڕا خۆت تەرتیباتی کاری خۆت بکە. ڕەنگە لەوێڕا هاسانتر کارت جێبەجێ ببێ. دیارە تا ئەو ڕۆژە، میوانی ئێمەی و بە خێر بێی." قسە کۆتایی هات و برِایەوە، گێڕایانمەوە بۆ ژووری گۆرین لە وەزارەتی ناوخۆ.

سەعات ۱۳ی ڕۆژی دوای جوابکردنم، ئەبو ئەحمەد دەگەڵ کەسێکی دیکە پەیدا بوون، دیار بوو کاتی سەفەرپێکردنم هاتبوو. جانتا بۆرەم پێچاوە و دەگەڵیان وە ڕێ کەوتم. هێنایانم بۆ بەندەر و لەوێ سواری "مۆتۆڕ لەنچ"یان کردم. بە کابرای مۆتۆڕوانیان ئەسپاردم کە ئاگای لێم بێ و لە دابەزیندا، لە وڵاتی دوبەی، یاریدەم بدا، چونکە پاسپۆرتم نییە، نەیەڵێ گیروگرفتم بۆ دروست ببێ.

بەو ڕاسپاردانەوە ئەبو ئەحمەد خواحافیزی لێکردم و ڕۆیشت، سەعات ۳ی پاش نیوەڕۆ مۆتۆرلەنچ بە بڵمە و بۆڵەی مۆتۆرەوە وە ڕێ کەوت و هێدی هێدی بەرەو دەریا، بەندەری بەجێ هێشت. ئەو مۆتۆرەلەنچە، بەلەمێکی گەورەی سەرئاواڵە بوو کە بێجگە لە بەرپرسێک؛ واتە ناخودایەک، میکانیکێکی مۆتۆر و ئاشپەزێک و خزمەتکارێک و ڕەنگە ۳۵ کەسە موسافیر یان سەرنشینێکی، بۆ دوبەی دەگواستەوە، دیارە باریشی لێ درابوو.

ترس و نیگەرانی لە نادیاریی چارەنووس دایگرتبووم. نەمدەزانی لە دوبەی چۆن دەردەچم، وەرمدەگرن یان لەوێشم دەردەکەن، تۆ بڵێی بەرەو ئێرانم نەگێڕنەوە! تۆ بڵێی ڕێی دەرچوون لەوێوە دەستکەوێ! وە گەلێک وردە پرسی دیکەی لەو چەشنە، مێشک و فکریان داگرتبووم و بێ جواب مابوونەوە، چونکە هیچ شارەزایی و ناسیارێکی سەر مەنتیقە و هەڵسوکەوتی ئەو ناوانەم نەدەزانی، سەرەڕای ئەوەش سەفەری نێو دەریایەکەم پێ خۆش بوو.

هەوەل جار بوو تووشی سەفەری ناو دەریا دەهاتم. عەزەمەت و گەورەیی ئاوی سەروشوێن ناپەیدای دەریا، ڕەوەماسیی "دلفین" بە سەدان کە پێ بە پێی مۆتۆرلەنج سینەی ئاویان دەبڕی و دەهاتن، تاکو تاریکداهاتنی ئێوارە، تەنیایی و پەژارە و ناخۆشیی سەفەری بەنابەڵەدیان، لێ بڕیبووم و بە خۆوە سەرگەرم و مەشغوڵیان کردبووم. وەک گوتم کرێی سەفەر و هەقی خواردنی ناو لەنچم لەو سەفەرەدا، درابوو و شتێکی زیاترم لێ داوا نەدەکرا، شەوانەش جێگا خەوێکم لە لای ناخودا، بۆ دیاری کرابوو، لەسەر یەک دەکرێ بڵێم جێم خراپ نەبوو، بەڵان کێشەی خواردن و خۆراکم هەبوو.

لەنێو مۆتۆرلەنچەکەدا نان نەبوو، هەڵنەگیرابوو. ئەوەی ئێمە پێی دەڵێین چێشت، لێ دەنرا، بەڵان یان بە ماسی بوو یان بە کوللە و وردە جانەوەری نێو دەریاوە ساز دەکرا کە هیچکامیانم نەدەخوارد و ئێستاش هەرنایان خۆم. ڕۆژی یەکەم و دووهەمم بە بڕە بیسکوێتێک بردە سەر کە پێم بوو، ئیدی بۆ خواردن چم شک نەدەبرد. کابرای ناخودا ئاموژگاری دەکردم کە خواردنەکان بخۆم بۆ وەی تووشی نەخۆشی و ڕشانەوە نەیەم، بەڵان فایدەی نەبوو بۆم نەدەخورا. وەختێک بۆم دەرکەوت کە ژووری ناخودا، حەسیرە خورمایەکی پڕ لە خورمای لێیە، لەجیاتیی نان و چێشت دەستم کرد بە خورماخواردن و لە قات و قڕی ڕزگارم بوو.

شەش شەو و ڕۆژان لە دەریادا بووین. لە شانسی ئێمە دەریا ئارام بوو، مۆتۆڕلەنج ڕانەوەستا و لە بڵمە نەکەوت. ڕۆژی حەوتەم، سەعات[7]ی بەیانی، گەیشتینە بەندەرگەیەکی چووک کە هەتا بتەوێ دیمەنی جوان و خۆشی هەبوو. سالّ، لە ئاخروئۆخری مانگی خەزەلوەردا بوو. ئاوی

بەندەرەکە گەش و ڕوون لە ڕەنگی پیرۆزە خۆی لەبەر هەتاوی تیرێژڕێژی ڕۆژی بە ئاسمانی شینەوە، پان ڕاخستبوو. لەوبەرەوە، لە کۆتایی ڕیزە سوورکێوێکەوە، تیشە ماهوزەردێکی هەڵچوو بەرەو ئاسمان و خوار بۆوە بەسەر ئاوی دەریادا، دیمەن و کەشمێکی وەها دڵگیری لەبەر چاوان پێک دینا کە ناکرێ لە بیر بچێتەوە. ئێستاش پاش ئەو هەموو ساڵانە ئەو دیمەن و مەنزەرەیەم هەر لێ دیارە.

ئەو بەندەرگەیە، بەندەرگەی "راس الخیمه" بوو. مۆتۆرلەنج لەنگەری بەست. بە دوو سێ دانە بەلەمی چکۆڵە کە مۆتۆرلەنج دەگەڵ خۆ ڕاکێشی کردبوون، بەرەو ویشکایی هاتین. لەوێ، لە ویشکایی، پۆلیسێکی دیشداشەلەبەر بە تفەنگێکی کە دەمناسی و ئەو زەمان ناودێر بوو بە "هولەندی" ڕاوەستابوو و کۆنترۆڵی پاسپۆرتی دەکرد. نۆبە گەیشتە من لە پاسپۆرتی پرسی، گوتم: "پاسپۆرتەکەم لە لای ناخودایە." کابرای پۆلیس یەک بە خۆی و بە نێو بانگی لە ناخودا کرد کە پاسپۆرتی ئەو کوڕە لە لای تۆیە یان نا! ناخودا هەر لەنێو مۆتۆرلەنچەکەڕا جوابی داوە کە ڕاستە، پاسپۆرتی لە لای منە. ئیدی خوا وەتحەسێنێ، لە کۆڵ بۆوە. دەگەڵ باقی خەڵکەکە، ڕووم کردە چایخانە و ڕەستووران مانەندێکەوە کە لە بەشێکی بەندەرگەکەوە، بینا کرابوو.

چایخانەکە تاڕادەیەک پاک و خاوێن بوو. کەتری و چادانی سەر تەباغە ئاگر، قوڵتەی ئاوی دەهات. لە بەشێکی چایخانەکەدا، نانی تازەی بە تەندووریان دەکرد. بۆنی نانی تازەی تەندووری، چایخانەکەی پڕ کردبوو و بۆ من کە شەش حەوت ڕۆژ بوو نانم هەر نەدیبوو، نیعمەتێکی گەورە بوو. چەند نانێکم بە هێلکەوڕۆنەوە خوارد و ترس و لەرزی پۆلیسیش کە لە کەمی دابوو و لە سەرم ڕەویبۆوە. ڕەمەقیقم هاتبۆوە بەر، ئەوجار بیر لەوە دەکراوە کە چۆن خۆ بگەیەنینە دوبەی! جەماعەتەکەی دیکەش هەر دەچوونە دوبەی. ئێمە وەک گوتم لە "راس الخیمه"دا دابەزیبووین و دەبوو لە ڕێی ویشکانیەوە بگەینە وێندەرێ.

پاش نانوچایی لە ڕەستورانی گۆرین، زۆری پێ نەچوو لۆرییێکی وەتاغ ئاسنی کۆمپرێسی پەیدابوو. قسە دەگەڵ خاوەن لۆری یا بلێین خاوەن

گەڵابە کرا کە بمانباتە دوبەی. گەڵابە باری خۆی لێدا و ئێمەش هەرکەسە پارەی خۆمان دایە و لەسەر بارەوە سوار بووین. بە سەحرای لمدا بەرەو دوبەی وە ڕێ کەوتین.

دوو سەعاتێک ڕێمان پێوابوو کە لەناکاو چایخانەیەکی بە ڕەشماڵ لە پەنا تەپۆلکەیەکی گەورە لە لم وە دەر کەوت. گەڵابە، لەوێ وەستاوە و ئێمەش بۆ چایی و ساردی یان نووشیدەنییەک دابەزین. کابرای شاگردی چایخانە هاتە پێش و بە عەرەبی پرسی: "چی دەخۆیەوە؟" گوتم: "پێپسی." کابرا بە فارسی بانگی لە یەکێکی دیکە کرد کە پیپسیکۆلایەک بۆ ئێرە بێنە. زۆرم پێ سەیر بوو لەو سەحرا و لمستانە و لەو ناوچە نەناسراوەدا، ئێرانیی لێ پەیدا ببێ.

سەعات ٤ی پاش نیوەڕۆیە، گەیشتینە دوبەی. هەر نزیکش لەو شوێنەی کە گەڵابەکەی لێ ڕاوەستا و ئێمەی پیادە کرد، کە لەڕاستیدا نەوعێک کاریژ بوو، هوتێلێکی فەقیرانەم بە دی کرد، ژووریکم لێ بە کرێ گرت. خاوەنهوتێل لە ئەسڵدا عەرەبی عەرەبستانی ئێران بوو، بەڵان وەک دەیگوت لەمێژ بوو لەوێ نیشتەجێ و موقیم ببوو، پیاوێکی باش و ئەغلەب شەوان دەهاتە ژوورەکەم بۆ قسەوباس. ئەوەش خۆی بۆ من فایدە و قازانجی تێدا بوو، لەوڕا بوو کە لە کاروباری خۆم ئاگاداریم دەست دەکەوت و شارەزای هەلومەرجی شارەکە دەبووم.

شاری دوبەی لەو سەروبەندەدا، ئەو دوبەیە نەبوو کە ئێستا هەیە، ئەوکاتە دەگوترا شاری دوبەی ٢٥ تا ٣٠ هەزار کەسی جەمعییەت هەیە. بەندەرێکی ئازاد بوو بۆ هاتوچۆ و معامەلە. خەڵکەکەی هەموو هەر عەرەب نەبوون، شارێکی تێکەڵاو لە خەڵکی جیاواز جیاواز، بەڵان زیاتر هەر هیندی لێ بەرچاو دەکەوتن. پۆلیس و سەربازم لێ نەدیت. تەنانەت پۆلیسی ترافیکی ماشێنیشی هەر نەبوو. بێجگە لە ئیدارەی پۆست هیچ شوێنێکی دیکەی حکوومەتی نەچووم، لە ئیدارەی پۆستیش کابرایکی هیندی کارمەند بوو بە وەرگرتنی نامە و تەمر و پوول ڕادەگەیشت.

IV

شار هیچ شتێکی تایبەتی و خارق ئەلعادەی تێدا نەبوو کە بۆ باسکردن بشێ، ئەوەندە نەبێ کە شارێکی ئازاد، بێ کێشە و بێ پۆلیس و سەرباز بوو، هەر ئەوەش وای کردبوو کە کۆمەڵگایەکی خۆش و ئینسانی بێتە بەر چاو. پارەی وڵاتەکە "روپیە"ی پێ دەگوترا.

لە دوبەیرا، نامەیەکم بۆ مامۆستا هەژار، یەک بۆ حوسێنی خات ڕەعنا و نامەیەکیش بۆ برادەرانی سەرکردایەتیی حیزب لە ڕێگای ئادرێسی مامۆستا هەژارەوە نارد و کورتەبەسەرهاتم تێگەیاندن. بۆ حیزبم نووسی کە دەرچوونم بۆ ئۆروپا زەحمەتە، هەروا لە فکری گەڕانەوەدام.

نیزیکەی مانگێک لە دوبەی مامەوە، ڕێگای دەرکەوتن لەوێڕا زۆر زەحمەت و تەقریبەن هەر مومکین نەبوو. نە قاچاغ و قاچاغچی لێ دەست دەکەوت و نە ڕێوشوێن بۆ پاسپۆرت و وەسیلەی سەفەر، ناچار کەوتمە سەر ئەو باوەڕە کە دەبێ بگەڕێمەوە بۆ باشوور بۆ لای برادەران، بەڵان چۆن و لەکوێڕا!. نە وەسیلەی گەڕانەوەم لە ڕێگای ئێڕاقەوە دەست دەکەوت و نە ڕێگای چۆن هاتووم هەروا بگەڕێمەوە، ئەویش نەدەکرا و خەتەری گیرانم زۆر بوو. هەرچی سەرم هێنا و برد، هەر ئەو ڕێگایەم پێ ئاسانتر بوو، کە بچمەوە ناو وڵاتی ئێران و لەوێڕا تەگبیری خۆم بکەم.

لەو زەماندا، هاتوچۆ لەنێوان ئێران و دوبەی، لە ڕێگای بەندەر "عباس" و بەندەر "لەنگە"وە هەبوو و دەکرا. خەڵکی ئەو شارە بەندەرییانە بۆ سەودا و مامەڵە و هاتوچۆ، لە مۆتۆرلەنج کەڵکیان وەردەگرت، دەهاتنە دوبەی و بێ موشکیلەیەکی سەختیش دەگەڕانەوە جێوڕێی خۆیان. ئەو ئاگادارییانە، لە کابرای خاوەنهۆتێلەوە پێم دەگەیشتن، گۆیا لە بەری ئیرانیش، پرس و وەڵامێکی جیدی لە گۆڕێدا نەدەبوو.

وەک دەڵێن "هەرچی باداباد" بڕیاری خۆم دا کە لە ڕێگەی بەندەر لەنگەوە، بچمەوە ناو ئێران و ئەگەر نەگیرام و ڕزگارم بوو، خۆ بگەیەنمەوە وڵات و ناو برادەران. بەندەر لەنگەشم بۆیە هەڵبژارد کە پێموابوو چونکە پێگەی عەسکەری لێ نییە، هاسانتر بۆم دەکرێ خۆم دەرباز بکەم.

دەگەڵ خاوەن مۆتۆرلەنچێکی عەرەبی بەندەر لەنگەیی، قسەی خۆم بڕیەوە، جێی بۆ دانام و کرێی خۆم دایە. لێم پرسی ئەگەر پاسپۆرتی ئێرانیم پێ نەبێ، لەوێ لە دابەزیندا، گیروگرفتم بۆ دروست نابێ؟ جوابی داوە نا، چونکە لە بەینی ئێرە و بەندەر لەنگەدا کەمتر لە پاسپۆرت دەپرسن. بەو چەشنە، ئێوارەیەک لە هەوەڵەکانی هەفتەی یەکەمی مانگی سەرماوەز، لە دوبەیڕا بەرەو بەندەر لەنگە دەرچووین.

مۆتۆرلەنچی ئەوجارەش، دەوروبەری ٢٠ کەسێکی دیکەی بەندەر لەنگەیی تێدا بوو کە بە بار و شتومەکەوە لە دوبەیڕا دەگەڕانەوە. مۆتۆرلەنچەکە زۆر شڕوشڕۆڵ دەهاتە بەر چاو، بەڵان عیلاج چ بوو؟ ئەو شەوە، سەرتاسەری شەو، بە دەریادا هاتین. لە کەمشانسیی ئێمە، دەریای ئەو شەوە زۆر نائارام بوو. شەپۆلی ئاو مۆتۆرلەنچی ڕەهەوا دەخست و دایدەگرتەوە و لە قووڵکەی داوێشت، هەموو جارێکیش شەپۆڵ ئاوی دە باڵ دەکردین. خەڵکەکە هەموو سەتڵبەدەست، خەریک بووین بە سەتڵان ئاوی ناو لەنچمان دەردەداوە دەرێ، بۆ وەی غەرق نەبین.

بەو چەشنە تەڕ و تلیساوە، دەگەڵ تاوهەڵاتی بەیانی، گەیشتینە بەندەر لەنگە، بەڵان تا سەعات نەبوو بە ٨ی بەیانی کە ئیدارەی بەندەر دەکراوە و کارمەند بۆ کۆنترۆڵ و لێکۆڵینەوە دەستیان بە کار دەکرد، هەر

لە لەنچەکەدا چاوەڕوان ماینەوە. ترس و لەرز و دڵەڕاوکەیەکی زۆرم هەبوو. دەترسام بگیرێم و دەرنەچم. جارجاریش دڵخۆشی خۆم دەداوە کە کورە کێ لێرە تۆ دەناسێ؟ کێ کاری بە تۆیە!

سەری سەعاتی ٨ی بەیانی، کارمەندی بەندەر پەیدا بوون و خەڵکەکەیان بۆ ناو ئیدارەی گومرگ، ڕێنوێنی کرد. خۆم وە دوا دا تا درەنگتر نۆبەم بێ. سەرئەنجام کارمەندێک بانگی کردم و لە پاسپۆرت و شناسنامەی پرسی. گوتم: "پێم نییە، هەرچی هەمبووە، لە کوێت لێیان گێڕاومەتەوە و بەرەو دوبەی سواری لەنچیان کردوم و دەریانکردوم، تەنانەت پارەی مانگەکاریشیان نەداومەتێ و لێیان گێڕاومەوە."

گوتم: "دەگەڵ گشتەخەڵکێکی دیکەی ئێرانی کە لە شیرکەتی پالاوتنی ئاوی دەریا، کرێکار بووین، گیراوین، پاسپۆرت و شناسنامەیان لێ زەوت کردوین، هەروا بێ مەدرەک دەرکراوین. ئێستاش لە ئێوە داواکارم بە دادم ڕابگەن پاسپۆرت و شناسنامە و پارەی ماوەی کارکردنم لە کوێت بۆ وسوڵ بکەنەوە." کابرای کارمەند فۆرمێکی دامێ بۆ پڕکردنەوە و ئادرێسی شوێنێکی دامێ لەنێو شاری بەندەر لەنگە تا بچم لەوێ شکایەت بکەم و خۆشی نامەیەکی بە مۆزی دامێ کە لە لای ئەوانیش سکاڵام ڕاگەیاندووە.

لە خۆشییان هەر باڵم گرت، سپاسم لێ کرد و بە جانتاوە لە ئیدارەی گومرگ دەرچووم. هاتمە سەر خەیابان. لەوێ ماشێنی نەفەربەر ڕاوستابوون، جێم گرت بۆ شیراز. ئێوارەی ئەو ڕۆژە گەیشتمە شیراز. لە هوتێلێکی هەرزانبایی ژوورێکم گرت و یەکسەر لێی کەوتم. ماندوویی و بێخەوی و تەڕیوبڕی شەپۆلەئاوی دەریای شەوی پێشوو تا و لەرزی هێنابوومێ و لە جێی خستم.

دوو شەو و ڕۆژی تەواو توانای هەستانم نەبوو، ڕۆژی سێهەم هەرچۆنێک بوو غیرەتم وە بەر خۆم نا و لە جێی هاتمە دەر، بە لارەلارەوە ڕووم کردە ناو شار. پێشتر شیرازم نەدیبوو، هەر بە ناشارەزایی هێندێک دەنێو شاردا خولامەوە، بە ڕێنوێنی تاکسی زیارەتی ئارامگەی "حافظ" و "سعدی"م کرد. ڕۆژی دواتر، بەیانیی زوو، بە ئوتوبوس بەرەو تاران وە ڕێ

کەوتم. ولّات بەتەواوی تاریک داهاتبوو، گەیشتمە تاران و خۆم گەیاندەوە مالّ؛ "مالّی پێشەوا".

لە تارانڕا، خەبەری ئەحمەد ئاغای برام دا بێتە تاران، تا لە ڕێگای ئەوڕا و بە هاوکاریی قاچاغچی هاتوچۆکار بۆ گەرمین، خۆ دەربازکەم و بگەمەوە باشووری ولّات، نێو برادەران. سالّ سارد ببوو و تا هات تەرتیبی گەڕانەوەی مهابادم بۆ جێبەجێ ببێ، بەفر دایکرد و قورس باری. کەلێن و قوژبنی سنوورەکانی ئاخنی و لە کەمشانسیم تا دەهات ڕێگای هاتوچۆ بکرێتەوە، دیسان بەفری تێ دەکردەوە و کونبڕی دەکردەوە. ناچار بە هیوای شکانی تەشقی هەوا و کرانەوەی قاچاغەڕێ، ماوەیەکی تەواو لە تاراندا گیرم خوارد و مامەوە.

ماوەی مانەوەم لە تاران زیاتر لە دوو مانگی خایاند. لەو ماوەیەدا چاوم بە دوو کەس لە کۆنە هاوکار و هاوکۆمیتە حیزبییەکان کەوت. یەک لەو کەسانە دوکتۆر عەزیز ژیان بوو کە هەروا بە هەڵکەوت تووشی یەک هاتین، بەبێ ئەوەی کە لەپێشدا قەرار و مەدارێک لە بەیندا بووبێ. ئەویش ئاوا بوو، کە شەوێک لە شەوان بە مەبەستی کڕینی شیرینی لە مالّ دەرکەوتم تا لە شیرینیفرۆشێکی دەوروبەری مالّ لە -امیراباد شمالی- شیرینی بکڕم، خەریک بوو دراوی شیرینیەکەم دەدا، دکتۆر عەزیز کە لە مێژبوو نەبوو وێڕای جەماعەتێکی دیکەی گیراو لە زیندان هاتبووە دەر، وە ژووری شیرینیفرۆشی کەوت.

دیارە یەکترمان ناسیەوە و دامانداید ئەحوالّپرسی و هەروا بڕە قسەیەکی دیکەش هاتە گۆڕێ. هەستم بەوە کرد دوکتۆر عەزیز زۆر بە پەلەیە، خواخوایەتی نەجاتی بێ، هیچ مەیلێکیشی بە وەخت و دیداری دیکە نەبوو خواحافیزی کرد و ڕۆیشت.

شەخسی دووهەم سەید "مستەفا ئیسحاقی" برای کاک ئەحمەد تۆفیق کە ئەویش هەر لە گیراوەکانی ئاخروئۆخری سالّی ١٩٦٣ی زایینی بوو کە بە تازەگی ئازاد ببوو. دیدار دەگەڵ سەید مستەفا بەپێی قەرار و مەدار بوو و چەند جارێک پێکەوە دانیشتین و ئالّوگۆڕی بیروڕا و گفتوگۆمان هەبوو.

ئامانج لەو دیدارانە ئەوە بوو بەشکو لەسەرڕا کۆمیتەیەکی نوێ بۆ دەستپێکردنەوەی تێکۆشانی سیاسی پێکەوە بنێینەوە، هەرچی هەوڵم دا سەید مستەفا ملی نەدا و لای وابوو جارێ زووە. دەیگوت: "خەڵکەکە بە تازەگی یەک یەک و دوو دوو لە زیندان هاتوونە دەر. ترس و لەرز نەنیشتۆتەوە، دەبێ قەدەرێک مات و بێدەنگ بن."

مانەوەم لە تاران بە چاوەڕوانیی کرانەوەی قاچاغەڕێ، هەروا درێژ دەبۆوە و هێدی هێدی مەترسی ئاشکرابوون و گیرانم لە خەیاڵی خۆمدا، پەرەی دەگرت. وام بە باش زانی ئومێدی گەڕانەوە لە ڕێگای سنووورەکانی پیرانشار و سەردەشتەوە، واز لێ بێنم، بەشکو لە ڕێگای کرمانشان و قەسری شیرینەوە کەلێنێک وە گیر بکەوێ. بۆ ئەو مەبەستە تەرتیبی دیدارێکم دەگەڵ خوالێخۆشبوو، کاک "سەردار جاف" کۆنەبرادەر و کۆنەهاوکەلاس، بۆ ڕەخسا؛ کە ئەو کاتە لە تاران دەبوو و لەنێو دەزگای حکوومەتیش نفوز و دەسەلاتێکی هەبوو.

ڕەحمەتی کاک سەردار، قەولی دا کە ئەو ئەرکە ڕاپەڕێنێ. قەرارومەدارمان دانا کە ئەو بچێتەوە کرمانشا، دەراو تاقی بکاتەوە، دەگەڵ دەستوپێوەندی خۆشی لە مەڵبەندی "کەلار" و "دەربەندیخان" ڕێ و شوێن دیاری بکا و بە دوامدا بێتەوە تاران. ئەو هاتوچۆیەش دە ڕۆژێکی خایاند، تا بەیانییەکی زوو هەر بە ماشێنی خۆی، ڕەحمەتی، بەرەو کرماشان لە تاران وە دەر کەوتین. لەو سەفەرەدا، کاک "سالار جاف"؛ برا چووکەی ڕەحمەتی سەرداریش، دەگەڵ بوو. شەو گەیشتینە کرمانشان، لەوێ چوومە هوتێلێکی شارەکە، مااڵی ئەوان لە کرمانشان، ماڵێکی قەرەباڵغ و پڕ هاتوچۆ بوو بۆ مانەوەی قاچاغ قۆچاغ دەستی نەدەدا.

وام لە بیرە سێ ڕۆژ لە کرمانشان چاوەڕوان مامەوە، شەوان دەچوومەوە هوتێلەکە و بە ڕۆژیش بە پێیان ڕ،ووم دەکردە "تاق بوستان" و لەو دەوروبەرە دەمامەوە تا تاریک دادەهات جا دەگەڕامەوە هوتێلەکە.

سێهەم ڕۆژ، ئێوارە درەنگانێ، سێ بە سێ، بە ماشێنی ئەوان، لە کرمانشارا بەرەو قەسری شیرین و شوێنی دەربازبوون لەو دەوروبەرە، وە دەر کەوتین. بە دەشت و لاڕێدا، زیاتر لە دوو سەعاتەڕێ، هاتین تا

گەیشتینە جێگای دیاریکراو، سەر چۆمی "سیروان". لەوێ، دوو ئەسپسوار، هەر لە دۆستەکانی بنەماڵەی جاف، لەوبەری چۆم، چاوەڕوان بوون.

دەگەڵ گەیشتنی ئێمە و چراکوژاندنەوەی ماشێن، لە چۆمیان دا و هاتنە بەری ئێمە کە بەبێ مەحتەلی و پاش خواحافیزی و سپاسێکی زۆر لەو دۆستە بەڕێزانە، دەگەڵ سوارەکان لە چۆمی سیراون پەڕینەوە ئەوبەری چۆم و بۆ جارێکی دیکە پێم کەوتەوە سەر خاکی کورستانی ئازاد و ڕزگاربوو. لەو ناوچەیە؛ واتە گەرمیان، شارەزاییەکم نەبوو. نەمزانی لەکوێوە دەرباز بووین.

شەو چی وای پێوە نەمابوو گەیشتنەوە گوندی "کەلار" لەو زەماندا، گوندی خوالێخۆشبوو "داودبەگی جاف"؛ باوکی بەڕێزی خوالێخۆشبووان، سەردار و سالار جاف، بوو؛ یادیان بە خێر.

ڕۆژی دی، پاش نان و چای بەیانی، دەگەڵ خانەخوێم و، ئەگەر لە بیرم مابێ کاک "حەمەی وەلی" هاتینە شارۆچکەی " قەڵاکۆن"، تا لەوێرا تەرتیبی ڕێگام بۆ بکرێ بەرەو شارۆچکەی"قەرەداغ" و سلێمانی. دەبوو پۆست بە پۆست و لە ڕێگای ڕێکخراوەکانی پارتی و پێشمەرگەوە، دەرباز بم، خۆم شارەزای ڕێگاوبان نەبووم.

لە شارۆچکەی قەڵاکۆن، کە ئەو کاتە دەسەڵاتی حکوومەتی ئێراقی تێدا مابوو؛ لە چایخانەیەک دایاننام تا وەسیلەیەکی بەڵەد و هاوڕێیەکم بۆ تەرتیب دەبێ. من چاکەت و پانتۆڵ یان کوت و شەڵوارم دە بەردا بوو، جلکی کوردیم نەبوو، بۆیە وەک گای نێوچاوان سپی دەنێو خەڵکی خۆیی‌دا، دیار بووم. تازە چاییەکم لە چایخانەدا خواردبۆوە، پۆلیسێکی حکوومەتی لێم وە ژوور کەوت، وەک قیلی کەوای سپی پێمەوە نووسابوو، دەیەویست دەگەڵی بچم بۆ پۆلیسخانە. خەڵکی نێو چایخانە تێمانهاڵان و بە پاڵپەستۆ پۆلیسیان لە دەرکی وە دەر نا دەر و بە لای دیکەدا، منیان بردە دە رو هەر ئەوەندەی بڵێی یەک و دوو، دوو کوڕە جحێڵەم ڕەگەڵ کەوتن، جانتایان بۆ هەڵگرتم و بە پێیان بەرەو دێهاتی بناری، وە ڕێیان خستم و لە گەڕی پۆلیسیان ڕزگار کردم.

زستان، ڕوو لە تەواوبوون بوو. تەشقی هەوا لە مەڵبەندی گەرمیان شکابوو، لە باران و قوڕ و چڵپاودا تلیسابووینەوە، تا گەیشتینە دێیەکی بناری. لەو دێیە دەستەیەکی چەند کەسی پێشمەرگەش میوان بوون. دوو کوڕە گەنجیان دەگەڵ بوو کە دەیانگوت ڕاپۆرتیان لەسەرە کە سەر بە جەماعەتی مەکتەبی سیاسیی کۆنن و بەرەو قەرەداغیان دەبردن.

ئەو شەوە منیش دەگەڵ پێشمەرگەکان لەو ماڵ مامەوە، سبەیی ڕۆژ، دەستەجەمعی بەرەو قەرەداغ وە ڕێ کەوتین. لە ڕێگادا، یەکێک لەو کوڕە گیراوانە، خۆی لێ نزیک کردمەوە و جانتاکەی لێ وەرگرتم تا بۆم هەڵگرێ. لە هەمان کاتدا دەستی کرد بە پاڕانەوە. هەر بە بۆچوونی خۆی وای دانابوو نووسەری ئەو یادداشتانە کە خەڵکی کوێستانم و هاتووم بەرەو بارەگای بارزانی دەڕوم، بێگومان دەبێ ڕاسپاردەم پێ هەبێ تا هەوڵی ئاشتبوونەوەی دوو باڵی پارتی بدەم، بۆ ئەویش تکاکارییم پێ بکرێ لە لای خاڵ عەزیز؛ واتە خوالێخۆشبوو مقدم عەزیز عەقراوی، کە فەرماندەیی ڕێکوپێککردن و چاککردنەوەی ناوچەی گەرمیانی پێ سپێردرابوو و بە کەسایەتێکی تووندوتیژیش ناودێر بوو. وەعدم پێ دا کە تکای بۆ بکەم. خاڵ عەزیزم پێشتر دیبووو، دەمناسی، دەمزانی تکاکاریم قبوڵ دەکا.

ئێوارەی ئەو ڕۆژە، گەیشتینە قەرەداغ. ڕوومان کردە بنکەی فەرماندەیی خاڵ عەزیز، لە بەختی یار، خاڵ عەزیز لەوێ بوو کە دیتمی زۆری پێ سەیر بوو کە چۆن و لەوێ بەو کەشم و تەشکەوە چی دەکەم؟ بۆم باس کرد و گوتم: "دەچمەوە ناوچەی ڕانیە و قەڵادزێ لای برادەران." هەڵبەت بۆ کوڕەش کە نێویم لە بیر نەماوە پاڕامەوە. خاڵ عەزیز لوتفی دەگەڵم هەبوو کوڕەیان بۆ بانگ کرد، بە "ئەمانامە"یەک لێی ڕازی بوو و ئازاد کرا. ئەو شەوە لە لای خاڵ عەزیز مامەوە تا سبەی تەرتیبی گەڕانەوەم بۆ بکا. بەیانەی ئەو شەوە کاک "عوسەی ئامە"، یادی بە خێر، لە لای خاڵ عەزیز پەیدا بوو.

عوسمانی ئامینێ، یان عوسەی ئامە، بە زاراوەی سلێمانی، پێشمەرگەی نێو شار و لەو کوڕە ئازا و بێ ڕەزایانە بوو وەک دەڵێن ڕۆڵەی لەبەر

دایک هەڵدەگرت. قەستەسەری دوژمن و داگیرکەر بوو. کێ لە شاردا، لە ئەفسەر و کاربەدەستانی حکوومەت دیاری کرابا، کە زاڵم و کوردکوژ و ئەزیەت و ئازاری خەڵکی دابێ، بە دەست و دەمانچەی عوسە حەوالّە دەکرا تا شەڕی لەسەر خەڵک کەم بکاتەوە، ئەوەش بەو مانایە بوو کە لە چنگ عوسە، نەجاتیی نایە.

ئەوەش نموونەیەک لە ئازایەتی و بێڕەزایی عوسە. لقی ٤ی پارتی کە لەو سەروبەندەدا ناوەندی لە شاروّچکەی ماوەت دەبێ، ئەمر دەداتە عوسەی ئامە کە شەڕ و گەڕی ئەفسەرێکی ئیدارەی ئەمنی سلێمانی لەسەر خەڵک وەلاخا. عوسە لە ماوەتڕا بە نهێنی دێتەوە نێو شار، بە دەستکێشیی"حەلاوەخان" لەو ژنە تێکۆشەرانەی شار، ئەفسەری ناوبراو شناسایی دەکا و لە جادەدا وە بەر دەمانچەی دەدا و لە عەرزی تخێڵ دەکا. بە تەنیایی، میرانە و بە شەڕ و هەر بەزۆری دەمانچەکەی، خۆی دەرباز دەکا و دەگەڕێتەوە بۆ ماوەت، ئەنجامی ئەرکی خۆی ڕادەگەیەنێتەوە.

چەند ڕۆژ پاشتر خەبەری پێ دەگاتەوە کابرای گۆرین نەمردووە و بە بریندارێ گەیاندوویانەتە خەستەخانە و لەوانەیە لەو ڕۆژانەدا، چا بێتەوە و بێتە دەر. عوسە دەڵێ: "موشکیلە نییە، عیلاجی دەکەم." بۆ جارێکی دیکە بە نهێنی دێتەوە نێو شار، یەکڕاست ڕوو لە نەخۆشخانە دەکا، شوێنی کابرای لێکەوتووە دەبینێتەوە و لێی وەڕوور دەکەوێ، هەر لەسەر تەختی نەخۆشخانە، بۆ جارێکی دیکە وە بەر دەمانچانی دەداتەوە و ڕوحی لێ دەستێنێ. دیسانیش هەر بە شەڕەدەمانچە، خۆ دەرباز دەکاتەوە و لە شار دەردەچێتەوە.

لە ڕۆژگاری پێشترەوە عوسەم دیبوو، یەکترمان دەناسی. لە قەرەداغڕا بە ماشێن خۆی گەیاندمیە قەراغ شاری سلێمانی، لەوێ تەحویلی پیکابێکی دام، کە بمگەیەنێتە نێو شار. بارودۆخ ڕووی لە ناخۆشی بوو، لە گەلێک شوێن شەڕ و پێکدادانی پێشمەرگە و هێزەکانی حکوومەت دەستی پێ کردبۆوە، هەربۆیە مەسلەحەت نەبوو عوسە بێتە ناو شارەوە. ئەو لە قەراخ شارڕا بەرەو قەرەداغ گەڕاوە و پێکابی گۆرین هێنامی بۆ نێو شار

و لەبەر دەرگای هۆتێل"سیروان" یان هۆتێلی، نووری عەلی، دایبەزاندم و ڕۆیشت.

خانووبەرەی هۆتێل سیروان، لە مەیدانی نێوەڕاستی شاردا، هەڵکەوتبوو. نهۆمی سەرەوەی کرابوو بە هۆتێل، لە نهۆمی ژێرووەدا، دەرمانخانەیەکی ڕێکوپێک داندرابوو کە هەر بە نێوی خۆی خاوەنهۆتێل و دەرمانخانەکە "صیدلیەی نوری علی" پێ دەگوترا. " ئاوڕەحمان" ناوێک کە ئاشنایەتی دەگەڵ ئێمەش خۆش بوو مودیری و بەرپرسایەتی هۆتێلەکەی لە ئەستۆ بوو.

ڕەحمەتی نوری عەلی، ئەوزەمان پیاوێکی شێست و چەند ساڵەی دەنواند. زۆر پیاوێکی ئارام و نیشتمانپەروەر بوو. لە کۆنەوە واتە لە زەمانی کۆمۆنی سلێمانییەوە کە کاتی خۆی، حکوومەتی عەبدولکەریم قاسم بۆ حاواندنەوەی کورده پەنابەرە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات دابنابوو ئاشنایەتی دەگەڵ کورده ڕۆژهەڵاتییەکان بۆ ساز ببوو، یاریدەی دابوون، هاوسوحبەتیانی لێ خۆش هاتبوو، بەتایبەتی دۆستایەتی دەگەڵ کاک فایق خۆش بوو.

جا هەرکات وا هەڵکەوتبا کە چووباین بۆ سلێمانی، دیداری مامۆستامان دەکرد و لە لای دادەنیشتین. ئوتێلچی، یان باشتر بڵێم ئاوڕەحمانیش هەر لە ڕێگای مامۆستاوە ئاشنایەتی دەگەڵمان بۆ دروست ببوو، هەم ئەوزەمان و هەم ساڵەکانی دوایی هەرکات ڕێمان کەوتبا لای، دالدەی دەداین و جێی دەکردینەوە. ئەوجاریش هەروا بوو. لە پێپلیکانی ئوتێل وە سەر کەوتم، ئاوەڕەحمان هەر کە چاوی پێم کەوت ئامبازم بوو بە خێری هێنام و ژووریکی سەر جادەی ڕوو بە مەیدانی سەرای، دامێ.

سەرگوزەشتە، یان بەسەرهاتێکم لەو هۆتێل سیروانە، دەگەڵ کابرایەکی چایچی و چایخانەداری سلێمانی هەیە، تا لە بیرم نەچۆتەوە با بیگێڕمەوە.

جارێک لەو جارانەی لە زەمانی شەڕ و پێکدادانی شۆڕش و حکوومەتدا، بە نهێنی بە کارێکەوە خزیبوومەوە ناو شارەوە و لە هۆتێل سیروانی

ناوبراو لە دالّدەی ئاورِەحماندا بووم. خۆی هۆتێل سیروان چایخانەی تێدا نەبوو، تەنیا هەر هۆتێلی لێنووستن بوو. چا و نان بۆ میوان، لە دەرەوەڕا دەهات، دەنا میوان خۆی دەچووە دەرەوە، نان و چای خۆی دەخوارد. نووسەری ئەو یادداشتانە، قاچاغی چوونەدەر بووم، چم ویستبا، لە خواردن و لە چایی، دەبوو لە دەرەوەڕا بۆم بێ. لە نکبەتیشم وابوو -ئێستاش هەروام- گەلێک چایی دەخۆمەوە، بەڵان چایی کەمرِەنگ، کە ئەوە خۆشی کێشەیەکی گەورە بوو بۆم، چونکە لەوێ چایی کەمرِەنگ مانای تێدا نییە.

هەر چۆنێک بوو، ئەو جارەش داوای چایی کرا، تا لە چایخانەی ئەوبەری هۆتێلڕا بۆم بێ. چایچی بە ئیستیکانە چایەکی وەک قەترانی ڕەشەوە کە نیوەشی هەر شەکر بوو لێم وە ژوور کەوت! گوتم: "براگیان ئەو چایە زۆر تۆخە بۆم ناخورێتەوە، بێ زەحمەت لێی برِێژە، ئاوی گەرمی لەسەرکە." زۆر بە ناسەرسەنگی بە ئیستیکانە چاییەوە لە ژوور دەرکەوت و پاش چەند دەقیقەیەک بە ئیستیکانە چاییەوە کە هیچ فەرق و تەوفیرێکی ئەتۆشی نەکردبوو وە ژوور کەوتەوە.

گوتم: "من نەخۆشم دوکتور پێێ گوتووم دەبێ هەر چایی زەرد بخۆمەوە، تکایە با چایی من زەرد و کەمرِەنگ بێ."

- کاکە، لەسەر چایەکی تۆ، ئابرووی چاییخانەکەی خۆم نابەم!

- چایخانەی تۆ بۆ ئابرووی دەچی، ئەگەر من چایی کەمرِەنگ بخۆمەوە؟

- ئەدی چۆن! من ئەو چاییە زەردەی تۆ بە شەقامدا بێنم، خەڵک چاویان پێی ناکەوێ و نالێن تەماشای، چای ئەو سەگبابەکە، چەند زەرد و بێرِەنگە!

وەک گوتم، بارودۆخ خەریک بوو تێکدەچوو، هەم شۆرِش و هەم حکوومەت لە تەداروکی شەرِدا بوون، لە هێندێ ناوچە هەر دەستیشی پێ کرابۆوە. لە فکری ئەوەدا بووم کە لە رِێگای ئاورِەحمانەوە، وەسیلەی دەرچوون لە شار و ئەوەندەی دەکرێ بە ماشێن لە رِێگای چەپەک و بێ کۆنترۆڵەوە

بەرەو قەڵادزێ و ڕانیە ببمەوە، ئەوی دیکەش دەمگوت هەر چۆنێک بێ بە بێیان دەیبڕم.

لەو فکرانەدا، لەبەر پەنجەرە دانیشتبووم و تەماشای مەیدانی ناوەندی شارم دەکرد، لەناکاو چاوم بە کاک فایق کەوت کە دەگەڵ هاوڕێ و پێشمەرگەی هەرە خۆشەویست، کەریم نەستانی، لە مەیدانەکەڕا بەرەو هۆتێل دەهاتن. لە خۆشییان هەر گەشکە بووم و هاوارم لێکردن، دیتیانم و بەپەلە خۆیان گەیاندە سەرێ و لێم وە ژوور کەوتن.

خۆش بێش دەستی پێکرد. بە پەلەو بە موختەسەری، نیوەداستانی خۆم بۆ کاک فایق گێڕاوە، پاشان پرسیم لەو هەلومەرجە ناخۆشەدا چۆن و لەبەر چی گەیشتۆتە سلێمانی! بەپێی وتەی کاک فایق دەبێ کاربەدەستێکی حکوومەتی لە بەغدارا هاتبێتە سلێمانی و بڕۆژەیەکی نوێی هێنابێ بۆ لێکالاکردنی کێشەی شۆڕش و حکوومەت. بارزانییش دەبێ وای بە باش زانیبێ کە کاک فایق بێ بۆ سلێمانی و ئەو دەراوە تاقی بکاتەوە. نانی نیوەڕۆمان هەر لە ژوورەکەی مندا خوارد، پاشان کاک فایق بە دوای کارەکەیدا ڕۆیشت، نزیک بانگی شێوان گەڕاوە لامان و گوتی: "کابرای ڕاسپێردراو دوای کلاوی خوار کەوتووە، چی تازەی پێ نییە."

ئەو شەوەی لە سلێمانی ماینەوە، بەیانییەکەی بە ماشێنێکی لاندرۆری نەفەرهەڵگر، بەرەو قەلادزێ کەوتینە ڕێ. کاک فایق ئیجازەنامەیەک، واتە "عدم تعرض"ێکی بارەگای بارزانی پێ بوو بۆ ئەو سەفەرەی. ماشێنی ئێمە جارێ نەگەیشتبووە "تاسلووجە"ی پەنا سلێمانی، تانکی ڕاوەستاو لەسەر ڕێی تاسلووجە تەقەیان لە کێو و شاخەکانی دەوروبەر دەکرد. بە ڕوالەت دەبێ پێشمەرگەیان لێ دیتبن. سەیروسەمەرە ئەوە بوو کە تانک تەقەی لە پێشمەرگە دەکرد، بەڵان ئێمە بە وەرەقەی بارەگای بارزانیی نەمر دەگەڕاینەوە ڕانیە. لە هەموو خاڵ و پۆستەکانی نیزامی سەر ڕێگاش ماشێنەکەیان پێ ڕادەگرتین و کۆنترۆڵیان دەکردین، کەچی وەرەقەکەمان کاری خۆی دەکرد. لە هیچ شوێنێک ڕاگیریان نەکردین و نەیانگرتین. هەر بە وەرەقەی گۆرین هاتینەوە ڕانیە و

سەنگەسەر، لەوێ مەعلووم بوو کە دەستوور دراوە بنکەکانی شۆڕش، شارەکان بە جێ بێڵن و بچنە دەرەوەی شار، بۆ ئێمەش هەروا بوو لە سەنگەسەر بەتەواوی باریان کردبوو و چووبوونە دێیەکانی دیلو و میردکە.

لە بەینی ڕێگادا، کاک فایق لە ئاڵوگۆڕەکانی نێوخۆیی ئاگاداریی دەدامێ. گوتی: "کۆنگرەمان بەستووە، کۆنگرەی دووهەمی حیزبی دێمۆکرات، سەرماوەزی ١٩٦٤ زایینی." تاریفێکی زۆری لە ڕێکوپێکی و سەرکەوتوویی کۆنگرەکە کرد. باسی کرد کە کاک"سدیق ئەنجیری" بەر لە پێکهاتنی کۆنگرە، گەیشتۆتە لامان، کاری بەرنامەی نوێی حیزب و بەیاننامە و بڕیارەکانی کۆنگرە و هێند وردە نووسراوەی دیکەی بە ئەستۆوەیە و... هەر وا لەنێو قساندا گوتی: "تۆش واتە نووسەری ئەو یادداشتانە، بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردراوم."

گەڕانەوەم بۆ نێو برادەران، تەنیا هەر لە ڕۆژەکانی ئەوەڵدا بە خێر و خۆشی ڕابرا، تا ئەوکاتەی کە بەیاننامەیەکی کۆتایی کۆنگرەی دووهەمم پێگەیشت و خوێندمەوە. لەسەر شێوەنووسین و ناوەرۆکی بەیاننامەیەکی ئەوتۆ، دڵبەر ڕاوەستام. ئیعتیراز و کێشەم لە چوار خاڵ و مەوریدی نووسینەکە هەبوو.

خاڵی یەکەم، لە پێوەنددا بوو دەگەڵ کۆماری کوردستان و ڕێبەرایەتیی کۆمار، کە لەو بەیاننامەیەدا هەروا بە کیلۆ و بە هەوەنتە لە لێکدانەوەیەکی دێمی و بێ ڕیشەدا، بە شێوەیەکی ناحەز و ناپەسند بە زمانی فارسی، بە وشەی لە چەشنی "خواب خرگوشی" و... کومار و سەرانی کۆماری وە بەر دابوو، بەیاننامەی ناوبراو ئەوەی بە شانازییەکانی حیزب و نەتەوەی خۆی کردبوو کە با بە بە دەواری شڕی ناکا.

خاڵی دووهەمی ئیعتیرازم لەسەر بەگژداهاتن و تاوانبارکردنی مەکتەبی سیاسیی کۆنی پارتی بوو کە بەیاننامەکە، شەل و کوێرانە پێیاندا هاتبوو و چی پێوە نەهێشتبوون، شتێک کە نە بە ئەرکی حیزبی دێمۆکراتم دەزانی و نە بە کاروباری کۆنگرەی دووهەم.

خاڵی سێیەمی کە لێی ناڕازی بووم ئەوە بوو کە لە بەیاننامەکەدا دکتۆر قاسملووی هەروا بە مەحکەمەی پاش باسکێ، بە تۆمەتی ناڕەوا، تاوانبار کردبوو.

دژبەریم دەگەڵ خاڵی چوارەم، لە پێوەندیدابوو لە دیفاع و بەرگری لەو کادرانەی حیزبی دێموکرات کە بەیاننامە و بڕیارەکانی کۆنگرە، لە گۆترە، کوتابوونی و تاوانباری کردبوون. هەر لەسەر ئەو خاڵەی دوایی دەگەڵ کاک ئەحمەد و کاک فایق تووشی ناکۆکی هاتین. بەداخەوە دەسترەسیم بە بەیاننامە و بریارەکانی کۆنگرەی دووهەم نەبوو، تا دەقی وشە بەکارهاتووەکان لێرەدا بێنمەوە، بەڵان دەزانم لە بڕەشوێن و نووسراوەی دیکەدا، دەست دەکەون و هەن.

دژایەتی و ناڕازیبوونی خۆم دەگەڵ بەیاننامە و بڕیارەکانی کۆنگرە، بەو چەشنەی کە گوترا لە نامەیەکی چەند دێڕیدا نووسی و وەک هەڵوێست دامە دەست کاک ئەحمەد تۆفیق کە بەیەکەوە دەگەڵ کاک سدیق دانیشتبوون و خەریکی چەپە و ڕاستەی نووسراوەکانی لەمەڕ کۆنگرە بوون. داواشم کردبوو کە هەم بەیاننامە و هەم بڕیارنامەکان جارێ ڕاگیر بکرێن، چی دیکە بڵاو نەکرێنەوە تا کۆمیتەی ناوەندی کۆ دەبێتەوە و بەو کێشەیە ڕادەگا.

کاک ئەحمەد هەڵوێست نامەکەی منی خوێندەوە بە عادەتی خۆی کەمێک مات بوو پاشان گوتی: "ئەوەی لە بەیاننامەکەدا لەسەر کۆماری کوردستان و ڕێبەرانی کۆمار نووسراونەوە، دەقی ئەو هەڵسەنگاندنە نین کە لە کۆنگرەدا لێدوان و نەتیجەگیریان لەسەر کراوە، کاک سدیق کە مونشی و نوتهەڵگر بووە لە کۆنگرەدا، دەستی بردوتێ و وای لێ کردووە کە ئێستا هەیە."

کاک سدیق ئینکاری کرد کە دەستی بردبێتێ و گوتی: "نەس و دەقی بەرهەمگیری باسەکانی کۆنگرەیە." وایە و وانییە لەنێوانیاندا، دەهات و دەچوو. لەو بەینەدا منیش چوومە نێو کێشەکە و گوتم: "ئەگەر وابێ کاک سدیق خەریکە وردە حیسابی کۆنی خۆی کە دەگەڕێتەوە بۆ زەمانی کۆمار، کە لە دڵدا تا ئەوڕۆ هەر ڕاگرتووە کە دەیەوێ لەسەر کۆنگرە و

حیزبی دێموکرات پاکی بکا." دانیشتنەکە بە ناخۆشی تێکچوو، بەڵان گوترا با لە کۆبوونەوەی بەرینی کۆمیتەی ناوەندیدا، باسەکە بکرێتەوە، هاوکات بەیاننامەکەش بڵاو نەبێتەوە و جارێ ڕابگیرێ.

ڕۆژی دیاریکراو لە دێی دێلوێ، لە دیوەخانی "حەمەدی کاخدری" یادی بە خێر، کۆبوونەوەی هەراوی کۆمیتەی ناوەندی بە بەشداری جێگر و چاودێرەکان پێکهات تا لە کێشەکە بکۆڵێتەوە سەداخەوە تاریخ و ڕۆژیم لە بیر نەماوە- دەبێ بگوترێ کە لەو کێشەیەدا، دەنگی نارازی بە تەنێ هەر دەنگی نووسەری ئەو یادداشتانە نەبوو، بەڵکە لە شوێن و لە خەڵکی دیکەشڕا، دەنگی ناڕەزایەتی، بڵێند ببووەوە.

هەر لەنێو سەعاتی هەوەڵی کۆبوونەوەکەدا، ناکۆکی و خیلاف لەنێوان کاک ئەحمەد و کاک سدیق ساز بوو، هەرکام ئەوی دیکەی بە دەستتێوەردان و کەیفەی خۆی لە نووسراوەکاندا تاوانبار دەکرد. لە بەینی قساندا کاک سدیق بە کاک ئەحمەدی گوت: "تۆ درۆ دەکەی!" گوتنێکی ئەوتۆ ناخۆش، کاک ئەحمەدی تووڕە کرد، لێی هەستا سەر چۆک، ئەوەی نە شایەد و نە بایەدە، لە زاری هاتەدەر، بە چەشنێک کە مەجبوور مام لەسەر حورمەتنەگرتنی کۆبوونەوە، بە دەم کاک ئەحمەد دابێمەوە، بە هەمان شێوە کاک فایق زۆر بە ئارامی ڕووی کردە کاک ئەحمەد و گوتی: "کاک ئەحمەد تا ئێستا هەر من و تۆ بووین. زۆرجار ڕێزم لە تۆ ناوە و چت گووتووە بە قسەم کردووی، لەمەولا نایکەم، ئێستا ئیدی کۆمیتەی ناوەندی هەیە و قسە و قەرار و بڕیار لە کومێتەی ناوەندیڕا دەردەچی نەک لە تۆڕا." بەوە قسانە، کاک ئەحمەد دەستی دا قەڵەم و کاغەزی خۆی و ژوورەکەی بەجێهێشت، کۆبوونەوە بەوەندە کۆتایی هات و دواتریش تازە هیچ جاری دیکە، کاک ئەحمەد لە دانیشتنەکاندا، بەشداری نەکردەوە.

لە سەرەبەهاری ساڵی ١٩٦٥ی زایینی، وتووێژی شۆڕش و حکوومەت هەرەسی هێنا، ئاشتی لەنێودا سەری نەگرت. شەڕ دەستی پێ کردەوە، هێزی حکوومەت گەیشتبوونەوە نێو شاری ڕانیە، بەڵان سەنگەسەر و قەڵادزێ لەژێر دەسەڵاتی پێشمەرگەدا مابوونەوە. لە کێوەڕەشی سەر

دەربەندی ڕانیە، لە بەینی ڕانیە و سەنگەسەردا، کە کێوێکی ئاستەم، ویشکوبرینگ و بێ ئاوە، جەبهەیەکی پێشمەرگە بەرانبەر بە هێزی حکوومەت کرابۆوە، ئێمەش وەک حیزبی دێموکرات لە ناوچەی قەڵادزێ و سەنگەسەردا بووین و هێزی چەکداریشمان هەبوو، گشتە پێشمەرگەیەکی ٣٠ کەسیمان لەو جەبهەدا هەبوو کە کاک ئەحمەد خۆی سەرافەتی دەکردن و جارجاریش دەچووە وێ و چەند ڕۆژێک لەلایان دەماوە.

تا ئەوڕۆژەی کە لە کۆبوونەوەی دیلویەدا بە عاجزی دەرکەوت و کۆبوونەوەی بەجێهێشت، تەنیا هەر جار جار سەردانی جەبهەی دەکرد، بەڵان لەو ڕۆژە بەولاوە، هەر یەکجاری چووە وێ و ئیدی تازە نەهاتەوە گوندی سونێ، کە بنکەی کۆمیتەی ناوەندیمان لەوێ دامەزرابوو.

ڕۆژێک لەو ڕۆژگار، نامەیەکی کاک ئەحمەد بۆ کۆمیتەی ناوەندی هات. دە نامەکەیدا نووسیبووی کە لە دەروون و لەناو خۆیدا ماندووە، بە خۆی و بە جەماعەتەوە، مەبەستی لە دەستە پێشمەرگەکانی جەبهەی دەربەندی ڕانیە بوو بەرەو قەندیل دەچێ، لەوێ ماوەیەک ئیستراحەت دەکا، با کۆمیتەی ناوەندی شەش مانگ ئیستراحەت و پشووی بۆ دابنێ. لەو ماوەیەشدا بۆ پێوەندی خۆی دەگەڵ کۆمیتەی ناوەندی کاک سدیقی! پێشنیار کردبوو وەک ڕابیت و پێوەندیدار لە بەینی وی و کۆمیتەی ناوەندیدا.

چار نەبوو داواکارییەکەی قبوڵ کرا و. کاک سدیق بوو بە پێوەندیدار، یەک دوو جاران چووە قەندیل و دیداری کاک ئەحمەدی کرد. وا دیار بوو کاک ئەحمەد زیاتر هەر لە کاک فایق و لە نووسەری ئەو یاداشتانە دڵئێشە، کە کاتی خۆی لە کۆبوونەوەی گوندی دێلۆ، لەسەر کاک سدیق و ڕێزنەگرتن لە کۆبوونەوەکە، جوابەجەنگێمان کردبوو.

هەڵوێستی کاک ئەحمەد کە لەڕاستیدا زیاتر هەر دەهاتە خانەی زیزبوونەوە، شێوە دووبەرەکییێکی ناوەوەی دەگەڵ خۆ هێنابوو. هەم لە کۆمیتەی ناوەندیدا و هەم لە ئۆرگانەکانی دیکە ح. د. ک.دا، ئەو دوو بەرەکییە بەر چاو بوو. بەرە بەرە دەنگۆی ناکۆکی دەگەیشتەوە وڵات. جارێکیان مەجموعەیەک لە بەرپرسانی ناوەوەی وڵات، بە سەرپەرشتیی

خوالێخۆشبوو مامۆستا "مەلا نەجمەدین" مامۆستای گوندی "ئاڵوەتان" لە کەسایەتییە هەرە بەنرخ و لە تێکۆشەرانی هەرە ئازای مەیدانی کوردایەتی و حیزبی دێمۆکرات بوو هاتنە سونێ تا لە چەندی و چۆنیی ناکۆکییەکان بکۆڵنەوە.

کۆمیتەی ناوەندی لەو باوەڕەدا بوو کە جارێ ئەو کێشانە چارەسەر ناکرێن، وا باشە کار بەش بکرێ و وەک پرۆژەیەکی ٣ مانگە خەریکی دامەزراندنی ڕێکخراوەکانی ناوەوە بین. کار و بۆکارچوون، ڕەنگە خۆی نەوعێک چارەسەری بێ بۆ کێشەکان و خیلافاتی ناوخۆیی.

برِیار درا کاک فایق بە گشتە کادرێکەوە، بگەڕێتەوە بۆ موکریان، کاک باپیر شکاک؛ واتە کاک نحۆ، بە کادرەوە بگەڕێتەوە بۆ مەڵبەندی سومای برادۆست. کاک "میرزا ئەحمەد"؛ واتە مامۆستا مەلا ڕەحیم ویردی، بۆ مەڵبەندی بانە و مەریوان. مامۆستا مەلا سەید ڕەشید حوسێنی، وەک نازر و ئامۆژگار، دەگەڵ کادرەکانی هەورامی بگەڕێتەوە بۆ ناوچەی سەقز و هەورامان. مامۆستا مەلا سەید ڕەشید بەرپرسایەتیی ڕاستەوخۆی مەڵبەندەکەی وەرنەگرت. نووسەری ئەو یادداشتانەش لە سونێ بمێنمەوە لە بنکەی سەرەکی و بە کاروباری پێوەندی ڕابگەم، سەرپەرشتێکی گشتیم هەبێ.

جەماعەت بە کەیف و زەوقەوە بڵاو بوونەوە و هەر کەسە بەرەو مەڵبەندی کار و تێکۆشانی خۆی ڕێی داگرت. بەداخەوە بەسەرهات وای هێنا پێشەوە کە تازە ئیدی بۆ جارێکی دیکە کۆمیتەی ناوەندی نەتوانێ کۆ ببێتەوە سەریەک. هێندێک لە جەرگەی کار و خەباتدا شەهید بوون. بەشێک نەفی و دوور خرانەوە، چەندێکیش بە شەهیدکراوی یان هەروا زیندوو ڕادەستی حکوومەتی ئێران کرانەوە.

گشتە برادەرێک لە کادر و پێشمەرگە، لە بنکەی سەرەکی لە سونێ بە جێ مابوون. لەسەر داوای "مەکتەبی تەنفیزی"ی شۆڕش، وام بە باش زانی، سەرپەرشتی گرتووخانەی شۆڕش لە دێی "شێنێ" لەسەر سنوور لە بەشی ڕۆژهەڵات، وە ئەستۆ بگرین تا هەم خزمەتێکمان کردبێ و هەمیش جەماعەتەکە لە بێکاری و دمبەدمە ڕزگاریان بووبێ. "مەلا مەحمودی

زەنگەنە" کرا بە بەرپرس. هەرچی دەکەوتە بەر دەستی پێشمەرگەی شۆڕش لە جاش و سەرباز و ئەفسەر، حەوالەی شێنێ دەبوون و لە قشلەی پاسگای گەورەی دێیەکە، کە لە زەمانی عەبدولکەریمدا ساز کرابوو، لە زیندان دەکران.

باشە ئەوەندەش زیاد بکەم و بڵێم، بنکەی سونێ، کە لەو دەوراندا بنکەی سەرەکی و سەرکردایەتیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بوو لەسەر تەپۆڵکەیەکی سەرچەقی ڕێی هاتووچۆی خەڵک بەرەوژوور و بەرەوخوار، ساز کرابوو بە نیسبەت شوێنێکی خۆش و جیداربوو. خانووبەرەکە کاک ئەحمەد پێکەوەی نابوو تا میوان و پێشمەرگە بەسەر ورگی خەڵکی دێیەکەوە نەبن. ئەو ئیدە و ئیبتیکارە، دەنگی دابۆوە و لەڕاستیدا ئەوکاتە و زۆر دواتریش، تەنیا هێزێک بووین کە جێی حەوانەوەی خۆمان بۆ خۆمان پێکەوە نابوو.

با ون نەبێ، لە سونێ شەوانە بە نۆبە کێشکمان دەکێشا! پێشمەرگەی بنکەی ڕەحیم لاسە، کە بەداخەوە سالەکانی دواتر لە باشوور شەهید بوو، لە نۆبەکێشکی خۆیدا هەستی هەر هاتوچۆیەکی کردبا، لێی لە چەخماخی تفەنگێ دەدا و دەیگوت: "کێی سەگباب کوژرای!" ئەگەر ئەو هەستە لە نۆبەکێشکی کاک سمایل شەریفزادەدا بهاتبایە، بانگی دەکرد: "کێی گیانەکەم." جەماعەتی ئێمە بەو ئیفرات و تەفریتەوە، لەنێو خەڵکی هاموشۆچیدا، ناودێر بوو.

کاک سدیق، کە ئەویش هەر لە بنکەی سونێ بە جێ مابوو، وەک گوترا، ئەرکی پێوەندی دەگەڵ کاک ئەحمەد بە ئەستۆی ئەوەوە بوو. پاش بڵاوبوونی برادەران، ڕێی ناوچەی "گەڵاڵەی حاجی ئۆمەرانی" داگرت، تا لەو دەوروبەر دیداری کاک ئەحمەد بکا، چونکە کاک ئەحمەد پاش ئیستیراحەتێکی پازدە بیست ڕۆژە لە قەندیل، بەرەوخوار بووبۆوە، لەو ناوچەی باڵەکایەتی لە دێی "شێخان"، بەڵان لە دێ بەدوور لە بڵێندابیەک، بنکەیەکی گەورەی بە حەمام و ئاشپەزخانەوە دروست کردبوو و لەوێ جێگیر ببوو. پێشمەرگەکانی دەربەندی ڕانیەی کە دەگەڵ

خۆ ڕاگوێز کردبوو لەجیاتییان لە ناوچەی "ڕەواندز" لەژێر چاودێریی شەهید "مەلا مین بارزانی"دا، جەبهەی بۆ کردبوونەوە.

کاک ئەحمەد، پێشمەرگەکانی جەبهەی ڕەواندزی کردبوون بە دوو دەستە، دەستەیەک لە جەبهە و دەستەیەکیش لە بنکەی شێخان، لە پشوو و لە ئیستراحەتدا دەبوون تا نۆبەی گەڕانەوە بۆ جەبهەکە دادەهات. ئەوەندەی خۆشی لەوێ ما و لەنێویاندا بوو دەچووە سەردانیان و لەوێ چەند ڕۆژێک دەگەڵ پێشمەرگەکانی جەبهە، دەماوە.

با ون نەبێ، یەکێک لەو برادەرە پێشمەرگانەی جەبهەی ڕەواندز، کورێکی لاوی تازەبەخۆداهاتوو بوو بە نێوی "برایم" یادی بە خێر بێ. برایم لە کورە دەروێشییەکانی سەر چۆمی کەڵوێ و برا چووکی خوالێخۆشبوو کاک خدر گردشەیتان بوو.

برایم دەیگێڕایەوە کە جارێکیان لە هاتوچۆی بەینی جەبهە و بنکەی پشتی جەبهە، کە ڕێگایەکی شەش حەوت سەعاتی بوو بۆ پیادە، گوتی: "زۆر تینوو و ماندوو بووم. لامدا چایخانەی "پردی زەرد" تا چایەک بخۆمەوە، لە مااڵی دنیایەش تەنیا هەر ١٠ فلسێکی ئێڕاقیم شک دەبرد، چایەکیش بە ١٠ فلس بوو." گوتی: "چایچی چایەکی بۆ هێنام لە ئیستیکانێکی نێوقەد باریکی وەک چاوەگادا. نیوەی تەواوی شەکر بوو کە لە بنی ئیستکان یان پیاڵەدا قەتیس مابوو، بڕە چایەکی وەک قەترانی ڕەشیشی، بەسەردا کرابوو کە زیاتر وە دۆشاو دەچوو تا چایی."

گوتی: "بیرم کردەوە قەت تینووێتیم بەو قومە چایە ناشکێ، دەبێ فێڵێک بدۆزمەوە. قومێکم لە چایە دا، چی وام لە ئیستیکاندا نەهێشت." بانگی چایچییەکەم کرد و گوتم: "برا زۆر تاڵە ناخوریتەوە، هێندێکم ئاوی گەرم بۆ لەسەرکەوە. کابرا وای کرد و هێنایەوە." فرێکی دیکەم لێدا چم تێدا نەهێشت، لەسەرڕا بانگی چایچیم کردەوە و گوتم: "کاکی برا خۆ ڕەنگت تێدا نەهێشتبۆوە، کەمێکم چا بۆ لەسەر بکەوە." کابرا بردیەوە، چای لەسەر کرد، هێنایەوە و گوتی: "کاکە ئەگەر پارەت پێ نییە، بڵێ پارەم پێ نییە و ببڕێتەوە."

وەختێک، بەر لەوە کە ماوەی ٣ مانگەی تێکۆشانی برادەرانی کۆمیتەی ناوەندی تەواو ببێ، خەبەر هات کە کاک باپیر شکاک، لە دەرگیریەکدا دەگەڵ ژاندارم و سەرباز بە خۆی و بە جەماعەتەکەیەوە، شەهید بوون.

بەسەرهات ئاوا دەبێ کە شەهید باپیر لە دەوروبەری ماڵەخۆی، لە مەڵبەندی سومای برادۆست، شەو لە چیایەک دەمێنێتەوە، هێزی دوژمن کە هەر بە دواشیانەوە دەبن، لە جێگای مانەوەی جەماعەت ئاگادار دەبن. سەرباز و ژاندارمێکی زۆر هەر بە شەو دەوریان دەگرن. بە ڕوانەت دەبێ کێشک و خەفەریان نەبووبێ، بێ ئاگا لە هەموو شت، دەگەڵ تاریکوڕوونی بەیانی لەسەریان دەکەن بە تەقە. پاش شەڕێکی قورس و مقاوەمەتێکی میرانە، نحۆ، یان باپیر و هەر پێنج برادەر و هاوڕێی، شەهید دەبن.

شەهیدبوونی باپیر و جەماعەتەکەی، زەبرێکی قورس و گران بوو کە لەوکات و زەماندا وە مەجموعەی ئێمەی حیزبی دێموکراتی کوردستان، کەوت.

ناگوزیر کارەساتی شەهیدبوونی کاک باپیرم، لە ڕێگای نامەوە ڕاگەیاند و برادەرانم لە بەسەرهات ئاگادار کردەوە و داوام لە گشتیان کرد کە بگەڕێنەوە بۆ سونێ. کاک فایق بە دەنگەوە هات و گەڕاوە سونێ و دوابەدوای ئەو مامۆستا مەلا ڕەحیم گەیشتەوە سونێ، باقییەکەی دیکە گوێیان نەدایە و نەگەڕانەوە.

کاک فایق، شەش حەوت ڕۆژ لە سونێ ماوە، ئیدی بە نێوی ئەوەی کە کارەکانی بە ناتەواوی بە جێ هێشتوون، لە سونێ ڕووگەردان بوو و بەرەو ناوچەی ژێر سەرپەرشتیی خۆی بە جێی هێشتم. تا گەڕانەوەی کاک فایق بۆ سونێ بۆ جارێکی دیکە، کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی وە دوا کەوت، ناچار، مامۆستا مەلا ڕەحیمیش تا ئاگاداریی دوایی، بەرەو ناوچەی خۆی، وە ڕێ کەوتەوە.

زیاتر لە مانگێکی دیکەش پێ چوو، لە گەڕانەوەی کاک فایق بۆ سونێ خەبەر نەبوو. بۆیە نامەیەکی دیکەم بۆ نارد و داوام لێ کردبوو

بگەڕێتەوە، چونکە هەم ماوەی سێ مانگی دیاریکراو تێپەڕ ببوو و هەم لە لایەن شۆڕشەوە گوشاری گەڕانەوەی برادەران، بەتایبەتی گەڕانەوەی کاک فایقمان لەسەر بوو. لە بیرمە کاک فایق لە جوابنامەیەکی چەند دێڕیدا نووسیبووی: "کارم تەواو نەبووە، ناتوانم بێمەوە، تۆ بۆ سونێ بە جێ نایەڵی و بگەڕییەوە ئێرە؟"

لە ماوەی چوار پێنج مانگی بەهار و هاوینی ئەو ساڵەدا، شپرزەیی و ناکۆکییێکی زیاتر، داوینگیرمان بوو. کاک سدیق کە لە سونێڕا بەر لە شەهیدبوونی باپیر شکاک بۆ پێوەندی و دیدار دەگەڵ کاک ئەحمەد چووبوو بۆ ناوچەی باڵەکایەتی، بێ ئەوەی دەگەڵ کەس مەشوەرەت بکا لەوێ لە دێی "دەربەند" کە سەر ڕێی هاتوچۆی ماشێنی گەڵاڵە-حاجی ئۆمەران و دوکان و ماڵی یەک دوو برادەری حیزبیشی هەر لێ بوو، پاڵی دابۆوە. بێجگە لەوە کە قەت هەر نەهاتەوە بنکەی کۆمیتەی ناوەندی لە سونێ، لەوێ دەگەڵ کاک ئەحمەد و بنکەی شێخان، تووشی گیروگرفتی تازە و ناکۆکی هاتبوو.

کاک سدیق لە ماوەی مانەوەی خۆیدا لە دەربەند، دەگەڵ چەند کادرێکی دیکەی حیزب کە ماڵیان لەو ناوچەیە بوو، جا چونکە خۆشیان بە چەپ دەزانی، هەوادار و دۆستی حیزبی شیوعی ئێڕاق و گوێڕادێرییان لەوان زیاتر بوو تا لە حیزبەکەی خۆیان حیزبی دێموکڕات، سەریان پێکەوە نابوو هەر بە پێوانەی خۆیان دەیانپێوا.

کاک سدیق بە ڕوانەت تووشی ئاڵوگۆڕ هاتبوو کەوتبۆ سەر قناعەتێکی نوێ. دەیگوت لەپێناو بەرژەوەندیی شۆڕش و هەر لەو مەجالە تایبەتییانەی حاکم بەسەر کەشوهەوای سیاسی کوردەواریدا، وا باشە واز لە چەک و کۆبوونەوە و تەنانەت واز لە تێکۆشانی سیاسیش بێنین، ون بین و مات بین. بەو لایەدا کەوتبوو کە نابێ جەبهە و چەکدارمان هەبن. بێجگە لەوەش کەوتبووە دژایەتییێکی توند دەگەڵ کاک ئەحمەد و جەبهەی وی لە ڕەواندز.

جارێک چوومە لای لە دەربەند و هەوڵم دا بیگێڕمەوە بۆ سونێ، فایدەی نەبوو دەگەڵم نەهاتەوە. ئەو پێشنیاری منی دەکرد کە دەرکی بنکەی

ناوەندی لە سونێ داخەم و جەماعەتەکە بڵاوە پێ بکەم. دەیگوت جارێ با دیار و بەر چاو نەبین، هەرکەس کوڕی بابی خۆی. هەربۆیەش چەندین جار دەگەڵ پێشمەرگەکانی بنکەی شێخان کە لە جەبهەڕا دەگەڕێنەوە بۆ ئیستراحەت لە بنکەی حەسانەوەیان، قڕەی لێ پەیدا دەبێ، بە گژیاندا دێ کە لە چی دەگەڕێن و بۆ بە قسەی ئەحمەد تۆفیق دەکەن. دیارە ئەوەش خۆی مەسەلەیەک بوو کە کاک ئەحمەدی لێ تێژ کردبوو و نێوانیان لەوپەڕی ناخۆشیدا بوو.

لەو سەروبەندەدا، وا بزانم مانگی خەزەڵوەر، کاک "سەید ڕەسوڵ دێهقان"؛ ناسراو بە سەید ڕەسوڵی بابی گەورە، کە نازناوی "کوڕی ڕۆژی تەنگانە"م لەسەر دانابوو، گەیشتە بنکەی سونێ. سەید ڕەسوڵ کە بە تازەگی دیسان مەترسیی گیران و ئەشکەنجەی ساواکی لەسەر خۆی بەدی کردبووە، بەرەو گەرمین هاتبوو. بەر لەوە بگاتە بنکەی سونێ، ماوەیەک لەلای کاک ئەحمەد تۆفیق، لە بنکەی شێخان، دەمێنێتەوە و هەر لەوێوە بە زانیاری و تێکەڵاوی کێشە ناوخۆییەکانەوە، بەرەو سونێ، وە ڕێ دەکەوێ و هاتە وێ.

کاک سەید ڕەسوڵ کە لە کۆنگرەی دووهەمی حیزبدا بەشدار ببوو و ئەرکی ئەندامەتی لە کۆمیتەی "چاودێری حیزب"دا وە ئەستۆ گرتبوو بۆ دۆزینەوەی ڕێگاچارەیەک لەو کێشە و ناوخۆییانە داوای لێ کردم تا دیداری کاک ئەحمەد تۆفیق بکەم لە بنکەی شێخان. پێشنیارەکەم لێ وەرگرت، بەڵان چونکە لەسەر سەفەرێک بووم بۆ چاوەدێری لە ناوچەکانی گەورکایەتی، مەنگوڕان، سەرشاخان، مهاباد و بۆکان، دامانناو لە پاش سەفەرەکە بەیەکەوە بچینە بنکەی شێخان.

کە وابوو بە پەلە خۆمان بۆ سەفەر تەیار کرد، هاوڕێ دەگە سەید ڕەسوول و گشتە برادەرێکی دیکە لە کادر و پێشمەرگەکان، لەوانە مەلا مەحمود زەنگەنە، لە سونێڕا وە ڕێ کەوتین. دامانناوو لە گوندەکانی سیسێر و نەستانڕا دەست پێ بکەین، لەوێڕا بەرەو ناوچەی بۆکان و پاشان ئاوایی "قۆڵغەتەپە" یان "قۆرغەتەپە" و "قالۆێ"، جا پاشان گوندی

"کیتکە" و ناوچەی مهاباد و "سەرشاخان" شۆڕ بینەوە. دامانناببوو لهو سەفەرەدا زیاتر لە سێ چوار حەوتوومان، پێ نەچێ.

پاش بە سەرکردنەوەی شوێنە دیاریکراوەکان، ئێوارەیەک، تاریکانێ، لە قۆڵغەتەپەڕا بەرەو کیتکە وە ڕێ کەوتین، لەوێ کۆبوونەوەیەکی هەراو لە مزگەوتی گوندیدا تەرتیب کرابوو. لەپێشدا، ڕەحمەتی "سەید کەریم"مان ئاگادار کردبوو کە فلان سەعاتە دەگەینە قەراغ دێ، با شارەزایەکمان بۆ بنێریتە سەر ڕێ، ڕێنوێنیمان بکا بۆ شوێنی کۆبوونەوە. کە گەیشتە جێ، بە سەرسوورمانەوە دیم کە برای خۆی سەید کەریم، کە لە هەردووک چاوان نابینا بوو، چاوەڕوانمانە تا ببێ بە چاوساغمان بەرەو دانیشتنەکە، لەوەش سەیرتر ئەوە بوو کە ئەو برادەرە نابینایە "مەلا عەلی" ناو بە ئەندازەیەک شارەزا بوو لە هەموو چاوساغێک باشتر ڕێی دەردەکرد، لە هەموو قوڵکە و بەردوداڕێک دەیپاراستین تا گەیاندینە دەرکی مزگەوتی دێ.

دەگەڵ جەماعەتی هەراوی ناو مزگەوت، زۆربەش هەر کورە جحێلە، تا شەو درەنگانێ لە قسەوباسدا بووین. بڕیارمان وابوو هەر ئەو شەویش پاش کۆبوونەوە، خۆ بگەینینە تاقە ماڵی "داغە" لە نزیک مهاباد، ئەو جێیەی ماڵی هاوڕێیانی بەڕێز و خۆشەویستمان ڕەحمەتی "وەستا ئەحمەد" و خوشکی بەڕێزی و بەڕێزی هەموومان "خوشکە ئاییش"ی لێ دەبوو. ڕەحمەتی وەستا ئەحمەد و هەروەهاش خوشکە ئاییش لەو کوردە بەڕێز و تێکۆشەرانە بوون کە دەبوو پڕ بە پێست، بە زێڕی سووریان هەڵکێشێ.

خوشک و برا، هەردووکیان، لە ئەندامە دڵسۆز و بەئەمەگەکانی نێو ڕیزەکانی حیزبی دێموکڕات بوون، یەک لە یەک کارلێهاتووتر، بەدەستەوەتر، کوردگوتەنی گیان لەسەر دەستان کە لە قەدیم و نەدیمەوە، ماڵی ئەو خوشک و برا بەڕێزە، مەکۆگە و هەروەک ماڵی حیزبی وا بوو.

لەو کاتاندا، جارێ نە وەستا ئەحمەد ژنی هێنابوو نە خوشکە ئاییشش مێردی کردبوو، جا بێجگە لە حیزب و حیزبایەتی و کوردایەتیش،

هەردووکیان لەو دۆستە هەرە باوەڕپێکراو و گیانیگیانییانە بوون دەگەڵ سەید ڕەسوول.

بە باوەڕی خۆم پێمواید، ئەو خوشک و برایە ئەگەر کورد نەبان و دەگەڵ حیزبەکەی ئەوزەمانی ئێمەش هاوکار نەبان و ئی هەر نەتەوەیەکی دیکە بان بێجگە لە کورد، بێگومان دەبوون بە کەسایەتیی مێژوویی و چ بەسا، قارەمانی چیرۆکی فیداکاری لە مێژوودا. یاد و بیرەوەرییان هەر پیرۆز بێ.

با بگەڕێمەوە سەر مەتڵەب. وەک گوترا، هەرچۆنێک بوو پاش کۆبوونەوەی کیتکە دەبوو وە ڕێ کەوین، بەگوێرەی ئێمە دامانناوو بە ٤ سەعات پیادەڕەوی، دەگەیشتینە مزڵ؛ واتە گوندی تاکە ماڵەی داغە. بۆ ڕێگاش پێویستمان بە شارەزایەکی ڕێوبان هەبوو کە دەگەڵمان بێ و شارەزاییمان بداتێ.

دۆستانی حیزبی لەوێ، تەنیا گاوانی گوندەکەی خۆیان، بە شارەزا و دەلیلی ڕێ قبوڵ بوو، شارەزای دیکە نەبوو. کە وابوو بڕیار درا با گاوانی گوندی دەگەڵ ئێمە بێ و لەجیاتیی وی، برادەرێکی حیزبی تا گاوان دەگاتەوە جێی خۆی، لە گاڕانی دێ ببێ بە گاوان. بەو چەشنە برادەری گاوان لە کیتکەڕا، وە پێشمان کەوت.

شەو شەوگاری پایز، نمەباران بە هەواوە، ڕێمان داگرت، بێ وچان کوتامان و هاتین تا لە نزیک دێیەک، وام لە بیرە دێی "قەڵاجوغە" بووبێ، ئەگەر بە هەڵە نەچووبم، لەوێ وڵاتمان لێ ڕووناک و بوو بە ڕۆژ. لە گاوانی ڕێناسم پرسی: "ئەگەر چ ئەشکەوت و پەنا و پەسیوکی لەو ناوە پێ شک بێ کە لێی بحاوێینەوە تا تاریکمان لێ دادێ؟" گوتی: "نەخێر! لەو ناوە هەموو وڵاتەکە هەر دەشت یان تەپۆڵکە و سیاکێوی بێ دار و دەون و پنچکە، چ ئەشکەوتیشی لێ نییە."

ئەوجار گوتم: "ئەو ماڵەی کەوتۆتە سەر پەڕی دێیەکە دەزانی ماڵی کێیە؟" گوتی: "بەڵێ ئەو ماڵە ماڵی "سەید ڕەحمان"ە." گوتم: "دە بچۆ سەید ڕەحمان خۆی، کوڕی یان کەسێکی دیکەی ئەو ماڵەمان بۆ بانگ بکە

ئێرە." لەو قسانەدا بووین ساحێبماڵ، مەسینەئاو بە دەستەوە لە دەرکی ماڵێ بۆ بەیانە دەستاو و دەستنوێژ، دەرکەوت. کورِە گاوان پێی گەیشت و دەگەڵ خۆ هێنای. سەید ڕەحمان دەستە پیاوێکی مامناوەندی بە قەڵافەت، تەمەنێکی ٥٠ ساڵەی دەنواند، دەگەڵ چاوی بە دەستەی ئێمەی چەکدار کەوت، خوودار بوو لە ترسان هەر زراوی چوو.

گوتم: "خاڵ سەید مەترسێ، ئێمە پیاوخراپ نین. ئێمە قاچاخچین، کاروانی چاییمان پێیە و دەگەڵ کاروانین، ڕۆژمان لێ بۆتەوە و ئێستاش لێرە هیچ حەشارگەیەکمان پێ شک نایە لێی بحاوێینەوە، خۆی لێ پەنا بدەین. چار نییە، دەبێ ڕێگامان بدەی بێینە ماڵی تۆ."

پیشێکی خواردەوە، وەک بڵێ جا چارم چییە، ناعیلاج گوتی: "فەرموون، وەرنە ماڵ." وە پێشمان کەوت و ڕێنوێنی کردین بۆ دیوەخانەکەی. گوتم: "نایەینە دیوەخان، بمانبە ژووری ماڵێ." گوتی: "دەنا ئەورۆ هەرەوەزە جووتیشمە." دەگەڵمان هات بۆ دیوی ژووری یان بڵێین ژووری ژن و منداڵان کە ژن و ژاڵی ماڵ تازە لە جێگا دەهاتنە دەر.

گوتم: "خاڵە، ئێرەش بۆ ئێمە نابێ، ئەگەر کادێنێک، هۆڵەمەڕیک یان شتێکی لەو چەشنە هەبێ بۆ ئێمە باشترە." سەید کە تێمان گەیشتبوو و دەیزانی قاچاخچی نین، بەڕە و لمەدی بۆ بردینە کادینێکی بەسەر دیوی ژن و منداڵەوە، هەر هەشت نۆ کەسمان چووینە کادینەوە، لەبەر ئیحتیات برادەری گاوانیشمان ڕێ نەدابوو بگەڕێتەوە کیتکە، لە لای خۆمان هێشتبوومانەوە.

ئامۆژگاری خاڵ سەید ڕەحمانیشمان کرد کە خۆ شلۆێ و گورگە نەکا، ئاسایی بجووڵێتەوە با کەس شکی لێ نەکا. گوتی: "بەڵێ هەروا دەکەم."، بەڵان لەڕاستیدا سەرتاسەری ئەو ڕۆژە دەستی بۆ هیچ کارێک نەچوو، هەمووی هەر لەسەر بان هاتوچۆ و و چاوی لە ڕێگاوبانان بوو، مەبادا ژاندارم لە پاسگارا بێنە سەرمان. ئێمەش لە کادیندا خۆمان مەڵاس دابوو. هێندێکمان خەویشیان لێ کەوتبوو. من وەک سەید ڕەحمان نیگەران و لە ترس و لەرزدا بووم، خەوم لێ نەدەکەوت، چاوەڕوانی داکەوتنی ئێوارە بووم.

نازانم نیوەڕۆ ببوو یان نا، سەید ڕەحمان بەپەلە لەسەر بان هاتە خوار بۆ لامان و گوتی: "هەستن ژاندارم هاتن!"

گوتم: "خاڵە، خۆ شلوێ مەکە، خوا کەریمە با بزانین چی دێتە پێش. با پێشت بڵێم ئێمە پێشمەرگەین و قاچاخچی نین، ئەگەر دەگەڵ ژاندارمان لێمان قەوماو و کلاومان تێکەڵ بوو بۆ دواڕۆژی خۆت لە بیرت بێ کە ئێمە چەکدارین و بە هەڕەشەی کوشتن و بە زۆری تفەنگ هاتووین دە ماڵی تۆوە، جا بچۆ بزانە چەند کەسیشن و خەبەرێکمان بۆ بێنەوە." جەماعەتی نووستووم لە خەو هەستاندن، لوولەتفەنگمان لە کا و کوت پاکردنەوە و ئامادەباش دانیشتین. زۆری پێ نەچوو سەید ڕەحمان هاتەوە، گوتی: "٦ ژاندارمن."

گوتم: "خاڵە مەترسە، بۆ ئێمە نەهاتوون. ئەگەر بۆ سەر ئێمە هاتبان، زۆر زیاتر دەهاتن. خۆت شلوێ مەکە." هەرواش بوو، چونکە زۆری پێ نەچوو ژاندارم لە دێیەکە دەرکەوتنەوە. وەک گوتیان گۆیا خیلافی ئاغا و جووتیار، هۆی هاتنی ئەو دەستە ژاندارمە بووبێ.

تا ڕۆژ بەرەو درەنگی و ئاوابوون دەچوو، هەم ئێمە هەم خاڵ سەید کەیفمان سازتر دەبوو. هەردوولا لەو وەزعە نالەبارە، بەرەبەرە خەریک بوو نەجاتمان دەبوو تا ڕۆژ کەوتە کلکەلەقەی ئاوابوون. کورد لە قەدیمەوە گوتویانە: "شەو "قەڵای مێردانە!" تاریکایی ئێوارە، خۆی لێ نزیک دەکردینەوە. ئەوجار خاڵ سەید بە لێبڕاوی لە کادێنی هێنانە دەرێ بۆ دیوی ناوماڵ و هەرچی هەوڵیشماندا پێش خواردنی نانی ئێوارێ، ڕێی نەدا لە ماڵی دەرکەوین. قەلی بۆ سەر بڕیبووین.

پاش نانی ئێوارێ، گاوانمان ئیزن دا بگەڕێتەوە شوینی خۆی، ئێمەش بەرەو داغە کوتامان. ئەو شەوەش تا بەرەبەری بەیانی بەبێ وچان ڕێمان کرد، سەعات لە ٣ی بەیانی لادابوو، کە گەیشتینە داغە. لەوێش پاش نان و چاییەک، بە کەرەسەی خەوەوە؛ واتە لمەد و پەتوو و لێفەوە، ڕوومان کردە کێوی بەرماڵان بۆ خەو و ماندوویی لە لەش دەرکردن.

بۆ نانی نیوەڕۆش، هەر لە کێوی ماینەوە، خوشکە ئاییش بە کەپەنک و گۆچانی شوانیەوە، سەتڵە ماست و پەنیر و گۆشتی بۆ کەباب و... گەیشتە لامان و تا ئێوارە هەر بەیەکەوە لە شاخی بووین، جا بۆ دانیشتن و قسەوباس هاتینەوە ماڵێ. [3] ڕۆژ و شەوان بەو چەشنە لە داغە ماینەوە، ڕێیان نەدەدا بە جێیان بێڵین. شەوێک لەو شەوانە لە ماڵ، باسی ڕابردوو و قسەی خۆش دەکرا، لەو بەینەدا مەلا مەحمود، کە عادەتی خۆی بوو، خێراخێرا دەستی بە سمێڵاندا دێنا و خەریکی تاسولووسکردنیان دەبوو، تا ئاییش لێی وە جواب هات و گوتی:

- مەلا مەحمود دەست لە سمێڵانت وە لا بە، لەلای ئێمە مانای هەیە!

- بە قسەت ناکەم ئاییش، سمێڵ سمێڵی خۆمە، دەستی لێ دەرناهێنم!

- دەست لە سمێڵانت دەرهێنە دەڵێم، دەنا دەردی "قادر شەریف"ت دەدەمێ!

ئایش گێڕایەوە و گوتی: "جارێک لە جاران، قادر شەریف، بە کاری حیزبییەوە لێرە میوان بوو. ئەویش وەک مەلا مەحموود هەر خەریکی سمێڵانی بوو. پێمگوت دەست لە سمێڵان وە لا خە، بە گوێی نەکردم، قسێک لە من و قسێک لەو لێک ڕاست بووینەوە، لە گڕ یەکڕا چووین، کە مەچەکەم لێ ئەنگاوت دوو جارم هێنا و برد، لە نێوەڕاستی ژووری لە عەرزێم دا. دەگەڵ کەوتنی بایەکی لێ بۆوە. ئەحمەد شاهیدە و دەزانێ وا بوو یان نا؟ ئەحمەد، دەستی بۆ لە ملی دا." ئیدی بوو بە گاڵتە و پێکەنین.

نەمانهێشت مەلا مەحموود لەسەری بڕوا، بێگومان تووشی زەرەر دەهات! باسی زیندەیاد قادر شەریف هاتە نێو. شەهید قادر شەریف "هاشم ئەقەلوتوللاب" لە کادرە ناوداڕەکانی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان، بە ئەمری "عەبدولوەهاب ئەتروشی"؛ فەرماندەی هێزی خەباتی شۆڕشی ئەیلوول، ساڵی ١٩٦٧/١٠/٥ زایینی، لە سلێمانی تیرۆر و شەهید کرا.

لە داغەڕا بەرەو سەر شاخان و لەوێشڕا بۆ کۆبوونەوەکانی سیاسی و ڕێکخراویی لە ئاواییەکانی "کونەکێچ" و "خەرپاپ" چووین. ئەو سەفەرە

لەسەر یەک بیست و چەند ڕۆژییە، هەم لە باری سیاسی و هەمیش لە ڕوانگەی دیداری کەونەدۆست و کەونەئاشیانەوە، لەو سەفەرانەیە کە لە بیر ناچێتەوە.

پاش سەفەری گۆرین، لە گەڕانەوەدا بەپێی وەعد و قەولی پێشوو دەگەڵ کاک سەید ڕەسوڵ، بەیەکەوە چووینە بنکەی شێخان. کاک ئەحمەد بەپێی دڵ و دەروونی خۆی کە زوو دەتۆرا و زووش ئاشت دەبۆوە، چی لە دڵدا نەما. بڕیار درا جارێکی دیکەی بەدوای برادەرانی ئەندام لە کۆمیتەی ناوەندیدا بنێرمەوە، تا لە سونێ یەکتر بگرینەوە، کە ئەوان گەڕانەوە وێ کاک ئەحمەدیش، لە شێخانڕا، بێتەوە سۆنێ.

کاک ئەحمەد، جیا لە ناڕەزایی ناوخۆیی، لەلایەن دەزگاکانی شۆڕشیشڕا، کارشکێنی و دژایەتی دەگەڵ دەکرا، ئەو دژایەتییە بەتایبەتی لەلایەن "عەولاغا پشدەری"، کە لەو زەماندا فەرماندەی هێزی پێشمەرگەی مەڵبەندی باڵەکایەتی بوو لە لای بارزانیی نەمر، فزولی و موفەتتینی لێ دەکرا.

هەرچەند نەک هەر کاک ئەحمەد بە تەنێ، بگرە ئێمە لەسەر یەک هەمووی کوردە ڕۆژهەڵاتییەکان لە دەزگای شۆڕشی ئەیلوولدا، لەبەر دڵان نەبووین؛ بەڵان کاک ئەحمەد تۆفیق کە کەسێکی تێکۆشەر و ناسراوی لە مێژینە و بە کاروباری شۆڕشیشەوە زۆر ماندوو بوو، پلەی ناخۆشەویستییەکەی لەسەرتر بوو. بێجگە لە شەخسی بارزانیی نەمر کە دەیپاراست و دەیپاراستین، ماباقی دەگەڵ گیا کەکرەی تفت و تاڵ، لێکیان نەدەکردینەوە؛ مەگەر چەند کەسێک لە بەرپرسان کە ئەوانیش بە پەنجە دەبژێردران.

ئەوەش، ڕەنگە بێجگە لە هۆ و سەبەبی سەرەکی کە عیبارەت بوو لە سازان و پێوەندی دەگەڵ دوژمنی نەتەوەییمان ئێران، ڕیشەیەکیشی لە هەڵوێستەکانی پێشینەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان؛ بەتایبەتی شەخسی کاک ئەحمەد تۆفیقدا بووبێ، کە ئەو لە ناکۆکییەکانی ناوخۆیی پێشووی دەسەڵاتداری شۆڕشدا، لایەنگری بارزانی و سیاسەتەکانی بارزانی بوو.

هەر چۆنێک بێ، کاک ئەحمەد لەبەر چاوان دزێو بوو، لەوانەش نەبوو سەر دابنوێنێ، بێتە ژێر ڕکێف، جا لەو ڕۆژەڕا کە لەسەر دەستووری کاک ئەحمەد

مەلای خۆڕخۆڕە، کە لە لاپەڕەکانی پێشوودا باسی هات، ئیعدامی شۆڕشگێڕانە کرا، چونکە ئیعدامی مەلای ناوبراو بە تۆمەتی، خەیانەت بە میللەت، بەڕێوە چووبوو لەبەر ئەوە کە مەلا بە جاسووسی و بە قازانجی حکوومەت ببوو بە حیزبی و ژێربەژێر بە جاسووسی خزابووە نێو ڕێکخراوی مهاباد و شاروێرانەوە و بگرە و بکوژەی سەرەتای بەهاری ساڵی ١٩٦٤ لەوڕا دەزاندرا و بارستایی پەروەندە و فایلی ئەو هێرشەی ڕێژیم بەتەواوی بە ئەستۆی مەلای گۆرینەوە دەبێ بە بار.

جا لە تەنبێکردنی ئەو مەلایە، لە بەرپرسانی ئێرانخوازی ناو شۆڕشڕا، ببوو بە هۆی گوشارێکی زیاتر بۆ سەر شەخسی کاک ئەحمەد و سەر بنکەی شێخان، هاوکات، گازەندەیی و دووزمانی ئەملا و ئەولا لە کاک ئەحمەد لەلای بارزانیش.

وەک زاندرا، لە ئیعدامی مەلادا، ئەو براەرەی کە ئەمرەکەی بە جێ گەیاندبوو، شەو بە تاریکی قاپۆڕە فیشەکەکەی بۆ نەبیندرابۆوە کە هەڵبگرێتەوە، فیشەکیش لەو فیشەکانە دەبێ کە حکوومەتی ئێران پشتەکەی دەکڕاندن بۆ شوێنەونکە، جا دەیدا بە شۆڕش. بەو مەبەستەش پشتی فیشەکەکانیان دەکڕاند، تا ئەگەر وە دەست ڕێژێمی ئێڕاق کەوتن، ئاشکرا نەبێ کە ئێران ئەو فیشەکانەی داوە بە شۆڕش. وا دەبێ کە پاش سەفەری مەلا بۆ جەهەننەم، قاوغەفیشەک دەکەوێتە بەر دەستی ساواک و ڕاست دەبنێرنەوە ناو شۆڕش. ئەم دەست و ئەو دەست، دەیگەیننە حزوری بارزانیی نەمر، هەڵبەت بۆ شکایەت و بۆ دووزمانی لە کاک ئەحمەد تۆفیق و بێ بەرهەمیش نابێ.

لە مەرج و مەجالێکی ئاوا دژ و تووشدا، کە بۆ ئێمە بەگشتی و بۆ کاک ئەحمەد بەتایبەتی لە ئارادا بوو، بەیانییەک لەو بەیانییانە کە دەگەڵ کاک سەید ڕەسوڵ میوانی بووین لە بنکەی شێخان، پاش بەرچایی بەیانی، کاک ئەحمەد دەستە پێشمەرگەیەکی ٨-٩ کەسی ڕەگەڵ خۆی دا و لە بنکەی وە دەر کەوت. گوتی: "کارێکم هەیە، یەک دوو سەعاتێکم پێ دەچێ و دێمەوە." ئاگام لێ بوو لەسەر ڕێگا، لە خوار بنکەکەوە، کۆرتەماوەیەک بە یەکەوە دانیشتن، دیسان وە ڕێ کەوتنەوە. کاک"مەلا عەولای مەلا عوسمان" یەکێک

بوو لەو کەسانەی کە دەگەڵ دەستە پێشمەرگەکاندا بوو جوێ بۆوە و بەپەلە بەرەو بنکەکە گەڕاوە، لام وابوو دەبێ شتێکی لە بیر چووبێ و بۆی دەگەڕێتەوە.

مەلا عەولا، لە بەر دەرگای بنکەوە، بانگی کردمە دەرێ و گوتی: "کارم پێتە."، چوومە دەر، گوتی: "کاکە! من پیاوی کەس نیم، بێجگە لە پیاوی خەڵکەکەم. من ئەندامی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانم. ئەحمەد تۆفیقم لە تۆ خۆشتر دەوێ، چونکە باوەڕم پێیەتی، بەڵان تۆش وەک ئەحمەد، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و بەرپرسایەتیت لە حیزبدا، بەقەد بەرپرسایەتیی ئەحمەد تۆفیقە. ئێمە ئەوە بەرەو کارێک دەچین کە قازانج و زەرەرەی پێی هەمووان دەگرێتەوە. ڕەنگە پێت نەگوترا بێ ئێمە بۆ کوێ دەچین و خەریکی چ کارێکین! بۆیە بە ئەرکی خۆم زانی بگەڕێمەوە و پێت بڵێم کە ئێمە دەگەڵ کاک ئەحمەد دەچین تا کەسانێ لە بەرپرسانی شۆڕش ببینێ. بە ئێمەی گوتووە، هەرکەسێکم دەست لەسەر دانا گوللەبارانی بکەن!"

کوڕە هەی نەبێ! شتی وا چۆن دەبێ! هەر بە پێخواسی، بەغار و بە بانگ و هاوار، دوای کاک ئەحمەد و برادەرانی کەوتم، لە دووری بنکەیان گەیشتمێ. هەر چۆنیک بوو هێوەرم کردەوە و هێندێکیشی بەسەردا هاتم. گوتی: "کوڕە لێمگەڕێ، گوێلکیان پێ هەڵێناوم، گوێلک."

دەستم لە ئەستۆ کرد، بە قوربان و سەدەقە، گێڕامەوە بنکەکە. پاش ئەو کێشەیەش دوو سێ ڕۆژێک لە لای ماینەوە و وا بە باش زانرا تا گەڕانەوەی بارزانیی نەمر، کە بۆ پێڕاگەیشتنی جەبهەکانی شەڕ چووبووە مەڵبەندی پێنجوێن، جارێ واز لە گێرەگێری عەولاغای پژدەرێ و مەکتەبی تەنفیزی و مەکتەبی سیاسیی پارتی، بێنێ.

لەو بەشەدا، نێوێک لە بەڕێز مەلا عەولای مەلا عوسمان هات. بە پێویست دەزانم ئەگەر هەر کورتەیەکیش بێ، بیرەوەرییێکی لێ بکەمەوە و لێی بدوێم، چونکە لە ڕوانگەی نووسەری ئەو یادداشتانەوە، مەلا عەولا لەو کەسایەتییە هەڵکەوتووانە بوو کە بزاوی ڕزگاریخوازی خەڵکی ئێمە بە دەگمەن بە خۆیەوە دەبینێ.

مەلا عەولّای کوڕی مەلاعوسمان، خەڵکی دێی "بادیناوێ"، ناوچەی پیرانشار، بوو. نازانم چۆن و لە کەنگێڕا ببوو بە ئەندامی حیزب. یەکەم جار لە باشووری کوردستان، لە شارۆچکەی سەنگەسەر چاوم پێی کەوت. مەلاعەولّا، پیاوێکی چوارشانەی کەڵەگەت، یەکجار بەتاقەت، کە لەو زەماندا تەمەنێکی ٤٨-٤٩ ساڵەی دەنواند. بڕە سەواد و خوێندەوارییێکی مزگەوتی لای مەلای کوردەواریی خۆمانی هەبوو. پیاوێک بوو تا بتەوێ بە ئینساف، بە ویجدان و بە دوور لە درۆ و دەلەسە و دووڕوویی.

مەلا عەولّا کادر بوو. کادرێکی ئازا و خاوەن بۆچوون و خاوەن ڕا و خاوەن هەڵوێست. تا بتەوێ بە بیروباوەڕ و کوردخۆشەویست بوو. لەنێو ئێمەدا بە قسە گرنی گرنی بەناوبانگ بوو، چونکە لە کەسی نەدەپێچایەوە و چی بە باش زانیبا ئەوی دەگوت.

جارێکیان بەیەکەوە دەچووین بۆ لای کاک ئەحمەد تۆفیق لە مەڵبەندی بروواری باڵا، لە گوندی "کانیی ماسی"، ڕێگایەکی پێنج شەش ڕۆژی بە پێیان. لە ڕێگادا زۆر ماندوو ببووین و تینوایەتی هێرشی بۆ هێنابووین. ئاو وە گیر نەدەکەوت.

مەلا عەولّا مات ببوو، دەنگی لێوە نەدەهات. گوتم: "ئەوە بۆ قسەیەک ناکەی، لەمێژە بێدەنگی." گوتی: "هەر بیر لەوە دەکەمەوە کە پێموایە ئێوە خەیانەت بە میللەتەکەی خۆتان دەکەن!" گوتم: "برا، خەیانەت تاوانێکی گەورەیە، هەروا بە ئیشتیا ناشێ بگوترێ، بەڵگەت چییە بۆ ئەو قسەیەت؟" گوتی: "بە فکری من، ئێوە هێندە لەو ولّاتەدا ئێمە دێنن و دەبەن، تا هەموو ئاوی چۆکمان دادەچۆڕێ، ئیدی لە ڕۆژهەڵات، جوولّانەوەمان بۆ نەکرێ و شۆڕشمان لە دەست نەیە."

مەلا عەولّا، گەلێک تایبەتمەندیی تاییەت بە خۆی هەبوو، کە جێی سرنج و لێدوانن، ئەگەر گونجابا. لەو تایبەتمەندییانەی، بێجگە لە ئازایەتی، مرۆوایەتی، ئەقیدە و ئیمانی بە ڕزگاریی خەڵکەکەی پتەو بوو. مەلا عەولّا، هەر بەو پێیە کە خاوەن توانا و کەڵەگەت و باریک بوو، هەر بەو ڕادەیەش بە خۆ ڕا بوو.

جارێکیان گێڕایەوە و گوتی: لە گەرمێن، لە بناری قەندیلڕا، بە کوێستاناندا، دەچوومەوە ولآت لە ناوچەی پیران، بۆ سەردانی دایک و برا." گوتی: "لە ڕێگادا تووشی تاوڵوچیغی کۆنەئاشنایەکی خۆم هاتم و لامدا. کابرای دۆستم خۆی لە ماڵ نەبوو، کابانی ماڵ بە خێری هێنام و لەبەر ئاگری بن سێڵی نانکردن دانیشت، هاوکات قسەوباس و خواسمان، گرم کرد

کابان، لەنێو وتووێژدا، پەیتاپەیتا، هەویری تیریی داویشتە سەر سێڵ، دەبرژا و دەینا سەر سەلەی نێوانمان و منیش بەبێ ئەوەی بە خۆم زانیبێ، ڕۆییوومێ و خواردومن. وەختایەک دیم کابان لەبەر هەویر هەستا سەر پێ و خۆی تەکاند، پرسیم:

-ئەوە چی دەکەی؟

-دەچم ئارد دێنم، بۆ هەویر!

-ئەدی ئێستا نانت نەدەکرد! کوا نانەکان؟

-کاکە تۆ خواردنت، دەبێ هەویر بشێلمەوە."

گوتی: "ئەو تەشتەنانەم بە گەرمی و هەروا بە ویشکی خواردبوو و بە خۆم نەزانیبوو!"

مەلا عەولا پیاوێکی زەحمەتکێش و بەهیممەت بوو. ساکار دەژیا و هەرگیز نە بۆ خۆی و نە بۆ ماڵ و منداڵی یاریدە و یارمەتی لە حیزب نەویست. خۆی خۆی و بنەماڵەی دەژیاند. دەگەڵ ئەوەش کە هەموو دەستوورێکی حیزبی بە ڕێوە دەبرد و هەموو ئەرکێکی پێئەسپێردراوی ڕادەپەڕاند. کار و کاسپیی تووتنچێتی و بەرهەمهێنانی لە دەست نەدەدا، بژێویی خۆی و ماڵ و منداڵی خۆی لە زەوی کەسب دەکرد، لە هەمان کاتیشدا پێشمەرگەیەکی هەرە بەجەرگ و ئازا بوو، چاوی لە گوللە نەدەترسا. ئەوەندەی جەبهەیەکی شەڕ دەگەڵ دوژمنمان بە دەستەوە بووایە، مەلا عەولا دڵخوازانە لەوێ دەبوو.

لە شەڕی بەناوبانگی "هەندرێن" ساڵی ١٩٧٠ زایینی دا، مەلا عەولا بەرپرسایەتیی دەستەی پێشمەرگەی حیزبی بە ئەستۆوە بوو. دەستە پێشمەرگەی دەگەڵ مەلا عەولا، لەوانە بوون کە بەشداری شەڕی هەندرێن

بوون و هێرشی سەر سوپای ئێراقیان بۆ دانرابوو. شەڕی هەندرێن لەو شەڕانە بوو، کە دەبوو لە چیرۆک و داستاناندا بنووسرێتەوە. دەستکەوتی شەڕی هێندە زۆر بوو کە لە گواستنەوە نەدەهات. منیش لە براەرانی خۆمانڕا، بوخچەسیغارێکی "ڕۆسمەن"م پێگەیشت، کە مەلا عەولا، لە سەنگەری ئەفسەرانی ئەرتەشی ئێراقی، وە دەست هێنابوو.

مەلا عەولا میواندارى کۆنفەرانسى دووهەمى ح. د. ک.یش بوو. کۆنفەرانس، لە دێی "ورتە" لە بناری زنجیرەکێوی "قەندیل" ئاخروئۆخری مانگی گەلاوێژی ١٩٦٩ی زایینی بەسترا، کە هەموو تەدارەک و پێڕاگەیشتنی کۆنفەرانس تەنانەت بە کۆڵ بەفرێ لە قەندیلەوەشڕا، لە ئەستۆی ئەو مرۆ خاوەن هەست و بەشەڕەفەوە بوو کە بە خۆی و بە ماڵ و منداڵیەوە، لە خزمەتیدا بوون.

مەلا عەولا، لە هجومی داگیرکارانەی سوپای پاسدار و ئەرتەشی ئێران بۆ سەر ناوچەکانی پیرانشارسەردەشت، مانگی خەرمانانی ساڵی ١٣٦١ی هەتاوی بە ساڵی ئێرانی، هەرچەند ئەرکی پێشمەرگایەتیشی لە ئەستۆ نابێ، دەچیتە جەرگەی شەڕەوە و مخابن لەو شەڕەدا شەهید دەبێ، هەزار سڵاو لە گیانی پاکی و یادی پیرۆزی هەر بە خێر بێ.

دوور کەوتمەوە. هەرچۆنێک بوو لە شێخانڕا گەڕاینەوە سونێ، لە تەداروکی گەڕاندنەوەی براەراندا بووین، کە ئێوارەیەکی ساردی بە بارانی ئاخر مانگی پایزی ئەو ساڵە، واتە ١٩٦٥، "سەید حەسەن" ناو، برازای کاک ئەحمەد تۆفیق، لە سونێ پەیدا بوو. نامەیەکی کورتی لە کاک ئەحمەدڕا بۆ هێنابووم کە نووسیبووی ئەوە حەسەنم نارد و نامەیەکم بۆ مەلا مستەفا نووسیوە تا حەسەن بۆی ببا بۆ مەڵبەندی پێنجوێن، داوام کردووە تەکلیفی من ڕوون بکاتەوە. پێم باش بوو بە لای سونێدا بێ، ئەگەر تۆش پێت باش بێ، بۆی ببا.

من پێم باش نەبوو ئەو نامەیە بچێ بۆ بارزانی. نیگەران بووم بەو نامەیە شکایەت و دووزمانییەکانی وە بیر بێتەوە کە لێرە و لەوێڕا، لە کاک ئەحمەد کرابوون و بەو نامە وەبیرهێنەرەوەیە، بارزانی شتێک بڵێ کە بۆ ئێمە بە زەرەر تەواو بێ و کار لە کار بترازێ.

V

دەگەڵ سەید حەسەن قسەم کرد، بە جێگای چوون بۆ پێنجوێن بگەڕێتەوە بۆ شێخان. نامەیەکم بۆ کاک ئەحمەد نووسی کە سەید حەسەنم لە سەفەری پێنجوێن گێڕاوەتەوە دوا، چونکە پێم مەسڵەحەت نەبوو بە نامە خۆ وە بیر بارزانی بخەیەوە. وا باشە چاوەڕوان بی تا دەگەڕێتەوە، ئەوسا بچیە خزمەتی و قسەی خۆتی دەگەڵ بکەی.

سەید حەسەن نامەی وەرگرت کە بگەڕێتەوە بۆ شێخان، بەڵان وای نەکردبوو. لەلای ئێمە، کە دەردەکەوێ، خۆی دەدزێتەوە، ڕێی پێنجوێنی دادەگری، نامەی کاک ئەحمەد دەگەیەنێتە دەست بارزانیی نەمر، ئەویش لە جوابنامەیەکی کورتدا نووسیبووی: "ئەحمەد! وا بە باش دەزانم بچی بۆ لای ئەسعەد خۆشەوی لە ناوچەی زاخۆ. لە برادەرانی خۆت هەرچەند کەسێکت پێ باشە دەگەڵ خۆی ببە، نوختە و تەواو. تازە ئیدی هیچ نەدەکرا، عیلاج نەما. بارگەوبنەی تێکنا، چەند برادەرێکی پێشمەرگەی دەگەڵ خۆ برد لە دێی "کانیی ماسی" لە نیزیک سنووری باکووری کوردستان، لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی ڕەحمەتی "ئەسعەد خۆشەوی" جێگیرکرا.

دوورخستەوەی کاک ئەحمەد، زەبرێکی دیکەی ناخۆش بوو وێمان کەوت. پەرتوبڵاوێکی زیاتری بە دوادا هات. لە هەمانکاتدا گوشاری شۆڕش بۆ

سەر کوردەڕۆژهەڵاتی و ئەندامانی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان، لە زیادبووندا بوو لە هەموو جێوشوێنێک، بەتاییەتی لە ناوچەی باڵەکایەتی، هاموشۆمان، وە زەحمەت کەوتبوو.

سەروبەندی زستانی ئەو ساڵە، ١٩٦٥، پاش دوورخستنەوەی کاک ئەحمەد، کاک فایق، لە مەئموورییەتی ٣ مانگەی کار و تێکۆشانی سیاسی، کە لە ٦ مانگیش تێپەڕ ببوو، گەڕاوە سونێ. دوو ڕۆژ پاش گەڕانەوەی، هەر بە بڕیاری خۆی، بەرەو مەکتەبی سیاسیی پارتی لە دێی "زارگەڵی" وە ڕێ کەوت. کە گەڕایەوە سونێ، بە ئەمری گواستنەوەی بنکەی سونێوە بۆ "دۆڵەڕەقە" لە ناوچەی ڕانیە، گەڕایەوە.

دەگەڵ گواستنەوە و وەلاکەوتن لە بنکەی سونێ نەبووم. ئەمری مەکتەبی سیاسی و مەکتەبی تەنفیزیی پارتی، بەبێ ئەوەی کە بە شێوەیەکی ڕەسمی دەگەڵ حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان دابنیشن، پێم شتێکی ناڕاست بوو و بە بۆچوونی خۆم پێم قبوڵ نەبوو. ئەمری بارزانی بەڵێ، بەڵان هی مەکتەبی سیاسی بۆ؟ لێم بوو بە کەڵەوەکێشی و گوتم: "لە سونێ وە لا ناکەوم، چ دەبێ با ببێ."

بە مەبەستی دژایەتی و لێدوان لەمەڕ دوورخستنەوەی بنکەی سونێ بۆ دۆڵەڕەقە، ڕێگای زارگەڵی و مەکتەبی سیاسیم داگرت. لەوێ چاوم بە بەڕێز کاک "حەبیب حەمەکەریم"؛ سکرتێری ئەوکاتی پارتی، کەوت. پاش وتووێژێکی زۆر، ٣ ڕێگام لە پێش کاک حەبیب دانا. مانەوە لە سونێ، زیندان، تەحویلدانەوە بە ئێران. کاک حەبیب وەک عادەتی خۆی بوو زۆر بە نەرمی دەگەڵم دوا و ئاخریکەی گوتی: "کاک ئەمیر هەر جێ و شوێنێکی پێت خۆشە، لەوێ بن."

ئەو قسەیەی کاک حەبیبیش چ سوود و فایدەیەکی نەبوو، چونکە تا لە سەفەری دیدار لەگەڵ کاک حەبیب گەڕامەوە، کاک فایق بنکەی سونێی ڕاگواستبوو بۆ دۆڵەڕەقە، بەڵان ئێمە چەند کەسێک، لەوانە کاک سمایل شەریفزادە، کاک حەمەدەمین سیزاجی، کاک سەید ڕەسوول و کاک سالار حەیدەری، لە سونێ ماینەوە و چۆڵمان نەکرد.

زستانی ساڵی ١٩٦٥مان لە پرش و بڵاوی و کەس لە کەسیدا سەر کرد، سەرەبەهار، وەک ماروموور، بووژاینەوە، بڕیاری کۆبوونەوەیەک لە بنکەی دۆڵەڕەقە، ڕاگەیەندرا. دەوروبەری مانگی پووشپەڕ، لەوێ کۆ بووینەوە. لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی دووهەمی حیزب ٣ کەس بەشداری کۆبوونەوەکە بوون. کاک فایق، کاک میرزا حمەد و نووسەری ئەو یادداشتانە. بێجگە لەو ٣ کەسە بەشێکیش لە ئەندام و کادرەکانی حیزب تێدا هەبوون. باس و بەرهەمی هەرە گرینگی کۆبوونەوەی دۆڵەڕەقە، دوو بەند یان دوو مادەی لە خۆ گرتبوو. یەکەم پێکهێنانی کۆنفەرانسێک بۆ چارەسەریی لە شپڕێوی و ناکۆکیی ناوخۆیی. دووهەم بەجیدی و لێبراوی وە دوای سەروسۆراغی کاک سدیق هەنجیری کەوتن، کە ماوەیەک بوو لە ناوچەی باڵەکایەتیدا بێ سەروشوێن ببوو.

کۆبوونەوەی دۆڵەڕەقە کۆمیتەیەکی پێکهێنا بۆ کاروباری کۆنفەرانس. لە کۆبوونەوەکەدا کەسی وا هەبوون پێیان خۆش نەبوو کاک ئەحمەد بەشداری کۆنفەڕانس ببێ. من پێداگریم هەبوو بۆ بەشداربوونی بە شەرتێکم دادەنا بۆ کۆنفەرانس و بۆ بەشداریی خۆشم لە کۆنفەرانسەکەدا.

کاک ئەحمەد ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و بەرپرسی یەکەمیش بوو لە حیزبی دێموکڕاتی کوردستاندا. بەبێ ئەو کۆنفەرانس، لە کار و ئەرکەکانیدا سەرکەوتنی وە دەست نەدەهێنا هیچ بگرە ڕەنگ بوو هەر خۆی کۆنفەڕانسەکە گیرگرفتێ حاکم و داکەتووش زیاتر بکا و پەرەی پێ بدا. کاک فایق پێی ئەسپێردرا کە دوای ونبوونی کاک سدیق بکەوێ، لەو بارەوە یاریدەی مەکتەبی تەنفیزی وە دەست بێنێ. بۆ کاروباری کۆنفەرانسیش، یاریدە و یارمەتیان لێ داوابکا.

لەسەر بزربوونی کاک سدیق، بۆچوونی تایبەتی خۆم هەبوو لام وابوو لەوانەیە کاک سدیق کە کەسایەتێکی زۆر مولایم و ئارام، لە هەمانکاتدا دوورکەوتوو و ناشارەزا لە هەڵسوکەوتەکانی کۆمەڵگای کوردەواری بەتایبەتی هەڵومەرجی ناسک و نالەباری شۆڕش و ناتەبایی ناوخۆیمان، وەڕەزیان کردبێ و گەشتبێتە ڕادەیەک لە بێهیوابوون، کە بەبێ دەنگی و

بە نهێنی بەرەو تاران لە باشوور دەرچووبێ، خۆی گەیاندبێتەوە تاران و لەوێ ماتەی هەڵگرتبێ. دەنا کێ کاری بە مرۆیەکی ئاوا بێ ئازار دەبێ، بەڵان دواتر هەڵەبوونی بۆچوونی خۆمم لێ ڕوون بۆوە.

با نەیشارمەوە کە لە دانیشتنەکانی کۆبوونەوەی دۆڵەڕەقە، هەر لەنێو قسەوباساندا، هەست و ئیحساسێکی وام بۆ پێک هات کە بەندوباوێک لە گۆڕێدایە. دەستەبازییێکی تازە هاتۆتە کایەوە. دەست و دەسیسەی حیزبی شیوعیی ئێڕاق و حیزبی تودەی ئێرانم لەو ناوەدا دەدیت و لام وابوو کاری بۆ دەکەن. ئەو دەستە ناموبارەکانە، بە کەڵک وەرگرتن لە ساکاریی هاوڕێیانی ئێمە و لە گوشاری بێ مانا و نەزانانەی بەشی هەرە زۆری دەسەڵاتداریێتیی شۆڕش، لەسەر ئێمە ئەو گشتە کادر و پێشمەرگەی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان، خەریکە دەستمان بە زاخاودا دەچێ!

حیزبی شیوعی ئەوکاتە، هاوپەیمانیی دەگەڵ دەوڵەتی ئێڕاق هەبوو. بەو بۆنەوە دەگەڵ شۆڕش کە لە شەڕی حکوومەتی ئێڕاقدا بوو، کەوتبووە دژایەتییەوە و ناکۆک بوون. تەبعەن حەزیان دەکرد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەرایەک ساز بێ، جا دەگاتە کوێ، کەیفی خۆیەتی هەر هێند کە دەگەڵ دەوڵەتی هاوپەیمانی خۆی، ڕە پێش بێ و ئوموراتی خۆی بۆ بڕوا بەسە. لەهەمانکاتدا لە بەرانبەر شۆڕشی باشوور کە ڕێژێمی ئێران پشتیوانی لێ دەکا، با ئەوانیش بە یاریدەی حکوومەتی ئێڕاق لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، فیتنەیەک بنێنەوە. لە ڕوانگەی ئەوانەوە کورد گوتەنی، قەزی ئارد بە ئارد، هەر دەست ئارداوی دەبێ.

لە لایەکی دیکەوە حیزبی فەرتووتی تودەی ئێران، کە سااڵهای ساڵ هەروا لەو نێوەدا بێ کەڵک و هیچ لە دەست نەهاتوو لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئوروپادا کەوتبۆوە، کە لەڕاستیدا بێ ئەدەبی نەبێ کورد گوتەنی لە کەڕێک دەگەڕا نااڵێکی پێوە بێ، هەر هەل و مەجالێکی هەڵکەوتەی ئەوتۆی دەقۆستەوە تا لێی ببێ بە خاوەن، پۆزی پێوە لێ بدا، خۆی تێدا بنوێنێ، جا با هەر قەدەرێک و کورتخایەنیش بێ، بەو مانا و بەو تەرتیبە، ئێمەیان بە کااڵوسووری بەر لەشکری ناوزەد کردبوو و خەریک بوون گورگانخواردوویان دەکردین.

گوتم، ئەو گومانەم هەروەک ئیحساسێک زیاتر، لە کۆبوونەوەی دۆڵەڕەقەدا بۆ پێکهات. کەچی هەر قەدەرێک دواتر دیمانەی بە خێر ڕوخساری خۆی نواند، ڕەحمەتی کاک کەریم حیسامی سەروسیمای لە بەغدا، ئاشکرا بوو.

ڕۆژێک لەو ڕۆژانە، وا بزانم مانگی دووهەمی بەهاری ساڵی ١٩٦٦ی زایینی، "عەبۆش" ناو کوڕی ڕەحمەتی ناسراو بە "حەمە سەرشکاو" لە سەنگەسەر، پەیدا بوو. حەمە سەرشکاو لە پێشمەرگەکانی کۆماری کوردستان دەبێ کە لە پاش تێکچوونی کۆمار، ئاوارەی ئێڕاق و لەوێڕا ڕێگای دەکەویتە بەغدا و لەوێ جێگیر دەبێ. عەبۆشی گۆرپن، کوڕی ئەو ڕەحمەتییە و ماڵیشی لە بەغدا بوو. لە هەر حاڵدا، ئەو سەروبەند، ئێمە لەسەر ڕێگای هاتونەهات مابووینەوە و زۆر لەژێر گوشاری شۆڕشدا بووین. ئەو ڕۆژەی کە عەبۆش گەیشتبووە سەنگەسەر، منیش بۆ سەردانی پێشمەرگەکانمان لە جەبهەی سەنگەسەر بووم.

عەبۆش بەدوای منداچووبۆوە بنکەی پێشمەرگەکان و داوای منی کردبوو، برادەرێک ڕەگەڵی کەوتبوو بۆ نێو بازاڕ و لەوێ لەسەر شەقام تووشی یەک هاتین.

عەبۆش کە لەپێشدا دیتبووم و دەمناسی، پسوولەیەکی پێچراوەی دامێ، کە کردمەوە نامەیەکی ڕەحمەتی کاک کەریم حیسامی بوو بۆ من کە نووسیبووی، نامەیەکم لە کەسێکڕا بە نێوی " قەندیل" پێگەیشتووە. لەسەر داوای قەندیل کە پێمواببوو دەبێ تۆ بی، هاتوومەتە بەغدا و لێرە چاوەڕوانتم. ڕەحمەتی ئەو زەمان بە ماڵ و منداڵەوە لە "بولغارستان" نیشتەجێ بوو.

من قەندیل نەبووم و هیچ پێوەندییەکیشم دەگەڵ ڕەحمەتی کەریم و دوکتۆر قاسملووش نەبوو، ئەگەرچی زۆریشم پێ خۆش بوو بیانبینم و چاوم پێیان بکەوێتەوە، بەڵان قەندیل نەبووم. بە شک و گومانی خۆم دەبوو دۆستانی هەواداری حیزبی تودە، واتە کاک حەمەدەمین سیراجی و کاک سمایل شەریفزادە بووبن کە بەو نێوە داوای پێوەندیان لێ کردبێ.

هەلومەرجی ئێمە لەو کاتەدا کە ئەو نامەیەم پێگەیشت زۆر نارێک و نالەبار بوو، لەوە دەترسام عەبۆش وە بەرپرس و جۆی مەسئولینی شۆڕش بکەوێ و تووش بێ، بۆیە بەپەلە جوابنامەیەکم بۆ ڕەحمەتی کەریم نووسیوە و بۆم نووسی خاوەن ناوی قەندیل نیم، بەڵان نامەکەت بە قەندیل دەگەیەنم و... نامەم پێچاوە و تەسلیم بە عەبۆشم کرد و پێم گوت هەر ئەو ئێوارەڕۆژەش بەپەلە لە سەنگەسەر وە ل اکەوێ. ڕەحمەتی کاک کەریم لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا"لە بیرەوەرییەکانم/ بەرگی سێیەم" بە هێندێ ئاڵوگۆڕەوە، باسی قەندیل و ئەو نامە و جوابنامەکەی هێناوەتەوە.

نووسەری ئەو یادداشتانە، قەندیل نەبووم، نووسەری نامەش بە هەڵە پێی وابووە دەبێ قەندیل بووبم. نامەی گۆرێنم دا بە کاک حەمەدەمین سیراجی تا خۆیان تەگبیری لێ بکەن، ئیدی نە وە دوای نامە کەوتم و نە بە دوای کاری ژێربەژێری ئەو جەماعەتەوە.

خوا بتحەسێنێتەوە ئیدی هەر بەتەواوی لە "مووی ماست" حاڵی بووم، لە شکوگومانی خۆم دەچووم و گەیشتمە یەقین. کاک سمایل شەریفزادە، چووبوو بۆ بەغدا بۆ دیداری ڕەحمەتی کەریم حیسامی و لەوێ کەینەوبەینەی خۆیانی دەگەڵ بڕیبۆوە.

گوتم سەروبەندی گەیشتنی ئەو نامەیە، ئاڵۆزێکی زیاتر لەنێو خەڵکەکەی ئێمەدا هەبوو، چونکە کاک فایق لەمێژ نەبوو دەگەڵ برادەرانی خۆی دۆڵەڕەقەی بە جێ هێشتبوو، گەیشتبۆوە ڕۆژهەڵات، هەروەک لەمێژیش نەبوو کە ڕەحمەتی کاک" مونتەقیم قازی" لەلایەن دەزگای پاراستنی شۆڕشەوە دەستبەسەر کرابوو. دەستبەسەرکردنی ڕەحمەتی مونتەقیم خۆی چیرۆکێکی کورتی هەیە، کە ڕەنگە لەو پێوەندییەدا، بۆ باسکردن بشێ.

چیرۆک ئاوا دەست پێ دەکا، کە چەند ڕۆژێک لە پێش ئەوەدا کاک فایق، باشوور بە جێ بێڵێ و بە یەکجاری بگەڕێتەوە بۆ ڕۆژهەڵات و جووڵانەوەی سالەکانی ٤٦-٤٧؛ بە سالی ئێرانی؛ واتە ٦٧-٦٨زایینی

دەست بداتێ، ڕەحمەتی مونتەقیم قازی، دەگەڵ کاک عەولا موعینی، پێکەوە دەچنە هەولێر.

لەو سەفەرەدا، لە ڕووی ساکاری و کەملێکدانەوەیی لە بارودۆخەکە، چاویان بە "قادراغا" ناو دەکەوێ لە عەشیرەتی "مەنتک"، ئەو قادراغایە، هاوزەمان جاش دەبێ، جاشێکی بەدەسەلات و خەتەرناک، کە ناسیاویی دەگەڵ هەمووی ئێمەش هەبوو، چونکە وەختێک لە وەختان، بەندیی شۆڕش و لە بەندیخانە شێنێدا بوو، کە برادەرانی ئێمە پێی ڕادەگەیشتن بەو شەرتە هەر لە ڕێگای برادەرانی ئێمەشەوە، ڕێی هەلاتنی لە زیندان، بۆ خۆش کرابوو.

بە هەر ئاوایەک بووبێ وا دێتە پێش کە کاک عەولا و کاک مونتەقیم، هاوڕێ دەگەڵ قادر مەنتک، گۆیا چاویان بە "قائد فرقەی هەولێر"ش هەر دەکەوێ و میوانی دەبن. ئەو دیدارە نەپێویستانە هەروا هاسان و سادە، لەژێر چاوەدێریی دەسگای بە دەسەلاتی پاراستنی شۆڕش، تێپەڕ ناکا، پێیان دەگاتەوە.

جا لە گەڕانەوەدا کە ڕەحمەتی مونتەقیم لە ڕێگای گەلاڵەوە، دەگەڕێتەوە، لە سەیتەرەی پردی زەرد، دایدەبەزێنن، ماوەیەک هەر ونی دەکەن، دواتر دەردەکەوت کە ڕادەستی ئێران کراوەتەوە. بە باوەڕی خۆم، ئەو دیدار و گیران و ڕادەستکردنەوەیە، لەسەر یەک کاریگەری لەسەر دەستپێکی پڕۆسەی جوولانەوەی سالەکانی ٦٧-٦٨ هەبوو.

لێرەدا پێم خۆشە بە کورتی ئەوەندە بلێم کە ئەو پشێوی و ناکۆکییە گشتییەی لەو سەردەمدا داوێنگیری ئێمە کادر و پێشمەرگەکانی ح. د. ک. ببوو، لەدایکبووی گشتە هۆ و سەبەبێک بوون کە کورت و پوخت، لە خوارەوە، دەیانهێمەوە.

لە پلەی یەکەمدا، تا ئەو جێیەی ئێمەی دەگرتەوە، سادە و ساکارئەندێشی و لە بەرهەمدا، بە هەلە هەلەسەنگاندنی هەل و مەجالەکان، چ ناوخۆیی ناوخۆمان، چ لە لێکدانەوە لە پێوەندی دەگەڵ شۆڕش و دەسەلاتی شۆڕش لە باشووری کوردستان. هەر بەو پێیە، خۆدزینەوە لەو بەرپرسایەتییە کە هەم

حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان و هەم کوردی ڕۆژهەڵاتی، بە پێوانەی کوردایەتی لە بەرامبەر هەلناسکیی شۆڕشی باشوور و بەرژەوەندە گشتییەکانی، کە لەڕاستیدا پارێزگاریکردنیان، لە ئەستۆی گشت و هەمووان بوو.

هەر بەو ئەندازەیەش لەخۆباییبوونێکی لەڕادەبەدەر، لە هەمانکاتدا، قارەمانبازییێکی نابالّغ، کە ئاپارات و دەزگای نیزامی ڕێژێمی ئێرانی زەمانی شای زیاتر لە ئەندازەی خۆی لاواز و شپرێو هێنابووە حیساب و بە دەستی کەمی گرتبوو هەم لە خۆی ئێراندا و هەم بە گشتی لە ناوچەکەدا. با ئەوەشی لێ زیاد بکەم و بڵێم کە برادەرانی ئێمە هەروا لەخۆڕا و بە هەوەنتە، کووڕەگوێ ببوون، لەو بارەوە هۆ و سەبەبێکی بەرچاو بۆ ترس و لەرزی شۆرشگێڕانە، بەدی نەدەکرا.

لە پلەی دووهەمدا، دەستتێوەردانی حیزبی تووده‌ی ئێران، بە دەسکیشیی حیزبی شیوعیی ئێراق لە کاروباری ناوەوەی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان، بە مەبەستی ڕیشەئاژۆیەکی نوێ لەناو حیزبدا بە کەرەسەی چەند برادەرێکی وەک دەگوترا" تووده‌گرات"ەوە. حیزبی تووده، هەلی بۆ هەڵکەوتبوو، خەریک بوو لە ئاوی لیخندا ماسی بۆ خۆی بگرێ. وای دەدیت کە دەرەتانی مەیداناری بۆ ڕەخسابێ، دەیەویست پێی بێتەوە نێو نێوانەوە.

کە وابوو کوێ و کام جێگا بۆ ئەوان باشتر لە حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان دەست دەکەوت، کە هەم پایەگایەکی هەراوی کۆمەڵگای خۆی هەبێ و هەمیش بەگوێرەی ڕاوکەی کۆنەکۆلانەی خۆی لەوێدا، زەمینەی گوورانەوە و بووژانەوەیەکی دیکەی لێ بکرێ، کە ببێ بە ڕوانگەی هیوا و هومێدێکی نوێ بۆ ڕۆڵ و نەخشی لەدەستچوویان! بۆیە وەک سیسارک بۆنی کەلاکی کردبێ، لە بەغەداوە سەریان پێوەنا!

بە بۆچوونی خۆم، لەو نێوەدا بۆ بە ئامانج گەیشتی حیزبی توده، دەسکیشیی حیزبی شیوعیی برا لە ئێراق، نەخشێکی گرینگی تایبەتی هەبوو، هەم بۆ تێکدان و هەم بۆ هاندەری. لەڕاستیدا حیزبی شیوعی ببوو بە واسیتە و بە دەڵاڵی پێوەندییەکانی حیزبی تووده. بە شێوەی جیاواز

جیاواز، دەچوو دە کەڵێشەی هێندە کادر و پێشمەرگەی ئێمەوە، تا بە هەر جۆرێک بێ، لە دیوی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیان بکەنەوە، بە قەولی خۆیان شۆڕشێکیان لەودیوی سنوور، پێ ساز بکەن.

لەو کارەیاندا مەبەستێکی دیکەشیان دەپێکا، بەو مانایە کە دەبوون بە بەرهەڵست لە دەسەڵاتی شۆڕشی باشوور. لە حیسابی خۆیاندا وایان دانابوو ئێستا کە ئێران توانیویەتی شۆڕشێک لە ئێڕاقدا بەرپا بکا، ئەدی ئەوان بۆ نەتوانن لە ئێراندا هەمان کار ڕاپەڕێنن!

بەش بە حاڵی خۆم، هەم لە هەڵسووڕانیان و هەم لە نییەتی حیزبی شیوعی ئاگادار بووم، بەڵام ئەوکاتەی لێم بوو بە یەقین کە نوێنەرێکی خۆیان نارده لای منیش، هەرچەند دەیانزانی نە لە خەتی ئەواندام و نە پشتگیری دەکەم لە هەڵگیرسانی تەقە و پشێوی لە ڕۆژهەڵاتی وڵات لە بارودۆخی ئەو ڕۆژگاردا.

نوێنەری حیزبی شیوعی بۆ دیدار و لێگێڕانەوەم بۆ بەشداری لە شۆڕشی بنیاتنراویاندا، برادەرێک بوو بە نێوی "عەلی..."؛ ناسراو بە دوکتۆر عەلی، بەرپرسی کۆمیتەکانی حیزبی شیوعی لە مەڵبەندی ڕانیە، کە بۆ ئەو مەبەستە، هات بۆ دیتنم. دوکتۆر عەلی ساڵەکانی پاشتر لە حیزبی شیوعی وە لا کەوت، بە خۆی و بە خانمی هاوسەریەوە "داده مریەم" تا ئاخری ڕۆژی شۆڕش لە باشووری کوردستان، هەر دەگەڵ شۆڕش مانەوە و پێشمەرگە بوون.

دوکتۆر عەلی لە سەنگەسەر چاوی پێم کەوت. ئەگەر بە هەڵە نەچووبم کاک حەمەدەمین سراجی دەگەڵ بوو، بەڵان ئەو هەروەک گوێگر هاتبوو بەشداری ڕەدوبەدەڵی قسان نەبوو.

دوکتۆر عەلی هەڵگری پەیامێک بوو لە حیزبی شیوعیڕا، بەو مانایە کە نووسەری ئەو یادداشتانەش ڕای وان بە هێند وەرگرم و ڕەگەڵ کەوم. دوکتۆر عەلی ئەو داوایەی لەلایەن حیزبی شیوعییەوە لێ دەکردم و لەلایەن ئەوانەوە لێی دەگێڕامەوە تا منیش بە ماباقی جەماعەتی کادر

و پێشمەرگەی ماوە لە دیوی گەرمێن، بگەمە کاک فایق و بەشداری بکەم لە شۆڕشی تازەهەڵگیرساوی ئەوێدا.

بە قسەی دوکتۆر عەلی، حیزبی شیوعی بە هەموو شێوەی "ئیعلامی" و دعایەیی؛ واتە بە نووسراو و بە تەبلیغات، لە خزمەتی شۆڕشی گۆرینداد ەبێ. لە یاریدە و یارمەتی حیزبی شیوعی بۆ شۆڕشێکی تەیار و سەرتاسەری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان حاڵی بووم.

لە جوابدا گوتم برا، ئێوە دژایەتیی خۆتان دەگەڵ دەسەڵاتی شۆڕش و وەزعی لەگۆڕێ، دەتوانن بە شێوەیەکی دیکە بێننە پێش. لەو پێوەندییەدا، ئێمە مەکەن بە دەستەچیلە. نە ئێوە بە حکوومەتی ئێراقیشەوە، جێگای ڕێزێمی ئێران دەگرنەوە و نە ئێمەش دەبین بەوەی کە ئێستا لێرە هەیە. ئێمە جارێ ئەو توانایەمان نییە.

دوورکەوتمەوە، با بێمەوە سەر مەتڵەب، هۆی سێهەم کە ڕێخۆشکەر بوو بۆ ئەو گشتە ناتەبایی و لێک نەبان بوونانە، واتە شۆڕش لە ئێمە و ئێمە لە شۆڕش، لەوەدا بوو کە هیچ بەرنامە و پلانێکی نەتەوایەتی بۆ شۆڕشی باشوور، لە گۆڕێدا نەمابوو. ئەوەندەی لەپێشدا هەبوو بە دەستێوەردان و نفوزی ئێران لەناو شۆڕشدا، بەتەواوی وەلانرابوو؛ چ ڕەگ و ڕیشەیەکی پێوە نەمابوو، بە چەشنێک کە دیاردەی نەتەوایەتی و گرینگیی پشتیوانیی ئەو هێز و تاقەتە کارسازە، ئیدی هیچ حیسابێکی لە دەزگای شۆڕشی ئەیلوولدا، بۆ نەدەکرا.

بەشێکی هەرەزۆر لە دەزگادا، بە ئاڵقەلەگوێی و دەسماڵهەڵگریی ڕێژیمی ئێرانەوە سەریان گەرم بوو و لەو ڕێگایەدا، چ مەرز و سنووریکیان نەهێشتبۆوە. هەرکام لەو کاربەدەستانە بەپێی بۆچوون و بەرژەوەندیی خۆی لەو بوارانەدا، هەڵسوکەوتی دەکرد. نموونەی بەرچاوی ئەو دژیوییانە ئاکاری "عەبدالوهاب ئەتروشی"؛ فەرماندەی هێزی خەبات و ئەندامی کومیتەی ناوەندیی پارتی لە دەسەڵاتدارانی ئەوکاتی شۆڕش و هەر بەو چەشنە "عەولاغا پشدەری"؛ فەرماندەی هێزی ناوچەی باڵەکایەتی، پیاوی خاوەن دەسەڵاتی شۆڕش و هەر بەو پێیە خاوەن خزمەت بۆ ئێران ئەو زاتە ناموبارەکانە بوون.

ناکرێ خۆ لەوە ببوێرم و نەڵێم،کە شەهید "سامی عەبدورەحمان" کە بە کەسایەتیی سێیەم لە دەسەڵاتدا دەژمێردرا، نەخش و ڕۆڵێکی هەرە خراپ و تێکدەرانەی هەبوو لە بەسەرهات و کارەساتەکانی ئەو زەمانی کە داوێنگیری حیزبی دێموکڕاتی کوردستان و کادر و پێشمەرگەکانی هاتبوو دیاردەیەک کە لە ڕوانگەی مرووایەتی، مێژوویی و نەتەوایەتییەوە، ئاکامێکی زەرەربار و ڕوویەکی گەلێک ناحەزی بە خۆیەوە گرتووە.

چیرۆک لە گوندی "دێرێ"ی دۆڵەڕەقە کە وەک گوترا، بنکەی کاک فایقی لێ بوو ئاوا دەست پێ دەکات، کە بەپێی پێکگەیشتن و سازان دەگەڵ مەکتەبی تەنفیزیی شۆڕش، خەرجی ژیانی خەڵکەکە وەک هەر بنکەیەکی دیکەی شۆڕش، لە مەکتەبی تەنفیزی و مەکتەبی سیاسییەوە دەدرا بە بنکەی دێرێش. بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرک و کار، کاک فایق کەسێک بە نێوی "ئەحمەد باراممیرزا" پێشمەرگەی بنکە، کە بە ئەحمەدە کوێر ناودێر بوو، وەک ڕابیت و پێوەندیدار، بە مەکتەبی تەنفیزی دەناسێنێ تا جیرە پیتاک و خۆراکی بنکەی دێرێ، هەموو جارێ ئەحمەدە کوێر، وەری بگرێ بۆ بنکەی ڕاگوێزی.

ئەحمەدە کوێر، کە لەمێژبش نەبوو هەر لە ڕووی ئاشنایەتیی پێشین و برادەرێتیی زەمانی منداڵی دەگەڵ کاک فایق، هاتبووە بنکەی حیزب لە سونێ و لەوێڕا بۆ دێرێ، بە مەرحەمەتی کاک سامی عەبدورەحمان، دەکرێ بە جاسووس لەسەر کاک فایق و باقیی کادر و پێشمەرگەکان لە بنکەی دێرێ. لەوێ، چی باسکراوە و هەر قسە و بەرنامە و پلانێک جا با هەر قسەش بووبێ، ئەحمەدە کوێر گەورەی دەکاتەوە و بۆ خۆشیرینی و قازانجی گیرفانی خۆی، بە چەند قات و بەرامبەرەوە، تەحویلی کاک سامی دەدا. ئەویش، یان ئەوانیش، هەروا بە هەوەنتە، سەناریویەکی گەورە و ترسناکی لێ ساز دەکا و سەری مارەکەش لە دیرێ دادەنێ.

جا بەبێ ئەوەی لێ بکۆڵنەوە، مەنتیق و تێگەیشتوویی بە کار بێنن، هەر هەڵسوکەوتێکی ئێمەمانان، بەتایبەتی هیی برادەرانی کە لە بنکەی دێرێ دەمانەوە، بە بەدگومانی و دژ بە شۆڕش چاوی لێ دەکەن. نەخشی

ئەحمەدە کوێر وەک وڕوڕە جادووی کاک سامی، کاری خۆی کردووە و چاودێریی پشکنین و گومانلێکراوی لەسەر ئێمە، لە دەسگاکانی شۆڕشدا هەمەگیر دەبێ. ئەوەش کێشەیەک بوو کە قبوولکردن و قوتدانی بۆ ئێمەی بەلای خۆوە ولاتپارێز و شۆڕشخۆشەویست، هاسان نەبوو.

جا هەر لەو سەروبەندەدا و لە جەو و هەوایەکی ئەوتۆدا کە بە تازەکیش ڕەحمەتیی مونتەقیمی قازی لە گەڕانەوەی سەفەری هەولێر، لە باڵەکایەتی، دەسگیر کرابوو و لەڕاستیدا هەل و مەجالێکی تازەتری لەسەر پێ و سوارتری هێنابووە بەرهەم، پەیامێک بە نێوی مەکتەبی تەنفیزییەوە بە بنکەی دێرێ ڕادەگا، کە کاک فایق بچێ بۆ مەکتەبی تەنفیزی، کاریان پێی هەیە.

کاک فایق، بە لەبەرچاوگرتنی کەشوهەوای نالەباری لە ئارادا، بەتایبەتی لەسەر خودی وی، لە لایەک سویز و قسەی ژێربەژێری دەگەڵ حیزبی شیوعی، لەلای دیکەوە سەفەری بە تازەگی کراوی ڕەحمەتی مونتەقیم و کاک عەبدوڵای برای لە هەولێر، کە باسی کرا، لەو پەیامە دردۆنگ دەبێ و ترسی لێ دەنیشێ.

بۆیە بە هەموو و بە گشتی پێشمەرگەکانی بنکەی دێرێوە و بە حازری بەرەو مەکتەبی تەنفیزی لە باڵەکایەتی وە ڕێ دەکەوێ. لە دەوروبەری مەکتەبی تەنفیزی لە دێی "دەرگەڵە" لە بنکەی حیزبی شیوعی، دەمینێتەوە و کەسێک لە هاوکارانی خۆی دەنێرێ بۆ مەکتەبی تەنفیزی تا لەو پەیامە بکۆڵێتەوە کە بە نێوی مەکتەبی تەنفیزی بۆی هاتووە.

کابرا، گوێا دەچێ و دەگەڕێتەوە و پێی دەڵێتەوە کە لە مەکتەبی تەنفیزی گوتویانە ئەوان پەیامیان بۆ نەناردووە و چ کارێکیشیان پێی نییە. بە ڕواڵەت، زیاتر هەر لەسەر ئەوەندە قسەیە تووشی لە خۆنیگەرانی دێ، لای وا دەبێ ببێ و نەبێ لە بارەگای بارزانی و لە شەخسی ڕەحمەتی کاک ئیدریس بارزانییەوە بە نێوی مەکتەبی تەنفیزی ئەو پەیامەی بۆ چووە، ئەوەش لەوانەیە داوێک بێ بۆی داندرابێتەوە. لە دەرگەڵەڕا، ڕێگا دەگۆڕێ و بەرەو بنکەی سونێ دێ.

ئەوەی لە بیرم مابێ، پاش نیوەڕۆیەک بوو کە کاک فایق گەیشتە بنکەی سونێ. لەوێ شەرحەحاڵی بۆ گێڕاینەوە. ئەو ڕۆژە بە هەڵکەوت شەهید "مەلا ئاوارە"ش بە میوانی لە سونێ لەلای ئێمە بوو، بە تازەگی لە ڕۆژهەڵاتڕا هاتبووە وێ، دەنا مامۆستا ئاوارە لەو کادرە تێکۆشەرانە بوو کە بە دایمی لە ناوچەی کاری خۆیدا دەماوە و جارجار و بۆ سەردان نەبا، نەدەهاتەوە باشوور. ئەو ئێوارەی کە کاک فایق هاتە سونێ، مامۆستا ئاوارەش لەوێ حزوری هەبوو.

وەک گوترا، کاک فایق هەمووی ئەو هەڵسوکەوت و زەمینەسازییانە و لە بەرهەمدا گوشاری شۆڕش بۆ سەر حیزبی دێمۆکڕات و کادرەکانی، هەروەها پەیامی گۆرین بە نێوی مەکتەبی تەنفیزی و دەستگیرکردنی ڕەحمەتی مونتەقیم قازی و... بە دەسیسە و بە پلان دادەنا بۆ لێدانی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان، ناوەڕۆکی قسەکانی ئەوە بوو کە ئێمە لێرە "ناو شۆڕش" جێمان پێ لێژ بووە، دەبێ چارەیەک لە خۆمان بکەین. گوتم: "برا گیان! جارێ مەعلووم نییە ئەو کەسەی تۆ ناردووتە بۆ مەکتەبی تەنفیزی، هەر چووبێتە ئەوێش، پاشان ئەگەر چووبیش مەعلووم نییە کێی دیبێ، بێ لەوەش ئایا هەر ئەوەندە بۆ شۆڕشێک دەبێ؟ سەرەڕای گوشار، بەرهەڵستی و بێنازبوونمان، دەکرێ خۆ بە گۆمێدا بدەین؟" گوتم: "دەگەڵ ئەو بۆچوونە نیم کە دەڵێ هەرچی دەبێ با ببێ، هەم زیان بە خۆ بگەیەنین و هەم تووشی هەڵوێستی نادروست بێین بەرامبەر بە شۆڕشی باشوور." لام وابوو و گوتم: "ئەو شۆڕشە، شۆڕشێکی نەتەوەییە، سەرکەوتن یان تێکشکانی، کاریگەیەکی ڕاستەوخۆی دەبێ لەسەر چارەنووسی نەتەوەی کورد، ئەرکێکی نیشتیمانپەروەرییە کە سەرەڕای هەموو ئاستەنگی و تەنگژەیەک، دەگەڵ بین و لە خزمەتیدا بین." ئێستاش کە ئەو چەند دێڕانە دەنووسم، هەر لەسەر ئەو باوەڕم. لاشم وایە، گوتم: "ئەو ئاستەمکارییانە کە ناتەبایی ئێمەشی پێوە دیارە، ڕێگەچارەیان نەبێ، با مەجالی دیدار و باسێکی جیدی لەو بارەوە دەگەڵ شەخسی بارزانیی نەمر پێک بینین، دڵنیا بووم هەم بۆمان دەگونجێ و هەمیش بۆمان هەڵدەبڕێ. با ئارامتر بەرەو پیری کێشە و مەسەلەکانمان بچین."

ڕام وابوو و گوتم: "لە خراترین حاڵەتدا ئەگەر هیچمان بۆ نەکرا و جێبەجێ نەبوو، با پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان دەگەڵ هێزەکانی پێشمەرگەی شۆڕش، جێگا و ڕێگایان بۆ دیاری بکەین و خۆشمان؛ واتە کادرەکان، بەگشتی دەست دەینە گۆچان و کتێب، بەبێ چەک ڕوو لە حوجرەی مزگەوتەکان و نێو فەقێکانی برادەرمان بکەین، کە تەقریبەن هەموویان حیزبی و کاران، با دەگەڵ ئەوان بین و کاری سیاسی و حیزبایەتی دەوام پێ بدەین، دڵنیام دەحاوینەوە و کاریشمان بۆ دەکرێ."

پاش کێشە و جەدەلێکی تەواو لەو بارانەوە، بە تایبەتی لەمەڕ ئەو پێشهاتە تازەیەی پەیامی مەکتەبی تەنفیزی بۆ کاک فایق، هاتینە سەر ئەو باوەڕە کە لێکۆڵینەوەیەکی تازەی لەسەر بکەین. پێشنیار کرا کاک فایق با جارێ لە بناری قەندیل لە گوندی"قەڵاتۆکە" و دەوروبەر بمینێتەوە، نەچێتەوە دیوی ڕۆژهەڵات، تا خۆمان دەچین بۆ مەکتەبی تەنفیزی و بارەگای بارزانی، لە کێشەکە سەر دەردەکەین و لێمان ڕوون دەبێتەوە هەڵە و غەڵەت لەکوێڕایە.

کاک حەمەدەمین سراجی و نووسەری ئەو یادداشتانە، دەبوو بچین بۆ مەکتەبی تەنفیزی و بارەگای بارزانی. نایشارمەوە، بۆ چوونی مەکتەبی تەنفیزی و بارەگای بارزانی شەرتم هەبوو، ئەویش ئەوە بوو تا دەچین و دێینەوە، کاک فایق هەر لەو شوێنانە بمێنێتەوە کە باسکران و نەچێتەوە بۆ ناوەوەی ڕۆژهەڵات، مەرجەکەم لێ وەرگیرا و کاک فایق قبوڵی کرد. ئەو بە جەماعەتەوە لە سونێ بەرەو قەڵاتۆکە وە ڕێ کەوت. ئێمەش خۆمان ساز کرد تا سبەی ڕۆژ بە ڕووناکی بەرەو گەڵاڵە و باڵەکایەتی وە ڕێ کەوین.

ڕۆژی دوایی، سەرلەبەیانی، لە بنکەی سونێڕا ڕوو بە باڵەکایەتی وە ڕێ کەوتین. تازە لە دێ دەرچووبووین، تووشی دوو پێشمەرگە لە دەستەی کاک فایق هاتین کە پسوولەیەکی ئەویان پێ بوو کە کردمەوە و خوێندمەوە، نووسیبووی، من لێرە هەست بە حەسانەوە و دڵنیایی ناکەم، وا ڕۆیشتم بۆ ناوچەی "نۆکان" و "کانییەزەرد" لەودیو، ئێوە لە

گەڕانەوەدا خەبەرێکم لێ مەعلووم بکەنەوە. ئەگەر وابوو کە دڵنیاییەک لە ئارادا، بێ ئەوە دەگەڕێمەوە دەنا، نا. وا باشە ئێوەش بپێچنەوە و بگەنە ئێمە.

دەقی ئەو نامەیە لە بایەگانی حیزبدا ڕاگیرابوو، ڕەنگە هەر مابێش. بەو شێوەیە کاک فایق شەرتومەرجەکەی نێوانمانی نەبردە سەر، وەک نووسیبووی ئاوای ڕۆژهەڵات بۆوە، ئیدی چوونی ئێمە بۆ باڵەکایەتی و لێکۆڵینەوە لە پەیامی گۆرین، مانای تێدا نەما.

وەک گوترا، من دژبەر بووم، کە لە بارودۆخێکی ئەوتۆدا بە چەکدارەوە بگەڕێینەوە بۆ ڕۆژهەڵات، دەمزانی بمانەوێ یا نەمانەوێ تووشی تەقە و شەڕوشۆڕ هەر دەهاتین. یەک یەک و دوو دوو بە بەرهەم دەکوژراین، هیچی زیاترمان لە دەست نەدەهات، مەگەر هەر هێند بووباین بە قارەمان، باوەڕیشم بەو قارەمانبازییەی نەبوو.

کاک فایق کە هەر لەپێشدا بڕیاری گەڕانەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی بۆ خۆی دانابوو، کاغەز و ئامرازی چاپەمەنی لە چەشنی تایپ و ڕۆنیو دەگەڵ چەکە زیادییەکانی حیزب چی لە لا بوو لە بنکەی دێرێ، هەمووی دەگەڵ خۆی بار کردبوو و هێنابوونی. لە دێیەکانی دەوروبەر وەک "زێوکە" و "ئاشی وەتمانی" و چەند شوێنێکی دیکە حەشاری دابوون، تا دواتر چارەیان بکا.

ڕۆیشتنی کاک فایق و جەماعەتی دەگەڵ بووی، دەنگی داوە. هەم لە ناوەوەی ولاتدا تەقیەوە و هەم لە باشوور. لەلایەن دەسەڵاتدارێتیی شۆڕشەوە بە هەستیارێکی تەواو و لە ڕوانگەی ئەوانەوە بە مەبەستی زەرەر و لەتمە گەیاندن بە شۆڕش، بڵاو بۆوە و قسەوباسی لەسەر دەکرا. تەنانەت ئێمەمانان؛ ئەو بەشە لە حیزب کە بە هیچ شێوەیەک لە و هەل و مەجالەدا دەگەڵ گەڕانەوەی چەکدارانە بۆ ڕۆژهەڵات نەبووین، ببووینە جێگای شکوگومان و زۆرتر وەک پشتی جەبهەی برادەرانی گەڕاوە بۆ ڕۆژهەڵات، فایل و پەروەندەمان بۆ کرابۆوە.

بە ڕاوبۆچوونی خۆم لام وابوو کە درەنگ یا زوو هەم گەڕان و پشکنین لە شوێن و جێگاکانی ئێمە دەست پێ دەکا و هەم چاودێرییەکی زیاتر دەکەوێتە سەر بنکەی سونێ لەسەر سنوور، لەوانەیە ڕێگامان پێ نەدەن لە سونێ بمێنینەوە. پێشنیارم کرد بەرلەوەی پێمان ڕابگەیەنن با خۆمان لە سونێ وە لا کەین و بنکەمان ببەینە شاروچکەی سەنگەسەر، کە لەوێ بنکەیەکی پێشمەرگەکانی حیزبیشی لێ هەبوو کە لەژێر فەرماندەیی شەهید "حسۆ میرخان ژاژۆکی" فەرماندەی هێزی کاوە، خزمەتیان دەکرد.

لەو هەست و ئێحساسەڕا، لە سونێ وە لا کەوتم، بارگە و بنەم گواستەوە بۆ نێو دەستەی پێشمەرگەکانمان لە سەنگەسەر. مامۆستا مەلا ئاوارە گەڕاوە بۆ ناوچەی تێکۆشانی خۆی، بانە و سەردەشت. چەند کەسێکی دیکە لە دۆستان، کە بۆچوونی جیاوازیشیان هەبوو؛ لەوانە کاک حەمەدەمین سیراجی و کاک سمایل شەریفزادە و کاک سالار حەیدەری هەر لە سونێ مانەوە.

وەک بۆی چووبووم و هەستم پێ کردبوو، زۆری پێ نەچوو پشکنین بۆ دارایی و چەک و چۆلی حیزب لە لایەن دەسەڵاتدارێتی شۆڕشەوە، دەستی پێ کرد، لە تایپ و ڕۆنێو و کاغەزڕا بگرە، تا دەگاتە چەکوچۆڵ... چی لێرە و لەوێ شاردرابوونەوە وە بەردەست کەوتن و بە تاڵان چوون، هەر بەو شێوەیەی کە ماڵ و دارایی جاش و دژ بە شۆڕش دەستی بەسەردا دەگیرا.

هاوکات چەند جارێک هێزی پێشمەرگە، لەژێر فەرماندەیی "مام وسوو دزەی"، کە ئەو کاتە پۆستی جێگری فەرماندەی هێزی کاوەی بە ملەوە بوو، وە دوای کاک فایق و برادەرانی دەکەوتن و دەچوونە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە. ئەوەی مەعلووم بوو، هەموو جارێ دەگەڵ نفرەت و بێزارییی خەڵکی ئەودیوی سنوور ڕووبەڕوو دەبوونەوە و هەروا بێ نەتیجە دەگەڕانەوە بارەگاکانی خۆیان.

زستانی ساڵی ١٩٦٥ زۆر بە ناخۆشی بۆ ئێمە؛ ئەوانەی کە مابووینەوە و سنوورمان نەپەڕاندبوو، چووە سەر. گوشار و بڕوبیانوو پێگرتن، چاوەدێری و هێنان و بردن، مەسەلەی ڕۆژانەمان بوو. ئێمە؛ ئەوانەی کە لە ناوچەی

ژێر دەسەڵاتی کاک حسو مێرخان ژاژۆکیدا بووین، تا ئەندازەیەک باشتر بووین و ڕعایەتمان دەکرا. نەگیراین و بێئیحتیرامی کەمتر ڕووی دەدا، چونکە بێجگە لەوەی کە کاک حسۆ خۆی مرۆیەکی گورد و نیشتمانپەروەر بوو، هەرچی لە بارەگای بارزانیڕا ئەمری پێ نەکرابا، نەیدەکرد.

کاک حسۆ، چونکە عەجەمخۆشەویستیش نەبوو و خۆی بە تەواوی لە پێوەندی دەگەڵ ڕێژێمی ئێران دەپاراست، بێجگە لەوانە هەمووی بنەماڵەی باوکی کە کاتی خۆی دەگەڵ بارزانیی نەمر کەوتبوونە ڕۆژهەڵات، لە دێی "گوێگجەلی" کە بە مواڵکی دێی بنەماڵەی قازییەکان-دێی خوالێخۆشبوو سەیفولوتفزادت، گەورەشاعیری نەتەوەیی و گەورەپیاوی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، باوکی ڕەحمەتی دوکتۆر ڕەحیم سەیفی قازی-نیشتەجێ کرابوون و ڕێزیان لێ گیرابوو، لەو ڕووەوەش دەگەڵ نووسەری ئەو دێڕانە، هەر لەسەر ئەو کۆنەحسابە، نێوانی خۆش بوو؛ هەرچەند جارجار تێکێش دەچووین و تووشی مرخێش دەهاتین. بەڵان بەڕێزیان هیچ جارێ لە ئەندازە و سنووری ڕێز و حورمەت، بە نیسبەت منەوە، دەرنەچوو. کەم جاریش وا هەبوو کارم پێ هەبووبێ و داوایەکم لێ کردبێ، بە نیسبەت خەڵکی ناوچەکەوە، لێی قبوڵ نەکردبم و قسەی شکاندبم، یادی بەڕێزی بە خێر بێ.

لە ناوچەکانی دیکەی شۆڕش، بەتایبەتی لە باڵەکایەتی و لە ناوچەی هێزی خەبات کە لە ژێر دەسەڵاتی عەبدولوەهاب ئەتروشیدا بوو، هەروەها لە ناوچەی سلێمانی و لقی ٤ی پارتی، هیچ زوڵم و زۆرێک نەما کە دەگەڵ ئێمەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان-گۆیا حیزبی براش-نەیکەن. لە زیندانڕا بگرە، تا کوشتن و تەحویلدانەوە بە ئێران؛ تەنانەت بە کوژراویش، هەر خۆیان نە پاراست. بەو چەشنە لاپەڕەی هەرە بە عەیب و عار لە مێژوویی تێکۆشانی کوردایەتیدا، لەو کات و شوێنانەڕا، کرایەوە.

جێی ئاماژەیە و بۆ گوتن دەبێ کە بڵێم، سەرەڕای زۆرەملی کە دەگەڵمان دەکرا و وێڕای گوشاری هەمەچەشنەی کە لەسەرمان بوو، بە فەقیری و نەداری و بێ ژیانێکی کەموێنەشەوە کە لەنێو ئێمەدا حاکم بوو، هەرگیز

کورتمان نەهێنا، هەرگیز تەسلیم و ملکەچ نەبووین، بەگیان و بە دڵ بە هومێدی ڕۆژگاری باشتر، بە عەقیدە پتەو و بە ئیمان و باوەڕ بە ڕێگای خۆمان، سەربەرزانە ماینەوە و دەورانی نالەباریمان لە گرێژەنە برد. لەو ڕێگایەدا، پشتیوانی و دڵسۆزی و هاوکاریی خەڵکی خۆمان لە باشوور، بە هەموو شێوەیەک دەگەڵمان بوو، کە لەڕاستیدا نموونەیەکی بەر چاو بوو لە یەکێتی و هاوسۆزیی نەتەوایەتی لە کوردەواریدا.

بڕەپێشهاتێکی خۆش بۆ بزەی لێو دەشێ. لەو زستانە ناخۆشە پڕ ناتەواوییەی ئێمەدا، جارێکیان"مامۆستا هێدی"؛ واتە کاک خالید حیسامی، شاعیر و ئەدیب و خۆشڕاوێژی کوردەواری، بە میوانی لە باڵەکایەتیرا هاتبووە سەردانمان لە سەنگەسەر و میوانمان بوو. پێکەوە و بە پێیان سەفەرێکی سونێمان کرد، تا دیدارێکی ئەو دۆستانەمان بکەین کە لەوێ مابوونەوە. کاک مەلا سەید ڕەشید و شێخ بایز شەریف، کادر و پێشمەرگەی ئەو کاتەی حیزب لە سەنگەسەر دەگەڵ بوون سپاس بۆ یەزدان شێخ بایز جارێ هەر ماوە و ئێستا کە لە سەرچناری نزیک شاری سلێمانی نیشتەجێیە- چەند ڕۆژێک لە سونێ مایناوە، سەرئەنجام ڕۆژێکیان، بەیانیێکی کەمێک درەنگ، لەوێرا بەرەو سەنگەسەر لە ماڵ دەرچووین.

ڕۆژێکی بە تەڕ و تووشی بوو، هەم بەفر دە زەویدا مابوو و هەمیش نم نم باران دەباری، کە لە ڕێگای چیایی و بەردەڵان دەرچووین و کەوتینە پێدەشت، قوڕەزەلەق گوشاری بۆ هێنابووین، ڕێمان بە زەحمەت دەبڕی. ڕێیەکەمان بە بەر دێی"شیرویت"دا ڕادەبورد. شێرۆێتی ئەو کات، گوندی ڕەحمەتیی "هەمزاغا"؛ براچووکی ڕەحمەتیی "عەلی حەسەن ئاغا"ی مەنگوڕ و ماڵیشی هەر لەوێ بوو. من هەمزاغام دیتبوو و دەمناسی، بەڵان ئەو کاتە ئەو منی وە بیر نەدەهاتەوە و نەیدەناسیمەوە.

لەبەر گوندی شیروترا، سەعات و نیوێک پیادەڕەوییمان لە بەر بوو تا مزڵی مەبەستمان لە سەنگەسەر، ڕۆژ بەرەو ئاوابوون و تەقریبەن هەرە سەعاتەوەختێکی ل ێمابۆوە. مامۆستا هێدی کە نە پیادەڕەوێکی باش و قۆچاغ بوو و نە لە ڕێڕۆیشتندا پشوودرێژ بوو، ماندوو و فل گوتی: "با لەو

دێیە لادەین. شەو لێرە دەبین و بەیانی بە نەفەسی تازەوە وە ڕێ دەکەوینەوە!" هەرچی دەلیل و بەڵگەم بۆ هێناوە، کە برادەر ڕێگایەکی زۆرمان نەماوە، زۆر پێ ناچێ دەگەینە جێ، ئیستراحەتمان لەوێ خۆشتر دەبێ، با بەو مانگە ڕەمەزانە، ڕوو لە مااڵی خەڵکی نەناسراو نەکەین، فایدەی نەبوو؛ پێی خۆش بوو بمێنینەوە، ئێمەش لە بەروی تەسلیم بووین.

گوتم: "دە باشە دەمێنینەوە. بۆ ئاگاداریش بزانە ئەو دێیە نێوی شێرۆێتە، دێی هەمزاغای مەنگورە. پێت خۆشە میوانی مااڵە کابرایەکی گوندی بین، یان پێت باشە ڕوو لە دیوەخانی ئاغا بین!" مامۆستا مااڵی ئاغای پەسند کرد، ڕوومان کردە دیوەخانی هەمزاغا.

هەمزاغا چاپەزێکی هەبوو بە نێوی "وەسمان" وەسمان یان عوسمان، کە لەاڵی ئێمە وەسمانەکەی پێ دەگوترا، ئەندامی حیزب و لە کورە جحێڵە مەنگورەکانی اڵی خۆمان بوو کە پاش ئاوارەبوون، لەاڵی هەمزاغا گیرسابۆوە و ببوو بە چاپەزی و هاتوچۆی بنکەی سونێشی هەبوو. وەسمان، کە ئێمەی لە دیوەخاندا دیت زۆر کیف خۆش بوو، هێندەی بڵێی یەک و دوو سەماوەری وە گیزە خست و چای دێم کرد و کەوتە هاتوچۆی دەر و ژوور.

جارێ ڕۆژی هەر مابوو، بەربانگ نەببوو، کە هەمزاغای خاوەنماڵ، بە کەپەنک و گۆچانی شوانییەوە وە ژوور دیوەخان کەوت. وە هەموو شت دەچوو وە ئاغادێ نەبێ. بە دابی مەنگورایەتی و باوەی ناوچەکە، گوتی: "هەرچی میوانە بە خێر بێ!" سپاسمان کرد و لە المان دانیشت.

هەمزاغا بەڕۆژوو بوو. سەماوەر قڕقڕ دەکوڵێ و بۆنی چای تازەدێمکراوی نێو چادانی سەر سەماوەر کە لە ژووری دیوەخانە گەڕابوو ڕەمەزانی لە بیر هەمزاغا بردبۆوە، سیغار بە دەستەوە، پەیتا پەیتا، بە وەسمانەکەی دەگوت: "چای تێکە ئەمما چا!"

وەسمان گوتی: "هەمزاغا ڕەمەزانە، جارێ ڕۆژی ماوە، مەال بانگی نەداوە."

هەمزاغا کە پیاوێکی قسەلەڕوو و یەکجار ساکار بوو، بۆ دەقیقەیەک بێدەنگ بوو، بەڵان لەسەرڕا هاواری لێ هەستا، گوتی: "دە بچۆ دەرێ بزانە مەلا بانگی دا یان نا!"

- ئاغا! خۆ ئێرە قەڵادزە نییە، شیرووێتە و چوار پێنج ماڵ، مەلا بانگ بدا گوێمان لێ دەبێ.

- ئەی هوو! تەڵاقم کەوێ بانگ بووە، هەر ئەو مەلایەی ئێمە وا درەنگ بانگ دەدا. دە تێکە چای تێکە.

سیغاری داگیرساند، ڕۆژ هەر مابوو، ڕۆژووی شکاند، یان بڵێین بەربانگی کردەوە. جا ئەوجار پەرژایە سەر ئێمە و پرسی:

- خەڵکی کوێن و بۆ کوێ دەچن.

- خەڵکی ئەو خوارەین و بەرەو مەکتەبی تەنفیزی دەچین.

- دەی هەرکەسێ هەن، بە خێر بێن! میوان عەزیزی خودایە.

نانی ئێوارەێ خورا، بە قسەی خۆشەکانی هەمزاغاوە دەمێکی خۆش و بە پێکەنینمان ڕابوارد. وەختایەک هەمزاغا هەستا بۆ نووستن بچێتەوە نێو ماڵ و منداڵی، گوتی:

- ئێوە بە ڕۆژوو دەبن، تا بۆ پارشێو هەڵتان بستێنینەوە، یان بە ڕۆژوو نابن!

کاک مەلا ڕەشید جوابی داوە و گوتی:

- ئێمە ئەو دووانە؛ واتە خۆی و شێخ بایز، بە ڕۆژوو دەبین. ئەو دووانەی دیکە، ئامازەی بە ئێمە؛ مامۆستا و من کرد، و گوتی، ئەو دوو کەسەشمان بە ڕۆژوو نابن.

- جا کەیفی خۆیانە بە ڕۆژوو دەبن یان نا، خۆ کەس ناچێتە قەبری کەسەوە.

جێ ڕاخران، بۆ نووستن ڕاکشاین، بەدەم ڕاکشانیشەوە، قسە خۆشەکانی هەمزاغامان کاوێژ دەکردنەوە و پێدەکەنین، لەڕاستیدا خەو نەبوو، تا سەڵای پارشێوی مەلای دێ، بڵێند بوو.

وەسمان نان و ماستی پارشێوێی هێنابووە دیوەخان، دەگەڵ ڕۆژوانەکان خەریکی پارشێوکردنەوە بوون، کە هەمزاغا وە ژوور دیوەخان کەوتەوە و یەکسەر گوتی:

- ئەیی! ئەوانە بۆ هەڵنەستاونەوە پارشێو بکەنەوە؟

مەلا ڕەشید گوتی: ئەوانە بە ڕۆژوو نابن.

- بۆ موسوڵمان نین؟

- بەڵێ موسوڵمانن، بەڵان بە ڕۆژوو نابن. خۆشت گوتت کەس ناچێتە قەبری کەسەوە.

- کاکە هەڵیانبستێنن با ئەوانیش نان و چای خۆیان بخۆن، کەسم نییە نان و چای بەیانیان بداتێ!

- هەمزاغا، ئەوانە نان و چای بەیانی ناخۆن.

- بەڵێ بەڵێ! حاڵی بووم، ئەوانە مامۆستان مامۆستا، مەنسوولن؛ بۆیە بە ڕۆژوو نابن. ئەوەندەی گوت و لە دیوەخان دەرکەوت.

دیار بوو هەمزاغا، گوتەکانی سەری شەوێی خۆی لە بیر نەمابوو. ئێمە کە خەویشمان لێ نەکەوتبوو؛ هەستاینەوە، بە پێکەنین و تەفسیر لەسەر قسەکانی شەو پارشێوی هەمزاغا گوزەراندمان، تا ڕۆژ بۆوە و هەتاو کەوتە وڵاتەوە. هەستاین، دەست و چاو شۆران، سەماوەر و چادان لەسەر سازوباز و ئامادە.

زۆری پێ نەچوو، وەسمان سینییەکی گەورەی نان لەسەر کە بە ماست، پەنیر، کەرە، هەنگوین و هێلکە ڕازابۆوە، وە ژوور کەوت و لە پێشی دانا. تازە دەستمان بە خواردن کردبوو، هەمزاغا بە کەپەنک و

گۆچانی گۆرینەوە، هەمدیسان لێمان وە ژوور کەوتەوە، کە ئەو سینیە بەرچاییە ڕازاوەی لە پێش دیتین، سەری سوڕما و بە چۆکی خۆیدا دا و گوتی:

- ئەک مالّمە هەی! ئەوە ئەو هەموو تەعامەیان لە کوێ بوو؟

بە پێکەنینەوە گوتم:

- هەمزاغا، خوا گەیاندوویەتی وەرە بخۆ.

گوتی:

- جا دیارە دەخۆم، چۆن ناخۆم! تەلّاقم کەوێ لەوەتا مالّم، شتی ئاوام لە مالّەخۆمدا نەدیوە.

هاتە سەر سین،ی وەک ئێمە، دەستی کرد بە خواردن و بەربانگی پێ کردەوە. لە ڕۆیشتندا گوتی:

- یارەبی بە خێر چن. ئەگەر جارێ دیکەش ڕێتان کەوتە ئەو ناوە، لەبەر ئەو بەرچاییە هەر وەرنەوە ئێرە.

وا هاتە پێش کە سالّ و نیو پاشتر، کە دەگەلّ هەمزاغا ببووینە ئاشنا، جارێکیان نەقلّی ئەو شەو و بەرچاییەی بۆ گێڕامەوە و گوتی: "جارێکی جەماعەتێکم لێ وە ژوور کەوتن بەو حالّە و بەو ڕەنگە و بەو بەرچاییەوە. ئێستاش تێنەگەیشتم ئەوانە کێ بوون و ئەو بەرچاییەیان لە کوێ و بۆچی بۆ هاتبوو بۆتە گرێ لەسەر دلّم!"

گوتم: "هەمزاغا، لەو کەسانە یەکیان من بووم." گوتی: "نە هەر سێک تەلّاقم کەوێ، تۆ دەگەلّ نەبووی." گوتم بەلّێ و چیرۆکەکەم لەسەرڕا بۆ گێڕاوە. ئەوجار گوتی: "دەک خەجالّەت خۆم، چۆن تۆم نەناسیوەتەوە! ئەگەر وایە، پێم بلّێ بزانم ئەو بەرچایەتان لە کوێ بوو!"

بۆم باس کرد و گوتم: "هەمزاغا، سمایلاغای برای تۆ، خێزانی لە ئێمەیە، مەنگورِی ئەودیوە، کچی مالّی عەولّاغای ئامۆزای خۆت.

وەسمانەکەی چاپەزت پێی گوتووە میوان کێن و چ کەسن، ئەویش ناسیوینی و بە بەرچاییە شایانەی گۆرین، ڕێزی لێ ناوین و تەواو." گوتی: "دەک مالّت ئاوەدان بێ، لەو کاتەوە بیری لێ دەکەمەوە و ئێستای لێ حالّی دەبم."

هەمزاغای ڕەحمەتی یادی بە خێر، کەسایەتێکی ساکار و قسەلەڕووی خۆمالّی مەنگوڕایەتی بوو، لە قسەی نەدەپێچاوە، گالّ هاتبا یان پەمۆ، وابوو کە گەلێک جار وتەکانی نەستەق و دەگمەن دەر دەکەوتن. لەو هەلّکەوتانەی دیکە، جارێکیان دەگەلّ دەستە پێشمەرگەیەکی ئێمە لە ناوچەی بارزان، وە چیای پیرێس، کە چیایەکی ئاستەم و بە هەورازە، هەلّدەگەڕێن. لە نیوەی ڕێگادا دەستەولّاغداریک، بە ئێستر و گوێدرێژەوە دەیانگەنێ. خەلّکەکە بەگشتی سواری ولّاغان دەبن و هەورازی ئاستەم دەبڕێ، لە چیا وە سەر دەکەون.

لە ئیستیراحەت و پشووی سەر چیا، هەمزاغا ڕوو لە خەلّکەکە دەکا و دەلّێ: "وەلّاهی ئەو کەر و ئێسترانە خدری زیندە بوون لە ئێمە پەیدا بوون، دەنا لەو هەورازەی دەپساین." مەلا قادری لاچینی، لە کادرەکانی ئەو کاتی حدک، لەو قسەیەی هەمزاغا هەلّدەچەرخێتەوە و دەلّی: "هەمزاغا کفرت کرد، چۆن شتی وا دەلّێی!"

هەمزاغا، لەسەرەخۆ، دەلّێ: "ئەو شۆڕشە بۆیە خۆشە، پیاو شتی ئەوهاشی لێ دەبینێ. ئاخر کابرا! خدری زیندە ئەوە نییە کە لە فریای موسولّمانان دێ؟ دە ئەو کەر و ئێسترە لەو هەورازە لە فریای ئیمە نەهاتن؟ خدری زیندە عەینی خۆیان بوون و بڕاوە."

دوور کەوتمەوە، گوشار و زەخت لەسەر ئێمە بەردەوام بوو. بنکەکانی ئێمە لە ناوچەی هەلّەبجە داخران، جەماعەتی کادر و پێشمەرگەی ئێمە لەوێ ئەوەی دەرچوون و هەلّاتن و گەیشتنەوە ئێمە لە ناوچەی سەنگەسەر و قەلّادزێ، نەجاتیان بوو و ئەوانی تر وەک مام "ئەسکەندەر عەلی"، "تۆفیق مستەفا" و "حەبیب" و "جافر" و"محمەد" کە پاشناوەکانیانم لە بیر نەماوە، عەبدولوەهاب ئەتروشی، قۆلّبەستی کردن و لە ناوچەی سیوەیلڕا بە ڕێژێمی ئێرانی فرۆشتنەوە.

ساڵی ١٩٦٧ی زایینی، کاک میرزا حمەد، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەر لەو ناوچە گیرا و کەوتە زیندانی عەبدولوەهابەوە، چەند ڕۆژێك پاش گرتنەکەی شەهیدکرا و جەنازەکەی دراوە دەست ساواکی ئێران. هاوکات دۆستانی ئێمە لە باڵەکایەتی کەوتنە زیندانەوە و بەگشتی و لەسەر یەک کەوتینە مەترسێکی تەواوەوە.

ئەو کاتە کە خەبەری گیران و ڕاونانی برادەرانمانم لە ناوچەی عەبدولوەهاب پێگەیشت، بۆ نەجاتی گیانیان؛ بەتایبەتی ژیانی میرزا حمەد کە دەمزانی مەترسی جیددی لەسەرە، ڕووم لە مەکتەبی تەنفیزی و سیاسی کرد لە ناوپردان، تا بەڵکو لە چنگ عەبدولوەهابی ڕزگار بکەم. لە مەکتەبی سیاسی پارتی داوای دیداری کاک حەبیب حەمە کریم؛ سکرتێری گشتیی ئەو کاتی پارتیم کرد. زۆری پێ نەچوو ڕێنوێنییان کردم بۆ ژووری کاک حەبیب. لەلای کاک حەبیب "عەلی عەبدوڵڵا"؛ ئەندامی مەکتەبی سیاسیی ئەو کاتەی پارتی دانیشتبوو. سکاڵای خۆم بۆ کاک حەبیب باس کرد و داوام لێ کرد یاریدەمان بدا بۆ نەجاتی گیانی میرزا حمەد. گوتم: "تازە بۆ ئەوانی دیکە، کار لە کار ترازاوە، عەبدولوەهاب، گیراوەکانی تەسلیم بە ئێران کردوونەوە و هەل لە کیس دەرچووە چ ناکرێ، کارێک بکەن کە میرزا حمەد بە دەردی ئەوان نەچێ."

کاک حەبیب هاوسۆزی خۆی ڕاگەیاند و سوێندی خوارد کە ئەوان؛ واتە مەکتەبی سیاسی لەو بەسەرهاتانەی ناوچەی هێزی خەبات و لقی ٤ی پارتی بێ ئاگان و وەعدی دا بە هەموو شێوەیەک هەوڵی ئازادکردنی میرزا حمەد بدا.

جێی سەرنج ئەوە بوو کە لە هەموو ماوەی ئەو قسە و باسانەدا، کە زیاتر لە سەعاتی خایاند، عەلی عەبدوڵڵا، سەری لەسەر ڕۆژنامەی خەبات کە بە دەستیەوە بوو و گۆیا دەیخوێندەوە، هەڵنەبڕی و متەقی لەبەر دەم نەهات. ئاخریکەی کاک حەبیب ڕووی لە عەلی عەبدوڵا کرد و بە عەرەبی گوتی: "بە شەرەفم ئەوەی ئێمە دەگەڵ ئەو برادەرانەی حیزبی دێموکڕاتمان کردووە، وەک پەڵەیەکی شەرمەزاری بۆ هەمیشە بە نێوچاوانی ئێمەوە دەمێنێتەوە." عەلی عەبدوڵڵا مرقەیەکی لێوە هات،

نازانم بۆ قبوڵ و تەئید بوو یان مرقەی دژایەتی بوو دەگەڵ قسەکەی کاک حەبیب. لام وابوو مرقەمرقی ناوبراو کەم بایەخدان بوو بۆ بەسەرهاتەکان.

ئیدی هەستام، لە هەستاندا، خواحافیزی و تۆقم هەر دەگەڵ کاک حەبیب کرد، گوێم نەدا کاک عەلی عەبدوڵا، چی دیکەم لە دەست نەدەهات. لە هەستاندا، کاک حەبیب ئەوەندەشی ئامۆژگاری کردم کە لە بارەگای بارزانیش دوای مەسەلەکە بکەوم.

پاش دیداری کاک حەبیب چوومە گەڵاڵە و لەوێ لە ماڵی حاجی ئەحمەدی هاورێیمان بووم کە خەبەر هات کە میرزا حمەد شەهید کراوە و مەیتەکەشی ڕادەستی ڕێژێمی ئێران کراوەتەوە.

ئەو بەسەرهاتە دڵتەزێنانە، بە تەواوی دڵسارد و پەشێوی کردبووین. نیگەرانی داهاتووی نادیار و مەترسیدار بووین. ڕێگاچارە و عیلاجمان پێ شک نەدەهات. لە گشتی ئەندامانی ناوەندی هەڵبژێراوی کۆنگرەی ٢ تەنیا ٣ کەس مابوونەوە، ئەویش چ مانەوەیەک! پرش و بڵاو هەریەکەی لە شوێنێک و هەریەکەی بە دەردێکەوە گرفتار.

ناچار و ناعیلاج، وەک ئیعتیراز و شکایەت، لەو بێعەدالەتی و زوڵم و زۆرییانە دەرهەق بە حیزب و ئەندامانی کراون و دەکران، گازەندەنامەیەکمان نارده بارەگای بارزانیی نەمر، تا بەشکو خۆی لەو نالەبارییانە بکۆڵێتەوە. ئەو نووسراوەیە کە لە ئارشیوی حیزبدا کۆپیەی هەبوو، ڕەحمەتی کەریم حیسامی دەستی پێی ڕاگەیشتووە و لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا، بەرگی سێهەم- هێناویەتەوە. نووسراوەمان بێ جواب مایەوە، سەرئەنجام، وام بە باش زانی کە ڕوو لە شەخسی بارزانی نەمر بکەم، هەوڵ بدەم چاوم پێی بکەوێ، مەگەر لەلای وی دەرمانێک بۆ ئەو دەردانە دەست کەوێ.

لە لاقانم وەراند بەرەو باڵەکایەتی و لەوێشڕا بەرەو بارەگای بارزانی کە ئەوکات لە ناوچەی حاجی ئۆمەران، لە بناری قەندیلە چکۆلە هەڵیان دابوو. لەوێ لە پێشدا داوای دیدارم کرد دەگەڵ بەڕێزی ڕەحمەتی کاک

ئیدریس بارزانی، کە یەکەم جار بوو بۆ کارێک چاوم پێی دەکەوت. دەگەڵ ئەوەش، زۆر بە لوتف و دۆستانە وەریگرتم و لە کارمی پرسی. گوتم: "هاتووم چاوم بە بارزانی بکەوێ." گوتی: "کارەکە بە من جێبەجێ نابێ؟" گوتم: "نەخێر بە کەس جێبەجێ نابێ بە بارزانی نەبێ." ئەوسا گوتی: "ئەوڕۆ و ئەوشۆ لێرە بە، تا مەجالی دیدارێکت بۆ دەدۆزمەوە." ڕێنوێنییان کردم بۆ خێوەتێکی بە تەنێ، چرایەکی "عەلادین"یان تێدا هەڵکرد و جێگایەکیان بۆ نووستنم تێدا ڕاخست. بۆ ئەو شەو و ڕۆژە بوو بە جێگای حاوانەوەم.

سەرەبەهار بوو. جارێ وڵات بەتەواوی گەرم دانەهاتبوو و بەتایبەتی بناری قەندیل کە بە ڕاستی سارد بوو. شەوم لە خێوەتی گۆرینداڕۆژ کردەوە. بەرچایشیان هەر لەو خیوەتەدا دامێ. وە بیرم دێ، سەعات لە دەوروبەری ١١ی بەیانیدا بوو، کە پێشمەرگەیەکی بارەگاکە بە لمەدێک و دوو پاڵپشتیەوە، وە ژوور خێوەت کەوت. لمەدەی ڕاخست، دەوروبەری هێندێک ڕێکوپێک کرد و بێدەنگ دەرکەوت. زانیم بارزانیی نەمر دێتە خێوەتەکەوە و منیش کەمێک بە خۆ ڕاگەیشتم.

زۆری پێ نەچوو بارزانی وە ژوور کەوت، سڵاوی کرد و لەسەر لمەدی گۆرین، دانیشت. بە گەرمی بەخێرهاتنی کردم و وەک عادەتی خۆی بوو چاوێکی بە دیقەتی بە دەروبەردا خشاند. عەمەراغا دۆڵەمەری؛ بەرپرسی کێشکچییەکانی خۆی لە خزمەتدا بوو، کە لەبەر دەرکی خیوەت چەقی.

جارێ هیچ نەگوترابوو فەرمووی: "عەمەراغا ئیدریس لەکوێیە! دا گازی کەیە." هێندەی بڵێی یەک و دوو ڕەحمەتی کاک ئیدریس وە ژوور کەوت، دەگەڵ ویش چایچی بە سینەچایەوە وە ژوور خێوەت کەوت. بارزانیی نەمر، بە گلەییەوە، گوتی: "ئیدریس! حەیف بۆ من کوڕی وەک تۆم هەیە، شەرم ناکەی من دێنیە شوێنێک کە وێنەی شای بە دەر و دیوارەوە بێ! ڕووی زەمانە ڕەش بێ ڕۆژم کەوتۆتە ئەو ڕۆژ، دەنا هەر لە چیلکە ڕۆژی دوو سێیەکی وەک ئەو کابرایە دروست دەکەم. ئامازەی دا بە پارچە مقەببایەکی ڕۆنی "شاپەسەند"."

ئەو چەشنە ڕۆنە لە ئێرانڕا لە کارتۆندا دەهات، مقەببا یان کارتۆن، وێنەی شای ئێرانی پێوە دەبوو. لا مقەببایەک، لەو مقەببایانە بە وێنەی شاوە، بە پەنجەرەیەکی چوارگۆشەی خێوەتەوە درابوو، بەڕواڵەت تا پێشگیرەوەی لە با و لە سەرما بکا بۆ نێوە خیوەت. پێشمەرگەی چایچی، لە وێنەی کۆنەمقەببا نەوی و بە پەنجەرەوە دایدڕی و دەگەڵ خۆی بردیە دەر. ڕەحمەتی کاک ئیدریس متەقی لێوە نەهات پاشە و پاش کشاوە، لە خیوەت دەرچوو و ڕۆیشت.

چەند دەقیقەیەک، بێدەنگییێکی تەواو بەسەر ژوورەکەدا زاڵ بوو، پاشان بارزانی دەستی برد و کیسەتووتنی دەرهێنا، دەستی کرد بە سیغارپێچانەوە، سیغارێکی پێچراوەی دەستی خۆی بۆ هاوێشتم، بەڵان کە پاکەتەجگارەی "ڕۆزمەن"ی لە تەنیشتم دیت، فەرمووی عەمەراغا لەلای ئیدریس سیغاری ڕۆزمەن بۆ ئەمیر بینن، ئیدریس لەو سیغارانە دەکێشێ. پاکەتەڕۆزمەنم بۆ هات، بەڵان هەر سیغارە پێچراوەکەی بەڕێزیانم داگیرساند، هەرچەند لە ڕووی پێشینەوە دەمزانی تووتنی کە بارزانی دەیکێشێ، تووتنێکی زۆر زەرد و جوانە، بەڵان هەر بەو پێییەتەش تووتنێکی توند و ناخۆشە.

باری نائاسایی، پاش کێشەی کارتۆن و شکڵی شا، تا ڕادەیەک ئارام ببۆوە، ئەو جار پرسی: "ئێستا لە کوێی؟" گوتم: "ئەزبەنی، هەر لەلای قەلادزێم، ناوچەی ژێر دەسەڵاتی حسۆ میرخان." فەرمووی: "گلەییت لە حسۆ نییە؟"

هەرچی باداباد لە دڵی خۆمدا بە خۆم گوت و عەرزم کرد لە پێش ئەوەدا گلەیی و گازاندەمان لە هەرکەس و بەرپرسێکی شۆڕش هەبێ، زیاتر لە بارزانی بەگلەییین. ئەو جار ئەوەی دەمزانی و دەکرا بیهێنمە سەر زمان عەرزم کرد، لە ئاخردا، گوتم: "جەنابت ئەگەر خۆت بە سەرۆکی تێکۆشانی نەتەوەی کورد حیساب بکەی، نابێ ڕازی بی بەو زوڵم و زۆری و بێحورمەتییانەی کە لەلایەن بەشێک لە بەرپرسانی شۆڕشەوە دەرهەق بە ئێمەی کوردی ڕۆژهەڵاتی و ئەندامانی حیزبی دێمۆکڕات، بە ڕێوە دەچێ. ئەندامانی حیزبی ئێمە تەنانەت ئەوانەش کە لە ڕادە و پلەی

بەرپرسایەتیدان، ڕاو دەنرێن و دەگیرێن، تەسلیم بە ئێران دەکرێنەوە، جا با بە کوژراوی و بە مردوویش بێ.

خۆ ئەگەر جەنابت خۆت بە بەرپرس نازانی نە لە خەڵکی کورد و نە لە تێکۆشەرانی ئەو گەلە چەوساوەیە بە شۆڕشی ئێستاشیەوە، خۆ دەبێ خۆت وەک سەرۆکعەشیرەتێکی کورد حیساب بکەی و ئێمەمانیش وەک پەنابەرێک لە ژێرچەتری سەرۆکعەشیرەتیی خۆتدا بێنیە حیسابەوە. لە داب و نەریتی عەشایەریشدا، پەنابەر ڕادەگیرێ، قبوڵ دەکرێ، حورمەت و شەخسیەتی دەپارێزرێ!"

عەرزم کرد، ئێمە بە دەست بەشێک لە بەرپرسانی شۆڕشەوە، بارودۆخێکی نالەبارمان هەیە. هاتووم تا لە جەنابت، داوای ڕێگاچارەیەک، لەو وەزعە نالەبارە بکەم. عەرزم کرد، ڕاستە کەس ئێمەی بۆ ئێرە بانگ نەکردووە و لێی نەگێڕاوینەوە، بەڵان لە جەنابیشت ڕوونە کە ئێمە لە بەرهەمی تێکۆشان و خزمەت بە گەل و شۆڕشەکەی، گەیشتووینەتە ئێرە نە لە برسان. لە بەرامبەردا، خۆ بە موستەهەق و شیاوی ئەو بێدادییانە نازانین کە دەگەڵمان دەکرێ. گوتم: "ئێمە ئەو شۆڕشە بە شۆڕشی میللەتەکەمان دەزانین، خۆمان بە خزمەتکارێکی ئەو شۆڕشە حیساب کردووە. قازانج و بەرژەوەندیی ئەو شۆڕشە بۆ ئێمە، لە سەرووی گشت ئەمرێکی دیکەدایە. ئەگەر جەنابت گەیشتبێتیە ئەو قەناعەتە کە مانەوەی ئێمە لەناو شۆڕشدا لەباتیی قازانج، زەرەر دەگەیەنێ، بفەرموو کوێت پێ مەسڵەحەتە، بێجگە لە سایەی ڕێژێمی ئێڕاق، تا ڕووی تێ بکەین."

ڕەنگە لەسەر یەک بیست دەقیقەیەک بە قسەکانمەوە بووبم. لەو ماوەیەدا بارزانیی نەمر سەری هەڵنەبڕی، نەهاتە نێو قسەم و لێی نەبڕیم. بە کورتی و بە کوردی دیقی دڵی خۆم ڕشت و وا بزانم کاریگەریشی هەبوو.

ئەوجار بارزانیی نەمر، زۆر بە هێدی و بە نەرمی و بە مەنتیق، دەستی کرد بە قسە. بە شێوەی جاری هەوڵ دیدار، لە منداڵی و لە گەنجایەتیی خۆیڕا دەست پێکرد. لە نەهاتیی نەتەوەی کورد، لە دابەشبوونی

کوردستان، لە تێکۆشانی بنەماڵەیی و شەخسیی خۆی لەپێناو ڕزگاریی کوردستان دوا. باسی کرد و گوتی، نوختەیەکی کوردستان نەماوە کە دەگەڵ داگیرکەران، نەجەنگیبێ. گوتی کوردستان، وڵات و ماڵی کوردانە. نە ئیی ئێرانە، نە ئیی ئێراقە، نە ئیی ترکیە و نە ئیی سوریە، من کوردم و کوردێکی ئەو کوردستانەم، لە ئاست ئەو کێشە ڕەوایەدا، کێواوکێو دەکەم.

سەعات زیاتر قسەی کرد و لە چوارچێوەی مەنتیقیش دەرنەچوو. کە گەیشتە وەزعی تایبەتی ئێمە و ئەوەی دەرهەق بە ئێمە کراوە، گلەمەند بوو لە دەوروبەری خۆی و گوتی ئێستا ئیدی نایەڵن خەڵکەکە بگەنە من، لە بەسەرهات و کردەوەکان تا ڕادەیەکی زۆر بێ خەبەرم. لە باس لەسەر عەبدولوەهاب ئەتروشی، بێ دەسەڵاتی خۆی بەسەردا ڕاگەیاند. وام لێکداوە کە دەزانێ بەکرێگیراوی ئێرانە، بەڵام ناتوانێ یان نایەوێ لەوێی لابا. گوتی: "چی بکەم من لەسەر پردێ گەیشتوومەتە ورچێ دەبێ پێی بڵێم خاڵە، دەنا دەمدڕێ."

لە کاک ئەحمەد تۆفیقی پرسی و پرسی ئاگات لێی هەیە یان نا. عەرزم کرد زۆر کەم، وا هەڵنەکەوتووە بچمە سەردانی. ئامۆژگاری کردم بچم بۆ دیداری، خۆشەویستیی لەلای بەڕێزیان، پێڕابگەیەنم و پێی بڵێم جارێ وا بە مەسڵحەتە هەر لەوێ بێ، ئینشاڵڵا، مانەوەی لەوێ درێژخایەن نابێ.

گلەییەکی زۆری لە کاک فایق هەبوو دەیگوت من ئەویشم هەروەک کوڕی خۆم حیساب کردبوو. چاوەڕوان نەبووم بە قسە و بە مەسڵحەتی ئەملا و ئەولا، بێوەفایی دەگەڵ من بکا. پرسی پێوەندیتان پێکەوە هەیە یان نا؟ عەرزم کرد تائێستا نەخێر چ پێوەندییەکمان نەبووە، بەڵان ئەگەر جەنابت ئەمر بکەی پێوەندی پێوە دەکەم، بەڵکە تا خراپتر نەبووە و زەرەری زیاتر نەکەوتووە، بگەڕێتەوە بۆ ناو شۆڕش و گوتم لەو باوەڕەدام ئەگەر جەنابت بیانپارێزی و شەخسی خۆت بێی لە کێشەکەوە، کاک فایق دەگەڕێتەوە، ئیجازە بفەرموو با بەنهێنی بگەڕێتەوە و لە شوێنێک لە دەوروبەری زاخۆ بمێننەوە تا هەل و مەجاڵێکی باشتر دێتە پێش.

بۆ ئەو پێشنیارەی کردم فەرمووی پێم خراپ نییە با بڕۆینەوە، ئەگەر پێی خۆش بوو با بە قسەمان بکا، بەڵان با منیش پرسیارێک لە تۆ و لە ئەحمەد و لە سلێمان -مەبەست کاک فایق بوو- بکەم و جوابیشم بدەنەوە. عەرزم کرد: "بەڵێ فەرموو." گوتی: "بە باوەڕی ئێوە ئەگەر ئەتۆ و ئەحمەد و سلێمان "مستۆ"شتان دەگەڵ بارزانی لە هێنانی نێوی خۆیدا، لەجیاتیی مەلا مستەفا، وشەی مستۆی بە کار دێنا- ئە و شۆڕشەی ئێستا کە لێرە بە دەستمانەوەیە، بە جێ بێڵین و بچین لەودیو دەست بە شۆڕشێکی دیکە بکەین، لەوەی لێرە هەمانە باشترمان بۆ دەکرێ؟ ئەگەر پێتان وایە دەکرێ قانیعم بکەن، تا لێرە لاچین و ڕوو دەوێ بکەین، ئەگەرنا با بە هەمووانمان هەوڵ بدەین ئەوەی لێرە هەمانە بیگەیەنینە بەرهەم جا چاو لە لایەکی دیکە ببڕین."

گوتم: "ئەزبەنی، ئێمەش وەک جەنابت بیر دەکەینەوە، ئێمەش هەر لەسەر ئەو ڕا و تەگبیرەین. هەموو کردەوەکان و هەڵوێستەکانمان ئێستا و لە ڕابردووشدا لەسەر ئەو ستراتیژە دامەزراوە، قازانجی نەتەوایەتیمان و سەرکەوتنی شۆڕشەکەی لەم بەشەی کوردستان، ئامانجی هەرە بەرزە بۆ ئێمە، حیزبی ئێمە لەو خەتەی لا نەداوە، ئەوەندەیە زوڵموزۆر و تاوانبارکردنمان بە ویست و خواستی داگیرکەر لەو پێوەندییەدا نەک هەر بەسوود و بە پێویستی نازانین، بگرە بە زەرەری شۆڕشیشی هەڵدەسەنگێنین. ئەگەر لە و پرسیارەدا مەبەستی جەنابت شەخسی فایق بێ، لام وایە ئەگەر دەرفەتێک هەڵکەوێ، خۆی بێتە خزمەتت و قسەی خۆی بکا، قەناعەتێکی دیکەت بۆ پێک دێ."

کورتی کەمەوە، ئەنجامی دوو سەعات دانیشتن لە حزوری بارزانیی نەمر و وتووێژی دوولایەنە، گەیشتە ئەوە جێیە و ئەو بەرهەمە کە، هەوڵی پێوەندییەک بدەم دەگەڵ کاک فایق بۆ گەڕانەوە بۆ باشوور بۆ ناو شۆڕش. حیزبی دێموکراتی کوردستان ئازاد بێ لە خەباتی سیاسی بە هەر شێوەیەک بۆی دەکرێ و خۆی دەیەوێ، هەر ناکۆکی و نالەبارییەک لەو ڕووەوە بێتە پێش، بچینەوە خزمەت بارزانی و ئاگاداری بکەینەوە. بۆ تێکۆشانی سیاسیش ئامرازی چاپەمەنی لە چەشنی تایپ و ڕونیو و کاغەز و... بماندرێتەوە، یان بۆمان ببژێردرێتەوە. لە هەستاندا بارزانی

فەرمووی بۆ کەرەسە و ئەموالی خۆتان یان بۆ بژاردنەوەیان، پێویستە بکە بە سامی عەبدولڕەحمانەوە، خۆشم دەیبینم و لەو بارەوە قسەی دەگەڵ دەکەم.

چەند ڕۆژێک دوای دیداری بارزانیی نەمر، بە پێچەوانەی ویستی خۆم تەنیا هەر لەبەر بەجێگەیاندنی ئەمری بارزانی، چوومە مەکتەبی تەنفیزی و مەکتەبی سیاسیی پارتی لە ناوپردان، داوای دیداری کاک سامیم کرد. ڕێنوێنییان کردم بۆ خێوەتێک لەوێ چاوەڕوان بم تا دێ. زۆری پێ نەچوو بەڕێزیان پەیدا بوو، لەوەی کە قەلەم و کاغەزی بە دەستەوە بوو وام بەراورد کرد، کە بارزانی لە مەسەلەکەی گەیاندووە.

پاش سڵاوپرسێکی ساردوسڕ، کاغەز و قەڵەمێکی لە پێش دانام و گوتی: "فەرموو بنووسە." لام وابوو دەڵێ لیستی شتومەکەکانتان بنووسەوە، بۆیە گوتم: "من هەموو شتەکان بەنێو نازانم، بەتایبەتی لە ڕەقەمی سەر چەکەکان و ژمارەی فیشەک و تەقەمەنی، هەر ئەوەندە دەزانم چەند و چۆنن و لە کام فابریک و نەوعن، ئەوی دیکەش دیارە تایپ و ڕۆنیۆیە و کاغەزە و کەرەسەی دیکەی چاپەمەنین." گوتی: "مەبەستی من ئەوانە نین." گوتم: "ئەدی؟" گوتی: "بنووسە بزانم چ دەکەن و خەریکی چن!" گوتم: "یانی دەفەرمووی ئێمە ڕاپۆرت بۆ جەنابت بنووسین؟" گوتی: "بەڵێ!"

زۆرم پێ ناخۆش بوو و پێی تێکچووم. گوتم: "کاک سامی، بارزانیی ئەمری کردووە بێمە لای تۆ بۆ ئەو شتومەکانە، دەنا بە خۆم ئیجازە نەدەدا بۆ هیچ کار و ئەمرێک بێمە لای جەنابت." هەستام و وە دەر کەوتم و چوومەوە خزمەت بارزانی، عەرزم کرد: "کاک سامی داوای ڕاپۆرتمان لێ دەکا، نازانم لەسەر ئەمری جەنابتە یان هەر لە خۆیەوە ئەو دەخالەتە لە کاری ئێمەدا دەکا." گوتم: "ئەگەر جەنابت ڕاپۆرتت لە ئێمە دەوێ ئەوە بەجێیە، دەفەرمووی هەموو مانگێک ڕاپۆرتێک بنێرینە خزمەتت، دەنا بۆ هیچ لایەن و کەسی دیکە نا." فەرمووی: "نە من ڕاپۆرتم دەوێ و نە ئێوەش ڕاپۆرت بدەنە کەس. فایدەی نییە، کێشەکە دەگەڵ ئیدریس ببڕەوە قسەی دەگەڵ دەکەم."

پاشان و هەر لەو پێوەندییەدا، چوومە لای ڕەحمەتی کاک ئیدریس، وەعدی دا تایپ و ڕۆنیۆی تازەمان لەجیاتیی کۆنەی خۆمان بۆ بکڕێتەوە بە کەرەسەی چاپەوە و بۆمان بنێرێ، لەباتیی وردەشتی دیکەش، هەموو مانگێ سەد دیناری ئێڕاقی پارەمان پێ بدا، هەم بۆ یارمەتی و هەم بۆ بژاردنەوەی وردەشتی دیکەمان. چەکەکانمان جارێ باسی لێ نەکرێ و گوتی: "چەک مەسەلە نییە، چەکمان زۆرە. کە وای لێ هات چەکتان پێویست بێ، وەرە ئێرە چەندت ویست دەگەڵ خۆی ببە."

وابوو کە تایپ و ڕۆنیۆ و کەرەسەی تایپ و ڕۆنیۆمان پێ گەیشتەوە و لە سەد دینارەی بڕیاردراویش، جارجار پێماندەگەیشت و هێندێک جاریش نا. تازە دەهات، کۆنە ون دەبوو. پاش ئەو دیدارە دەگەڵ بارزانیی نەمر هەلومەرج تارادەیەک بە قازانجی ئێمە گۆڕا و تینێکمان هاتەوە بەر، وردە وردە خەریکی خۆڕێکخستن بووین بۆ پێکهێنانی کۆنفەرانسێکی حیزب بۆ خۆگرتنەوە و قەرەبووکردنەوەی ناوەندی حیزب، چونکە وەک باس کراوە، زۆربەی ئەندامانی بەڕێوەبەری شەهید ببوون یان لە پرشوبڵاویدا، پێوەندیان دەگەڵ یەک پچڕابوو.

لەو بەینەدا، نامەیەکی مامۆستا مەلا ئاوارەم پێگەیشت کە نووسیبووی هەوڵ بدەم بەشکو ڕێگاچارەیەک لەو هەلە نالەبارە بدۆزمەوە. دیار بوو لە گەڕانەوەی برادەرانی دیوی گەرمێن بۆ ڕۆژهەڵات، نارازی بوو و هەستی بە مەترسی دەکرد لەوەی کە وەزعەکە ڕوو لە توندوتیژییێکی زیاتر بکا. لە بیرمە نووسیبووی ئەو بۆنەی دێ، بۆنی کەباب نییە، لێرە کەر داغ دەکەن. دەبێ ئەو نامەیەی شەهید ئاوارە لە ئارشیوی حیزبدا هەر مابێ، چونکە ڕاگیرابوو.

نامەیەکم بۆ کاک فایق نارد، داوای دیدارێم کرد، هەشت نۆ ڕۆژ دواتر، هاتبووە گوندی "نۆکان" بە دوایدا ناردم. چوومە نۆکان و یەکترمان چاو پێکەوت. دیداری خۆم دەگەڵ بارزانیی نەمر و ئامۆژگارییەکانی وی، دەگەڵ هێنا گۆڕێ، هاوکات باسێکی تەواومان پێکەوە کرد لەسەر پێداویستی بۆ بەستنی کۆنفەرانسێکی هەمەلایەنە.

لەمەڕ ئامۆژگارییەکەی بارزانیی نەمر، موافق بوو بە و شەرتە خودی خۆی بارزانی، وەعدی پێ بدا و ڕێگای بدا بشیبینێ. لەمەڕ بەستنی کۆنفەرانسەکە، لای وابوو جارێ زەحمەتە، ئەگەر ڕێخۆشکەریشی بۆ بکرێ دەبێ لە ڕۆژهەڵاتدا ببەسترێ.

لەو دیدارەدا، گلەیی لە هێندێک لەو برادەرانەی کە دواتر گەییوونە لای، تاڕادەیەکیش لە مامۆستا ئاوارە هەبوو کە بە پێویست نازانم لێرەدا وردیان بکەمەوە، ئەوەندەیە بەو پێیە کە تێی گەیشتم و لێی حاڵیبووم کاک فایق لەنێو خۆیاندا تا ئەو ڕۆژ کە کۆنفەرانسێک یان لە ڕێگای کۆنگرەیەکەوە، دەسەڵاتێکی قانوونی بۆ حیزب دانەمەزراوەتەوە، دەسەڵاتی بڕیاردەری، هەر بە ماف و هەقی خۆی دەزانێ و بەس، چونکە لەنێو ئەواندا، هەر ئەو هەڵبژێردراوی ئەندامەتیی کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی دووهەمی حیزب بوو باقیی برادەرەکانی هەر کادر بە حیساب دەهاتن.

پاش دیداری نۆکان، بەپەلە گەڕامەوە بۆ ناوچەی باڵەکایەتی بۆ خزمەت بارزانی. بۆم گرنگ بوو لەو کێشەدا دەرەتانێک بێتە ناوەوە بەرهەمێکی لێ بکەوێتەوە، کەچی وا دەرنەچوو. هەرچی هەوڵم دا جوابێکی ڕوون و ئاشکرا، لە کێشەی لە بەیندا، لە بارزانی وەربگرمەوە فایدەی نەبوو. نەچۆوە سەر مەوزوعەکە، هەر وردەشتی دەوروبەری دەهێنا گۆڕێ و خۆی لە گەڕانەوەی جەماعەت نەدەدا. ئاخرێکەی لە هەستاندا فەرمووی: "سبەی ئیدریس ببینە و دیدارێکیش دەگەڵ ئەحمەد بکە."

پێم ناخۆش بوو، کێشەکە تووشی بنبەست هاتبوو، جا بە هەر دەلیلێک بووبێ. ڕۆژی پاشتر ڕەحمەتی کاک ئیدریسم چاو پێکەوت. لە ئاڵوگۆڕی هەڵوێستی بارزانیم پرسی، گوتی: "بارزانی دەفەرموێ، تازەم بۆ دەرکەوتووە مانەوەی جەماعەت لەو شوێنانەی هەن، بە قازانجی شۆڕش تەواو دەبێ.

لەو ڕۆژەڕا ئەوان لەوێن، هەرچی داوای دەکەین حکوومەتی ئێران بێ مەحتەلی بۆمان دەنێرێ. جاران بۆ شتێک دەبووایە زۆرجاران یەخەیان بگرین. وا باشە جەماعەت هەر لەوێ بن، بەڵان هەوڵ بدەن تووشی

شەڕوشۆڕ نەیەن. خۆیان بپارێزن و ئەگەر زەخت و گوشاریشیان لەسەر بوو با بە نهێنی بێنەوە ئەودیوە تا خەتەر لەسەریان لا دەچێ، ئەوکات بچنەوە شوێنی خۆیان." لام وابوو بە کردەوە کارێکی ئەوتۆ ناگونجێ و بەرنامەی لەو شێوازە، هەروا بەهاسانی بە ڕێوە ناچێ، بەڵان عیلاج نەبوو.

ئاڵوگۆڕ لە ڕای بارزانیدا و پێشنیاری پلانی تازەی بەڕێزیانم بە کاک فایق ڕاگەیاندەوە، جارێ مەسەلە پووش بەسەر بۆوە.

لەمێژ بوو بیرۆکەی دیدارێکی کاک ئەحمەد تۆفیقم لە سەردا بوو هەر لە فرسەت و مەجالێکی لەبار دەگەڕام. ئەو سەفەرە درێژخایەن دەبوو، چونکە هەم ڕێگاکە بە پێیان دوور بوو، هەم هەلومەجالی ناوخۆیی ئێمە ڕێگای دوورکەوتنەوەی نەدەدا. کە لەولا نەیگرت و وەک دەڵێن گوللە کەوانەی کرد، خۆم لە قەباڵ سەفەری دوورودرێژی ڕێگای گوندی "کانیی ماسی" کرد لە سنووری باکووری وڵات بۆ چاوپێکەوتنی کاک ئەحمەد. یەکەم جار بوو سەفەری ئەو ناوەم دەکرد. شەش حەوت ڕۆژ بە ڕێوە بووین، کێو و شاخ و دۆڵ و دەرەیەکی زۆرمان بڕی و ماندوویی و شەکەتێکی زۆر تووش هاتین، بەڵان دەربەست نەبووم، وڵاتناسی و خۆشدیمەنیی گەلێک لەو شوێن و جێگا جوانانەی ئەو ناوچەیە، شەکەتی ڕێی بادینانیان لە لەش دەر دەکرد.

ڕۆژی حەوتەم، نزیک نێوەڕۆیە، گەیشتینە جێ. کاک ئەحمەد لە دیتنی ئێمە، بێ ئەندازە کەیف خۆش بوو. لەوەتا لەوێ بوو یەکەم جار بوو کەسێک لە برادەرانی بەجێماو دەچووە دیداری، بێ لەوەش بێ گومان زۆر مەسەلەی گرنگی دیکەش بە نیسبەت ئێمەوە لە ئارادا هەبوو تا لێی بدوێین.

گوندی کانیی ماسی لە گوندە هەرە جوانەکانی ئەو ناوچە بەهەشتئاسایە بوو. دێیەکی ٣٠-٤٠ ماڵی تێکەڵاو لە ئاسۆری و لە کورد. خانووبەرەی دێیەکە بەگشتی لە بەردی سپی داتاشراو لە قەدپاڵی چیای بە دارستانی خۆڕسک و نێو باخی پڕ لە میوەی هەمەچەشنە، بنیات نرابوو؛ کە دیمەنێکی جوان و تا بتەوێ دڵگیری بە بینەر دەبەخشی.

بنکەی کاک ئەحمەد، لە قەراغ دێیەکەوە و لەنێو باخچەیەکی جواندا ساز کرابوو. خانووبەرەیەکی ڕێکوپێکی دوو نهۆمە بوو. نهۆمی خوارەوەی بۆ عەمبار کەڵکی لێ وەردەگیرا، نهۆمی سەرەوەش کە بە پێپلیکانی هەڵبەستراو لە حەوشی خانووبەرەکەوە ڕێگای بۆ کرابۆوە، ٣ ژووری بە ئاشپەزخانەوە لێ ساز کرابوو و لە گۆشەیەکی حەوشەکەشدا کە حەمامێکی باشی ئاولەسەری تێدا بوو. ئەو خانووبەرە ڕێکوپێکە، بە موهەندیسیی خۆی کاک ئەحمەد و یاریدەی پێشمەرگەکان دروست کرابوو. پیاو دەبێ ئەوەندەش بڵێ کە کاک ئەحمەد، کەوتبا هەر شوێن و جێیەک، ئاوەدانی و پاکوخاوێنی ڕووی لەو شوێنە دەکرد.

لەو سەفەرەدا ١٠ ڕۆژ لەلای ماینەوە و میوانی بووین. دەنگۆ بڵاو ببۆوە کە ئەحمەد میوانی هاتووە، زۆربەی بەرپرسەکانی هێزی پێشمەرگە لەوانە ڕەحمەتی "عەلی خەلیل خۆشەوی" و "سەلیم ئەسعەد خۆشەوی" سەردانیان کردین و میوانمان بوون. مامی "جورج" و "مارگارێت جورج"ی کچیشی کە ماڵیان لەو دەورانە؛ وا بزانم لە دێی "دشیش" بوو، سەردانیان کردین. مارگارێت و مامی جورجم لەپێشدا لە سەنگەسەر دیتبوون و ئاشنایەتیمان پێکەوە هەبوو.

مارگارێت، بۆ شاییەک لە دێیەکەی خۆیان لێی گێڕاینەوە، کە چەند ڕۆژ پاشتر چووین. بە من شاییەکی زۆر جوان و خۆش بوو، بۆ یەکەم جار هەڵپەڕکێی جوانی کرمانجیم لەو شاییەدا چاو پێ دەکەوت. پاشتر لە سەفەری دووهەمدا بۆ لای کاک ئەحمەد، مارگارێت نەمابوو. مخابن شەوێک لە شەوان، دەستێکی چەپەڵ، لە پەنجەرەی ژوورەکەیڕا، تەقەی لێ دەکا و شەهیدی دەکا، کەسیش لێی نەپێچاوە، بەردێکیان لەسەر دانا کە داندرا.

کاک ئەحمەد لە بارودۆخەکە، زۆر نارازی و گلەمەند بوو. هەستی بە چەشنە مەترسییەکیش لەسەر خۆی دەکرد، هەرچەند لە باری ژیانی پێشمەرگایەتیەوە، چ کەم و کەسەری نەبوو، زۆریش ڕێزیان لێ دەگرت.

هەموو هەوڵ و تەقەلای کاک ئەحمەد زیاتر بۆ گەڕانەوە بوو بۆ ناوچەی پشدەر، بۆ لای ئێمە و ناوچەی تێکۆشانی سیاسی، شتێک کە جارێ لە

گونجاندا نەبوو. هەوڵ و کۆششی منیش بۆ سەبووری و بۆ پارێزگاری لە هەبوونی سیاسیی خۆمان بوو بۆ کاتێکی موناسیب و لەبارتر، سەرئەنجام گەیشتە ئەو جێیەی کە بە هەمووان کار بکەین بۆ پێکهێنانی زەمینەیەک بە مەبەستی پێکهێنانی کۆنفەڕانسێکی حیزب لە ناوچەکەی خۆمان و هەوڵ بدەین ڕێگا بدرێ بە کاک ئەحمەدیش تێیدا بەشدار بێ. بەو قەرارەوە گەڕاینەوە لای برادەران. لە گەڕانەوەدا کاک ئەحمەد درکاندی کە "ڕادمەنیش"؛ سکرتێری گشتی ئەو کاتەی حیزبی تودەی ئێران، لە بەغدارا، لێی ڕاسپاردووە کە چاوی پێی بکەوێ. پرسی: "پێت چۆنە، دەڵێی چی؟"

گوتم: "کێ ئەو پەیامەی هێناوە؟" گوتی: "تۆما تۆما"، برادەرێکی مەسیحی، ئەندام و بەرپرسی حیزبی شیوعیی ئێراق لە ناوچەی بادینان. تۆما تۆمام لەلای کاک ئەحمەد چاو پێکەوتبوو، بێ لەوەی لەپێشدا دیتبێتم و ناسیاویم دەگەڵی هەبووبێ، هەر لە شکڵ و هەستان و دانیشتنیرا وەک دەڵێن ڕوحمم بۆی نەبزووت.

جیا لەوە، بە هەست و ئیحساسیش، لام وابوو کە تۆما تۆما ئەو داوایەی گۆیا ڕادمەنیش، لە بەرپرسانی شۆڕشی ناوچەکە ناشارێتەوە، وەک خۆشخزمەتی و دڵسۆزییێک گۆیا بۆ شۆڕش، خۆی پێ شیرین دەکا. جا بۆ منێکی کە هەر لە بنجوبنەوانەدا، دژی پێوەندی بووم دەگەڵ حیزبی تووده، سروشتی بوو بۆم کە دژبەر بم بۆ هەر پێوەندییێکی لەو چەشنە، بۆیە موخالەفەتم کرد دەگەڵ پێوەندی بە ڕادمەنیشەوە. گوتم: "هیچ پێداویستییێک نابینم بۆ ئەو پێوەندی و دیدارە."

بە ڕای خۆم، وەک گوتم، ئێمە جارێ موشکیلاتمان لەوە زیاترە کە خۆ بە حیزبی تووده‌وە گرفتار بکەین. با خۆ کۆ و خڕ کەینەوە ئەوسا قسەیەکی لێ دەکەین. گوتیشم: "دڵم لە تۆما تۆما ئاو ناخواتەوە ئاگادار بە." ڕەنگە هەر بە هەڵکەوت بووبێ کە پاشتر هەست و ئیحساسم لەسەر تۆما تۆما، لێم وە ڕاست گەڕا، چونکە جارێک لەو جارانەی کە بە بۆنەی کێشە و مەسەلەکانمان لە خزمەت بارزانیی نەمر بووم پرسی: "ئێوە هیچ پێوەندییێکتان بە حیزبی تووده‌وە هەیە؟" عەرزم کرد: "نەخێر نیمانە."

هەستم کرد قانیع نەبووە، بۆیە دووپاتم کردەوە کە پێوەندیمان بە حیزبی تووەوە نییە. ئەوجار گوتی: "دەزانم تۆ نیتە."

بۆ جارەکانی دیکە، هەر چەند مانگ جارێک کە چوون بۆ لای کاک ئەحمەد هاتبا پێش، بە تەنێ نەدەچووم، هەموو جارێ چەند برادەرێکی دیکەش کە لە ڕوانگەی شەخسییەوە، لە کاک ئەحمەد نزیک بوون؛ لەوانە کاک مەلا ڕەشید یان ڕەحمەتی مام عەولای مام سەعید و کاک مەلا عەولای مەلا عوسمان، دەگەڵدا دەبوون، ئەوەش زیاتر لەبەر ئەوە بوو کە یاریدەیەک بێ بۆ ڕوحییەی بەگلەیی و نەسرەوتووی کاک ئەحمەد. ئەو ترسەم هەر لە دڵدا بوو کە خۆی پێ نەگیرێ، زەوت نەبێ و خۆ بە پەلێکدا بدا.

جارێک لەو جارە دیدارانە جیای کردمەوە و گوتی: "لە ڕێگای بێسیمچی هێزی پێشمەرگەوە بە نێوی، ئەگەر لە بیرم مابێ " عیسا"، کە کورە خزمکەڵەیەکی کەمێک قەڵەوە بوو و لەلای کاک ئەحمەد دەمدیت، هەواڵی بێسیمم پێ دەگا، ئەگەر شتێک لەسەر من هەبێ دێتە لام و پێم دەڵێ. تائێستا دوو سێ جار بە نهێنی کۆپیەی بیسیمی بارەگای بارزانی بۆ هێنام کە ئامۆژگاری هێز دەکا بۆ ئاگاداری و وشیاربوونێکی زیاتر لەسەر من. دەترسم بەرنامەیەکیان بۆم هەبێ."

بە ڕاوبۆچوونی خۆم گەلێک بەڵگە و دەلیلم بۆ هێناوە و گوتم: "ئەو عیسایە فێر کراوە و ئەو کۆپییە پەیامانەش کە بۆ تۆی دێنی، هەمووی بە تەگبیرە دەنا بێسیمچی هێز کە دەبێ زۆر باوەڕپێکراو و بەشێک بێ لە دەسگای "پاراستن"ی شۆڕش، هەر چەندیش تۆی خۆش بووێ و دۆستت بێ، بەبێ ئاگاداری فەرماندەی هێز، نهێنی و مخفیات بۆ تۆ ناهێنێ. دەبێ لەو بارانەوە وردتر بی، بە دوور نازانم دەستێکی وا هەبێ کە بیەوێ خۆ لە کێشەی تۆ و ئێمەش خلاس و تووشی ڕێگای ناڕەوامان بکا. لەسەر ئێمەیە وشیار بین و ڕێی پیادەکردنی پلان و بەرنامان لەسەر خۆمان نەدەین." گوتم: "دەزانم بارزانی خۆی لەسەر تۆ حیسابی خراپی نییە و هەر ئەویش حیسابە، ئەوی دی بەگشتی حاشیەن." لەو قسەیەڕا،

تێگەیشتم دڵی کرمێ بووە. باوەڕی تەواوی بە قسەکانم نایە، بەڵان بێ دەنگیش بوو و لەسەری نەڕۆیشت.

لەو سەروبەندانەدا، خەبەرێک هات کە کاک عەوڵا موعینی بە دەست بریندارى، بە نهێنى، هێنراوەتە قەڵادزێ و لەوێڕا بەرەو سلێمانیان بردووە، بە حیساب دەبێ دۆستانی حیزبی شیوعی، کاری ئەو هێنان و بردنەیان، لە ئەستۆ بووبێ. هەرچۆنێک بێ لە سەروبەندی خەبەرەکەدا، نیوەڕۆژێک چوومە بنکەی هێزی کاوە، لای کاک حسۆ میرخان. گشتەخەڵکێکی لەلا بوو؛ لەوانە کەسێک ئەگەر ناویم لە بیر مابێ "وەستا محەممەد" هەواداریکی حیزبی شیوعی کە دەموچاوێکی بەڵەکیشی هەبوو. دیار بوو کە کاک حسو هێناوێتی بۆ هێز بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر هێنان و بردنی کاک عەولا.

هەوالنامەی کتێب

VI

وەستای ناوبراو، لە فرسەتێکدا، جیای کردمەوە و گوتی: "فلانی، منیان لەسەر مەسەلەیەکی ئەوتۆ هێناوەتە ئێرە، من کارەکەم کردووە، کاک عەولا لە مالّە من بووە و هەر خۆشم گەیاندوومەتە سلێمانی. لەودیوڕا کە بە بریندارى هاتۆتە مالّی من، برادەرێکی خۆی دەگەڵدا بووە بە نێوی "میرزای بایزی ئامانێ"، ئەو کابرایە کە ئێستاکە هەڵگەڕاوەتەوە و خۆی بە هێز تەسلیم کردۆتەوە، منی تووش کردووە، ئەگەر یارمەتێکم نەکەی، لە مەترسیدام."

بە هەر تکا و ڕجایەک بوو وەستا محەممەدم لە کاک حسۆ وەرگرتەوە و ئازاد کرا. لە بازاڕی قەڵادزێدا چاوم بە میرزا کەوت کە قەدەمی لێ دەدا، بانگم کرد، بە تۆندی لێی تووڕە بووم، تەنانەت هەڕەشەم لێ کرد کە بۆی نییە لەو پێوەندییەدا باسی هیچ کەسێک بکا، دەنا خودا هاوار. مالّی ئاوەدان بێ، دیار بوو بە قسەی کردبووم و لەسەر ڕاپۆرتکارییەکەی نەچووبوو.

هەمووانمان دەزانین کە لە زەمانی شۆڕشی ئەیلوولدا زۆرجار هەڵدەکەوت کە وتووێژ دەگەڵ حکوومەتی ناوەندی، بۆ کێشەی کورد لەسەر داوای ئۆتۆنۆمی بۆ کوردی باشوور، دەرگای لێ دەکراوە، هەموو جارێش چونکە لە کەس دیار نەبوو ئەو پەیوەندییە چییە و چۆنە و دەڵێ چی، وتووێژ دەگۆڕا بە شەڕ و پێکدادانی دووبارە. جا هەر جار کە هەلی وتووێژ لەبار دەبوو و پسوولەی شۆڕش کاری دەکرد، منیش هاتوچۆیەکی

سلیمانی و هەولێر و بەغدام دەکرد، چ لەبەر نەخۆشی با، چ هەروا بۆ هەواگۆڕییەک.

لەو جارانە جارێکیان هاوکات بوو دەگەڵ بریندارییەکەی کاک عەولا موعینی کە ڕێم کەوتبووە سلێمانی. دەگەڵ کاکە ڕەشە؛ ناسراو بە ڕەشە سابڵاغی، کە بۆ ئێمە هەمووانمان زۆر بەڕێز و خۆشەویست بوو لەبەر پەنجەرەی ژووری هوتێلەکەی لێی میوان بووم هوتێلی نووری عەلی-تەماشای جادە و هاتوچۆی خەڵکەمان دەکرد.

لەناکاو چاوم بە کاک عەولا و بە کاک مەلا ڕەسوڵ پێشنەماز کەوت، کە لەسەر شەقام پیاسەیان دەکرد. هاوکات ئەوانیش ئێمەیان ڕەچاو کرد و بەپەلە خۆیان گەیاندە ژوورەکەی ئێمە. دیارە بە دیداریان زۆر کەیفخۆش بووم، ئامێزی چاک و چۆنیمان لێک قایم کرد. کاک عەولا بڕینی دەستی ساڕێژ ببۆوە، ساچمەگوللە تێدا نەمابوو. گوتیان لە ماڵی بەهەشتی شێخ لەتیفی شێخ مەحمودی نەمر، لە دێی "سیتەک" میوانین، هەروا بۆ گەڕان هاتووینە شار.

گوتم: "براینە، بە باوەڕی خۆم، کارێکی باش ناکەن کە ئاوا بە تێڕاشکاوی دێن و دەچن. دەبوو بزانن لە شاردا پێشمەرگە حاکمە و خاوەندەسەڵات. ئێوەش، بەتایبەتی کاک عەولا، لە ڕوانگەی شۆڕشەوە داوا کراوە، هەرکات بیناسنەوە مەترسی لەسەرە." کاک عەولا گوتی: "نامێنمەوە، بەزوویی دەگەڕێمەوە لای برادەران." گوتم: "جا ئەگەر وایە بڕۆوە سیتەک و لە گەڕانەوەشدا بە ناوچەی قەڵادزێدا مەگەڕێوە. پێگەکەت ئاشکرا بووە، شوێنێکی دیکە بۆ گەڕانەوە، ڕەچاوکە."

ئێوارەی ئەو ڕۆژە بەڕێز مەلا ڕەسوڵ هاتەوە لام و گوتی: "دەیەوێ بگەڕێتەوە بۆ لای ماڵ و منداڵی لە دێی"هیرۆ" و گوتی: "من هەر بۆ وردکردنەوەی چەک و تەقەمەنی و کەسابەتی خۆم، ڕەگەڵ جەماعەت کەوتووم، دەبێ ئاگات لێم بێ و لە گەڕی حسۆم بپارێزێ." گوتم: "بەسەر چاو ئەوەی لە دەستم بێ لە تکا و ڕجا دەیکەم بەو مەرجە دەگەڵ کاک عەولا بی و بەجێی نەیەڵی، تا دەگاتەوە برادەرانی خۆی." پاش

قەدەرێک کاک مەلا ڕەسوول گەڕاوە لای ئێمە، هەر چۆنێک بوو باوەخوێن کراوە و لە کۆڵی بوونەوە.

وام لە بیرە، لە کۆتاییەکانی زستانی ١٩٦٨دا بوو، برادەرێکی ئێمە عومەری کوڕی کاک ڕەئوف مەلا حەسەن لە دێی "پیرمەمکە" لە بناری قەندیل، ژنی دێنا، زەماوەندی هەبوو. ئێمە دەستەیەکی چەند کەسی، لەوانە کاک سەید ڕەسوڵ بابی گەورە و کاک مەلا سەید ڕەشیدیش دەگەڵدا بوون و بە ڕێوە بووین بۆ سەر داوەتی پیرمەمکە. نم نم باران دەباری و وردە سۆزێکی سەرما لە هەوادا هەر مابوو. لە بەشە لێڕوارێکی شاخاوی ئاگرێکمان کردبۆوە، تا هەم خۆ وشک کەینەوە و هەم چایەک بخۆینەوە، کەتری چالێنان و قەند و چامان پێ بوو.

لە دەوری ئاگرەکە دانیشتبووین، مێگەلە مەڕ و بزنێکی کابرایەکی خەڵکی گوندی قەڵاتۆکە هەر لەو دەوروبەرە، بە لەوەڕ، گەیشتنە دەستەی ئێمە. شوان، کوڕی کابرای قەڵاتۆکەیی کە ئاشنایەتیان دەگەڵ ئێمە هەبوو و دەیانناسین، جیای کردمەوە و گوتی: "فلان کەس، شەوی ڕابردوو کاک فایق و کاک حەمەدەمین لە تاقەی ماڵەی هەواری، میوانی ئێمە بوون، کە ڕۆژ بۆوە، بەو تیشە شاخەدا شۆڕ بوونەوە و ڕۆیشتن." گوتم: "بە منت گوت قەیدێ ناکا، بەڵان لە لای کەسی دیکەی باس مەکە." پێی سەیر بوو، بەڵان گوتی: "بەڵێ." منیش وتەی کوڕەم هەر بە سەید ڕەسوڵ و مەلا سەید ڕەشید ڕاگەیاند و بەردێکمان لەسەر دانا. لێم ڕوون بوو کە بەرەو پێوەندی دەگەڵ حیزبی شیوعی هاتوون.

ماوەیەکی کورت پاش داوەتی پیرمەمکە، ڕێم کەوتە بەغدا. ڕۆژێکیان چوومە ئیدارەی ڕۆژنامەی "التاخی"؛ واتە برایەتی، کە پارتیی دێموکراتی کوردستان لە بەغدا دەری دەکرد. لە ئیدارەی ڕۆژنامەکە بە هەڵکەوت چاوم بە بەڕێز حەبیب حەمەکریم؛ سکرتێری گشتی ئەوکاتەی پارتی، کەوت. کاک حەبیب گوتی: "کاک ئەمیر! کاک فایق لە بەغدایە، من چاوم پێی کەوتەوە با بە هەمووان هەوڵێکی دیکە بدەین بۆ چارەسەرکردنی ئەو گیروگرفتە."

گوتم: "کاک حەبیب دەرچوون لەو بنبەستە کاری بەڕێزتانە و بە ئێوە دەکرێ." گوتی: "من هەوڵی خۆم دەدەم، تۆش لەلایەن خۆتەوە چت لە دەست دێ بیکە، با لە هەموولاوە خەریک بین." شوێن و جێگای کاک فایقم لە بەغدا نەدەزانی، بۆیە هەوڵی دیدار و دۆزینەوەیم لەوێ نەدا. لە گەڕانەوەدا، لە سلێمانی، لامدا و وەک هەموو جارێ میوانی کاکە ڕەشەی خۆمان بووم. ڕەشە گوتی: "فایق لێرەیە، لەسەر گەڕانەوە و چاوپێکەوتنی تۆ مەحتەلە، لە ماڵی قادر تەگەرانییە، شەوێ دەچینە لای."

گوتم: "باشە، بەڵان لە ماڵە قادر تەگەرانی نا، چونکە قادر تەگەرانی بە مرۆیەکی سەلیم و ڕاست نازانم. هیچ گومانم لەوەدا نییە چەند لایەنە جاسووسی دەکا. بەڕواڵەت ررەگەڵ حکوومەتی ئێراق کەوتووە، بە نهێنیش دەگەڵ بارەگای بارزانی پێوەندی هەیە و بە چاوی خۆم لەوێم دیتوە، دڵنیام دەگەڵ ئێرانیش سەروبێرێکی هەیە. با بێتە ئێرە، لێرە قسەکانمان دەکەین."

ڕەشە، شەو بەدویدا چوو. ئەو شەوە تا بەری بەیانی پێکەوە لەسەر گیروگیرفتەکانمان دواین، بۆ جارێکی دیکەش وا بە باش زانرا لە ڕۆژهەڵات نەمێنینەوە و هەوڵێکی دیکەی بەیەکگەشتنێک دەگەڵ بارزانیی نەمر بۆ گەڕانەوەیان بۆ باشوور بکەوێتەوە گەڕ. وەک گوترا کاک حەبیب حەمەکەریم و تەنانەت شەهید "دارا تۆفیق"یش، لەو کارەدا هەن با منیش بۆ جارێکی دیکە لەو دەراوە بدەمەوە.

وەعد وابوو ئەو بگەڕێتەوە بۆ لای برادەرانی لەودیو، لەمێژ بوو بە جێی هێشتبوون، لەوێ چاوەڕوانی نەتیجە و بەرهەم بێ، تا ئەوکاتە منیش هێندێ داودەرمان و بڕەفیشەک و تەقەمەنییکیان بۆ تەرتیب بکەم و بۆیان بنێرم.

قەولم لێ وەرگرت کە بە هیچ شێوەیەک کات و وەختی گەڕانەوەی خۆی لە قادر تەگەرانی ئاشکرا نەکا، هەر لە ڕێگای حیزبی شیوعیی ئێراقەوە ڕێگای دەربازبوون بدۆزێتەوە. گوتم: "ئەوان هێناویانی، میوانی ئەوانی، وا باشە هەر لە ڕێگای ئەوانیشەوە بگەڕێیەوە." چم لەسەر قادر

تەگەرانی دەزانی، بۆم گێڕاوە و تکام لێ کرد بە گەڕانەوەی نەزانێ، قەولی دا بە قسەم بکا، بە داخەوە قەولەکەی شکاند. هەر چۆنێک بوو بەپەلە گەڕامەوە ناوچەی قەڵادزێ و لەوێشڕا بەرەو باڵەکایەتی بە مەبەستی دیداری بارزانیی نەمر، بەو هیوایە بووم ئەوجارەیان قبوڵی هاتنەوەی کاک فایق و جەماعەتەکەی بکا.

میوانی مامۆستا هەژار بووم لە بنکەی چاپخانەی شۆڕش. پێم گوت: "کارێکی تایبەتیم هەیە لەلای بارزانی دەگەڵم وەرە و لەوێش پشتیوانیم لێ بکە." گوتی: "باشە با برۆین." هەر نەشیپرسی کارەکەت چییە. ئەو ڕۆژە نانی نیوەڕۆمان لە میوانخانەی بارەگای بارزانی خوارد و وە دەر کەوتین، لە دەرەوەی میوانخانە لەسەر تەپۆڵکەیەکی بە گیاوگوڵی بەهارێ دانیشتین، بە ئینتیزاری شەوداهاتن و دیداری بارزانیی نەمر ملمان لە قسەوباسان نا. بارزانی وەک عادەتی خۆی هەر شەوانە دەهاتە میوانخانە و دیدار دەگەڵ خەڵکی میوان.

هەرچەند مانگ، مانگی بانەمەڕی ساڵ بوو -١٩٦٨ زایینی- بارەگای بارزانی جارێ هەر لە دێی "دیلمان" مابۆوە، لە شوێنی زستانی خۆی، جاری بۆ جێهەواری هاوینی باریان نەکردبوو. وڵاتەکە، تینی گەرمای تێگەڕابوو. ڕۆژ لە سەعات ٣ی پاشنیوەڕۆ نزیک ببۆوە کە بارزانی، عەمەراغای بەدواوە، لە ماڵی خۆی هاتە دەر و بەرەو میوانخانە هات. لە ڕێدا لەسەر تەپۆڵکەی چاوی بە ئێمە کەوت، ڕووی لە ئێمە کرد، هەستاینە سەر پێ و جارێ سەد دووسەد میترێکی مابوو بمانگاتێ، بە دەنگێکی بڵند گوتی: "هەژار خراپ قەوماوە، فایق گیراوە."

ئەو گوتەیەی بارزانی، ئیشارە بوو بە شیعرێکی مامۆستا هەژار کە لە کوژرانی "شێخ حەنەشی" عەرەبدا، هۆندبوویەوە و لە ڕادیۆی دەنگی کوردستاندا دەخوێندرایەوە و لەسەر زاران بوو. شێخ حەنەش لەو جاشە بەدەسەڵاتە عەرەبانە بوو کە لە ناوچەی "موسڵ" شەڕی پێشمەرگەی دەکرد. ئاخرێکەی لە شەڕێکدا دەگەڵ دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی ڕەحمەتی "فارس باوە" فەرماندەی بە ناوودەنگی ئەوکاتەی هێزی

دەشتی هەولێر، کوژرا، شیعرەکە وا دەست پێدەکات و دەڵێ: "خراپ قەوماوە، حەنەش کوژراوە."

مامۆستا هەژار لەو خراپ قەوماوە فایق گیراوەیە، حاڵی نەبوو ئاگای لە مەسەلەکە نەبوو، بەڵان ئەگەر ڕاستت بووێ من لە پشتێن بەرەوژێرم مرد. چونکە ئاگام لەوە بوو کە کاک فایق لە سلێمانییە و لە ڕێی گەڕانەوەدایە بەرەو ئەودیو.

بارزانی هات دانیشت، بەخێرهاتنی کردین، ڕووی تێکردم و گوتی: "دەڵێن فایق گیراوە، تۆ ئاگات لێیە؟" عەرزم کرد: "نەخێر ئاگادار نیم." ئەوجار مامۆستا هەژار پرسی: "کەنگی و لەکوێ گیراوە؟" بارزانی گوتی: "نازانم، عەمەراغا دا بانگی ئیدریس کە." عەمەراغا ڕۆیی و پاش چەند دەقیقەیەک لە سکووت و بێدەنگێکی وەک دەگوترێ مەرگبار، دەگەڵ ڕەحمەتیی کاک ئیدریس، گەڕاوە حزوری بارزانی.

بارزانی پرسی: "ڕاستە دەڵێن فایق گیراوە؟" کاک ئیدریس گوتی: "ئێمە بروسکەیەکمان لە ئێرانڕا بۆ هاتووە، نووسیویانە سولەیمان موعینی؛ ناسراو بە فایق ئەمین، لە لقی ٤ گیراوە، دەبێ بماندەنەوە دەست. هەر هێندەم ئاگا لێیە."

بارزانی گوتی: "بە بێسیم لە لق بپرسە و هەر ئێستا خەبەرەکەم بۆ بێنەوە." ڕەحمەتیی ئیدریس ڕۆیی و زۆری پێ نەچوو گەڕاوە و عەرزی بارزانی کرد: "بەڵێ ڕاستە و لە ماوەت گیراوە."

نە مامۆستا هەژار، نە من، هیچ قسەیەکمان بۆ نەهات. ڕیسەکەم لێ ببووە بە خوری، پەشۆکابووم. لەناکاو بارزانی فەرمووی: "ئەمیر! ئێستا من دەبێ چی بکەم؟" گوتم: "ئەزبەنی نازانم دەبێ چی بکەی، بەڵان دەزانم دەبێ چی نەکەی." گوتی: "چییە کە دەبێ نەیکەم؟" عەرزم کرد: "فایق نابێ بکوژرێ و نابێ ڕادەستی ئێرانیش بکرێتەوە. ئەوی دی هەرچییەک بێ دەگونجێ." فەرمووی: "جوابی ئێران چ بدەمەوە!"

عەرزم کرد: "دەکرێ بگوترێ لە ڕێگای هێنان بۆ باڵەکایەتی، هەوڵی هەڵاتنی داوە. پێشمەرگەی حەرەس و کێشکچی، تەقەیان لێکردووە و

کوشتوویانە. با بنێردرێ بۆ ناوچەی "شێخان" و سنووری وڵاتی سوریە، لەژێر چاودێری "حومیرخان بارزانی"دا لەوێ بمێنێتەوە." فەرمووی: "فکرێکی خراپ نییە، با بزانین چ دەکرێ." لەو ماوە نیو سەعاتییەدا، کە ئەو خەبەر و قسانە هاتن و چوون، ماموّستا هەژار بێ دەنگ بوو. پێمواببوو بە خەبەرەکە تاساوە.

ئەو کارەی، بۆی چووبووم و ماموّستا هەژاریشم، وەک پشتگرێک، ڕەگەڵ خستبوو تازە ئیدی کەڵکی باسلێکردنی نەمابوو. لە هەستاندا، عەرزم کرد: "پێمخۆشە سەفەرێکی لای ئەحمەد تۆفیق بکەم." دەنگی نەکرد. خواحافیزیمان لێ خواست و لە لای وە لا کەوتین.

لە ڕێی گەڕانەوەدا چووینە لای ڕەحمەتی کاک ئیدریس بارزانی، قەستی خۆم بۆ سەفەری لای کاک ئەحمەد تۆفیق پێ گوت. دژایەتی نەکرد پسوولەیەکی "عدم تعرض"ی دامێ بۆ پاسگاکانی سەر ڕێگای حکوومەت، تا بە ماشێن بچم بۆ شاری "ئامێدی" و لەوێڕا بە پێیان. نامەیەکیشی نووسی بۆ بەرپرسێکی نهێنیی پارتی لە شاری ئامێدی کە لەو میوان بم و تەگبیری ڕێوبان و شارەزا و وڵاغدارم بۆ بکا، تا دەگەمە کانیی ماسی.

ئەوکاتە جەماعەتی پارتیی کۆن، دژ بە سەرۆکایەتیی شۆڕش، دەگەڵ حکوومەتی ئێراق هاوکارییان هەبوو لە شار و ڕێوبانەکانی ژێر دەسەڵاتی حکوومەت دەسەڵاتدار بوون، هەر کەسێک پێشمەرگە و دەگەڵ شۆڕش با و بیاننناسیبا، دەیانگرت و ئەزیەتیان دەدا. شاری ئامێدیێ، لەبەر دەستی ئەواندا بوو.

مەلا محەمەد خزری لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا، لاپەڕەی ۱۸۵دا دەنووسێ، لەنێو بازاڕی گەڵاڵەدا تووشی کاک ئەمیر قازی بووین. ماندوونەبوونیمان لە یەکتر کرد و... کاک ئەمیر گوتی: "هەواڵی فایق ئەفەندیتان هەیە؟" گوتمان: "نا..." کاک مەلا محەمەد ڕاست و دروستی نووسیوە و وابوو. بۆ ماشێنگرتن بەرەو ئامێدیێ چووبوومە گەڵاڵە، لەوێ تووشی هاتم، بەسەرهاتم بۆ گێڕاوە تا ئاگادار بێ، بە ئەندازەیەکی زۆریش لە ڕاڕەخۆیی و گوێبەقسەنەدانی کەس، لە دڵی خۆمدا، لە کاک فایق، تووڕە و عاجز بووم.

بەسەرهات ئاوا دەبێ، کە کاک فایق چەند ڕۆژێک پاش دیداری پێکەوەمان لە سلێمانی، سەرەڕای وەعد و بڕیارمان، هەر دەچێتەوە لای قادر تەگەرانی تا لە ڕێگای ئەو زاتە ناموبارەکەوە، بگەڕێتەوە لای ئاواڵانی لە ڕۆژهەڵات. قادر تەگەرانی جێبێکی لاندروز بە کرێ دەگرێ، کاک فایق و کاک "خەلیل شەوباش" سوار دەکا، گۆیا بۆ دڵقایمی و خۆشباوەڕیی ئەوان، خۆشی دەگەڵیان سوار دەبێ تا لە شوێنی مەترسیدار دەربازیان دەکا، هاوکات لەپێشدا ڕۆژ و سەعاتی هەرەکەتی خۆیان و جادەی پێداڕۆیشتنیان، بە لقی ٤ی پارتی لە دەوروبەری سلێمانی، ڕادەگەیەنێ تا لەسەر ڕێیان بن و بیانگرن.

ڕۆژی دیاریکراو "سدیق ئەفەندی" ناو، بەرپرسی لقی ٤ی پارتی، شەخسی خۆی بە دەستەیەک پێشمەرگەوە، چاوەڕوانیان دەبێ، لە دێی " کانیی بەردینە" ماشێنیان پێ ڕادەگرێ، سووک و هاسان دایاندەبەزێنێ. کاک فایق و کاک خەلیل شەوباش دەستگیر دەکا و قادر تەگەرانیش قیت و قنج هەر بەو ماشێن، دەگەڕێتەوە ماڵی خۆی، نە بای پێ دادێ و نە بۆران.

با بێمەوە سەر مەتڵب، بە دڵگراینێکی تەواو لە دەروونداا، گەیشتمە شاری ئامێدێ. لەوێ، ماڵ بەرپرسی پارتیم دۆزیەوە، شەو لە ماڵیان مامەوە، ماڵی ئاوەدان بێ بێمەوە ماندووبوو. ولاغدارێکی شارەزای بۆ تەرتیب کردم، تا دەگەڵم بێ بۆ کانیی ماسی. بەیانیی زوو وە ڕێ کەوتین.

لە دەرەوەی شاری ئامێدێ، لە نزیک دەراوی بێگای کاروانەڕێی ناوچەی کانیی ماسی، بنکەیەکی پشکنین و کۆنترۆڵی جەماعەتە چەکداری پارتیی کۆنی لێ بوو، چەند کەسێک لەبەر دەرگای بنکەکە دانیشتبوون. کە ئێمەیان دیت وا خەریکین بەرەو دێهاتی ناوچەکە وێ هەڵدەگەڕێین، بانگیان کرد ڕاوەستن،. ڕاوەستاین، هاتنە پێش و لە من کە کەوا و پانتۆڵی کوردیی سۆرانیم لە بەردا بوو پرسیان: "خەڵکی کوێی؟ کارت چییە؟ و بۆ کوێ دەچی؟"

گوتم: "خەڵکی قەلادزێم، دوکاندارم کارم کەسابەتە، برام پێشمەرگە گرتوویانە قەدەرێکە بێ سەروشوێنە، دەڵێن لە هێزی ئەسعەد خۆشەوی

زیندانییە، دەچم بۆ وێ بەشکو سەروسۆراغێکم لێ دەستکەوێ.| یەکیان پرسی: "تۆ جەماعەتی ئەحمد تۆفیق نی؟" گوتم: "ئەحمەد تۆفیق کێیە؟ ناینasم." گوتی: "بڕۆن بە خێر چن." بێ گێلەمەگێلم و بێ خەتەر نەجاتم بوو.

نیوەڕۆی ئەو ڕۆژە، گەیشتمە لای کاک ئەحمەد تۆفیق لە کانیی ماسی، بە دیدارەکە کەیفخۆش بوو و پرسی: "ئەوە چۆنە ئاوا بێ خەبەر و هەر بە تەنێش هاتووی؟" بەسەرهاتم وەک دەڵێن لە نووکەوە بۆ گێڕاوە، گرانیی کاک فایقم بۆ باس کرد.

سەرەڕای ئەوەش کە لەمێژ بوو پێوەندی دەگەڵ کاک فایق بڕابوو و لە باڵ خۆیدا زۆریشی لێ بەگلەیی بوو، بە خەبەرەکە تێکچوو، چرژا. هیچ قسەی بۆ نەهات، قەدەرێکی تەواو مات بوو، پاشان لە بن لێوەوە گوتی: "دەیکوژن."

دوو سێ ڕۆژ لەلای حەسامەوە، دوایی وامان بە باش زانی بگەڕێمەوە بۆ باڵەکایەتی، ئەویش بچێ بۆ بارزان بۆ لای خوالێخۆشبوو شێخ ئەحمەد و شێخ بابۆ. داوایان لێ بکات بێن لە کێشەکەوە و پارێزگاری ژیانی کاک فایق لە بارزانیی نەمر داوا بکەن. وابوو پێکەوە لە دێی کانیی ماسی دەرکەوتین، ئەو بەرەو بارزان، منیش بەرە و ئامێدێ. وە بیرم دێ ساڵ، وەختی گێلاسپێگەیشتن بوو. باغاتی دێی کانیی ماسی دارگێلاسێکی زۆریان لێ هەبوو. دوو قەرتاڵەی پڕ لە گێلاس ئامادە کرابوو کە وەک دیاری بۆ مامۆستا هەژار و مامۆستا هێدی؛ واتە خالیدئاغا حیسامی،یان، بێنمەوە.

بە قەرتاڵەگێلاسەوە گەیشتمەوە ئامێدێ، بێ مەحتەلی، بە سەیارەک کە موسافیری "ڕەواندز"ی هەڵگرتبوو، تا چواڕێیانی ڕەواندز "دیانان" هاتم. لەوێ دابەزیم. زۆری پێ نەچوو ماشێنێکی لاندڕۆور، کە لە بەینی گەلاڵە-هەولێردا، هاتوچۆی دەکرد، گەیشتە جێ. کابرای شۆفێر"سمۆ" ناو ناسیاو بوو لەسەرم ڕاوەستا، بەرەو گەڵاڵە دەگەڵی سوار بووم. سمۆ، بەخێرهاتنی کردم و گوتی: "ئەوە لەکوێڕا دێیەوە بەو قەرتاڵانەوە؟" گوتم: "هەر لێ گەڕێ لە سەفەری ئەو دەوروبەرانە بووم، ئەو

قەرتاڵەگێلاسانەش ئەمانەتن بۆ مام هەژار و مامۆستا هێدی." گوتی: "ئەگەر وایە تا حاجی ئۆمەرانت دەبەم بۆ ماڵی مام هەژار."

لە ڕێگادا دەگەڵ سمۆ، هەروا لە قسەوباسدا بووین. لەناکاو وە بیری هاتەوە، گوتی: "کاک ئەمیر زانیوتە ئەحمەد تۆفیقیان ئیعدام کرد؟" دڵم داخورپا، تەزوویەکی ساردم بە لەشدا هات، گوتم: "نەمزانیوە کەنگێ؟" گوتی: "بەدی جەنازەکەشیان داوە بە ئێران."

قووڵایی و کاریگەری کاریسەکەم لێ مەعلووم بوو، دەمزانی سمۆ فایق و ئەحمەد تۆفیقی لێ تێکچووە. تا بەر خێوەتی ماڵی مامۆستا هەژار بردمی. مامۆستا هەژار لە ماڵ بوو، کە چاوی پێمکەوت چاوی پڕ بوو لە ئاو. پرسیم: "مامۆستا! چت بۆ نەکرا؟" گوتی: "نەخێر نەکرا."

مامۆستا هەژار، لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا "چیشتی مجێور"، لەسەر کاک فایق و ڕووداوەکانی لەمەڕی وێ، بە پێچەوانەی هەست و بۆچوونی دەورانی گێران و ئیعدامی کاک فایق، خراپ دەدوێ و تا ڕادەیەکی زۆر، ڕووی لە ناخۆشەویستی و غەرەزی شەخسی ناوە، دەزانم کە پێوەندی نێوان خۆشی و دۆستایەتێکی تایبەتی لەبەینیاندا نەبوو، سەرەڕای ئەوەش هەڵوێست و بۆچوونی لەو چەشنەی کە لە چێشتی مجێوردا هاتووە لە بەڕێزیان چاوەڕوانی نەدەکرا.

ڕۆژی پاشان، لەسەر ڕێگای گەڕانەوە بۆ ناوچەی پشدەر، لە بارەگای ڕەحمەتی ئیدریس بارزانی بۆ ماوەی سەعاتێک لام دا، چاوم بە بەڕێزیان کەوت. لەو چاوپێکەتندا گوتی: "دەزانم عاجز و دڵئێشی، بەڵان وا هەڵدەکەوێ کە مرۆ لەپێناو قازنجی شۆڕشدا، خوێنی برای خۆی بخواتەوە." منیش عەرزم کرد: "خوا بمانپارێزێ، دابونەریتێکی خراپ ڕووی کردۆتە تێکۆشانی کوردایەتییەوە." ئیدی لەلای وە لا کەوتم، ملی ڕێگای خۆم گرتەبەر. بارودۆخەکە چی دیکەی هەڵنەدەگرت.

لەکیسچوونی کاک فایق، زەربەیەکی کاریگەر بوو کە لە لەشی نارێک و ماندووی کادر و پێشمەرگەکانی بزووتنەوەی ٦٧-٦٨ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کەوت. ڕەمەقی ئاخر و هەودای باریکی هیوای جەماعەت بە

شەهیدکەوتنی کاک عەولاّ موعینی و شەهید مینەشەم، پسا، کە لە مانگی پووشپەڕی ساڵی ١٩٦٨ زایینی لە شەڕێکی قارەمانانە و ناهاوتادا دەگەڵ ژاندارم و جاشەکانی ڕێژێم شەهید بوون، یادیان بە خێر. پاش ئەوە ئیدی هەرکەس کوڕی بابی خۆی، ڕێگای خۆی بۆ خۆی ڕەچاو کرد. گشتەپێشمەرگەیەکی ٢٥-٣٠ کەسی، ڕوویان کردە "بەکرەجۆ" کە جەماعەتی چەکداری سەر بە مەکتەبی سیاسیی پارتیی کۆن قەرارگەی گشتی خۆیان لەوێ دانابوو دەستەکەی دیکە، ڕەنگە ٢٥ کەسێک خۆیان دا بە دەست شۆڕشەوە و ڕەوانەی هێزی دەشتی هەولێر کران.

جەماعەتی پەنابەر بۆ بەکرەجۆ، پاشتر ڕەگەڵ چەکدارانی دیکەی قەرارگای بەکرەجۆ بە پشتیوانی هێزی نیزامی حکوومەت، هێرشیان کردە قەڵادزێ و شاریان گرت. دەگەڵ گرتنەوەی شار، ئێمە بەگشتی لە شاردا بنەبڕ بووین، کەوتینە گوندەکانی دەوروبەری قەڵادزێ و لەوێڕا کەوتینە پێوەندیگرتنی بە نهێنی دەگەڵ ئەو کادر و پێشمەرگانەی کە دەگەڵ چەکدارەکانی سەر بە قەرارگای بەکرەجۆ هاتبوونە قەڵادزێوە. ئێمە هەوڵی ئەوەمان بوو کە بیانکێشینە دەرەوە، بیانهێنینە لای خۆمان، خۆ ئەگەر نەکرا و بە هەر دەلیلێک بووبێ نەیانویست بێنەدەر، با کارێکی وا بکەین کە نەکەونە شەڕ دەگەڵ پێشمەرگەی شۆڕش، نێو و ناتۆرەی ناپەسندیان نەکەوێتە سەر.

نوێنەری خۆمان بە نهێنی نارده قەلادزێوە، ڕوو دەر ڕوو دەگەڵیان دواین، هەرچەند بە قسەیان نەکردین و هەموو هەر نەهاتنەدەر، بەڵان شەڕنەکردنی دەگەڵ پێشمەرگەیان، لێ قبوڵ کردین.

ئەو دەستەی کە کەوتبوونە هێزی دەشتی هەولێر، کەوتنە بەر ڕەحمەتی دەزگای شۆڕشی ئەیلوولەوە! لەنێو ئەوان، جەمعێکی چەند کەسی وەک شەهید "ساڵە لالەجانی" پێشمەرگەی ئازا و بە ناو، شەهید "سلێمان کەرقەشان"، شەهید "عومەر حەسەن حەوتەوانە" لەسەر داوای ڕێژێمی ئێران، بە پێچەوانەی هەموو قانوون و عورفێکی ناسراوی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی، هێنرابوونە ناوچەی گەڵاڵە تا لەوێڕا، ڕادەستی ئێران بکرێنەوە.

لە سەروبەندی بەئێراندانەوەی سالە لاجانی، سلێمان کەرقەشی، عومەر حەوتەوانە کە گیرابوون و هێنرابوونە ناوچەی باڵەکایەتی، منیش لەوێ بووم، بە هاوکاری و پشتیوانی بێوچانی مامۆستا هەژار، دە هەوڵی نەجاتبوونیاندا بووین، بەداخەوە بێجگە لە عومەر حەوتەوانە، کەسی دیکەمان بۆ ڕزگار نەبوو. سالە لاجانی و سلێمان کەرقەشان، تەسلیم بە ئێران کرانەوە و لە پادگانی "جەڵدیان" گوولەباران کران، یادی بەڕێزیان پیرۆز بێ. عومەر حەوتەوانە کە لەو پلەدا لە مەرگ ڕزگار ببوو، بە پێشمەرگایەتی لە شۆڕشی ١٩٧٩ی ڕۆژهەڵاتی کوردستان شەهید بوو، یادی پیرۆز بێ.

دەبێ ئەوەش بڵێم کە لە گێرەوکێشەی هەوڵ و تەقەلادا بۆ ئازادکردنی ساڵە لاجانی و سلێمان کەرقەشان، وەک دەبیستراوە، دوکتۆر مەحمود عوسمان، هەڵوێستی کوردپەروەرانەی لە خۆ دەنوێنێ. دوکتۆر مەحمود عوسمان، ئەندامی مەکتەبی سیاسی و تەنفیزی ئەو زەمانی پارتیی دێمۆکڕاتی کوردستان، گۆیا نە تەنیا هەر دەنگی بە دژی تەحویلدانەوەی ئەو پێشمەرگە کوردانە دابێ، تەنانەت دەبێ گوتبێتی نەک هەر نابێ تەسلیم بە ئێران بکرێنەوە، بەڵکە ئەگەر پێویست بێ، دەبێ لەسەریان، بەشەڕیش بێین.

بەو چەشنە ئاگری بزووتنەوەی چەکداریی بەشێک لە کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان، لە ڕۆژهەڵاتی وڵات، دامرکایەوە و هەر چۆنێک بێ وەک ڕووداوێکی مێژوویی، چ بە ڕاست لە قەڵەم درابێ یان بە هەڵە، لە تێکۆشانی سیاسیی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا جێگای خۆی کردۆتەوە.

ڕووداوی ساڵەکانی ١٩٦٧-٦٨، کەم تا زۆر، لەسەری نووسراوە و هەرکەس و لایەنە، بەپێی بۆچوون و ڕوانگە و بەرژەوەندە سیاسییەکانی خۆی، هەڵسەنگاندیان لێ کردووە، بڕانیش لەو نووسراوانە هەر بە شان و باڵی بزووتنەوەکەیانداهەڵگوتووە ئیدی نەچوونە بنەوانی واقیعبینی و لەبەرچاوگرتنی هەل و مەرجی زەمان تا بێ هەڵە و پەڵە نەغد و وردی بکەنەوە. لام وایە حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستانی ئێرانیش لەو

ڕوانگەیەوە کەموکوڕی هەیە، ئەویش وەک خەڵکەکەی دیکە، نەچۆتە بنجوبنەوانەوە و لە هۆ و سەبەبەکانی هەڵایسان و دامرکانەوەی ئەو بزووتنەوەیە کە لەڕاستیدا بەشێکە لە مێژووی خەبات و تێکۆشانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان، نەیکۆڵیوەتەوە و لە بنەوانی نەکردووە، ئەوەی جارجاریش گوترابێ یا نووسیبیانەتەوە، بێ کەموکوڕی نین، چونکە هەر هێندەیە کە گوتویانە و ئیدی لەسەری تێپەڕیون و وردیان نەکردۆتەوە.

لێرەدا، کاری ئەو یادداشتنامەیە، نە ئەوەیە کە بە یەک یەکی نووسراوەی لەمەڕ بزووتنەوەکەدا بێتەوە و نەغدیان بکاتەوە، نە ئەوەشە کە بیەوێ مێژوونووسی بکا، ئەوە ئەرکی خەڵکانێکی دیکەی لێزان و پسپۆرن کە ئەنجامی بدەن، خۆ ئەگەر ئێستاش ئەوە نەکراوە، بێگومان لە داهاتوودا لێزانانی خەڵکەکەمان ئەو بۆشاییە پڕ دەکەنەوە. دەگەڵ ئەوەش هەر دەبێ ڕای خۆم لە هۆیە سەرەکییەکانی بەرپابوون و دامرکانەوەی بزووتنەوەی ساڵەکانی ١٩٦٧-٦٨ی زایینی، هەرچەندە کورتیش بێ، دەربڕم.

بە باوەری من، دەکرێ بگوترێ یەکێک لە سەبەبەکان کە بزووتنەوەکە دەستی پێکرد و هەر زۆر زووش دامرکایەوە، لەوەدا بوو کە کاک فایق، وەک کەسایەتیی دووهەمی ئەوکاتەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان، تەنیا هەر بە ئیرادەی خۆی، بەبێ پرس و ڕاوێژ دەگەڵ باقیی برادەرانی خۆی لە کۆمیتەی ناوەندی، لەو کارە ڕۆچوو. هەڵکەوتووە و لێرە و لەوێ گوتراوە، جارجار نووسراویشە و باس لە کۆمیتەیەکی شۆرشگێڕی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان کراوە، کەچی لانی کەم لە دەستپێکدا هەبوونێکی جیدی بااڵێکی ئەوتۆ لەناو حیزبی دێمۆکراتی کوردستاندا، بنەمایەکی نییە.

ئەوە ڕاستە کە چەند کەسێکی خۆ بە چەپ زانی تووەکراتی زیاتر هەواداری حیزبی شیوعیی ئێراق لەناو ئێمەدا، خۆبەخۆ سەروساختێکیان هەبوو و بۆ دژایەتی دەگەڵ کاک ئەحمەد تۆفیق خۆیان بە کاک فایقەوە هەڵاوەسیبوو، بەبێ ئەوەی بە ڕاست دەگەڵی بن، بەاڵن ئەو دەستە چەند

کەسییە، هیچ نەخش و ڕۆڵێکیان لە هەڵگیرسانی بزووتنەوەکەدا نەبوو. خۆ ئەگەر دواتریش پاش ئەنجامی جوولانەوەکە قسەیەکی وا هەبێ کە لە وڵاتدا کۆمیتەیەکی ئەوتۆ پێکهاتبێ و دروست بووبێ، بەتەواوی جێی شک و گومانە. ئەوەندەی لێی بزانم و ئاگام لێ هەبێ هەروەک بە زیندی سەر لە خۆی کاک فایقیشم بیستووە، تا پێکهاتنی کۆنفەرانس یان کۆنگرەیەکی حیزب، کاک فایق هەر خودی خۆی، بە بگیر و بەرپرس و ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی زانیوە و ئامادە نەبووە شتێک بە نێوی کۆمیتەی شۆڕشگێڕی حیزبی دێموکراتی کوردستان، یا هەر دەسەڵاتێکی دیکەی ناو بزووتنەوەکە، پێک بێنێ.

کە وابوو هەبوون و دروستبوونی دیاردەیەکی ئەوتۆ، پاش دامرکانەوەی بزووتنەوەکە و شەهیدکەوتنی کاک فایق، کێشەیەکە، کە لە جانتای حیزبی تودە و خەتی سەر بە حیزبی تودە، سەری دەرهێناوە. بەم چەشنە و بەو شێوەی کە لە پێشتریشدا هەر هاتووە، بزووتنەوەی ٦٧-٦٨ کاک فایق دایگیرساند، بەڵان داگیرساندنێکی ناوەخت و کارێکی بێ لێکدانەوە، کە دەگەڵ هیچ مەنتیق و بەراوردێکی حەکیمانەی سیاسی بەپێی هەل و مەرجی کات و جێ و شوێن، نەدەگونجا و یەکی نەدەگرتەوە.

حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لەو زەماندا، لەوپەڕی پرش و بڵاویدا بوو. بێجگە لە ناکۆکیی ناوخۆیی، بەشێک لە کادر و ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی نەمابوون، شەهید ببوون، چەندێکیش لە زیندانی عەبدولوەهاب ئەتروشیدا بوون لە ناوچەی بیارە کە پاشتر شەهیدکران یان بە زیندوویی تەحویلی ڕێژێمی ئێران درانەوە، بەشێک لە سەرکردایەتی، لە بەرهەمی ناکۆکیی ناوخۆییدا، یان زیز ببوون یان لە ناوچەکانی سنوور دوور خرابوونەوە، لێک دوور و بڵاوببوون. جیا لە چل پەنجا کەچەتفەنگی کەم فیشەک، حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، بەنبڕی دیکەی نەبوو هەروەک تمەنەدراوێکیشی، لە گیرفانی خۆیدا شک نەدەبرد، تا جووتە پێڵاوێکی پێ بکڕێ.

جیا لەوەش، شۆڕشی ئەیلوول لە باشووری وڵات لە گۆڕێدا بوو کە بڕیار وابوو وەک شۆڕشێکی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی چاوی لێ بکرێ و لە خزمەتیدا بین، شۆڕشێک کە لە شەڕێکی قوڕس و گراندا بوو دەگەڵ ڕێژێمی ئێڕاق و بەو بۆنەوە تا بنهەنگڵان کەوتبووە ژێر سەیتەرەی ڕێژێمی ئێرانەوە، بۆیە نەک هەر نەدەکرا پشت و پەنا بێ بۆ بزاوی چەکداریی ئێمە لە ڕۆژهەڵات، بگرە نەیار و دژیش دەبوو. ئەوەش لە کاتێکدایە کە دوژمنی زۆردار لە ئێران، تا ددان چەکدار بە چەکی هەمەچەشنە و پێشکەوتووی ئەو دەوران وەک بەدەسەڵاتترین دەوڵەتی دیکتاتۆر و نیزامی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و...

حوکمی ئەقڵی بارودۆخ، بەپێی لێکدانەوەی خۆی، دابنابوو کە بزووتنەوەی چەکداریی لە هەر باریکەوە بێ زەمینەی ٦٧-٦٨ چ ئاکامێکی دیکەی لێ چاوەڕوان ناکرێ، جیا لە شەهیدکەوتنی دەیان و دەیان ڕۆڵەی تێکۆشەر و کادری بەوەجی خەباتی داهاتووی ڕزگاریخوازیی وڵاتەکەمان و هەروەها خەسارەتی کەوتنەزیندان و ئاوارەبوونی هەزاران لە هاووڵاتییان و تێکۆشەرانمان. هەنگاوێکی ئەوتۆ، لەو هەل و دەرفەتەدا کە ئێمەی تێ کەوتبووین و تێدا مابووینەوە، بێجگە لەخۆباییبوون، هەستی بێ مەسئولیەتی بەرامبەر بە خەڵک و حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، ناکرێ چ نێوێکی دیکەی لێ بندرێ.

وەک لە پێشتریشدا هەر هاتۆتەوە و گوتراوە، هۆیەکی دیکەی بەرچاو بۆ دەستپێکردنی بزووتنەوەی ٦٧-٦٨ لەوەدا بوو کە نە خودی کاک فایق و نە هیچکام لە برادەرانی کە دەگەڵ بزووتنەوەکە بوون، هەستیاری دەوڵەتی قودرەتمەندی "شا"یان بەرامبەر بە لەقاودان بۆ شۆڕشێک لە ڕۆژهەڵاتی وڵات، بە هێند نەگرتبوو وا وێدەچوو هیچ حیسابێکیان بۆ دژبەری و بەرهەڵستی ڕێژیمێکی سەرکوتکاری زاڵم و بەدەسەڵات لە چەشنی حکوومەتی شا، بە دەستەوە نەبووبێ، وایاندانابێ هەر وەک جاری جاران کە بۆ کاری ڕێکخراوەیی بە نهێنی، دەچوونە ناوەوە و دەگەڕانەوە باشوور، دەچێتە سەر هەمان ڕێوشوینی جاری جارانەوە و تێدەپەڕێ. لە حاڵێکدا ئاشکرا بوو هەر لە پایەڕا، دەگەڵ شەڕێکی سەخت و گران لە هەمانکاتدا نابەرامبەر، ڕووبەڕوون.

هۆیەکی دیکە بۆ هەڵایسانی بزووتنەوەی ساڵەکانی ٦٧-٦٨ کە لە لاپەڕەکانی پێشووشدا هەر باسکراوە، دەستلەکاردابوون و دەستتێوەردانی حیزبی تودە بووە لە کار و بارە نێوخۆییەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، شان بەشان دەگەڵ مایەفیتنەیی حیزبی شیوعیی ئێڕاق، هەردوولا پێکەوە، دەست لەناو دەست لەئاگرخۆشکەرانی جەرەیانەکە بوون.

حیزبی شیوعیی ئێڕاق لەوکات و زەماندا، بە تازەگی ببوو بە هاوپەیمانی حیزبی بەعس و هاوکاری حکوومەت، خواخوای بوو خزمەتێکی بۆ حکوومەتی ئێڕاق لە دەست بێ. جا چ لەوە باشتر. هەم بۆ دژایەتی دەگەڵ شۆڕشی ئەیلوول و هەم بۆ ئەوە کە خۆش خزمەتی بە هاوپەیمانی تازەی خۆی کردبێ وەک حکوومەتی ئێڕاق بێ، کە ئەویش وەک چاوئێشەدار لە هەڵاگیرسانی ئاگرێک دەگەڕا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان تا پێکی بگرێ دەگەڵ شۆڕشی باشوور و خۆی لەبەر گەرم بکاتەوە.

لەلای دیکەڕا، حیزبی تودە، کە هەم لە ئێڕاندا و هەم لە دەرەوەی ئێران، تووشی کێشەی ناوخۆیی هاتبوو و دەستە دەستە و سازمان بە سازمان لێی جیا دەبوونەوە و بەتەواوی کەنەفت و پەککەوتە مابۆوە، مایەفیتنەیی حیزبی شیوعیی برای بە گیان و بە دڵ قۆستەوە. هیوایان بەوە بوو وەک دەگوترێ، بەو پووشەچیلکەیە، خۆی پێ لە گۆمی خنکان بگرێتەوە و بۆ جارێکی دیکە نێوی بێتەوە نێو نێوان.

هۆیەکی دیکەی گرنگ لەو پێوەندییەدا، ئەویش هەر بە کورتی، بێ مەسئولیەتی و پشتگوێخستنی ستراتیژێکی کوردستانی بوو کە شۆڕشی ئەیلوول، چ بایەخێکی پێ نەدەدا. هەر بەو پێیە، پەیوەستبوونی بەشێکی زۆر لە بەرپرسانی شۆڕش "فی سبیل الله" بە ڕێژێمی ئێرانەوە، کە ڕێی ڕوون و مەنتیقی سالمی بەتەواوی لێ بەرتەسک کردبوونەوە. گوشارێکی کە هەر بەرپرس و مەسئولەی، لە گۆر ویست و پێوانەی خۆی، ڕەکاری دێنا و شل و تونده‌ی پێ دەکرد، لەسەر شانی تێکۆشەرانی کوردی

بەشەکانی دیکەی کوردستان و بەتایبەتی خەباتکارانی ڕۆژهەڵاتی بار بوو.

دووبارەی دەکەمەوە کە کردەوە نالەبارکانی ئەوکاتی شەهید سامی عەبدولرەحمان، خەسارەتێکی بەرچاوی بە ڕەوەندی هەڵسوکەوتەکانی بزووتنەوەی سااڵنەکانی ٦٧-٦٨ گەیاند کە بەهاسانی کەلێنەکانی پڕ نابێتەوە.

ماوەی بەهار و هاوینی ئەو ساڵە، بە گیروگرفتی ئامادەکاری بۆ کۆنفەرانسێکی حیزب، خەریک بووین. لەو ماوەیەدا و بۆ ئەو مەبەست، چەند جارێک هاتوچۆی لای ناوچەی کانیی ماسی و بارەگای بارزانیمان هەبووە، تا بۆ بەشداری لە کۆنفەرانسدا، دەرفەتی چەند ڕۆژێک بۆ گەڕانەوەی کاک ئەحمەد تۆفیق پێک بێنین، کە نەیگرت و جێبەجێ نەبوو ئیجازەمان بۆ وەرنەگیرا، بەڵان ڕەحمەتی کاک ئیدریس بارزانی ٢٠٠ دینار پارەی ئێڕاقی یارمەتی داین تا کاروباری کۆنفەرانسی پێ ڕاپەڕێنین.

بە هەر حاڵ و ئاوایەک بووبێ، لە ٢٤ی مانگی گەلاوێژی ساڵی ١٩٦٩ زایینی، کۆنفەڕانسی دووهەمی حیزب لە بناری چیای قەندیل پێکهات و چەند ڕۆژێکی خایاند. لەو کۆنفەڕانسدا لە هەڵسوکەوتەکانی پاش کۆنگرەی دووهەمەوە تا ڕۆژی بەسترانی کۆنفەڕانسەکە، ئاوڕیان لێ دراوە و پوخت و تەسەل قسەیان لێ کرا. بەرنامەیەکی گونجاو لە قەدەر توانا و کێشی ئەوکاتەی حیزب داڕێژرا. جێگای شەهیدەکانی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی، لەڕێگای کۆنفەرانسەوە بە هێنانی چەند برادەرێکی دیکە، پڕ کرایەوە.

هاوکات ڕیزە قەرار و بڕیارێک دەگەڵ گشتە پەیام و ڕاگەیاندنێک بۆ ئاگاداریی گشتی، هەروەک بۆ ڕێکخراوە سیاسی و کۆڕ و کۆمەڵ و کەسایەتییە کوردستانییەکان، ڕاگەیاندرا. نووسەری ئەو یادداشتانە، ڕاسپێردرام بۆ خزمەت بارزانی تا بەستران و کۆتایی کاری کۆنفەرانسی پێ ڕابگەیەنم. کاک مەلا ڕەشید دەگەڵ چەند برادەرێکی دیکە، ڕاسپاردە بوون بۆ دیداری کاک ئەحمەد تۆفیق لەمەڕ خاتیمەی کاری کۆنفەڕانس و

لەوێڕا بە هاوکاری کاک ئەحمەد بۆ دیدارێکی نهێنی لە ڕۆژاوای کوردستان بە مەبەستی پێوەندی دەگەڵ هێزە سیاسییەکانی ئەو بەشی کوردستان. لەسەریەک، هیوا و هومێدێکی نوێ و قەرەبوو بۆ تێکۆشانێکی جیدی دڵ و دەروونی داگرتەوە.

هەر لە هەوەڵ ڕۆژەکانی پاش تەواوبوونی کۆنفەڕانسدا، دەگەڵ کاک مەلا ڕەشید پێکەوە بەرەو ناوچەی گەڵاڵە وە ڕێ کەوتین. من بۆ کاری خۆم و ئەویش لەوێڕا بۆ ناوچەی کانیی ماسی و دیداری کاک ئەحمەد تۆفیق. ئێمە تازە گەیشتبووینە شارۆچکەی گەڵاڵە، برادەرە پێشمەرگەیەکی لای کاک ئەحمەد بە نامەیەکەوە گەیشتە جێ. کاک ئەحمەد بۆی نووسیبووم با منیش دەگەڵدا بم و بچم بۆ دیداری، بەڵان نەکرا چونکە وا دانرابوو چاوم بە بارزانیی نەمر بکەوێ، ئەویش بەگوێرەی گوتەی ڕەحمەتی کاک ئیدریس جارێ لە ڕاوەبەراز بوو، واتە لە دەرەوەی کوردستان، دەبوو تا گەڕانەوەی، لەوێ چاوەڕوان بم.

هەر چۆنێک بوو، دەستەی کاک مەلا ڕەشید وە ڕێ کەوتن و من بە جێ مام، چەند ڕۆژێکی دیکەی پێ چوو تا بارزانیی نەمر، لە ڕاوەبەراز گەڕایەوە و بە خزمەتی گەیشتم، پێکهاتنی کۆنفەڕانسەکەم بە سەرکەتوویەوە، پێ ڕاگەیاند. بارزانی پێخۆشبوونی خۆی لە سەرکەوتنی کۆنفەڕانس دەربڕێ و لەمەر خەباتی سیاسی ح.د.ک. بۆ داهاتوو بڕەئامۆژگارییێکیشی فەرموو کە پێی باش بوو ڕەچاو بکرێن.

ڕۆژێک لەو ڕۆژانە لەو سەروبەندەدا کە بۆ بەرنامەڕێژی لە کاری بڕیارەکانی پاش کۆنفەڕانس، لە کۆبوونەوەیەکی کادرەکانڕا، لە قەڵادزێوە بەرەو بنکەی ناوەندیمان لە بناری قەندیل، گوندی "سەرگەینێڵ" گەڕابوومەوە و شەو درەنگانێش گەیشتبوومەوە جێ، جارێ شەکەتی و ماندوویی کێووشاخم لە لەش دەرنەکردبوو، سەعات ١١ی شەو دوو کەس لە برادەرانی کادر، ئەوانیش هەر لە قەڵادزێوە، گەیشتنە جێ. جا چونکە بارودۆخی ژیانی سیاسیی ئێمە لەو زەماندا، هەمیشە هەر نائاسایی و لە گێرەوکێشەدا بوو، بەدیتنیان لەو کات و سەعاتدا، وەک دەڵێن دڵم داخورپا، پرسیم: "چی تازە قەوماوە؟"

گوتیان: "پاش دەرچوونی تۆ لە قەڵادزێ، پێشمەرگەیەکی لای کاک ئەحمەد بە نامەیەکەوە لەوێرا گەیشتۆتە قەڵادزێ، زۆر شپرێو و نارەحەت دیارە، حەتمەن شتێک لەوێ ڕووی داوە." پرسیم: "کوا نامەکە؟" گوتیان: "پێی گوتراوە بێجگە لە تۆ نامە نەدا بە کەس و خۆشی چونکە هەر بە پێیان هاتووە و ڕێگای حەوت هەشت ڕۆژەی هەر بە ٢٤ سەعات بڕیوە، هەموو پێ و قۆڵی بڕینە و توانای بزووتنی نییە، زۆر بەپەلە و نائارام چاوەڕوانی تۆیە لەقەڵادزێ، لە سەرپەڕی شار، لە ماڵێکمان داناوە تا تۆ دەگەیەی." لە بیر نەچێ کە ئەوکاتان شەڕ لە بەینی هێزەکانی شۆڕش و حکوومەتی ئێراق بەردەوام بوو، بەڵان قەڵادزێ نەگیرابووە و هەر لەبەر دەستی پێشمەرگەدا بوو.

ناچار هەستام، خۆم دە بەر کردەوە، هەر بەشەکەتی و ماندوویی ڕێی گەڕانەوە لە قەڵادزێرا، دەگەڵ برادەرانی پەیامهاوەر. بەرەو قەڵادزە وە ڕێ کەوتمەوە.

لەبەر پەشێوی و نیگەرانی لەپێشهاتی بەسەرهاتێکی نالەباری دیکە، نەمزانی ڕێگای شەش حەوت سەعاتەم، بۆ جاری دووهەم، چۆن تەیکردەوە. برادەران وە پێشم کەوتن بۆ ماڵی دیاریکراو. ژنی ماڵ تازە لە خەو هەستابوو، کەتری چای وە سەر نابوو و خەریکی ماڵینی دەوروبەری کەتریەڕەش بوو. دەنا شار بەگشتی لە غورابی خەوێدا بوو.

پێشمەرگەی لەوێراهاتوو کە هەموو لاق و لەتەری ببووە کفتە، پسوولەنامەی پێچراوی دامێ. نامەم کردەوە، دەستخەتی کاک ئەحمەد بوو. نامەیەکی کورت و موختەسەر بەو ناوەڕۆکەوە،

"کاک ئەمیر، ئێمە لێرە بڕیارمان دا خۆ بگەیەنینە پایەگاکانی حکوومەتی و خۆمان تەسلیم بەوان بکەین. ئێوەش لەوێوە هەرچی زووتر و بەپەلەتر خۆ بگەیەننە پایەگاکانی حکوومەتی و بگەنە ئێمە، کە یەکترمان دیتەوە مەوزووع و مەسەلەت لێ ڕوون دەبێتەوە."

دەگەڵ ئەو نامەیەی کاک ئەحمەد نووسراوێکی چەند دێڕی کاک مەلا ڕەشیدیش هەر دەگەڵ بوو، کە بە جیاواز پێچابوویەوە. کاک مەلا ڕەشید

نووسیبووی: "ئێمە ڕۆیشتین، ئێوەش لەوێ، قەراری خۆتان بۆ خۆتان بدەن."

ئەو خەبەرنامە سەرسوڕهێنەرە! ئەو کردەوە نابەجێ و منداڵانەیە! وەک بە کوتک لە سەرم بدەن، گێژومەنگی کردم. پێشمەرگەی لاق بریندار کە ناودێر بوو بە "وەستا ڕەحیم" و لە پێش ئەوەدا کە ببێتە پێشمەرگە، وەستای قوڕ و خشت و کاری بەننایی دەبێ، لە ماڵی گۆرین بە جێم هێشت و بە مەبەستی کۆکردنەوەی کادرەکانی حیزب و ئاگادارکردنیان لەو هەنگاوە نوێ و چەوتەی کاک ئەحمەد، چووم بۆ ماڵی کاک "کەریم حەداد" کە لەڕاستیدا، مەکۆگەی گشتی ئێمەی فەقیر و جێی حاوانەوەمان بوو. هەم خۆی و هەم هاوسەری بەڕێزی "برازنە خەجیج" بەوپەڕی دڵاوڵییەوە، خزمەتیان دەکردین.

ئەو ڕۆژە سەعات نەببوو بە ٢ی پاشنیوەڕۆ، بەتێکڕایی لە ماڵی کاک کەریم حەداد، بۆ جارێکی دیکە یەکترمان گرتەوە و کۆ بووینەوە. تەقریبەن هەموویان ئامادە بوون. نامەی کاک ئەحمەد و کاک مەلا ڕەشیدم بۆ خوێندنەوە، داوام لێکردن لەو کاتە ناسکەدا، هەرکەسە ڕاوبۆچوونی خۆی بڵێ و ڕاشکاوانە چی لە دڵدایە، دەری ببڕێ تا بگەینە بڕیارێکی گشتی و چارەنووسساز!

بۆ ماوەی چواریەکە سەعاتێک کشوماتێکی قورس بەسەر خەڵکەکەدا زاڵ بوو، ناچار سکوتی حاکمم شکاند و گوتم: "فەرموون بڵێن، قسە بکەن تا بزانین ئێمە ڕێ و ڕامان چ بێ!" ڕوویان دە من بوو و گوتیان: "لەپێشدا بزانین تۆ دەڵێی چی؟ پاش تۆ ئێمەش قسەی خۆمان دەکەین."

بە کورتی بۆچوونی نووسەری ئەو یادداشتانە ئەوە بوو کە گوتم: "کردەوەی کاک ئەحمەد ئەویش دروست لەو وەختەدا کە ئێمە تازە دەورانی چەرمەسەرەی ڕۆژگارمان دەرباز کردووە و وا خەریکین خۆ بگرینەوە و بە خۆدا بێینەوە، کردەوەیەکی چەوت، هەنگاوێکی بێ لێکدانەوەیە و لەوەڕا، نیشانەی ئەوپەڕی بێمەسئولییەتی دەگەیەنێ، گەمەیەکی ترسناکە کە داهاتووی حیزب و چارەنووسی ئێمەش، دەخاتە بەر هات و نەهاتەوە. بە ڕا و باوەڕی خۆم ئەو هەنگاوە بە غەڵەتێکی

گەورە لێک دەدەمەوە و دوای ناکەوم خۆ تەسلیمی داگیرکەر ناکەم، بەهەر قیمەت و نرخێک تەواو بووبێ با ببێ." گوتم: "لە هەوڵ ڕۆژی هاتنمەوە بۆ نێو تێکۆشانی ڕزگاریی نەتەوایەتییەوە، حیسابی هەمەچەشنە لێقەوماوی، خەتەرات و کەندوکۆسپێکم لەو ڕێگایەدا کردووە جا پێم ناوەتە ناو. بە هیچ شێوەیەک دەگەڵ بڕیاری ئاوا تاکڕەوانە و بەبێ هەڵسەنگاندن نیم، مەگەر هەمووی ئێوە بەگشتی بڕیارێکی دیکە بدەن."

لەو کۆبوونەوەدا، چ ئەوەی قسەیەکی کردبێ و چ ئەوانەی بێ قسە بووبن، بەگشتی دەگەڵ ڕەدکردنەوەی نامە و هەنگاوی کاک ئەحمەد بوون. چ دەبێ و چ بەسەردێ با بێ بە خێر بێ. گوتمان ئێمە ماندگارین، دەمینێنەوە و بە خەباتی خۆمان درێژە دەدەین.

لەو باسوخواسەدا کە لەسەر ئەو هەنگاوە نابەجێیە دەکرا، کاک ئەحمەد زیاتر مەبەست بوو، چونکە ڕوون و ئاشکرا بوو کە کاک مەلا ڕەشید، مرۆێکی وا نەبوو کە لە هیچ هەڵ و مەرجێکدا مل بە کارێکی ئەوتۆ بدا، بێگومان لە ڕووی لێکدانەوەیەکی بە ئیجبارەوە، ڕەگەڵ کە وتبوو.

هەر چۆنێک بێ، هەر هەمان ڕۆژ، پاش کۆبوونەوەکە، بۆ جارێکی دیکە، بەرەو باڵەکایەتی بۆ بارەگای سەرۆکایەتیی بارزانیی نەمر، وە ڕێ کەوتمەوە. بەرەبەیانی ڕۆژی پاشتر گەیشتمە گەڵاڵە و بۆ ئێوارەی هەمان ڕۆژ، لە بارەگای بارزانی، چاوم بە ڕەحمەتی کاک ئیدریس بارزانی کەوت، کات و وەختی بەخزمەتگەیشتنی بارزانیم لێ وەرگرت.

بارزانیی نەمر، بەپێی عادەتی خۆی، شەو سەعات دەوروبەری ١١ لە میوانخانەی خۆی وە ژوور کەوت. میوانخانە گشتەخەڵکێکی لە هەمەچەشنەی تێدا بوو. دوو سەعاتێک دەگەڵ خەڵکەکە دانیشت، پرسوجۆ لە هەر بارێکەوە لە گۆڕێدا بوو، تا بارزانی هەستا و خواحافیزی کرد لە میوانخانە دەرکەوت. چەند دەقیقەیەکی پێ چوو بەدوامدا هاتن، ڕێنوێنییان کردم بۆ ژوورێکی دیکە، چەند سەد میترێک دوور لە میوانخانە.

کە چووم، بارزانی لەوێ دانیشتبوو و چاوەڕوان بوو. وەک هەموو جارێ، لوتفی دەگەڵ کردم. باسی ڕۆیشتنی کاک ئەحمەدی هێنا گۆڕێ و پرسی: "بە نەزەری تۆ بۆ وایکرد؟" عەرزم کرد: "لام وایە لە جەنابت دڵنیشە، ئەو چەوتکارییشی بە مانای زیزبوونە لە جەنابت. دەبێ عەرز بکەم کە لەو بارەوە ئێمە بەتەواوی بێئاگاین، بەر لە ڕۆیشتن و لە واقیعدا زیزبوونی، هیچ باسێکی ئەوتۆی دەگەڵ ئێمە نەهێناوەتە گۆڕێ. ئێمە لەو کارەی ناڕازین، بە کردەوەیەکی چەوت و بە زیانی دەزانین بۆ خۆمان و بۆ داهاتووی کاری سیاسیمان."

ئەوجار بارزانی وە قسە هات و دەستی کرد بە گلەیی لە کاک ئەحمەد، کە مرۆیەکی کەمحەوسەڵەیە، دووربینیی نییە، مرۆیەکی خۆشباوەڕ و کەمچیکڵدانەیە. نەفەسدرێژ و دوورئەندێش نییە و... بەڵان سەرەڕای ئەوانەش، ئەحمەد مرۆیەکی ئازا و بەجەرگە. کوردە و وڵاتی خۆی خۆش دەوێ، خزمەتی شۆڕشی کردووە، دەگەڵ من بووە و جێی باوەڕی منە، بەقەد کوڕەکانی خۆم خۆشم دەوێ و دەزانم خراپە ناکا. ئەوەندەیە و لەوانەیە بە برادەریی من ڕازی نەبووبێ، ئەویش قەیدی ناکا و لە خۆشەویستیی وی لەلای من کەم ناکاتەوە. ئێوەش، کاروباری خۆتان پەک مەخەن و نیگەران مەبن.

دانیشتنی دووقۆڵی و وتووێژ، کە زیاتریش هەر بەڕێزیان دەدوا. زیاتر لە سەعات و نیوی خایاند. لە هەستاندا فەرمووی: "پێم باشە بچی و چاوت پێی بکەوێ، لە زمانی منیشەوە گلەیی لێ بکەی." عەرزم کرد: "من هیچ بەڵگە و وەسیلەی سەفەری بەغدام نییە، ڕەنگە برادەری وامان هەبێ ئەوانەی بە دەستەوە هەبن، ئاسانتر سەفەری بۆ بکرێ." فەرمووی: "پێم خۆشە خۆت بچی، دەگەڵ ئیدریس قسە بکە ئەو بۆت تەرتیب دەکا."

کاتی سەفەر بۆ بەغدا هات، چوومە خزمەتی ڕەحمەتی کاک ئیدریس بارزانی بۆ تەرتیبدانی سەفەرەکەم. ڕەحمەتی نامەیەکی نووسی، پێچایەوە و کردی بە پسوولەیەکی نایلۆنپێچ و گوتی: "ئەو نامەیە بۆ "قائد فیرقەی" ڕەواندزە، بۆی ببە، ئە و کاری هاتوچۆت بۆ تەرتیب دەکا! بەڵان وا بڕۆ کە شوێنەونکەت لە شۆفێری ماشێنی نەفەرهەڵگر کردبێ."

ئامۆژگاری کرد کە لە چوارڕیانی ڕەواندز-دیانا بۆ هەولێر، بەو ماشێنانەی کە لە هەولێرڕا دێن و دەچن بۆ ڕەواندز، بچمە فیرقە لای قائد فیرقە ئەوان تۆیان نەدیوە و ناتناسن. هەروەها ئامۆژگاری کرد کە ئاگاداری جاشان بم و خۆیان لێ بپارێزم، مەبادا بمناسنەوە.

پێم سەیر بوو لە جەنگەی شەڕ و پێکدادانی شۆڕش و حکوومەت، بە نامەی ئیدریس بارزانی و ئەویش لە ڕێگەی قائد فیرقەوە، بکرێ پیاو سەفەری بەغدایە بکا! پرسیم: "شتی وا هەیە و دەکرێ؟" فەرمووی: "بەڵێ دەکرێ، بۆ نا."

لە گەڵاڵە بە ماشێنی نەفەرهەڵگری هەولێر وە دەر کەوتم، لە چوارڕێی گۆرین دابەزیم. پۆستێکی عەسکەری حکوومەتی لێ بوو. بۆ وەی خۆ لە گەڕیان بدزمەوە، وردە وردە بە پێیان بە ڕێگای ڕەواندوزدا وە ڕێ کەوتم، وا بزانم چەند سەد میترێک لە پۆستەکە دوور کەوتبوومەوە، لاندرۆیەکی جاشان بەرەو ڕەواندز بە تەنیشتمدا تێپەڕێ، هێندێک تێپەڕی، پاشە و پاش گەڕاوە سەرم.

زەندەقم چوو، هێشتا نەگەیشتبووە سەرم تا لێم وەکۆڵن، یەکێک لە جاشەکان سەری لە پەنجەرەی دەرگای جێبەکەوە وە دەر نا، تەماشایەکی منی کرد و بەوانی دیکەی گوت، ئەوە هەو نییە، برۆ. نازانم کابرای جاش منی ناسی و ویستی بمپارێزێ یان بەڕاستی هەر ئەو کەسە نەبووم کە ئەوان مەبەستیان بووبێ. لە ترسان و بۆ ئەوەی تیکرار نەبێتەوە و تووشی خەتەری دیکەی لەو چەشنە نەیەم، وەک دەڵێن لە خۆفی مار، پەنا بۆ ئاگر، بەرەو عەسکەرەکانی پۆستی سەر چوارڕێیەکە گەڕامەوە دوا و لەلای ئەوان ڕاوەستام تا ماشێنێک لە هەولێرڕا هات، سوار بووم و لە بەرامبەر فیرقە، کە بڕێکیش لە جادەی ماشێنڕەو دوور بوو، دابەزیم.

لەبەر دەروازەی فیرقە، سەربازێک ڕاوەستابوو. پرسی: "چت دەوێ؟" گوتم: "نامەیەکم پێیە بۆ قائد فیرقە." گوتی: "بیدە بە من." گوتم: "گوتوویانە هەر بیدەم بە خۆی." چوو و هاتەوە، ئەفسەرێکی عەسکەری دەگەڵ خۆی هێنا، بەویشم هەروا گوت. کابرا وە پێشم کەوت تا بەر

دەرگای قائید فیرقە، خۆی چووە ژوورەوە، منیش لە بەردەرگا وەستام تا گەڕاوە و بە دەست ئیشارەی کرد و گوتی: "وەرە ژوور."

کە چوومە ژوور، قائید فیرقە دەگەڵ گشتەخەڵکێکی خۆی دانیشتبوو، سەری هەڵبڕی و گوتی: "کوا نامەت؟" پسوولەم دا دەست کابرای ئەفسەر، نایلۆن و تەرتیباتی لە نامە هەڵبڕی و نووسراوەی دا بە قائید فیرقە. کە نامەی خوێندەوە ئەوجار لە بەرم هەستا، دەستی لە دەست نام و بەگەرمی بەخێرهاتنی کردم. داوای قاوەی کرد، قاوەیان هێنا، تا من لە قاوەخواردنەوە بوومەوە، دەستووری دا " پسوولە"ی چوون و گەڕانەوەی بەغدام بۆ بنووسن بە خۆم و بە هەرچەند کەسێکی دەگەڵمدایە. پسوولەم وەرگرت و وە ڕێ کەوتم، لە فکری خۆمدا وام دانابوو کە قائید فیرقەش دەبێ لەو ئەفسەر و زابیتانە بێ کە بەنهێنی پێوەندی بە بارزانیی نەمرەوە هەیە. لە هیچ کۆیەکی دیکە بۆم جێ نەکراوە.

ئەو ڕۆژە بۆ ئێواری گەیشتمە بەغدا، ڕووم کردە مااڵی مامۆستا هەژار، خانمی بەڕێزی، براژنە مەعسوم بە دیتنم هەم زۆر خۆشحاڵ بوو هەم سەری سووڕما کە چۆن و بۆچی لە بەغدام دەبینێ! لە بەینی قسە و ئەحواڵپرسیدا، کاک مەلا سەید ڕەشید دەگەڵ شێرکۆی"محەمەد" کوڕی مامۆستا هەژار وە ژوور کەوتن. مەلا سەید ڕەشید بێ ئەوەی جارێ سڵاو بکا، پرسی: "ئەوە بۆ لێرەی؟" گوتم: "هاتووم بزانم تۆ بۆ لێرەی!" فرمێسکی بە چاواندا هاتە خوار و گوتی: "من جاشم." لە باوەشم گرت، ماچم کرد و گوتم: "تۆ بۆ جاش نابی."

شەو دووروودرێژ بەیەکەوە دانیشتین، لە بەینی قسەوباسدا، جارجار، کوڵی گریانی هەڵدەستا و فرمێسکی دەهاتنە خوار. خۆی بە تاوانبار دەزانی و لای وابوو نابێ ببەخشرێ. لە کاک ئەحمەد تۆفیق بەگلەیی و بەگازاندە بوو. دەیگوت ئەو دەگەڵ خۆی هێناوم، لای وابوو بۆ وەی تووشی یەکترکوشتن نەیەن، مەجبور دەگەڵی کەوتووە و لەو سەعاتەشڕا کە گەیشتوونەتە بەغدا، خۆی جیای کردۆتەوە و لە مااڵی مامۆستا هەژار و براژنە مەعسوم جێگیر ببوو.

شایانی باسە کە کاک مەلا سەید ڕەشید لەنێو ئێمەدا، زیاتر لە هەموو کەسێک ئۆگری کاک ئەحمەد بوو و یەکجار زۆری خۆش دەویست، لەڕاستیدا، وەک مرید، مریدی بوو. کەچی وەها دڵی لێی شکابوو، لێی عاجز بوو، وەک ئەرک و وەزیفەیەکی سیاسی و حزبیش بۆ کۆبوونەوە و دانیشتنێکی سێ کەسی لەمەڕ ئەو ڕەوە نابەجێییەیەشیان، نەیویست و ئامادە نەبوو دەگەڵ کاک ئەحمەد چاوپێکەوتنی هەبێ، ناچار هەر بە تەنێ ڕۆژی پاشتر چوومە جێ و شوێنی کاک ئەحمەد.

ماوەیەکی کورت پاش ئەو دیدارە، کە دواین دیدارم بوو دەگەڵ کاک ئەحمەد تۆفیق، لە ئێڕاق دەرکەوتم و گەیشتمە ئوروپا. هێندەی نەخایاندبوو پاش دەرکەوتنەکەم لە ئێڕاق، بەداخەوە ئەو لەوێ دەگیرێ و دەکەوێتە حەپسەوە و هەر لەوێش لەژێر ئەشکەنجە و ئازاردا، شەهید دەبێ.

ئاخرین دیداری نووسەری ئەو یادداشتانە دەگەڵ کاک ئەحمەد، دیدارێکی ساردوسڕ بوو کە زیاتر هەر بەگلەیی و گلەییکاری دەرباز بوو. ئێمە ڕەخنەمان لەو بوو لەسەر پەنابەری بۆ حکوومەتی ئێڕاق شتێک کە لەو چاوەڕوان نەبووین. ئەویش دڵشکاو و گلەمەند لە زەمین و زەمان. لای وابوو بێوەفایی دەگەڵ کراوە، ڕێز لە کەسایەتی و شەخسییەتی نەگیراوە، بەتایبەتی لە بارزانیی نەمر گازاندەی هەبوو و ئێمەش لەنێواندا تێوە گلابووین.

بەتایبەتی نووسەری ئەو یادداشتانەی، بە کەمترخەم بۆ گێڕانەوەی بۆ بەشداری لە کۆنفەڕانسدا بە حیساب دێنا، پێی وابوو ئەو جۆرەی کە دەبوو هەوڵ بدەم بۆ گێڕانەوەی بۆ ناو براەران و لانی کەم هەر نەبێ بۆ بەشداری لە کۆنفەرانسی دووهەم، هەوڵم نەداوە.

لەسەرییەک هەروەک بۆ خۆم لە باڵ خۆدا لێکم دابۆوە، دڵشکاوی و ڕەنجاوی هۆی سەرەکی بوون بۆ ڕەوەکەی. خۆی بۆ خۆی وایدانابوو کە جارێ وازی لە سیاسەت هێناوە و ملکەچە بۆ هەر بڕیارێکی حیزبی کە لەسەری بدرێ. پێشنیار و ئامۆژگاری و داوام لێی ئەوە بوو کە هەوڵ بدا لە ئێڕاق دەرکەوێ و هەر نەبێ بۆ ماوەیەک! بچێتە ئوروپا.

ڕۆژی پاش ئەو ئاخردیدارە دەگەڵ کاک ئەحمەد، گەڕامەوە کوردستان. لە گەڕانەوەدا چوومەوە خزمەت بارزانیی نەمر و بەسەرهاتم بۆ گێڕاوە. لە هەستاندا کە ئیزنی ڕۆیشتنم خواست، فەرمووی: "ئەگەر دەچییەوە سەردانی برادەرانت، ئەوە بچۆ بەڵان ڕۆژی جومعە، تاریخەکەم لە بیر نەماوە، وەرە بۆ حاجی ئۆمەران. لە حکوومەتی ئێڕاقەوە خەڵک دێنە لای من، پێم خۆشە ئەو ڕۆژە تۆش لەوێ بی." فەرمووی: "وتوویژم دەگەڵ حکوومەت هەبووە و سازاوم، ئەوجار نۆرەی ئێوەیە."

گوتم: "پێوەندی بۆ ئێمە ڕەنگە جارێ زوو بێ، با بزانین وتوویژی جەنابت و حکوومەت دەگاتە کوێ!" فەرمووی: "سازاوم، باش سازاوم. کات بۆ ئێوە سازگارە." دووبارەی کردەوە: "ڕۆژی جومعە وەرە حاجی ئۆمەران." فەرمووی: "نەوەک من لە بیرم بچێ، چ مەسعود، چ سابیر، هەرکامێک لەبەر دەرگای میوانخانە بن، بڵێ مستۆ منی داوا کردووە، دەبێ بچمە ژوور." عەرزم کرد: "بەڵێ."

جومعەی دیاریکراو سەعات ٢ی پاشنیوەڕۆ، گەیشتمە حاجی ئۆمەران، شوێنی میوانخانەی بارزانی، شەهید کاک سابیر بارزانی بە تەنێ لەبەر دەرگای میوانخانە دانیشتبوو، سڵاوم کرد، لە بەرم هەستا، گوتم: "کاک سابیر بارزانی ئەمری کردووە بچمە خزمەتی." فەرمووی لێ کردم. چوومە ژوور و سڵاوم کرد. دەگەڵ سڵاو، بارزانیی نەمر بەپێی شەخسیەتی بەرز و بەڕێزی خۆی، یەکپێ لە بەرم هەستا و بەخێرهاتنی کردم، هاوکات جەماعەتی عەرەبی میوانیش، چوار پێنج کەسێک، بە پێڕەوی لە بارزانی، هەستانە سەر پێ. بۆ وەی بارزانیی نەمر بە پێوە ڕانەگرم، بەپەلە هەر لە بەردەرگاوە دانیشتم. ئەگەر لە بیرم مابێ، ئەو سەعاتە دوکتۆر مەحمود عوسمانیش لەوێ بوو و لە خوار بارزانییەوە دانیشتبوو.

بارزانیی نەمر، ڕووی کردە یەکێک لە عەرەبەکان، کە لە سەرووی خۆشی دانابوو و پاشتر دیاری دا ئەو کەسایەتییە "عبدالخالق سامرایی"یە، دووهەم کەسی دەسەڵاتدار لە حکوومەتی ئێڕاقدا و پێی فەرموو: "ئەو شەخسە نێوی ئەمیر قازییە، کەسایەتێکی بەرپرسە لە حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی بەشی ئێراندا. خەڵکی ئەو حیزبە ماوەیەکی دوورودرێژە

لێرەن، لەلای من، دەگەڵ ئێمە بوون و خزمەتی شۆڕشی ئێمەیان کردووە، ئێستا کە ئێمە پێکەوە سازاوین، جێی خۆیەتی ئێوە چاوتان لێیان بێ، پێوەندیتان دەگەڵیان هەبێ، یاریدە و یارمەتیان بدەن بۆ کوردەکانی ئەودیو."

کە بارزانی ئەوەی گوت، عەبدولخالق سامەڕایی، لە جێی خۆی هەستا و بەرەو من هات، بەگەرمی دەستی دەگەڵ لێ دامەوە و باوەشی تێ وەرهێنام، هەر بە پێیەوە ڕووی لە بارزانیی نەمر کرد و گوتی: "بەسەر چاو جەنابی بارزانی، ئێمە ئامادەین لە خزمەتیاندا بین." ئەوجار ئاماژەی کردە یەکێک لە دەگەڵبووانی خۆی و گوتی: "ئەو شەخسە نێوی "عبدالحلیم"ە، محافیزی هەولێرە، کارێکی وا بکە بێی بۆ هەولێر عەبدولحەلیم تەرتیبی هاتنی تۆ دەکا بۆ بەغدا، لەوێ قسەی خۆمان دەکەین ئێمە بۆ هاوکاری دەگەڵ ئێوە ئامادەین."

ئەو قسانە کران، چایەکم خواردەوە بۆ ئەوەی وەختی وتووێژی ئەوان نەگرم، ئیزنم خواست و وە دەر کەوتم، هەر لەوێڕا بەبێ مەحتەلی بەرەو ناوچەی خۆمان گەڕامەوە.

چەند ڕۆژێک لەدوای دیداری عەبدولخالق سامەڕایی لە حاجی ئۆمەران، بە بڕیار و مەسڵەحەت دیدی خۆییمان، لە قەڵادزێڕا، چووم بۆ هەولێر و لەوێڕا، لە ڕێگای موحافیزی هەولێرەوە چوومە بەغداد و دیداری عەبدولخالق سامەڕایی، کەسایەتیی دووهەمی دەسەڵاتی ئێڕاق، ئەندامی قیادەی قەومی و قوتری حیزبی بەعس، کە پیاوێکی تاڕادەیەک گەنج، ئارام و خۆشقسە دەهاتە بەر چاو. بە کەسایەتییکی تێگەیشتوو و دڵسۆزی لێ حاڵی بووم. لەنێو قساندا زۆرجار دووپاتی دەکردەوە و دەیگوت: "لە بەینی ئێمە و شۆڕشدا، ماوەیەکی دوورودرێژ، شەڕ و کێشە بەردەوام بووە لە مابەیندا بێباوەڕی لەسەر یەکتر هەیە. ئێمە بە ڕاست و بە سەداقەتەوە ڕوومان کردۆتە بارزانی و شۆڕش، ئێوەش یاریدەمان بدەن و پێمان بڵێن چ بکەین و چۆن ڕەفتار بکەین، تا بارزانی باوەڕمان پێ بکا." عەبدولخالق بێجگە خۆی، برادەرێکی دیکەی خۆیانی لە قیادە قوتری پێ ناساندم بە نێوی "عەلی ڕەزا"، عەلی ڕەزای ناوبراو بەرپرسی

پێوەندییەکانی حیزبی بەعسی بە ملەوە بوو، بۆیە ئەو ئەرکی پێوەندی و دابینکردنی کاروباری ئێمەی کەوتە ئەستۆ.

عەلی ڕەزا، کابرایەکی کورد بوو لە کوردە فەیلییەکانی بەغدا، بەڵان قەت بە کوردی نەدەدوا، نازانم هەر کوردی نەدەزانی یان دەیویست خۆ لە کوردبوونەکەی بدزێتەوە. وەک زۆربەی دەسەڵاتدارانی جیهانی سێهەم، پیاوێکی بەدقەول و درۆزن بوو. ئەوەندەی لێی حاڵی ببووم، نە پیاوێکی ئاقڵ و لێزان بوو و نە کابرایەکی دەستپاک. جارێک لەو جارانەی کە کەمە یارمەتییە نەغدیەکەی هێنابوو و داینا و ڕۆیشت، دواتر کە بژاردمانەوە ٢٠٠ دیناری کەم بوو، لێی هەڵگرتبوو، جا نازانم لەلای برادەران ئەو ٢٠٠ دیناڕە کەسرییە منیشی هاویشتبووە بەر شک و گومانەوە یان نا!

عەلی ڕەزا، شەش حەوت ژمارە تەلەفۆنی دابوومێ، تا ئەگەر پێویست بوو زووتر بیدۆزمەوە. نیشان بەو نیشانەی هەڵدەکەوت بە هیچکام لەو گشتە ژمارە تەلەفۆنانەشەوە کە دابیبوومێ، بە هەفتەش هەر وە گیر نەدەکەوت. جارێکیان لە مامۆستای شەهید "سالح یوسفی" وەزیر دەولەی شۆڕشی ئەیلوول لە بەغدا، پرسیم: "عەلی ڕەزا چۆن و لەکوێ دەست دەکەوێ؟" گوتی: "برا! عەلی ڕەزا زیاتر هەر لە "قصر نهایه" دەبێ، کە زیندانێکی گەورە و ترسناکی حیزبی بەعسە و لەوێ خەڵک ئەشکەنجە و تەعزیب دەکا."

لە ڕۆژەکانی پاش١١ی خاکەلێوە کە زۆرتر هەر لە هاتوچۆی بەغدا و ناوچەی باڵەکایەتی، شوێنی سەرکردایەتیی شۆڕشدا بووم بۆ پێوەندی، ئێوارەیەک درەنگانێ کاک دوکتۆر قاسملوو؛ وێڕای برادەرانی خۆی یانی کاک حەمەدەمین سیراجی و ڕەحمەتی یوسفی ڕیزوانی، لە مزڵی مامۆستا هێدی شاعیر و ئەدیب، کە میوانی بووم، وە ژوور کەوتن. مامۆستا هەژار و مامۆستا هێمنیش لەوکاتدا هەر لەلای مامۆستا هێدی بوون. دەرکەوت دوکتۆر قاسملوو و هاوڕێیانی، لە خزمەت بارزانی بوون و لە دەرکەوتندا زانیویانە لە ناوپردانم لە بارەگای مەکتەبی تەنفیزی، لە خێوەتی مامۆستا هەژار، یان لە شوێنی مامۆستا هێدی دەمێنمەوە و هاتبوونە وێ.

دیداری دوکتۆر قاسملوو، پاش ١٩-٢٠ ساڵ لێک دوورکەوتنەوە، بۆ یەکەم جار و ئەویش ئاوا لەناکاو کە خۆشم بە شاگردی سیاسی وی دەزانی، غەرقی خۆشی و گەشکەی کردم. ئەو شەوەمان بە قسەی خۆش و گاڵتە و گەپ گوزەراند، لە دەرکەوتندا، کە ئەوان لە میوانخانەی مەکتەبی تەنفیزی میوان بوون، داوای کرد چاومان پێک بکەوێ. قەرارمان بۆ سبەی ڕۆژ دانا.

بۆ چاوپێکەوتنی دوایی، مامۆستا هێمنیش کە لە کۆنفەرانسی دووهەمدا ببوو بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی، حزووری هەبوو. دوکتۆر قاسملوو ڕایگەیاند کە بۆ مانەوە و خەباتی سیاسی هاتۆتەوە ئێراق. لە بەغدا پێوەندی بە حکوومەتەوە گرتووە، ڕێگای مانەوە و تێکۆشانی سیاسی بۆ خۆی و بۆ برادەرانی خۆی؛ واتە کاک حەمەدەمین سیراجی و ڕەحمەتیی یوسف ڕیزوانی و ڕەحمەتی کەریم حیسامی دەگەڵ ئەو گشتە کەسەی کە پاش ماوەی بزووتنەوەی ٦٧-٦٨ لە بنکەکانی مەکتەبی سیاسیی کۆن، لە بەکرەجۆ، دەمانەوە؛ خۆش کردووە. پێشنیاریش ئەوە بوو با بەیەکەوە بین و یەک بگرینەوە، بە هەمووان لەسەرڕا حیزبی دێموکراتی کوردستان، نوێ بکەینەوە.

کورد دەڵێ: "کوێر چیت دەوێ دووچاوی ساغ!" لە پێوەندی و هاوکاری دەگەڵ خۆی دوکتۆر قسەیەکمان نەبوو، بەڵان لەمەڕ هاوڕێیەکانی، کاک حەمەدەمین سیراجی، ڕەحمەتیی کەریم حیسامی و ڕەحمەتیی یوسف ڕیزوانی، قسەمان هەبوو.

لەسەر تودەییبوونی برادەرەکانی دوکتۆر قاسملوو، بە تایبەتی لەسەر کاک حەمەدەمین، کە ئێمە هەم بە تودەیی و هەمیش لە ڕوانگەی خۆمانەوە ئەومان تا ڕادەیەکی زۆر، بە بەرپرس دەزانی سەبارەت بە کارەساتی بزووتنەوەی ساڵەکانی ٦٧-٦٨ قسەمان هەبوو و لە سازان بە دوور بووین، دەنا لەسەر شەخسیی خۆی دوکتۆر قاسملوو هیچ قسەیەکمان لە بەیندا نەبوو.

کۆبوونەوەکانی ئێمە بۆ بەیەکەوەکارکردن، چەند مانگێک درێژەیان پێدرا. لەو ماوەیەدا هەر لایەنەی، بەتایبەتی لایەنی دوکتۆر قاسملوو کە

هەر هەموو کۆتوشەڵوار دە بەر بوون و مۆدێرنیان دەنواند و لە بەغداش جێگیر ببوون، دەگەڵ ئەوەش مۆرکی نازناوی ئەوکاتی "دۆستانی وڵاتانی سۆسیالیستی"ی خوالێخۆشبوویان پێوە لکابوو کە وەک بڵێی، تاپۆی ڕەسالەت و ئەسالەتی پێشکەوتنخوازیان بە ناوچاوانەوەیە، لەنێو فەقیر و هەژاری بێخەبەر لە دونیای ئەوکاتی خەڵکەکەی ئێمەدا، کاریگەریی خۆی کردبوو.

بە شێوەیەک کە هەنگاو بە هەنگاو سرنجی بەڕێوەبەرایەتیی پاش کۆنفەڕانسی دووهەمیان بۆ لای خۆ ڕەکێش کردبوو و وەعد و وەعیدیان پێدابوون کە بەوانەوە حیزبی دێمۆکراتی کوردستانیش بەرەو جیهانێکی دیکە لە پێشکەوتن، مۆدێرنیزم، سۆسیالیزم و کۆمەڵئیزمێکی دیکە کە هەمووم لە بیر نین، ڕێنوێن دەبن.

وە بیرم دێ، لە دانیشتنێکی دۆستانەدا لەسەر هاوکاری بەیەکەوە، لە قەڵادزێ، لە ماڵی کاک کەریم حەداد، ڕەحمەتیی کەریمی حیسامی، لەسەر قسەیەک، لە سەید ڕەسوڵی سەید محەمەد؛ ناسراو بە سەید ڕەسوڵی ورچان سەید ڕەسوڵ لە کاتی نووسینی ئەو نووسراوەیەدا سپاس بۆ یەزدان هەر ماوە و کەوتۆتە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە- دەرهەڵبوو کە دەڵێی چی؟ من لەولاڕا گەیشتوومەتە ئێرە تا تۆ و کەسانی دیکەی وەک تۆ، ئازاد بکەم. ناچار مام پێی بڵێم: "برادەر! ئەو کەسەی دەیەوێ خەڵکی دیکە ئازاد بکا، دەبێ لەپێشدا هەوڵی ئازادبوونی خۆی بدا! تۆ کە جارێ خۆت ئازاد نەکردووە، ئێمەمانان چۆن ئازاد دەکەی!"

بەرهەڵست و جوابەجەنگیم دەگەڵ وتەکانی ڕەحمەتی کەریم حیسامی، بە مەزاقی کاک مەلا حەسەن ڕەستگار، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژێراوی کۆنفەڕانسی دووهەم، خۆشایەند نەبوو بە جێی حیسامی ئەو دەرهەڵ بوو، ئەگەر دامنەنواندبا هەر لەو مەجلیسەدا، دەبوو دەگەڵی بە شەڕ بێم. مەلا حەسەن بە سەڕاحەت و ڕوونی گوتی: "ئێمە چی دیکە دەگەڵ تۆ نابین، هاوکارانی داهاتووی خۆمان دیتۆتەوە." دەمزانی لەو هەڵوێستەدا مەلا حەسەن بە تەنێ نییە. لانی کەم دوو ئەندامی دیکەی کۆمیتەی ناوەندی، هەڵبژاردەی کۆنفەڕاسنی دووهەم دەگەڵ وی، هاوقسە

و هاودەنگن. کۆنفەڕانسی سێیەم، ڕاستی ئەو بۆچوونەی منی، سوور کردەوە.

باوەڕ بکەن منیش وەک باقیی برادەرانی کۆمیتەی ناوەندی، پێم خۆش بوو دوو دەستەگی نەمەبینێ و هەموو پێکەوە هاوخەبات بین، بەو جیاوازییەوە کە سەربەخۆیی سیاسی و ڕێکخراوەیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، لە ڕوانگەی نووسەری ئەو یادداشتانەوە، حەیاتی و گرنگ بوو. نیگەران بووم و دەترسام لەوە کە کەمسەداقەتی و لەبنەوەبڕیی چەندێک لەو برادەرانەی کە دوکتۆر قاسملوو بە خۆیەوە هەڵاوەسیبوون بۆ بەڕێوەبەرایەتێکی کاتی بۆ حیزب، هێدی هێدی، بمانخوشێننەوە ناو حیزبی مادرەوە، واتە حیزبی تودەی ئێران، کە بە زەحمەتێکی زۆر و خەباتێکی بێوچانی چەندین ساڵە، لێی ڕزگار و دەرباز ببووین.

خۆم هیچ پێوەندی و هاوکارییێکی حیزبی تودەم لە خۆدا شک نەدەبرد و قبووڵیشم نەبوو، بۆیە کەوتبوومە مرخێش مرخێش و جوابە جەنگیەوە. پێم لەسەر ئەوە دادەگرت کە جیا لە شەخسی دوکتۆر قاسملوو ئەویش بە دەسەڵاتی تایبەتیەوە؛ واتە وەک کەسایەتیی یەکەم لە حیزبدا، تا دەگەینە کۆنگرە یان کۆنفەڕانسێکی پێکەوە، هیچ کەسی دیکە لەولاڕا، لە تەسمیم و بڕیارگیڕیدا بەشدار نەبێ.

جیاواز لە کۆمیتەی ناوەندی خۆی، گۆیا لە حکوومەتی ئێڕاقیشڕا داوایەکی وا هەبووبێ و گوتبێتیان بۆ کارهاسانی لە حکوومەتی ئێڕاقیشڕا، وا باشترە دەسەڵاتی حیزب لە بەغدا و لەژێر چاودێری دوکتۆر قاسملوو و برادەرانی ویدا بێ تا لە کوردستاندا. دەگوترا، عەلی ڕەزای لای حکوومەت پێی گوتوون، نووسەری ئەو یادداشتانە، لە مانع و بەرهەڵستکارەکانە بۆ ئەوە کە یارید و یارمەتی حکوومەتی ئێڕاق بدرێ بە حیزب.

با ون نەبێ و لە بیر نەچێتەوە، کە جارێک لە و جارانە کە لە لای عەلی ڕەزا بووم و ڕاوبۆچوون تاوتوێ دەکرا، لەناکاو پرسی: "تۆ رات لەسەر ئەحمەد تۆفیق چییە؟"

گوتم: "ئەحمەد تۆفیق ئەندامێکی تێکۆشەری حیزبی دێموکڕاتی کوردستانە، کە بەدرێژایی تەمەنی خۆی بۆ بەئەنجامگەیاندنی ئامانجەکانی حدک، لە دژی ڕێژێمی پاشایەتی لە ئێراندا، خەباتی کردووە و ساڵەهای ساڵ سەرکردایەتیی حیزبی بە ئەستۆوە بووە، بەڵان ئێستاکە ماندووە، خۆی وە کەنار گرتووە، وەک تۆش دەزانی، مافی پەنابەری سیاسی لە حکوومەتڕا پێدراوە، لێرەیە لە بەغدا."

گوتی: "ئەوانە دەزانم، پرسیاری من ئەوەیە! ئایا ئەحمەد تۆفیق جاسووسی ئەمریکایە؟"

بەسەرسووڕمانەوە لەو پرسیارە گوتم: "ئەحمەد تۆفیق بۆ جاسووسی خەلق نەبووە. ڕەنگە ئێوە ئەحمەد تۆفیقتان نەناسیبێ، ئەحمەد تۆفیق بۆ خوداش جاسووسی ناکا، لێتان ڕوون بێ بۆ ئێوەشی هەر ناکا."

عەلی ڕەزا چەند ئانێک مات بوو تا بۆی هات و گوتی: "عەجیب! تۆ وا دەڵێی، بەڵان هاوالەکانی تۆ، مەبەستی لە دوکتۆر قاسملوو و ڕەحمەتیی کەریم حیسامی بوو، وا نالێن."

گوتم: لەو بارەوە قسەی ڕاست لە من ببیسە، ئەحمەد تۆفیق نە جاسووسی ئەمریکایە، نە ئیی ڕوسیە، نە جاسووسی بارزانی و نە دەشبێ بە ئیی حکوومەتی ئێڕاق." خستمە سەری و گوتم: "بەڵان ئێستا کە نەیارانی ئەحمەد تۆفیق، جا هەرکەسانێک بن، زەینی ئێوەیان تێکداوە، پێشنیارم بۆ ئێوە ئەوەیە و وا بە باش دەزانم "لیسەپاسە"یەکی ئێڕاقی بدەنێ کە پێی دەرکەوێ، لە وڵاتێکی ئوروپایی، داوای پەنابەریی سیاسی بکا." گوتی: "ئەوە فکرێکی باشە." چی دیکەی لەسەر نەڕۆیشت.

جا هەرچەند لە مەتڵەبیش دوور دەکەوتمەوە، با ئەوەندەی هەر لێ زیاد بکەم و بڵێم کە لەسەر کاک ئەحمە تۆفیق و چەندێکی دیکە لە دۆستان، کە بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ، وەک تێکۆشەرێکی هەڵکەوتووی نێو حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، نێویان دەنێو نێواندا بووە، شوێنەواریان لەسەر هەڵسوکەوتەکان بە باش و نەباشەوە، بەجێماوە، بدوێم و لە ڕوانگەی

خۆمەوە، بیانخەمە ژێر ڕەخنە و نەغدکردنەوەوە و لە بۆچوونی خۆمەوە و لێیان بدوێم، بەڵان ئەو باسەم بۆ لاپەڕەکانی دوایی داناوە!

دەگەڵ ئەوەش، کە جارێ ناکۆکییەکانی لەمەڕ کۆمیتەیەکی هاوبەشی هاوکاریمان بەیەکەوە، بەتەواوی جێبەجێ و یەکلا نەببۆوە، سەفەرێکی ئوروپام هاتە پێش. لەڕاستیدا، بڕیار بوو ئەو سەفەرە زووتر بکرێ، وا بێ کە بگەمە بەشداریکردن لە کۆنگرەی "کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئوروپا" کە لە وڵاتی سوید و لە شاری "ستۆکهۆڵم" پێک دەهات و هەر بۆ ئەو مەبەستە لەسەر ئەمری بارزانیی نەمر، کاک سامی عەبدولرەحمان، وەزیری ئەوکاتەی کوردستان، لە ئەنجومەنی وەزیرانی ئێڕاق، بە نێوی "عەلی محەمەد حەسەن" پاسپۆرتی سەفەری بۆ دەرهێنابووم، بەڵان لەسەر سەرقاڵی لەو سەردەماندا، بە کات و بە وەخت سەفەرەکەم بۆ نەکرا، وە دواکەوت، بەڵان پێداویستی بۆ سەفەرێکی دەرەوە و هەڵسەنگاندنی بارودۆخ لەوێ و پێوەندی دەگەڵ کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئوروپا، هەروەها دیدار دەگەڵ گشتەخوێندکارەکانی ڕۆژهەڵاتی لە دەرەوە، هەروا لازم و پێویست دەهاتە بەر چاو.

یەکەم جار بوو کە سەفەری ئوروپام دەکرد. لەپێشدا چوومە "پراک" لەو سەفەرەدا، دەگەڵ دۆستانی قەدیمی کاک "محەمەد موهتەدی"، "دوکتۆر حەسەن شەتەوی" و "کاک ڕەحمان حاجی ئەحمەدی"، کە هەم کاک محەمەد و هەم کاک حاجی، لە وڵاتی چێکوسلاواکی قەدیم دەیانخوێند، دیدار و قسەوباسمان هەبوو. ڕەزامەندیی پێکەوەکارکردن و پێکهێنانی کۆمیتەیەکی دەرەوەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان، لە مابەیندا دروست بوو.

لەوێڕا چوومە وڵاتی "ئاڵمان" و لەوێش بێجگە لە کەونەدۆست، دوکتۆر حەسەن شەتەوی، مەجموعەخەڵکێکی دیکەم لە کورده خوێندکاره بەشە جیاوازەکانی کوردستان دیتن و قسەوباسمان پێکەوە هەبوو. گرینگ ئەوە بوو کە بۆ یەکەم جار لە دەرەوەی وڵات، کۆمیتەی حیزبی پێک دەهات و ناوی "سامڕەند"مان لەسەر دانا. جیا لەو دۆستانەی باسیان هات، کاک "سەلیم بابان"یش کە لەو زەماندا لە "ترکیە"ی دەخوێند، ڕەگەڵ

کۆمیتەی حیزب لە دەرەوەی وڵات کەوت. جا ئەو دۆستانە کە لە بگیڕ و سەردەمدارانی، "ڕێکخراوی ڕووناکبیرانی کوردی ئێران"یش بوون، وەزعەکە لە دەرەوە بەتەواوی ڕووبەڕا ببوو، تێکۆشانی حیزب کەوتە دەرەوەش. ئەگەر لە بیرم مابێ، لەو سەفەرەدا مانگ و نیو، یان بەڵکە شتێکیش زیادتر، لە دەرەوە مامەوە.

جارێ، بلیتەکەم ماوەی گەڕانەوەی هەر مابوو، ڕەحمەتیی کەریم حیسامی لە بەغدارا گەڕابۆوە "سۆفیا" لە "بولغارستان". ڕەحمەتی، لە پێوەندییکی تەلەفۆنیدا، ڕایگەیاند کە دۆستانی ئێڕاقی! مەبەستی لە حکوومەت بوو، گەڕانەوەی نووسەری ئەو یادداشتانەیان بۆ ئێڕاق پێ خۆش نییە. لەوانەیە لە گەڕانەوەدا تووشی گرتن و دەستبەسەری ببی و بکەویە لێکۆڵینەوە و لەو چەشنە گیروگرفتانە، هەڵبەت بە قسەی وی.

گوتەیەکی ئاوا لەوڕا، لە پێوەندیدا دەگەڵ هەلومەرجەکانی ناوخۆیی و کێشە و یەخەمبەردەی دەگەڵ ئەوان، واتە ئەو لایەن، بۆم چاوەڕوانکراو بوو. بۆیە بڕیارم دا هەرچی زووتر بگەڕێمەوە بۆ وڵات، بەڵان بۆ شوێنەونکە، لە تەلێفۆندا بە ڕەحمەتی کەریمم گوت: "مەسەلە نییە، دەکرێ نەشگەڕێمەوە وڵات." ئەوجار کەیفی ساز بوو، پێشنیاری کرد بچمە بولغارستان و لەوێ چاومان پێک بکەوێ و لە کێشەکە بکۆڵینەوە! گوتم: "باشە با وابێ!"، بەڵان لە پێش چوونم بۆ سۆفیا، بلێتی گەڕانەوەم، لە سۆفیارا بۆ بەغدا جێبەجێ و "ئۆکەی" کرد. بەر لەوەش کە بچمە سۆفیا و دیداری ڕەحمەتی کەریم، دەگەڵ کاک محەممەد موهتەدی، بەرپرسی کومێتەی سامڕەندی حدک، لە دەرەوە، قسەم کرد، کێشەی داوای نەگەڕانەوە و مەترسی لەسەرم لە ئەگەری گەڕانەوەدا لە بەغدا، دەگەڵ هێنا گۆڕێ.

ڕای برادەرانی سامڕەندیش هەر لەسەر گەڕانەوە و دەگەڵ گەڕانەوەم بوو. بڕیار وا درا ئەگەر لە بەغدا نەجاتم بوو و نەگیرام ئاگاداریان بکەمەوە. هەروەک گوترا، ئەوەندەی شیروتیر دەبڕێ، ئێمەی کۆمیتەی ناوەندی پێشوو هەڵبژێردراوی کۆنفەرانسی دووهەم، نەچینە ژێر گوشاری

ئەو لایەنی دیکەی یەگرتنەوە، بەتایبەتی ئەو کەسانەی کە لامان وابوو تودەییین.

شەوی بەر لە گەڕانەوەی ڕۆژێم لە سۆفیارا بۆ بەغدا، لە پراکڕا چوومە سۆفیا. لە فڕۆکەخانە خوشکە خەجیجی بەڕێز، خانمی ڕەحمەتیی کەریمی حیسامی، چاوەڕوانم بوو. هەرچەند لەپێشدا یەکترمان نەدیتبوو ڕەنگە هەر بە هەست و ئیحساس، هاتە پێش و پرسی: "تۆ فلان کەس نی؟" گوتم: "بەڵێ هەوم"، خۆی ناساند و گوتی: "کەریم چۆتە "برلین" بۆ لای حیزبی تودە، سبەی شەو دەگەڕێتەوە، بۆیە هەر بە تەنێ هاتووم." دەگەڵ خوشکە خەجیج چوومە ماڵیان، تازە دانیشتبووین، ڕەحمەتیی کەریم لە برلینڕا تەلەفونی کرد، بە خێری هێنام و دووپاتی کردەوە سبەی ئێوارێ دەگەڕێتەوە ماڵ، با لەوێ چاوەڕوانی بم.

من وام بۆ خۆم بە باش زانی لە گەڕانەوەم بۆ بەغدا، کەس ئاگادار نەکەم، بۆیە بڕیاری خۆم بۆ گەڕانەوە و کات و سەعاتی گەڕانەوەم دەگەڵ ڕەحمەتی کەریم باس نەکرد. سبەی زوو لە خەو هەستام، نان و چایەکی بە پەلەم خوارد، سەرەڕای نابێ و ناکرێی خوشکە خەجیج، بە تاکسییەک چوومە فڕگەی سۆفیا و وەک دەڵێن: "هەرچی باداباد" بەرەو بەغدا وە ڕێ کەوتم.

ئەو ڕۆژ بەرەو ئێوارە گەیشتمە بەغدا، سەرەڕای ترس و لەرز، وێڕای خەڵکی دیکە بە پاسپۆرتی ئێڕاقی خۆمەوە چوومە بەر باجەی کۆنترۆڵ، بێ هیچ پرسوجۆیەک، لە کۆنترۆڵ دەرچووم. یەکڕاست چوومە ماڵی مامۆستا هەژار، لەوێ بووم بە میوان، بە بێ ئەوەی دەفتەری گۆیا هاوبەش کە لە بەغدا دانرابوو لە گەڕانەوەی خۆم ئاگادار بکەم.

لە ماڵی مامۆستا هەژارڕا، ئاگاداری کاک سەید ڕەسوولّی بابی گەورەم کرد لە شارۆچکەی سەنگەسەر کە بە پسوولەیەکی هاتوچۆوە بەدوامدا بێ بۆ بەغدا، چونکە چ وەرەقە و وەسیلەیەکی دیکەی گەڕانەوەم بۆ کوردستان پێ نەبوو. سەید ڕەسوولّ بەزوویی، بە پسوولەوە گەیشتە لام، بە یەکەوە چووینەوە کوردستان.

گەڕانەوە بۆ وڵات و گەیشتنەوەم بەو شێوەیە و بەبێ ئاگاداری جەماعەت لە بەغدا، هەم هۆی سەرسوڕمان بوو بۆ ئەوان و هەمیش سەری هەودایەک لەو تازە دۆستانەڕا، کە ئیدی حیسابی بەرهەڵست و بوون بە "مووی دەماغ" لە دەفتەری خۆیاندا، بۆ نووسەری ئەو یادداشتانە، قەڵەم پێدا بێنن، هەربۆیەش ئەوڕاق و پەروەندەیەکم هەر لەو ماوەیەدا کە لە دەرەوە بووم لە خزمەت عەلی ڕەزا، بەرپرسی پێوەندیی حکوومەت دەگەڵ حدک، بۆ پێچراوە کە فیلیشی لێ دەرنەدەچوو، باس باسی سەروماڵ بوو کە هاتبا و وە بەر دەستی عەلی ڕەزا، کەوتبام.

هەر چۆنێک بوو، بەنی ئەوجاری دۆستان! ڕەنگی نەگرت. نەکرا بە ڕەواڵی کردەوەی ڕەنگینی دابونەریتی لەنێو حکوومەتە دیکتاتۆرەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین، سەرکەوتن بە دەست بێنن کە بەرهەڵست و دژبەرانی خۆیان، لە سەفەراندا بە "کودێتا" وە لا دەنا و لەسەر ڕێیان لا دەبردن و لە گەڕانەوە بۆ وڵات مەنعیان دەکردن.

جاری وابوو و هەڵدەکەوت کە ئێستا کابرا هەر بە هەواوە بوو و جارێ پێی نەگەیشتبووە سەر زەوی، کودێتاچی، خەبەریان دەدایە کە کورسی و پۆستەکەت نەماوە، بێ زەحمەت با لە شوێنێکی دیکە جێوڕێی حاوانەوەی خۆی دابین بکا. دۆستانی ئێمەش لەو بارەوە، پەنایان بۆ هەمان تاکتیک بردبوو و دەیانەویست ڕێگای گەڕانەوەی وڵاتیشم، لێ بەربەست بکەن. هەڵبەت هەر لەو ماوەیەدا کە لە وڵات نەبووم، کەشوهەوای نێوخۆیی بە تەواوی بە قازانجی لایەنی دیکە تووشی ئاڵوگۆڕ و وەرچەرخان کرابوو.

جەماعەت لە بەڕێوەبەری حیزبدا کە کۆنفەرانسی دووهەم هێنابوونیە پێشێ، بە چڕی! ڕێگۆڕکێیان کردبوو و جێومەکانی خۆیان لەولا و لە بەغدای "هارون الرشید"دا، دابین کردبوو؛ ئەوجار خیلاف و کێشە بوو بە ئیی ئێمەی قەدیمی لە ناوخۆدا و ماوەیەکی تەواو کات و وەختمان بە جەدەل و باسی بێبەرهەم ڕابرا، ناچار وەک گوتوویانە: "کاری خۆکرد تەگبیر هەڵناگرێ." خۆش و ناخۆش، بڕیاری کۆنفەرانسێکی هاوبەشمان دا.

کۆنفەڕانس، کە دەبوو بە کۆنفەڕاسی سێیەمی حیزب، لە شاری "کۆیە"؛ شاری شاعیری کوردایەتی "حاجی قادر"، لە ٢١ی مانگی٦ی ساڵی ١٩٧٢ زایینی، بەسترا؛ بەڕێوەبەرایەتییکی دیکە لە ئەندامانی هەڵبژێردراوی کۆنفەرانسی دووهەم، بێجگە لە کاک ئەحمەد تۆفیق و کاک مەلا سەید ڕەشید دەگەڵ ٤ ئەندامی نوێ لە لایەنی دیکە؛ واتە دوکتۆر قاسملوو، ڕەحمەتیی کەریم حیسامی، کاک حەمەدەمین سیراجی و شەهید مەلا "قادر وێردی" دیاری کران بۆ ئەندامەتی کۆمیتەی ناوەندی کە هەر هەموویان گوێڕایەڵی بێگرێوگۆڵی دوکتۆر قاسملوو و ڕەحمەتیی کەریم حیسامی بوون.

جا بۆوەی لە قڕە و لە بەرهەڵستی منیش نەجاتیان بێ و حیزبێکی یەکتۆ و یەکلایەن و یەکخەتی خۆیان بە دەستەوە بێ، زۆری پێ نەچوو بڕیاری وەدەرخستنی نووسەری ئەو یادداشتانە درا بۆ دەرەوەی وڵات، گۆیا دەبوو وەک نوێنەری حیزب لە دەرەوەی وڵات، لە ئوروپا خەباتی سیاسی دربێژە پێ بدەم.

ناسازگاری و نەویستەیی نووسەری ئەو یادداشتانە لە ئێڕاقدا، لە لایەن حکوومەتی ئێراقەوە، وەک ڕۆنی قاڵ بەبێ گرفت، بڕیاری لەسەر درا. تاک پێڕەو و تابیعی گشت، یان وەک دەگوترێ، کەم گوێڕایەڵی زۆرینە، کاری خۆی کرد، هەر خۆم تەنیا کەم و کەمایەتی ملکەچی زۆرینە، بارگە و بنەی سەفەری نەخواستەم تێکنا، لە ڕێگای پراگەوە، هاتمە بێرلین لە ئاڵمان. لەوێشڕا، پاش دیدار و کۆبوونەوە دەگەڵ سامڕەند، کۆمیتەی حیزب لە دەرەوەی وڵات، ڕووم لە وڵاتی "سوئید" کرد.

لە پێش ئەوەدا کە بگەمە سوئید، ئەو کاتانەی کە لە بێرلین بۆ ویزاوەرگرتنی هاتنە سوئید مەحتەل و چاوەڕوان بووم، ڕەنگە ٣ هەفتەیەک، لە ڕێگای تەلەفۆنەوە پێوەندیم بە کاک"عومەر شێخ موس"ەوە گرتبوو. کاک عومەر لە برادەرە کوردەکانی ڕۆژاوای کوردستان، بۆ دەوامکاری خوێندنی، لە ئینگلیسڕا چووبووە سوئید، لەو دەوراندا، لە شاری"ستۆکهۆلم" لە زانکۆ دەیخوێند. کاک عومەر لەو کوڕە ڕاست و تێکۆشەرانە بوو کە بە خزمەت و شارەزایی لە بواره سیاسی و

کۆمەڵایەتییەکاندا، هەر وەک ئێستای، ناودێر و جێی ڕێزی ناوخۆیی و دەرەکیان بوو. جا چونکە لە بەرنامەمدا بوو کە بۆ مانەوەم لە دەرەوە، داوای پەنابەریی سیاسی لە وڵاتی سوئید بکەم، پێویستیم بە پشتیوانی و ئاگاداربوونی کاک عومەر هەبوو.

هەر چۆنێک بوو، سەرئەنجام، ئێوارەیەکی مانگی بانەمەڕی ساڵی ١٩٧٢ گەیشتمە فڕگەی ستۆکهۆڵم. لەوێ کاک عومەر دەگەڵ برادەرێکی دیکەی خوێندکاری کورد، خەڵکی هەولێر، بە نێوی کاک"فاروق ڕەشید"، چاوەڕوانم بوو. ئێمە هەرچەند لە پێشتردا یەکترمان نەدیتبوو هەر زوو یەکترمان ناسیوە و بە دیداریان شاد بووم. کاک فاروق جارێ وەک خۆم هەر ماوە و لە ژیاندایە ماڵی لە سوئیدە، دۆستایەتی و برادەرایەتیشمان وەک جاری جاران قایم و پتەوە.

ئەوێ ڕۆژێ، نانی ئێوارەمان لە ماڵی کاک عومەر خوارد، کە بێجگە لە ئێمە ڕەحمەتیی "مەحمود باکسی" و بەڕێز"مەمۆ یەتکین"، خەڵکی باکووری کوردستان کە هەردووشیان لە کەسایەتییە سیاسی و تێکۆشەرانی مەیدانی کوردایەتی بوون، بۆ نانی ئێوارێ، لە ماڵی کاک عومەر، بانگهێشت کرابوون و لەوێ بە یەکەوە ئاشنا بووین. پاش شێو، گەیاندیانمە جێگا و ڕێگای خۆم، ژوورێک کە کاک عومەر کە لە خانووبەرەیەکی ١٨-١٩ نهۆمدا و لە نهۆمی هەرەسەرەوە، بۆی تەرتیب کردبووم.

هەر ئەو شەوە لە ژووری خۆمڕا تەلەفۆنم کرد بۆ کاک "جەمال عەلەمدار"؛ نوێنەری ئەو کاتەی پارتیی دێمۆکڕاتی کوردستان لە وڵاتی سوئید. کاک جەمالم لەپێشدا لە کوردستان دیتبوو و دەمناسی. قەرارمان دانا سبەی ڕۆژ سەرلەبەیانی، سەعات ٩، لە چایخانەیەکی نێو شار، یەکترمان چاو پێ بکەوێ، ڕێ و شوێنەکەشی پێ گوتم لە کوێ و چۆنی بدۆزمەوە.

بەیانی وەختایەک وە خەبەر هاتم، هەتاو لە ئاسماندا بڵێند و ژوورەکەم مالاومال بوو لە تیشکی هەتاو. ڕاپەڕیم، لام وابوو سەعات لە ١٠ی بەیانی تێپەربووە، لەوانەیە لە نیوەڕۆ نیزیک بووبێتەوە، چونکە ماندوو

بووم، وە خەبەر نەهاتووم. تەماشای سەعاتەکەی خۆم کرد، کاری دەکرد و سەعات ٦ی بەیانی نیشان دەدا. باوەڕم پێ نەکرد، بە پەلە خۆم دە بەر کردەوە و خۆم گەیاندە وێستگەی قەتاری بن زەوی، تا بچمە شوێنی دیاریکراو، لەوێش تەمەشای سەعاتی هەڵاوەسراوم کرد، ئەویش سەعات شەش و دە دەقیقەی نیشان دەدا، باوەڕم بەویش نەکرد، بە سواری قەتار، گەیمە وێستگەی دیاریکراو و لەوێ هاتمە سەر جادە، تەماشام کرد جادە چۆڵوهۆڵە، دوکان جارێ نەکراونەوە.

کابرایەک بەوێدا تێدەپەڕی، لەوم پرسی: "سەعات چەندە؟" گوتی: "شەش و نیو."، هەروەک سەعاتەکەی خۆم دەینواند. نەمزانیبوو کە لەو سەروبەندەی سالدا، لە وڵاتی سوئید و بەگشتی لە ئوروپای باکوور لە سەعات یەکی پاش نیوەشەوەوە وڵات ڕووناک دادێ و تاو هەڵدێ. تازە ئیدی نەگەڕامەوە شوێنەکەی خۆم، لەو دەوروبەرەدا دەستم کرد بە قەدەملێدان و پیاسەکردن، تا سەعات بوو بە ٩ و چایخانە کراوە.

ڕۆژی پاشتر کە ڕۆژێکی هەینی بوو، بەپێی قەراری پێشوو دەگەڵ کاک عومەر شێخ موس چووم بۆ بەشی لاوەیی پۆلیسخانەی ستۆکهۆلم تا داوای پەنابەریی سیاسی خۆم پێشکەش بکەم. داوانامەم پڕ کردەوە و پێشکەشم کرد، بەگوێرەی ڕەوالی کار، دەبوو وەختی وتووێژم بۆ دیاری بکرێ، بەڵان وایاننەکرد. کابرایەکی پۆلیس، دەگەڵ خۆی بردم بۆ ژووری خۆی و دەستی کرد بە پرسیار لێم، هەڵبەت بە ئینگلیزی.

گوتم: "ئینگلیزییەکەی من ئەوەندە بە تاقەت نییە کە بتوانم هەموو شتێکی خۆم بێ گرێوگۆڵ پێ باس بکەم، یان ڕێگا بدە ئەو برادەرەی دەگەڵمە و سویدی دەزانی بێتە ژوور و تەرجەمەم بۆ بکا، یان تەرجوومانێکی دیکەم بۆ بانگ بکە." کابرا قبوڵی نەکرد و دەستی کرد بە پرسیاران، وام لە بیرە تا سەعات ٤ی پاشنیوەڕۆی ئەو ڕۆژ، پرس و جواب بەردەوام بوو. سەرئەنجام، کابرا گوتی: "چونکە بە پاسپۆرتی ساختەوە یان بەو نێوەی کە نێوی تۆ نییە هاتوویە وڵاتی سوئیدەوە، قانوونی وڵاتی ئێمەت شکاندووە، بۆیە لێرە دەمێنیەوە و ڕاتدەگرین تا "دادستان" بڕیارێکت لەسەر دەدا."

هەر لەو خانووبەرەدا کە زیندانی کاتیشی لێ بوو دە ژوورێکیان کردم، بەڵان کاک عومەر شێخموووس کە ئەو ڕۆژە هەر نەیانهێشت ببینمەوە، هەنگاوی نابوو پارێزەرێکی لە پارێزگارانی مافی پەنابەران بۆ تەرتیب کردبووم، کە هەر هەمان ڕۆژ شکوەنامەیەکی بۆ دادستان ناردبوو و داوای ئازادکردنی کردبووم. ڕۆژی دوای ڕاگرتنم کە شەممە بوو، کابرای پارێزەر لە گرتووخانەی کاتی هاتە لام و نامەی ئازادبوونی منی پێ بوو، بەڵان چونکە شەممە و یەکشەممە ڕۆژی پشووی ئیداران بوو، تا ڕۆژی دووشەممە بەیانی کە هاتن و ئازادیان کردم، لەوێدا مامەوە. پاشتریش بە بڕیارێکی "دادگا" لە دادگاییکردنم چاوپۆشی کرا، دەنا دەبوو بە تاوانی کە پاسی ساختە و نێوی گۆڕاوەوە، یانی بە نێوی عەلی محەممەد حەسەن هاتبوومە وڵاتی سوئیدەوە، دادگایی بکرێم. لە بڕیاری دادگادا هاتبوو کە ناچار بووم بە نێوێکی دیکەوە خۆ ڕزگار بکەم، لەو ڕووەوە لەو تاوانە دژە بە قانوونەکەی سوئید، بەخشرام.

ئێوارەی ئەو ڕۆژەی ئازاد کرابووم، لە ماڵی برادەرێک بە نێوی "حسۆ یەتکین"؛ کوردی باکووری کوردستان، بانگهێشت کرابووم. حسۆ کچێکی سویدی ئاواڵ بوو و پێکەوە دەژیان بە نێوی " لیو". لە بەینی قساندا، باس لە کار و لەکارکردن هاتە ئاراوە. بە فەقیری گەیشتبوومە وڵاتی سوئید، بێجگە لە ٤٠ مارکی ئاڵمان سەروەتێکی دیکەم نەبوو. چ پوول و پارەیەکم پێ نەبوو، داوام کرد کارێکم بۆ ببینێنەوە. لیو هەڵیدایە و گوتی: "وەرە لەو جێیەی من کاری لێ دەکەم، کار بکە." گوتم: "کەنگی بێم؟" گوتی: "لە سبەی زووڕا، دێم بە دواتدا، لە لای ئێمە کار هەیە."

لەو ڕۆژەڕا، بۆ ماوەی هەفتەیەک لە جێ کاری لیو، لە مدبەقی خەستەخانەیەکی ستۆکهۆڵم، دەستم کرد بە کار، تا ڕۆژێکیان بەرپرسی مەدبەق و چێشخانەی هاتە لام لە کارەکەی هەڵپچڕیم و گوتی: "تۆ نابێ کار بکەی!" گوتم: "بۆ؟" گوتی: "چونکە جارێ ئیجازەی کارکردنت پێ نەدراوە."

لەو سەردەمدا، لە وڵاتی سویددا کار زۆر بوو. خوێندکاری ئێرانی، کە لە وڵاتەکانی دیکەی ئوروپا، دەیانخوێند، لە پشووی هاویندا، بۆ کارکردن

دەهاتنە سوید و چونکە هەمووش هەر کاری سیاسیان دەکرد و لە ڕێکخراوی بەهێز و هەراوی "کۆنفێدراسیۆنی خوێندکارانی ئێرانیدا" تێدەکۆشان، دەگەڵ منیش کە لەو کاتاندا، تەنیا کوردی ڕۆژهەڵاتی بووم لە سوئید، پێوەندییان گەرم بوو. کۆمیتەی سامڕەندی ئێمە کە لە فیدراسیۆندا بەشداری کار و تێکۆشان دەبوو پێوەندی دایمی دەگەڵ فیدراسیون، بەرقەرار بوو. هەرچەند بە ژمارە کەم بووین، دەگەڵ ئەوەش حیسابی تایبەتیمان دەوێدا، بۆ دەکرا. لەوێدا بە کار بووین.

ئێمەی کورد لە وڵاتی سوئید و لەو سەردەمەدا، ژمارەمان لەسەر یەک و بەگشتی لە ٧٠ کەس تێپەڕی نەدەکرد. بێجگە لە نووسەری ئەو یادداشتانە کە تەنیا کوردی ڕۆژهەڵات بووم لە وڵاتی سوئید، تا ئەودەم کەسی دیکە جارێ ڕێگای سوئیدی بۆ نەکرابۆوە. لەو گشتەش ٢٥-٣٠ کەسێکی کوردی باکووری کوردستان، ڕەنگە ٦-٧ کەسێکی ڕۆژاوای کوردستان و هەر هێندەش خەڵکی باشووری کوردستان، ئیدی ئاو بێنە و دەستان بشۆ. هەمووش هەر لە دوو شاری ستۆکهۆڵم و ئوپاسالا"دا کە دەکەوێتە ٧٠ کیلۆمێتری ستۆکهۆڵم، نیشتەجێ ببووین. هەموو بە تێکڕایی لە کۆمەڵی خوێندکارانی کورد لە ئوروپادا ئەندام بووین و چونکە یەکێتیمان پتەو و وێکڕا کورداییەتیمان دەکرد و تا بتەوێ کاراش بووین، نێوونێوبانگی باشمان بەدواوە بوو.

لەو ناوەدا ٣ مانگێکی خایاند تا "ئیقامە"م دەرچوو. ئیدی، بێجگە لە تێکۆشانی سیاسی، دەستم کرد بە خوێندنی زمانی سوئیدی و زمانە شەڕقییەکان، لە زانگەکانی ستۆکهۆڵم و ئوپسالا.

لە سەروبەندی هاوینی ساڵی ١٩٧٣ لە برادەرانی بەغدارا خەبەر هات کاک قادر وێردی؛ ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کە بۆ کار و تێکۆشانی سیاسی دەچێتەوە ناوچەی بانە، دەکەوێتە کەمینی دوژمنەوە و شەهید دەبێ. ئەو بەسەرهاتەم هێنا بەر باسسی کۆبوونەوەی کۆمەڵی خوێندکارانی خۆمانەوە بۆ کارێکی سیاسی "ئیعتیرازی" لە دژی ڕێژێمی شا. کۆبوونەوە، کومێتەیەکی تایبەتی دیاری کرد تا کار و بەرنامەی

خۆپیشاندانێکی گەورەی بە دەسکەوتی سیاسی لەو بۆنەیەدا، پایەڕێژی بکا و خۆپێشداندان ساز بکەین.

کاک جەمال عەلەمدار، کە لەو کاتەدا نوێنەری پارتی دێمۆکڕاتی کوردستان بوو لە ئوروپا و ماڵیشی لە سوئێد بوو، بە نوێنەرایەتی و بە نێوی پارتی، دژایەتی کرد دەگەڵ هەر چەشنە کردەوە و خۆپیشاندانێک بە دژی ئێران.

بە گوتەی کاک جەمال، کە دەیگوت: "هەر هەڵوێستێکی دژ بە حکوومەتی ئێران لە ڕۆژگاری ئێستادا، بمانەوێ یان نەمانەوێ، دەکەوێتە چوارچێوەی دژایەتی دەگەڵ بەرژەوەندییەکانی شۆڕشی باشوور، کۆمەڵەی ئێمە نەدەبوو هیچ جووڵەیەکی دژی حکوومەتی ئێران، لە خۆی بنوێنێ." هەرچی کردمان بۆی نەسەلماندین و لێی وەرنەگرتین کە ئەگەر کوردی ڕۆژهەڵات و باکوور و ڕۆژاوا، لێک کۆ ببنەوە، لە دژی زوڵم و زۆری حکوومەتی ئێران، هەڵوێست بگرن و لێی لە قاو بدەن، نەک هەر هیچ بە دژایەتیی دەگەڵ مەسڵەحەتی شۆرش تەواو نابێ؛ بگرە لەوانەیە سوود و کەڵکی خۆشی بۆی هەبێ، سوودی نەدا. ئاخرێکەی چەند کەسێکی سەر بە پارتی کۆبوونەوەکەیان بەجێهێشت، ئێدی ڕابیتە و پێوەندی خۆشیان دەگەڵ کۆمەڵە خوێنکارییەکەی ئێمە، بەتەواوی، پساند.

لە لای دیکەوە، کومێتەی ئامادەکار بۆ هەنگاوێکی ئیعتیرازی، بەرنامەی ئاکسیۆنێکی بێ وێنەی هێنا کایەوە، کە تا ئەو ڕۆژە لە چەشن و لە نەوعی خۆیدا، بێ وێنە و لە وڵاتی سوئێددا نموونەی نەبینرابوو. بەو مانایە کە کۆمەڵەی ئێمە بڕیاری وەرگرت کە ڕێپێوانێکی ئیعتیرازی لەو پێوەندییەدا لە شاری ئوپاسالاوە تا ستۆکهۆڵم، مەودایەکی ٧٦ کیلومێتری، تەرتیب و بە ڕێوە ببا.

لە ماوەی شەش حەوت ڕۆژدا، کارە سەرەتاییەکانی ڕێپەیماییەکەمان تەواو کرد. کاتی ئیجازەوەرگرتن لە پۆلیسی ستۆکهۆڵم، لەپێشدا باوەڕیان نەدەکرد کە بەڕاستمانە، کەس هەنگاوی ئەوتۆی نەنابوو و نەکرابوو. کاتێ زانیان بە جدی و بەڕاستمانە، ئەوجار هاتنە سەر ئەو بابەتە کە داواکاریمان لەوان چییە؟ ئایا خێوەتمان دەوێ بۆ سانەوە لە ڕێگادا؟ یان

پێویستمان بە ئامبولانس یان بە نان و چایی دەبێ؟ نەخێر گوتمان و سپاسمان کردن، چونکە خۆمان تەرتیبی ماشێن و گەیاندنی چا و قاوە و با بۆڵەنانی نێو ڕێگامان دابوو.

ڕۆژی دیاریکراو، ڕۆژی ٥ی مانگی ٤ی ساڵی ١٩٧٣ی زایینی، سەعات ٤ی پاشنیوەڕۆ، لە ئوپسالاڕا وە ڕێ کەوتین. کۆمەڵێکی چل و چەند کەسی، بە هیتاف، پلاکات و باندڕۆڵەوە، لە کاتێکدا گشتە ڕێکخراو و کەسایەتییە سیاسییە دۆستەکانمان، لە ئەمریکای لاتینی و بەشێک لە کۆنفیدراسیۆنی خوێندکارانی ئێرانی تا دەروازەی شار دەگەڵمان بوون و وە ڕێیان خستین، ئیدی ملمان لە ڕێپێوان نا.

ئەو ئێوارەڕۆژە و شەوەکەشی سەرتاسەر بە ڕێوە بووین. نێوە نێوە هەر دە ڕێیەدا، ڕۆژنامەوان و ڕادیۆ و تلویزیۆنی سەرتاسەری وڵاتەکە، دەمانگەیشتنێ، وێنەیان هەڵدەگرت و وتووێژیان دەکرد. هەموو ماندوو و شەکەتی بێخەوی و ڕێپێوان، سبەی ڕۆژ سەعات ١٠ی بەیانی، لەکاتێکدا پۆلیس دەگەڵ بوو و ئیسکۆریتان دەکردین، بە شەقامەکانی شاردا، گەیشتینە بەر دەرگای سەفارەتی ئێران، لەوێ کۆبوونەوەی ڕۆژنامەوانیمان بەست، بڕیارنامەی ئیعتیرازی؛ واتە دژبەریی خۆمان بەرامبەر بەو تاوانە نوێیەی ڕێژێمی ئێران، گەیاندە سەفارەت.

شایانی باسە کە بڵێم کارێکی بێ وێنە بوو تا ئەوکات و دەنگۆیەکی زۆری لێ دروست بوو. هەموو ڕۆژنامەکانی سوید، بە وێنەی گەورە و شەرحی دوورودرێژەوە لەو هەنگاوە دژکارییە نووسیبوویان. هەروەک گشت کەناڵەکانی ڕادیۆ و تلویزیۆنیش، هێنابوویانە باسوخواسەوە. لە هەموو خۆشتر ئەوە بوو کە خەڵکانی جادە و خەیابان، بە چەپڵەڕێزان پێشوازیان لێ دەکردین، تەنانەت لە پەنجەرەی ماڵەکانڕا، گوڵیشیان بۆ داوێشتینە خوار.

بێمەوە سەر باسەکەی خۆم و وای کورت بکەمەوە و بڵێم کە لە هەمووی ئەو دەورانەدا، تا سەرەتاکانی دەسپێکی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران، لە ساڵی ١٩٧٩ی زایینی، هاوکاری و بەیەکەوەبوونی ئێمە، کۆمیتەی سامڕەند، لەگەڵ سەرکردایەتیی حیزب لە بەغدا، بێ کێشە و گازاندە

دەرباز نەبوو، وەک دەگوترێ هەر بە لاری کەوە، مەیڕێژە، هێنابوومانە سەر کە ڕەنگە پێویست بە ورکردنەوەی زیاتر نەکا.

سەروبەندی بەستنی کۆنگرەی سێیەم هاتبوو. بە نامە لە بەغدارا خەبەریان دابوومێ سەفەری بەغدا بکەم، با کۆمیتەی دەرەوەش، سامڕەند، ئاگادار بێ و نوێنەرانی خۆی، ٣ کەس، بۆ بەشداری لە کۆنگرەدا، دیاری و بیاننامێنێ.

کاک محەمەد موهتەدی و بەڕێز دوکتۆر حەسەن شەتەوی، لە سامڕەندەوە، کران بە نوێنەر بۆ کۆنگرە، وەک گوترابوو خۆشم دەبوو پێشتر لە بەغدا بم، بەپێی بڕیار وا دیاری کرابوو کە چەند ڕۆژێک پێشتر گەیشتنی خۆم بۆ بەغدارا بگەیەنمەوە، تا برادەران لە فڕگە چاوەڕوانی بن و لە دەستڕەسی عەلی ڕەزای بەرپرسی پێوەندییەکانی حیزبی بەعس بمدزنەوە و بێ ئەوە ئەو بزانێ کێیە دێ و هاتووە، لە فڕگە بمبەنە دەرێ.

لەو زەماندا، فڕۆکە لە سویدەوە هاتوچۆی بەغدای نەدەکرد، ناچار بە "قەتار" چوومە بێرلینی ڕۆژهەڵاتی ئەو زەمان و لەوێڕا کە بلیتی فڕۆکەش هەرزانتر بوو، بلیتێکی یەکسەرەم تا "دیمشق" تەرتیب کرد. لای خۆم وام دانابوو بچمە دیمشق، لەوێڕا بە ماشێن بچمە "بیروت" و لە بیروتڕا بە تەلەفۆن ڕۆژ و سەعاتی گەیشتنم بۆ بەغدا، بە برادەران ڕابگەیەنم.

هەر چۆنێک بوو گەیشتمە دیمشق، کەچی لەوێ وەک دەڵێن چاوی ڕەشم کاڵ بۆووە، چونکە دەرکەوت کە پێوەندی سوریە و لوبنان کێشەی تێدایە، سنووریان لێکتر داخستووە و هاتوچۆ ناکرێ. لە دیمشق چەند ڕۆژێک چاوەڕوانیم کرد کە بەشکو ڕێگا بکرێتەوە، نەبوو، ناچار مام هەفتەیەک پێش وەڕێکەوتن بۆ بەغدا، تیلگرافێک بۆ برادەران لێ بدەم و ڕۆژ و سەعاتی گەیشتنی خۆمیان پێ ڕابگەیەنم، هەڵبەت بە جێی تیلگراف هەوڵم دا بە تەلفۆن قسەیان دەگەڵ بکەم، بەڵان ئەویش هەر نەکرا؛ چونکە پێوەندی نێوان ئێڕاق و سوریەش هەر تێکچووبوو و تەلەفۆن کاری نەدەکرد. ناچار مام، هەر چۆنێک بێ، سەرەڕای ترس و لەرزێکی زۆر

لەوە کە بکەومەوە بەر دەست عەلی ڕەزا، بە فڕۆکەیەکی سوریەیی، نیوەڕۆژێکی گەرمی هاوین، گەیشتمە فڕگەی بەغدا.

ساڵانی پێشتر فڕگەی بەغدام دیبوو، دەمزانی چۆنە و چاوەڕوانی بۆ خەڵکە موسافیری تازەگەیشتوو زیاتر هەر لە باڵکۆنی فڕگەڕا، دەکرا. لە دوورڕا دەبینرا چاوەڕوانکار کێن. فڕۆکەش دوور ڕادەوەستا و دەبوو خەڵکەکە بە پێیان ڕێگای بەینی فڕۆکە و خانووبەرەی فڕگە ببڕن، ئێمەش هەروا.

لە فڕۆکە دابەزین و بەرەو فڕگە وە ڕێ کەوتین، بەڵان هەرچی ڕوانیم باڵکۆنی چاوەڕوانی، کەسی ئێمەی لێ نەبوو. بۆ من ڕۆژی ڕەش بوو و لە ترسی عەلی ڕەزای ئەشکەنجەگەر، تەمام لە خۆم نا. بەو هیوایە کە بەڵکە کەسێک لە برادەران بە ڕێوە بێ و وە دوا کەوتبێ، خۆم وە دوا دا تا هیچ کەسێک نەما بێجگە لە خۆم، باقیی خەڵکەکە دەرباز بوون.

چار نەما، لە پێش ئەوەدا بگەنە سەر و لێم بپرسن بۆ لێرەی و کێی، فاتیحای خۆم خوێند و چوومە بەر باجەی "زانیاری" و گوتم: "من لە دیمشقڕا هاتووم، دەمەوێ بچمە "نیکۆسیا"، بلیتی فڕۆکەم تا ئێرە هەبووە و ئێستا دەمەوێ بلیتی نیکۆسا لێرەڕا بکڕم، بڕۆم بۆ وێ. خوداخودام بوو بهو فێڵە، بڵێتێک وە گیر بخەم و دەرباز بم."

کابرای نێو باجە، بە سەرسووڕمانەوە تەماشایەکی کردم و گوتی: "ئێرە بلیتفرۆشی لێ نییە، مەگەر لەنێو شار." گوتم: "سپاست دەکەم کە بلیتێکم تا نکۆسیا بۆ تەرتیب بکەی." کابرا ڕۆیشتە دەر و یەکێکی دیکەی دەگەڵ خۆی هێنا. حیکایەتەکەم بۆ ئەویش گێڕاوە، کابرای تازەوارید پاسپۆرتەکەی لێ وەرگرتم کە پاسپۆرتێکی پەنابەریی سویدی بوو، چەند دەقیقەیەکی پێ چوو، گەڕاو ەو دەگەڵ خۆی بردم بۆ ژوورێک کە دوو کەسی لێ دانیشتبوون. دەستیان کرد بە پرسوجۆ و خۆ بە خۆش بە زمانی ڕووسی قسەیان دەکرد. لێم ڕوون بوو ئەوە ئەو ڕۆژە ڕەشەیە کە لێی دەترسام، تازە لە داو کەوتووم.

لەنێو پرسیاراندا پرسیان: "تۆ چ جاری دیکە هاتوویەتە بەغدا؟ هیچ جاری دیکە لەو وڵاتە بووی یان یەکەمجارە ڕێت دەکەوێتە ئێرە؟" وام بە باش زانی ڕاست و دروستەکەی بڵێم لەوانەیە باشتر بێ و هاسانترم بۆ تەواو بێ لەوەی کە بمبەنە زیندانی ترسناکی قەسر ئەلنهایە کە ڕزگاربوون لەوێ زەحمەت دەبوو، بۆیە گوتم: "بەڵێ، لێرە لە بەغدا بووم، چونکە کوردم و دەگەڵ معارەزە و ئۆپۆزسیۆنی کوردەکانی ئێران؛ واتە حزبی دێموکڕاتی کوردستان، پێوەندیم هەیە، ئەوەش ژمارە تەلەفۆنەکەیانە، ئەوان دەمناسن، ئەگەر تەلەفۆنیان بۆ بکەن، ئەوان پێتان دەڵێن."

زۆر بە شک و گومانەوە تەماشایان دەکردم. ئاخرێکەی گوتیان: "ئێمە بۆ بەشی پێوەندییەکانی دەوڵەت دەگەڵ معارەزەی ئێرانی تەلەفۆن دەکەین. ئەوێش ئەو شوێنە بوو کە من زراوم لێی چووبوو، چونکە عەلی ڕەزا، کە بەرپرسی ئەو بەشە و گۆیا وەک چاویشەداریش بەدوامەوە بوو و لێم دەگەڕا، هەم بە دەنگ، هەم بە نێو دەیناسیم."

یەکێک لەو ئەفسەرانە، تەلەفۆنی هەڵگرت و پێوەندی گرت، پاش بڕە قسەیەک، بانگی کردم و گوتی: "وەرە خۆت قسەی خۆت بڵێ." "گوشی" تەلەفۆنی دا دەستم، ویستم بە ئینگلیسی قسەکانم بکەم، کابرای لەو بەرەوە، گوتی: "ئینگلیسی نازانم، هەوڵ بدە بە عەرەبی تێم بگەیەنی." هەر بەوەندە قسەیەی و لە دەنگیڕا، زانیم ئەو کابرایە عەلی ڕەزا نییە، پێشتر دەنگی ئەوم بیستبوو.

کە ئەوەم زانی، گوشاییەک کەوتە دڵم و بە عەرەبی گوتم: "من لە جەماعەتی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانم، برادەرانی من دەبوو لێرە بن، بەڵان لێرە نین نازانم بۆچی؟" ژمارە تەلەفۆنی دەفتەری حیزبم دایە. پاش چەند دەقیقەیەک تەلەفۆنی کردەوە، گوتی: "لەسەر ئەو تەلەفۆنە ژنێک قسە دەکا کە عەرەبی نازانێ، ها تۆ خۆت قسەی دەگەڵ بکە."، کە قسەم دەگەڵ کرد براژنە "زلەخا"؛ خێزانی شەهید خالید عەلیپوور بوو. گوتم: "ئەوە بۆ کەس لێرە نییە؟" گوتی: "کاکە، ئەوە تێکرا وە ڕێ کەوتن

بۆ فڕگە." کابرای عەرەب پرسییەوە: "ئایا ئەوە ئەو شوێنەیە تۆ لێیان دەپرسی؟" گوتم: "بەڵێ و ئەوە بەڕێوەن بۆ ئێرە."

کە وایزانی، گوتی: "تەلەفۆنەکە بدەوە بە ئەفسەرەکان."، دەرکەوت پێی گوتبوون ئیحتیرامی بگرن تا برادەرەکانی دەگەنێ. هەڵوێست گۆڕا، چا و قاوە بە لێشاو هات. لە قاوەخواردنەوەدا بووم، ڕەحمەتیی کەریم حیسامی و کاک "مەلا ڕەحمان کاژێی" وە ژوور کەوتن. لە دەرێ لە کاک کەریمم پرسی: "کوا عەلی ڕەزا؟ ئەو کەسەی قسەم دەگەڵ کرد عەلی ڕەزا نەبوو." دەرکەوت عەلی ڕەزا، لە هەوڵ و تێکۆشانی "نازم گوزار"دا بۆ کۆدێتایەکی سەرنەکەوتوو لە دژی سەددام حوسێن، نێوی هەبووە و چەند ڕۆژێک بەر لەوەی بگەمە بەغدا، گیراوە و لە زیندانایە. خوا بتحەسێنێتەوە نەجاتم بوو، دەنا وام بۆ تێ نەچێنربوو خۆش بێتەوە. چەند ڕۆژێک پێش کۆنگرەکە نوێنەرانی سامرەندیش گەیشتنە بەغدا.

وەک ڕەوالەتی کار و تەبیعەتی خۆی بوو هەم بەر لە کۆنگرە، کۆنگرەی سێهەم، هەم لە ماوەی باس و وتووێژەکانی ناو کۆنگرەدا، لە بەینی ئێمە، کۆمیتەی سامرەند، واتە ڕێکخراوی حیزب لە دەرەوەی وڵات، دەگەڵ زۆرینەی کۆمیتەی ناوەندی بە ڕێبەریی دوکتۆر قاسملوو، ڕەحمەتیی کەریم حیسامی و کاک حەمەدەمین، ناکۆکی هەبوو و قڕەمان بەردەوام بوو، بەتایبەتی لە ڕۆژەکانی کۆنگرە، جیاوازی لە ڕاوبۆچووندا، کێشەی لەسەر بوو و ناکۆکییەکان، زەق ببوونەوە.

بە پێویست دەزانم لێرەدا ٣ خاڵی سەرەکی لە خاڵەکانی خیلاف لەنێوان سامرەند، ئۆپۆزیسیۆنی ناوەوەی حیزب دەگەڵ زۆرینەی کۆمیتەی ناوەندی، باس بکەم و بە کورتی شییان بکەمەوە.

خاڵی یەکەمی ناکۆکی ئەوە بوو کە زۆرینە، بەتایبەتی شەخسی دوکتۆر قاسملوو، پێداگر بوو کە کۆنگرەی سێهەم ناوی بنرێ کۆنگرەی دووهەم. کۆنگرەی دووهەم کە لە مانگەکانی زستانی ساڵی ١٩٦٤ی زایینی، لە گوندی سونێ، لە باشووری کوردستان بەسترابوو "خەلعی" سەلاحیەت و نێو بکرێ و هەردک لای لێ بستێندرێتەوە و بە کۆنگرە نەناسرێ، چونکە لەو کۆنگرەدا، بە ناڕەوا، دوکتۆر قاسملوو بە بەکرێگیراوی ساواکی

ئێرانی ڕێژێمی پاشایەتی، لە قەڵەم درابوو و ئەندامەتیی حیزبی لێ وەرگیرابۆوە.

لە ڕوانگەی ئێمەوە، ئەو داوایەی دوکتۆر قاسملوو مەنتیقی حیزبی و گشتی تێدا نەبوو. داوایەکی ناڕەوا بوو لە کۆنگرەی دەکرد، کێشەیەک کە ئێمەی ئۆپۆزیسیۆن، قبوڵمان نەبوو و نەدەچووینە ژێر گوشارێکی ئەوتۆوە.

ئێمە دەمانگوت و ئیستیدلالمان دەکرد کە کۆنگرەی دووهەم، بەرهەقترین و دروستترین ئۆرگانی حیزب بووە، چونکە زۆربەی نزیک بەتەواوی بەشداران، بەگوێرەی هەڵبژاردن و نوێنەرایەتیی ڕێکخراو و تەشکیلاتەکانی حیزب لە خۆی وڵاتڕا هاتبوون و لە خودی کوردستانیشدا بەستراوە، ئەوە کە بەڕێوەبەرایەتیی هەڵبژێردراوی کۆنگرە بەپێی هەل و مەجالی تایبەتی زەمان، ناکۆک بوون و کاربوردیان کەم بووە، لە گرینگی و ئەهمییەتی کۆنگرەی دووهەم کەم ناکاتەوە، لە کاتێکدا بەشێکی هەرە زۆر لەو هەڵبژێردراوانە، هەر لە مەیدانی تێکۆشانی سیاسیدا، شەهید بوون.

بەڵان دەکرێ و بۆ کۆنگرەی سێهەم هەیە، بڕیاری کە لەسەر دوکتۆر قاسملوو لە کۆنگرەی دووهەمدا دراوە، پووچەڵ بکاتەوە و نادروستیان لە قەڵەم بدا، پاش کێشەیەکی زۆر، هەرواش بڕیار درا، سەرئەنجام، زۆرینە لە پێداگریی خۆی لەو بارەوە پاشگەز بۆوە و تەسلیم بوو.

خاڵی دووهەمی کێشەی ناو کۆنگرە، مەسەلەی ستراتیژێکی نەتەوەیی و کوردستانی بوو کە لەلایەن ئۆپۆزیسیۆنەوە، هاتبۆ گۆڕێ. دەمانەویست بە بەندێکی ناو بەرنامە و ئەساسنامەیی کارێکی ئەوتۆ بکرێ کە هەر لەسەر دۆخی پێشووی حیزب، نەتەوەییبوونی حیزبی دێموکراتی کوردستان، شک و گومان بۆ کەس نەهێڵێتەوە لە هەمانکاتدا بۆ هەمیشە مەرز و سنووری خۆی دەگەڵ حیزبی تودەی ئێران دیاری بکا.

زۆرینەی کۆمیتەی ناوەندی لە دژ بوو. ئیستیدلالیان ئەوە بوو و دەیانگوت، ڕۆژهەڵاتی کوردستان نەوتی نییە، داهاتێکی خۆی لەبەر

دەستدا نییە هەروەک ڕێگای دەریا و ئاویشی هەر نییە، بۆیە پێویستە کوردی ڕۆژهەڵات، خۆ لە چوارچێوەی ئێرانی خاوەن سەروەت و سامانی نەوت گرێ بدا و حیزبی دێمۆکراتی کوردستانیش لەو پێناوەدا کۆشابێ. دوکتۆر قاسملوو پێداگری سەرەکی بوو لەو ڕووەوە و دەیگوت: "خەڵکی مهاباد پەیوەستی بە "مەراغە"وە زیاترە، تا سلێمانی!"

ئێمە لە ڕەد و لە دژی ئەو چەشنە بۆچوونەدا دەمانگوت: "ئەگەر ئەو بیرۆکەیە ڕاستە و وایە ئەدی بۆچی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان، تا گوریسی لێ توند دەبێ و دەرەتانی لێ دەبڕێ، دەگاتە سلێمانی و ڕوو لە مەراغە ناکا؟"

بە هەر ئاوایەک بوو، باش باس و خواسێکی زۆر، گەیشتینە پێکهاتنێک، بەو مانایە کە لە سەرەتای بەرنامە و ئەساسنامە کە کۆنگرە ڕەیی بۆ دەدا و وەک خۆی بەرنامە سەنەدییەتی هەیە بنووسرێتەوە کە، کوردستان یەک وڵاتە و کورد یەک نەتەوەیە، تێکۆشانی سیاسی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان، بەشێکە لە خەباتی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورد. خاڵی سێهەم ناکۆکی و کێشە، دیاردەی سۆسیالیزم بوو لەناو بەرنامەی سیاسیی حیزبدا، کە هەم ڕەحمەتیی کەریم حیسامی و هەم کاک حمەدەمین لە ڕێبەرایەتی حیزبدا، پێداگرییان لەسەر دەکرد و لایان وابوو لە بەرنامەی حیزبدا ئامانجی دوارۆژ بوو کۆمەڵگای کوردەواری دەبێ سیستمێکی سۆسیالیستی، دیاری بکرێ و لە بەرنامەدا، بگونجێ.

ئۆپۆزیسیۆن لای وابوو. سیستمێکی سۆسیالیستی ڕەقوتەق لە چەشنی سۆسیالیزمی وڵاتانی شووڕەوی و بۆلغارستان، سیستمێکی لەبەر دڵ و مەقبوڵ نییە، ئەگەر وشەی عەدالەتی کۆمەڵایەتی دەگەڵ نەبێ، بۆیە پێویستە ڕستەی عەدالەتی کۆمەڵایەتی تاریف و ناساندنێک بێ لەو سۆسیالیزمە کە پێشنیار و داوا دەکرێ. سەرئەنجام "سۆسیالیزمی عادلانە" لە بەرنامەی سیاسیدا گونجا و ئەوەندەی لە بیرم مابێ، تاکو کۆنگرەی شەشەمی حیزب، هەر سێ خاڵی ناوبراو کە ئۆپۆزیسیۆنی ناوخۆی حیزب پێداگرییان لەسەر دەکرد بە سلامەتی مابوونەوە.

وەک حاشیە و پەراوێز.

لە کۆنگرەی شەشەمەوە، هەر لە پێش کۆنگرەکەشدا، زەمینەی سڕینەوەی بەشە نەتەوایەتییەکەی ناو سەرەتای بەرنامەی سیاسیی حیزب، دیاری دابوو. لە بیرمە لە کۆنگرەدا یەکێک لە برادەرانی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی لە دەفتەری سیاسی ئەوکاتی حیزبدا، کە نامەوێ ناوی بێنم، لە سەرنووسەری ئەو دێڕانە قسەی کرد و گوتی: "فلانی مەرجەکانی ئەندامەتی لە حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستانی تێدا نییە، چونکە خودموختاری قبوولْ نییە."

لە وەلامداگوتم: "ئەو برادەرە بەڕێزە، ڕەنگە چاوی بە پێشەکی بەرنامەی سیاسیی حیزب نەکەوتبێ، یان باشی لێک نەدابێتەوە، بۆیە پێی وایە مەرجی ئەندامەتی لە حیزبدا قبوولْی خودموختارییە، ئیدی بەشەکەی دیکە کە جارێ هەر ماوە و هەر موعتەبەرە کە دەڵێ، کورد یەک نەتەوەیە و حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان، بەشێکە لە خەباتی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی، نایەتە بەرچاوی."

هەڤالنامە کتێب

VII

بڕیمەوە سەر باسەکەی خۆم.

کۆنگرەی سێیەم، کۆتایی پێهات، بەخۆشییەوە دوو کەسایەتیی دیکەی ڕێکخراوی دەرەوەی ولّات، لە ئۆپۆزیسیۆنی ناوخۆیی حدک؛ واتە دوکتۆر حەسەن شەتەوی و کاک محەمەد موهتەدی هەڵبژێردران بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی. ئێستا ئیدی هاوەنگی و هاوهەڵوێستی لە ئاست کێشە گشتییە سیاسی و نەتەوەییەکان، گوڕوتینێکی زیاتری تێگەڕابوو و کۆدەنگێکی بە دەسەڵاتتر هاتبۆ ناوەوە. ئەو یارا و بەهەرەیە، تا کۆنگری چوارەمی حیزب لە سەر بەهاری ساڵی ۱۹۸۰ پارێزراو و لە باو بوو.

بەو مانا و شێوەیە، پاش کۆنگرەی سێیەمیش، ناکۆکی لەسەر مەسەلە گشتە سیاسییەکان، لەنێوان ئۆپۆزیسیۆن و زۆرینەی کۆمیتەی ناوەندی هەر مابوو و بنەبڕ نەببوو. زۆرینە داوای گەڕانەوەی نووسەری ئەو یادداشتانە و کاک محەمەد موهتەدی دەکرد لە دەرەوەی ولّاتڕا بۆ بەغدا، گۆیا بۆ کاروباری ڕێکخراوەیی لە ناوەوەی ولّاتدا.

ئێمە بۆ جێبەجێکردنی ئەو داوایە، مەرج و شەرتمان هەبوو. دەمانگوت، ئەوە کە ئێستا پێی دەگوترێ "کۆمیسیۆنی تەشکیلات" لە ولّاتدا، با لە بەغدا وە لا کەوێ، بچێ لە باشووری کوردستان لە شار یان لە دێیەکانی نزیک سنوور، بنکەی خۆی دابنێ. لە هەمانکاتدا بەرپرسیایەتی کۆمیسیۆنەکەش بەگشتی، بە ئێمە دەبێ لە کوردستان نەک لە بەغدا و

لە بەردەستی ڕەحمەتیی کەریمی حیسامیدا، کە ئەوکاتە بەرپرسی کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزب بوو بەبێ ئەوە کە هیچ کارێکی تەشکیلاتی و ڕێکخراوەییش ئەنجامدرا بێ. لە کوێن ڕەوانی کار و بۆچوونی زۆرینە، دوو مەرجی ئێمە وەرنەگیران، ئێمە گەڕاینەوە بۆ دەرەوە، بۆ سەر کاروباری پێشووی خۆمان.

لەو نێوانەدا، وا هەڵدەکەوت کە دوکتۆر قاسملوو، کاک حەمەدەمین سیراجی و ڕەحمەتیی کەریم حیسامی، بۆ دانیشتن و کۆبوونەوە دەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی کۆمیتەی ناوەندی و کۆمیتەی حیزب لە دەرەوە، "سامرەند"، کە زۆربەی جارەکانیش هاوڕا و هاوهەڵوێست نەدەبوون دەگەڵ زۆرینە، جەماعەت لە بەغدارا دەهاتنە دەرەوە. زۆربەی جاران بۆ ئاڵمان و جارجاریش بۆ سوئید.

جارێکیان لەو جارانە، کۆبوونەوە لە بێرلینی ڕۆژاواوای ئەو سەردەمان دەبەسترا، وا بزانم نێوەڕاستی مانگی پایزی ساڵی ١٩٧٤، ئەوکاتە وڵاتی ئاڵمان جارێ هەر دوو بەش بوو؛ ئاڵمانی ڕۆژاوا و ئاڵمانی ڕۆژهەڵات. بێرلینیش بە هەمان تەرتیب دوو بێرلین.

جوابەجەنگی و موناقەشەی پێویست، بە ڕێوە چوو، کۆبوونەوە تەواو بوو. دۆستان هەرسێک، دەیانەویست بچن بۆ سەردانی بێرلینی ڕۆژهەڵات، لەڕاستیدا دەگەڵ ئێمەش؛ واتە ئۆپۆزیسیون، بۆرە پێشنیارێکیان کرد تا ئەگەر پێمان خۆش بێ، دەگەڵیان بچین. گوتمان: دەگەڵتان نایەین. ئێوە بۆ دیداری حیزبی تودە دەچنە وێ، ئێمە ئارەزووی دیتنی ئەوانمان نییە." هەرواش دەرچوو لە گەڕانەوەدا باسیان کرد و گوتیان: "چاومان بە کەیانووری و ڕەحمەتیی مامۆستا مەلا حەسەن قزلجی و ڕەحمەتی عەلی گەلاوێژ کەوتووە، قڕەیەکی زۆریشمان دەگەڵ کردوون لەسەر ئەوە کە حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان، حیزبێکی سەربەخۆیە و بێجگە لە پێوەندییکی دۆستانە بە حیزبی تودەوە، هیچ وابەستەگییکی ڕێکخراویی بە حیزبی تودەوە نییە و ناشیبێ."

جا بەگوێرەی قسەی ئەوان، دەبێ جەماعەتی حیزبی تودەش لە دژ بووبن و گوتبێتیان، حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان بەشێکە لە حیزبی تودە و

هەربۆیەش دەبێ پاشناوی ئێران لەدوای ناوەکەیەوە بنووسرێتەوە، واتە ببێ بە حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستانی ئێران. جا با ئەو دیدارە ٣ کەسییەی دوکتۆر قاسملوو و ڕەحمەتی کەریم حیسامی و کاک حەمەدەمین سیراجی لێرە ڕابوەستێ و لە بیر نەچێتەوە، چونکە لە لاپەڕەکانی دوایدا، با دەدەمەوە سەر ئەو مەتڵەب و بابەتە.

با بۆ جارێکی دیکەش بڵێم و تاکید بکەمەوە کە لەو نووسینانەدا، مەبەستی نووسەری ئەو یادداشتانە، بە هیچ شێوەیەک ئەوە نییە کە بە چاک یان بەخراپ بمەوێ تاریخ بۆ حیزبی دێمۆکڕات بنووسمەوە، نە ئەو توانایانە لە خۆمدا دەبینم، نە ئەو کارەش بە ئەرکی خۆم دەزانم. هەروەک، بە هیچ چەشنێکیش نامەوێ دۆستانی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان "هەردوولا" لەو باسانەدا بڕەنجێنم، بەڵکە ئارەزووم ئەوەیە ئەو هەڵسوکەوتانەی کە لە ژیانی دوورودرێژی سیاسیی خۆمدا دەگەڵی بووم، بە چاک و بە خراپەوە بێنمە سەر کاغەز، بەڵکە ڕۆژێک لە ڕۆژان بە کاری شتێک بێ، دەنا بێجگە لە ڕێز و خۆشەویستێکی گشتی بۆ هەمووان، چم لە دڵدا نییە بە نیسبەت هیچ کەسێک و هیچ کۆڕ و کۆمەڵێکەوە.

زەمان، لە ساڵی ١٩٧٥ نزیک دەبۆوە، گرژی و نەسازان و دەستپێکردنەوەی شەڕێکی قورس، ماڵوێرانکار، بۆ جارێکی دیکە، ئەوجار لە هەموو جارەکانی پێشووش توندوتیژتر، لەنێوان شۆڕشی کورد لە باشووری کوردستان و حکوومەتی بەغدا، خەریک بوو وە ڕاست دەگەڕا.

ئێمەی ئۆپۆزیسیۆنی ناوخۆیی، داوامان لە حدکا کرد، ناوەندی خۆی لە بەغدا وەلاخا، بچێتەوە کوردستان و لەوێ جێگیر بێ. وەڵامیان نارد‌ەوە گۆیا سەرۆکایەتیی شۆڕش پێی باشتر بووە هەر لە بەغدا بمێننەوە، شتێک کە ئۆپۆزیسیۆن، پێی ڕاست نەبوو. بۆیە وا بە باش زانرا کە بۆ چەندی و چۆنی و هەڵسەنگاندنێکی نوێ لە سەبارەت بە بارودۆخی نوێی شۆڕش لە باشووری وڵات، سەفەری کوردستان بکەمەوە و لەوێڕا دەگەڵ برادەرانیش پێوەندی بگرم.

لەبەر ئەوە کە شەڕ لە هەموو بۆردی خۆیدا، کوردستانی گرتبۆوە، لە ڕێگای بەغداوە گەڕانەوە بۆ کوردستان نەدەگونجا و بۆ بیرلێکردنەوە نەدەبوو، بۆیە وام بە باش زانی لە ڕێگای لوبنان و سوریەوە بچمەوە کوردستان. دەمزانی نوێنەرایەتیی شۆڕش هەم لە بیروت هەیە و هەم لە دیمشق، بە هاوکاری و لە ڕێگای ئەوانەوە، کار هاسانتر دەهاتە بەر چاو. وابوو کە بۆ مەبەست لە پێشدا چوومە بیروت و لەوێ چاوم بە کاک "عەزیز شێخ ڕەزا"؛ دۆست و ئاشنای دێرین، کەوت کە نوێنەرایەتیی شۆڕشی وا بزانم لە هەردک لا، هەم لە بیروت و هەم لە دیمشق، بە ئەستۆوە بوو. بەیەکەوە دەگەڵ کاک عەزیز ڕەزا چووینە دیمشق. لەوێ کۆبوونەوەیەکیش دەگەڵ هێزە کوردییەکانی وێ تەرتیب کرابوو کە دەبوو منیش لەو کۆبوونەوەدا، بەشدار بم.

لەنێو کۆی ئەو هێزانەدا، نوێنەری ڕێکخراوێکی کولتووریی کوردی لە لوبنان، کە سەرۆکایەتییەکەی بە دەست ڕەحمەتیی "جەمیل محۆ" ناوەوە بوو، لەو کۆبوونەوەیەدا بەشدار بوو. نوێنەر، کوری جەمیل محۆ خۆی بوو، بە ناوی محەممەد. جەمیل محۆم لە باشووری کوردستان دیتبوو و دەمناسی. وە باڵ بە ئەستۆی ئەو کەسە کوردانەی لەوێ دیتبوومن و دەیانگوت، محەممەدی کوڕی ڕەحمەتیی جمیل محۆ، پێوەندی دەگەڵ موخابەراتی سوریە هەیە و لەوانەیە، لە دووڕا باسی کۆبوونەوە و هەبوونی نووسەری ئەو یادداشتانە لەو کۆبوونەوەدا، بە موخابەراتی حکوومەتی سوریە، ڕاپۆرت بداتەوە.

وێ دەچوو شک و گومانلێکراوی لە کوڕی ڕەحمەتیی جەمیل محۆ، ڕاست بووبێ، چونکە وەک دواتر لێم ڕوون بۆوە، لەسەر کۆبوونەوەکە و بەشداریم لە کۆبوونەوەی ناوبراودا، زانیاری دراوەتە پۆلیسی دیمشق. ئەو ڕاپۆرتە وای کردبوو کە بەبێ ئەوەی ئاگادار بم، بکەومە ژێر چاودێریی موخابەراتی سوریەوە، کە بە دەسگایەکی زۆر ترسناکیش حیساب دەکرا.

لەو سەروبەندەدا، جەنابی مام جەلال، لە دیمشق دەبوو بە تازەگی لە کوردستانڕا هاتبۆ وێ. دەگەڵ ئەوەش کە ئەو سەروبەند، سەرەتای

ئاشنایەتیم بوو بە بەڕێزیانەوە، لە ماوەی ئەو چەند ڕۆژەدا کە چاوەڕوان بووم لە نوێنەرایەتیی پارتیڕا، تەرتیبی سەفەری کوردستانم بۆ بدرێ، دەچوومە خزمەت مام جەلال و زۆرتر هەر لەلای ئەو دەبووم. بەگوێرەی ئاموژگاریی نوێنەرایەتیی پارتی، نەدەکرا باسی سەفەری خۆم بۆ کوردستان دەگەڵ هیچ کەسێک بێنمە گۆڕێ، لام وابوو نوێنەرایەتیی شۆڕش لە مەبەستی سەفەرەکەم بۆ دیمشق، مام جەلالیان ئاگادار کردۆتەوە، کە چی وا دەرنەچوو؛ چونکە دواتر دەرکەوت کە پێیان نەگوتووە.

بەو چەشنە چەند ڕۆژێک لە دیمشق مامەوە، تا ڕۆژێکیان، نوێنەری پارتی لە دیمشق هاتەوە لام، ئادرێسی حاجیێکی دامێ لە بازاڕی شاری "قامیشلی" دەگەڵ نامەیەکی کە بۆی نووسرابوو. دەبوو لە قامیشلی بچمە لای و لە ڕێگای حاجییەوە بەنهێنی ئاوای ئەودیو؛ واتە باشوور، بم.

ڕۆژی دیاریکراو بە ماشێنێکی نەفەربەر، لە یەکێک لە کارێژەکانی دیمشقەوە بەرەو قامیشلی وە ڕێ کەوتم. ماشێن، بێجگە لە من و لە شۆفێر، ٤ کەسی دیکەشی تێدا بوو. نێو ماشێن تەنگ و تەسک، هەوا گەرم، ڕێگا دوورودرێژ و ناخۆش، بێ دێهات و ئاوەدانی، بەبێ پشوودان و نان و چایەک پاش ٧-٨ سەعات ڕێپێوان، گەیشتە جێ. بە جانتای بە دەستمەوە ڕووم کردە نێو بازاڕ، پرسیار پرسیار دوکانی حاجیم دۆزیەوە، بەڵان لە بەردەرگای دوکان و لەکاتێکدا کە دەگەڵ حاجی دەدوام، کابراگەلی نێو ماشێنی کە لە دیمشقڕا پێی هاتبووینە قامیشلی بە دی کرد کە لە قوژبنێک خۆیان گرتبوو و چاوەدێرییان دەکردم.

فەوری وە خۆ هاتمەوە، بەڵان هەر ئەوەندەم پێ کرا کە بە حاجی بڵێم: "نە تۆ من دەناسی، نە من تۆ، ئەوەندەی کە لەبەر دوکانەکەت ڕاوەستاوم، هەر بۆ پرسینی ئادرێسی هۆتێل بووە." ئیدی کابرایان، گەیشتنە سەرم، خۆیان ناساند کە پۆلیسی خەفیەن، وە پێش خۆیان دام بۆ ئیدارەی پۆلیسی قامیشلی.

لە ئیدارەی موخابەرات، لە پێش ئەوەدا پرس و جواب دەست پێ بکا، بە بیانووی چوونە سەر ئاو چوومە ناو ئاودەستی ئیدارەوە، لەوێدا نامەی کە بۆ حاجی نووسرابوو ورد ورد درێم و فڕێم دا خۆ و حاجیم لەو بارەوە ڕزگار کرد، هیچ سەنەد و بەڵگەیەکی بە نووسراوە، لەبەر دەستدا نەما. زۆری پێ نەچوو پرس و جواب دەستی پێکرا. کێی؟ لەکوێڕا هاتووی؟ بۆ لێرەی لەو وڵاتە؟ چکارەی؟

پرس و وەڵام تا درەنگانێ کێشای. بۆیان ناسراو بووم و لە کۆبوونەوەی دیمشق و دیدار دەگەڵ جەنابی مام جەلال و نوێنەرانی پارتی لەوێ، ئاگادارییکی وردیان هەبوو کە هیچکام لەوانەم ئینکار نەکردن، هەروەک ئەندامەتی و بەپرسایەتیی خۆم لە حیزبی دێموکڕاتی کوردستاندا نەشاردەوە، بەڵان چوون بۆ باشووری کوردستانم ئینکار کرد، بوونی خۆم لەوێ وەک کابرایێکی توریست هێنا گۆڕێ، کە بەدوای شارەزایی و زانستی نوێدا بگەڕێ و خۆی پێ پڕ زانست بکا، بازاڕیش هەر بەو مەبەستە چووم و لە حاجیش ئادرێسی هوتێلێک، شتێکم، پرسیووە تا شەوێ لێی بمێنمەوە.

سەرت نەیەشێنم لەسەرڕا گێڕایانمەوە بۆ دیمشق، لەوێ بێ پرس و جواب لە زیندانیان قایم کردم. جانتا، پاسپۆرت و بڕەپوولْ و پارەیەکی پێم هەبوو هەموویان لێ ئەستاندم. ئەو ژوورەی منیان تێ هاوێشت ٨ کەسی دیکەی تێدا بوو کە بەگشتی سەر بە ڕێکخراوەکانی فەلەستینی و سیاسی بوون. مالّیان ئاوا بێ، کە زانیان کوردم و لە سیاسەتیشدا کار دەکەم، ئیحترامیان گرتم. پەتوو و بالنجێکیان دامێ و ئەوەندەی دەگەڵ ئەوان لە ژووری زیندانیدا بووم، هەر لە نان و چای ئەوانیشم خوارد. خۆم چم پێ نەبوو، زیندانبانیش هیچی نەدەدا بە زیندانی، نە نان، نە چا و نە خۆراک.

دەوری ١٦-١٧ ڕۆژێک لە زیندانیدا مامەوە، ڕۆژێکی بەدوامدا هاتن و بردیانم بۆ ئیدارەی موخابەراتی گشتی، لەوێ حەوالّەی ژووری بەرپرسی موخابەراتیان کردم. دواتر لێم ڕوون بۆوە کە ئەو کابرایە هەم بەعسی هەم دەسەلاتدارێکی نێو حیزبی بەعس و هەمیش کابرایەکی ناسیاو و بەناوودەنگی ڕێژێمی

سوریەیە، بە نێوی"عبدولّلا احمر". کابرا زۆری حورمەت گرتم، بە چا و قاوە میوانداری کردم، هەموو شتومەکەکانی خۆمی دا وە دەستم، هێندێکیش لەسەر بەرنامەی سیاسی و داوای حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بۆ ڕۆژهەلاتی کوردستان دواین، دواتر تەلەفۆنێکی کرد و بە لایەنی سەر تەلەفۆنەکەی گوت کە ئەمیر لێرەیە ئەگەر بتەوێ قسەی دەگەڵ بکەی. کە لەولاوە دەنگ هات، تێگەیشتم جەنابی مام جەلال لەسەر خەتی تەلەفۆنەکەیە. گوتی: "ماشێنت بۆ دەنێرم وەرە ئێرە." عەرزم کرد: "جارێ دەچمە هوتێل، کەمێک بە خۆم ڕادەگەم، ئێوارێ دێمە خزمەت."

مام جەلال گێڕایەوە و گوتی: "ئەوڕۆ سەرلەبەیانی چوومە لای عەبدولّلا ئەحمەر، لەنێو قساندا باسی تۆی هێنایە گۆڕ و لێی پرسیم دەیناسی کێیە؟ گوتم بەڵێ دەیناسم و هەر دۆستیشمە، بۆ دەپرسی؟ گوتی لەلای ئێمەیە، لە قامیشلی گیراوە و لەوێڕا هێناویانەتەوە ئێرە." جەنابی مام جەلال داوای لێ دەکا تا ئازادم بکەن، لەسەر داوای بەڕێزیان ئازاد کرام و لە کۆڵم بوونەوە، ماڵی مام جەلال ئاوەدان بێ.

گێرەوکێشەی گران و زیندان، وای هێنابووە پێش کە ئیدی هەم ئاشکرا ببووم و هەمیش وە درەنگی کەوتبووم، تازە ئیدی لە پەڕوپۆی سەفەری کوردستان کەوتبووم، وازم لە دیداری ئەمجارەی ولّات هێنا، لە ڕێگای ترکیەوە گەڕامەوە سوید.

شەڕی حکوومەتی ئێراق لە باشووری کوردستان درێژەی هەبوو. ڕێژێمی ئێراق، بێجگە لە بەکارهێنانی هەموو تەجهیرات و تواناکانی شەڕیی خۆی لە باشووری کوردستاندا، ئەمجارە زەخت و گوشارێکی کەموێنەی خستە سەر ماڵ و منداڵی پێشمەرگە و کاربەدەستانی شۆڕش کە لە شارەکاندا مابوونەوە، بە چەشنێک کە دەیان هەزار کەس لە ماڵ و منداڵ، ئاوارەی کێوان بوون و پەنایان بردە بەر دەسەڵاتی ڕێژێمی پاشایەتیی ئێران.

ویژدان و زەمیری سەرجەم کۆمەڵگەی کوردەواری لە هەموو بەشەکانی وڵات، بۆ پشتیوانی لە شۆڕشی ئەیلوول و دژایەتی دەگەڵ ڕێژێمی ئێڕاق، وە جۆش هاتبوو. گوشاری ئێمەش لە دەرەوەڕا بۆ سەر برادەرانمان لە بەغدا، بەو پێیە قایمتر و پتەوتر دەبوو، داواکار بووین ئەو بەشە لە سەرکردایەتیی حیزب کە هەر لە بەغدادا مابوونەوە، یان بێنە دەرەوەی وڵات، یان بەگشتی بەغدا چۆڵ بکەن و بچنەوە کوردستان.

لەو سەربەندەدا، دوکتۆر قاسملوو؛ هاوڕێ دەگەڵ کاک حەمەدەمین سیراجی، هاتنە دەرەوە و لە ئاڵمان لە شاری "ئێسن" کۆ بوونەوە. دوکتۆر قاسملوو ئامادەگی خۆی بۆ مانەوەی لە دەرەوەی وڵات لەو هەلومەجالدا، دەربڕی و دژایەتییکی نەبوو دەگەڵ مانەوەی لە دەرەوەدا. سەرەڕای موخالەفەت و دژایەتیی کاک حمەدەمین بۆ مانەوە، لە دەرەوە ما و نەگەڕاوە ئێراق، لە وڵاتی فەرانسە جێی خۆی کردەوە. گوشاری ئێمە لەسەر دوکتۆر قاسملوو بۆ نەگەڕانەوەی بەغدای، کاریگەری خۆی هەبوو هەروەک پشتیوانییەکیش بوو بۆ ئەو لە بەرامبەر داوکاریی پاشماوەی ئەندامانی کومێتەی ناوەندی حدکا کە داوای گەڕانەوەی بەغدایان لێ دەکرد.

وەک دەزانین، سەرئەنجام، شۆڕشی ئەیلوول، بە سازانی شای ئێران و سەددام حوسێنی ئێڕاق، لە کۆبوونەوەی سەرانی وڵاتانی خاوەننەوت لە "ئەلجەزایر"، لە کۆتایی مانگەکانی ساڵی ١٩٧٥، شکستی هێنا، ئەوە قەوما کە قەوما و هەموانمان، بە درێژایی و بە پانی، لە شوێنەوارەکانی ئەو تێکشکانە دەزانین و ئاگادارین.

ماوەیەکی کورت، لەپاش هەرەسهێنانی شۆڕش، لە کەشوهەوایەکی پڕ لە نارەزایەتی و گلەمەندی لە بەڕێوەبەرایەتیی شۆڕش و لەوەی کە شۆڕشی پڕ هیو او هومێدی نەتەوایەتیی کورد تووشی بڵاوبوون و شکست هاتبوو، هەر لەم دەوروبەرانیشدا، کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئوروپا؛ کە ڕێکخراوێکی کۆشاو و بە کاری خوێندکاریی سیاسی بوو لە دەرەوەی وڵات، لە شاری بێرلینی ڕۆژاوا، کۆنگرەی ساڵانەی خۆی پێک هێنابوو. ئێمەش؛ وێڕای بەشێکی

زۆری دیکە لە خوێندکار و کارگێڕانی سیاسی، لەوێ بووین و حزوورمان هەبوو.

باس و کێشەی پێش کردنەوەی کۆنگرە، ڕووی لەوە بوو کە تەفاهووم و سازانی لایەنە سیاسییەکانی باشووری کوردستان، کە پڕانی و زۆربەی زۆری کۆمەڵەکە بوون، ئاستەم و ڕووی لە نەگونجانە پێکەوە. بەشێکی زۆرتری نێو کۆمەڵەکە دەیەویست هەل و مەجالی نوێی پاش شکستی شۆڕش، قبوڵ نەکا و هەر لەسەر هەمان هەوا و ڕەوتی پێشووی خۆی بڕوا. لایەنی بەرامبەر کە بەرە بەرە ناڕەناری دەستپێکردنەوەی بزووتنەوەیەکی تازەی بە گوێیاندا دەخوێند، ئامادە نەبوو دەگەڵ سیستمی ڕابردوو کار بکا.

سامڕەند، کۆمیتەی حیزب لە دەرەوەی وڵات، پێشنیاری گۆڕانی نێو و ستراتیژی تێکۆشانی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئوروپای بە شێوەیەکی نوێ و کوردستانی هێنا گۆڕێ. بەو مانایە کە نێوی کۆمەڵە، بگۆڕدرێ و ببێ بە "کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات"، کۆمەڵە خوێندکارانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات، بەڕێوەبەرایەتییەکەشی، گشتی و لە هەموو بەشەکانی کوردستانەوە بێ، هەروەک خەباتی کوردایەتی و کوردستانی، بەرەو ڕزگاری یەکجاری ڕەچاو بکا.

لایەنی سوننەتی، هەر لەسەر شێوازی پێشوو، بە پێچەوانەی بەشەکەی دیکە، گوێی لەو پێشنیار و داوایە نەبوو. ناچار ئەندامان بوون بە دوو بەشەوە. بەشێک بە نێوی قەدیمی خۆی، یانی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئوروپا و بەشەکەی دیکەش وەک باس کرا، نێوی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە دەرەوەی وڵاتی بۆ خۆی هەڵگرت، چوارچێوەی کوردایەتی و کوردستانییوونیشی بۆ خۆی هەڵبژارد. هەر لایەنەی خەباتی جیاوازی خۆی، بەپێی پرنسیپە دیاریکراوەکانی خۆی دەست پێکرد.

نەوشێروان مستەفا لە کتێبی خۆیدا بە نێوی "لە دانووبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ"، لاپەڕەی ٥٤، لەو کۆنگرەیە دەدوێ و بەبێ ئەوەی هەر لەوێش

بووبێ لە زمانی نووسەری ئەو یادداشتانەوە، دەگێڕێتەوە و دەڵێ: "ئەمیری قازی، دمڕاستی کوردە ئێرانییەکان، گوتوبەتی ئێمە ئامادە نین لەژێر یەک سەقف دەگەڵ جەماعەتی بارزانی دابنیشین.:

وێدەچێ نەوشێروان ئەو قسەیەی لە کەسێکی دیکە بیستبێتەوە، بە قسەی منیان بۆ گێڕابێتەوە. وەک شیعەکان دەڵێن: "ڕاوی سوننی بووە." ئەم گوتەیە، گوتەی نووسەری ئەو ئەو یادداشتانە نەبوو، بەڵکە گوتەی دۆستێکی دیکە بوو کە نەوشێروان مستەفا خەریکە لە ملی نووسەری ئەو دێڕانەی دەپەستێوێ. لەنێوان ساڵەکانی ٧٦-٧٨دا تەنیا دوو بابەتم پێ شک دێ کە لە ڕوانگەی خۆمەوە لام وایە بۆ وە بیرهێنانەوە دەبن.

هەوالنامەی کتێب

VIII

یەکەم، بەپێی پێشنیارێک لە حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێرانڕا، داوایەک هاتە گۆڕێ کە بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی کوردستانی بە مەبەستی دامەزراندنی ستراتیژێکی نەتەوەیی، کۆبوونەوەیەکی هەراو لەنێو ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستاندا، ببەسترێ.

لەم پێناوەدا، وا بە باش زانرا کە لە دەستپێکدا هەر یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و چەند ڕێکخراوێکی دیکەی کوردستانی ڕۆژاوا و باکوور تێیدا بەشدار بن، ئەوانەی کە پێوەندی نیزیکتریان پێکەوە هەیە. بڕیار بوو کۆبوونەوەکە لە وڵاتی "لوبنان" و لە شاری بیروت، ببەسترێ. لە حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێرانڕا، نووسەری ئەو یادداشتانە چووبوومە وێ، لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانڕا، چەند ئەندامی سەرکردایەتی بەشداریان هەبوو و لە ڕۆژاواش، نوێنەرانی [۲] ڕێکخراوی دیکە، هاتبوونە کۆبوونەوەکە. لەسەر بەرەیەکی کوردستانی و ستراتیژێکی نەتەوەیی، هەموو لا بەگشتی دەگەڵ و کۆک بوون، بەڵان لەسەر دوو خاڵ، ناکۆکی لە بۆچوونداً دەگەڵ یەکێتی، هاتە ئاراوە.

خاڵی یەکەم، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، هەقی "ویتۆ"ی بۆ خۆی داوا دەکرد، دژبەر بوون بە بەشداربوونی هێندێ لە ڕێکخراوەکانی باشوور و ڕۆژاوا. ئێمە لامان وابوو نابێ هیچ ڕێکخراو و حیزبێکی کوردی لە دەرەوەی بەرەدا بمینێتەوە، مەگەر ئەوانەی کە بە ویستی خۆیان نایانەوێ بەشدار بن.

خاڵی دووهەمی ناکۆکی ئەوە بوو کە بە ڕای ئێمە و بە بەڵگە و دەلیلەکانی بەگوێرەی ڕۆژگاری ئەو کات دەمانهێنانەوە، ناوەندی خەبات و ستراتێژی نەتەوایەتی بۆ بەرە، دەبوو باکووری کوردستان بێ، لە حاڵێکدا یەکێتی پێداگربوو کە ئەو ناوەندە دەبێ باشووری کوردستان بێ و ئامادەش نەبوون قبوڵ بکەن کە ئەو کێشەیە بۆ باس و لێکۆڵینەوەیەکی گشتی ڕێکخراوە کوردستانییەکان و بڕیارێکی هەمەلایەنە لەو ڕوانگەیەوە بمێنێتەوە، بۆیە لەڕاستیدا، بابەتەکە بە فەرامۆشی سپێردرا.

بابەتێ دووهەمی کە بۆ لێدوان ببێ لەنێوان ساڵەکانی ٧٦-٧٨دا، ئەوە بوو کە حیزب لە هەوڵدا بوو تا بە شێوەیەک لە شێوەکان، بەشێک لە ناوەندی خۆی بباتەوە ناوخۆی وڵات لە ڕۆژهەڵات و چەشنە خەباتێکی تێکەڵاو لە کاری سیاسی و بەرگری لە خەباتی سیاسی، بە شێوەی چەکداری، بێنێتە مەیدانی کردەوە. پاش باس و کێشە و لێدوانێکی چەندین مانگە لەو بارەوە، سەرئەنجام کۆمیتەیەکی دەسەڵاتدار و خاوەن سەلاحیەتی بێسنووری حیزبی، بە نێوی "سیامی"؛ تێکەڵاو لە وشەکانی سیاسی و نیزامی، پێکهات.

کۆمیتە، لەو کەسانە لە سەرکردایەتی و لە کادرەکانی حیزب پێکهاتبوو کە ئامادەگیی خۆیان بۆ چوونەوەی ناو وڵات، ڕاگەیاندبوو. وە بیرم دێ دوکتۆر قاسملوو، کاک سەید ڕەسوڵ بابی گەورە، کاک سەلیم بابان و نووسەری ئەو یادداشتانە، ئەندام بووین لە سیامیدا کە هەر ئەو ناوانەم لە ئەندامانی کۆمیتەکە لە بیر ماوە، نازانم کەسی دیکەشمان هەبوو کە لە بیرم کردبن یان نا.

گەڕانەوەی سیامی بۆ وڵات شلە و تونده‌ی پێ دەکرا. زۆرینەی کۆمیتەی ناوەندی دژ بەوە بوون، کە سیامی دەست بە کار بێ. لەوە دەترسان بە گەڕانەوەی سیامی بۆ وڵات، ئەوان کە دژ بە پێکهاتنی کۆمیتەی سیامیش بوون، بکەونە پەراوێزەوە و دەسەڵاتی ناوخۆییان لە حیزبدا پێ نەمێنێ.

هەنگاونانی سیامی بۆ بڕۆژەی بەر دەست، کێشەی تێکەوت و تا سەر و بەندی گڕوکفی کۆمەڵانی خەڵکانی ئێران هەرلە قسەدا مابۆوە و تا ئەو

سەروبەندی خایاند کە حکومەتی ئێراق، ئایەتوڵا خومەینی لە ڕێگای "کوێت"ەوە بەرەو وڵاتی فەرانسە، ڕەپاڵ نا.

ئەوکاتە، دوکتۆر قاسملوو بۆ فەرانسەی بانگ کردم، تا ئەگەر بکرێ دیدارێکی خومێنی پێک بێنین و هەر لەوێشڕا بگەڕێنەوە بەغدا و بەرەو ڕۆژهەڵات. چووم بۆ فەرانسە و چەند ڕۆژێکیش لەوێ بە هیوای دیداری ئایەتوڵڵا خومێنی، مەحتەل بووین؛ بەڵان دیدارمان بۆ مەیسەر نەبوو، ئاخری بەرەو بەغدا شۆڕ بووینەوە.

لە بەغدا، پاش وەلانانی بڕەناکۆکی و نالەبارییەکی ناوخۆیی، بڕیار درا ٣ دەستە، یان ٣ ئێکیپ، لە ڕوانگەی خۆمەوە، هەر لەسەر بنج و بنەوانی کۆمیتەی سیامی، پێک بێ و گەڕانەوەی ئەو سێ دەستەیە بەتەواوی لە ئێراقییەکان و تەنانەت لەنێو خۆشماندا، نهێنی بێ و باس نەکرێ. بەرنامە وا دانرا هەر لە بەغدارا ون بین.

دەستەی یەکەم، کاک مەلا عەولا و نووسەری ئەو یادداشتانە. دەستەی دووهەم، کاک سەلیم بابان و کاک هاشم کەریمی و کاک مەلا حەسەن شیوەسەڵی. دەستەی سێهەم، دوکتور قاسملوو و کاک سەید ڕەسوڵ بابی گەورە.

لە پێش وەڕێکەوتندا، لە هێندێک کورد گوتەنی فسکە فسکی ناوخۆیی و کۆبوونەوەی دوو بە دوویی دەگەڵ دوکتۆر قاسملوو دڕدۆنگ بووم. جا چونکە فرچکم بەو شێوە سیاسەتکردنە و بەو نەوعە هاوکارییە لە سیاسەتدا نەگرتووە، دڕدۆنگی خۆم دەگەڵ دوکتۆر قاسملوو هێنا گۆڕێ و لە مەسەلەم پرسی. لێم ڕوون کراوە کە بە هێندێک سازانی لە بنەوەی، گەڕانەوەی ئەو دەستانە بۆ کاری سیاسی و تەشکیلاتی، نە لە ژێر چاودێریی کۆمیتەی سیامیدایە، نە لە ژێر چاوەدێریی کۆمیتەی ناوەندیدا و تەنانەت نە پێڕەوی لە هیچ دەستەیەکی سیاسیش دەکا. نەزارەت و بەرپرسیارێکی لێ نییە، بێجگە لە خۆی و لە دوکتۆر قاسملوو.

پرسیم: "ئەدی چۆن و کێ؟ مەگەر ئێمە ئینسانی ڕێکخراوە و حیزبێک نین! مەگەر لەنێو ئێمەدا قەرار و بڕیاری دەستەجەمعی و پلە و پایەی

ڕێکخراوەیی نەماوە؟ کۆمیتەی ناوەندی و دەفتەری سیاسی چییان لێ هاتووە؟" کاک مەلا عەولا کە لەو بەینەدا حازر و لەوێ بوو هاتە نێو قسەکانی ئێمەوە و گوتی: "من ئەو کومێتە ناوەندییەم قبوول نییە، هەڵیدەوەشێنمەوە!: دوکتۆر قاسملوو مات بوو، چ دەنگی نەکرد. لێم ڕوون بوو ئەو سکووتە، نیشانەی ڕەزایە.

گوتم، ڕووی قسەم لە دوکتۆر قاسملوویە و دەڵێم: "خۆم بە کابرایەکی حیزبی دەزانم. باوەڕم بە کاری گشتی و بە قەرار و بڕیار هەیە، لە ڕوانگەی منەوە ئەو کۆمیتە ناوەندییە، بە هەر کەموکوڕییەکەوەش بێ، تا کۆنگرەی داهاتوو مەرجەعە و بەڕێوەبەرایەتیی حیزبی بە ئەستۆوەیە، تا ئەو کاتە کەس بۆی نییە کۆمیتەی ناوەندی هەڵوەشێنێتەوە و هەروا بە کەیفە دەسەڵات و بەرپرسایەتی لێ بستێنێتەوە و خۆی لێ بکا بە دەسەڵاتدار." گوتم: "ئەگەر لەبەر کوردەناموسی نەبا و لەوە نەترسابام کە بڵێن ترسا و نەیوێرا ڕوو لە کارێکی جیدی بکا، گەرانەوە دەگەڵ ئێوە و هاوکاریی ئێوەم نەدەکرد، بەڵان دەی با وابێ." کاک مەلا عەولا، لەوکاتدا، ئەندامی کومێتەی ناوەندی نەبوو.

دەستەی ١ و ٢، بەیانییەکی زوو بە ماشێنێک لە بەغدا ڕا وە ڕێ کەوتین، ئێوارەیەکی ڕۆژکورتی پایزی، گەیشتینە ماڵە برادەرێکی خۆمان، لە شارۆچکەی سەنگەسەر. بۆ هەرکام لە دەستەکان، برادەری شارەزای ڕێگاوبان، لە شوێنی دیاریکراو چاوەڕوان دەبوون، ڕێگا و شوێنی گەرانەوەی هەر دەستەیەک لە یەکتر جیاواز بوو، بۆیە لە سەنگەسەرڕا، لێک جیا بووینەوە.

دەستەی ئێمە؛ واتە کاک مەلا عەولا و نووسەری ئەو یادداشتانە، بە شارەزایی دوو کەس لە برادەرانی خۆمان کە لە وەختەکانی پێشتریشدا هەر پێشمەرگە بوون، کاک خدر مەنگوڕ و برادەرێکی دیکە، دەگەڵ داهاتنی تارمایی ئێوارێ لە سەنگەسەر دەرکەوتین. سەرتاسەری شەو بەنێو ڕێگای پڕ لە پایگا و عەسکەری ئێڕاقیدا، بێدەنگ و بێوچان، بە کێو و شاخدا کوتامان، لە بەخت و شانسی خۆمان بێ تەقە و تەهلەکە، ڕێمان

ئەو کۆمیتە، بەداخەوە، ویستوویە لە خۆشەویستیی سولەیمانی موعینی کەڵك وەرگرێ و پاشان بۆ خۆی بەڕێوەبەر بێ. پاشانیش کاك سولەیمانی موعینی ئەوەی هەست پێ کردبوو. دیارە جووڵانەوەکە هەر دەبوو تێك بشکێ، بۆ؟

١- ئاغاکان، بەهۆی ئینقلابی سپی، زۆریان ڕوو دە کوردایەتی و حیزبایەتی کردبوو و زۆر بەزەقی پشتیوانیان لە حیزب دەکرد، بۆیە خەڵك دەپرینگاوە.

٢- جووتێرەکانی کوردستان تاڕادەیەك بە ژیان و زەمین و وەتاغ دروستکردن و ناسینی ئوستاندار و چوونە تاران و شتی واوە مەشغوڵ بوون. دوودڵ بوون چ بکەن.

٣- تەشکیلات هەر نەبوو، یان زۆر کەم بوو.

٤- پیشتیوانیی خاریجی هەر نەبوو، ڕادیۆی (پەیکی ئێران)یان لە سەرەتاوە لێ ببوو بە هومێد باسیان بکا، ئەوە نابێتە پشتیوان.

٥- کوتوپڕ دەست پێ کرا و هیچ نەخشەی نەبوو، بگرە پێشمەرگەکان لەبەر ناوچەگەرایی نواندن و هێندێك کاری ناحەزکردنی خەڵک تاڕادەیەك دوودڵ بوون، کاك سولەیمانیش توانای ڕابەری کەم بوو.

٦- دۆستایەتیی مستەفا بارزانی دەگەڵ حەمەڕەزاشا و ڕاونان و گرتنی پێشمەرگەکانی حیزب بەهۆی چەکدارەکانی بارزانی لە کوردستانی عێراق و شەهیدکردنی (برایم دەلاوی) لە گوندی ئاڵانێ لە بناری هەڵگوردی بە بەشداری جاش و ژاندرمی ئێران و بارزانییەکان هەموو شاهیدی ئەوە بوون کە ئەو جووڵانەوەیە سەرکەوتوو نابێ.

من و ئەمیری قازی لەو کەسانە بووین کە هەر لە ڕۆژی هەوەڵدا موخالیف وەستاین و لە کاری وان، بێلایەن ماینەوە. لامان وا بوو دەبێ جارێ ناکۆکیی ڕێبەرایەتی بە لایەکدا بکەوێ، خەتێکی ڕوون هەبێ و کاری تەشکیلاتی بکرێ، جا پاشان جووڵانەوەی چەکدارانە دەست پێ بکرێ. لە یادمە کە من موخالیف وەستام، پێشمەرگەیەکی ساکار، کە

پاشان باشیش دەرنەچوو، گوتی: "کاك سولەیمان دەستوورم پێ بدا بە فیشەکێکی تا میاندواوێ بە ئەستۆی من."

دیارە من کە لە ئێرانڕا تازە هاتبووم ئاگام لە زۆر شت هەبوو، زۆر لە ڕووناکبیرەکان و لادێیەکان و زۆربەی خەڵك، ئەو سەردەم بارزانییان زۆر لا گەورەتر بوو لە ڕابەرایەتیی ئەودەمی حیزب. بەڵام پاش تەحویلدانەوە و کوشتنی کوردە ئێرانییەکان، بارزانی ڕێز و قەدری هاتە خوارێ.

دیارە ئەوکات ئەوانیش چییان بە بەرەوە نەمابوو، زۆربەی کادرە باشەکان شەهید بوون. زۆریان وەفایان بە قەولی خۆیان نەکرد، زۆریان بەناچاری خۆیان بە کوشت دا. ئەوەی مابۆوەش پەنای بۆ بارزانی هێنا و کە بەداخەوە بێ شەرتی کرد و هێندێکی وەك سالّح لاجانی و سولەیمانی کەرقەشان و عەولای بایزەقنجەی تەسلیمی ڕژێم کردەوە و لە جەڵدیانێ ئیعدام کران. هێندێکیش بە زیندانیی دوورودرێژ حوکم دران، بەداخەوە جوولانەوەکە تێك شکا، زۆر زیان کەوت، زۆر کوردی بەکەڵك فیدا بوون.

بەڵام بوو بە بەشێکی زێڕین لە جوولانەوەی کورد. یادیان نەمر و ڕوحیان هەمیشە شاد بێ. ئەوانە پەراوێزن و چونکە لەگەڵ ژیانی مندا ڕوویان داوە بە کورتی باسم کردن، دەنا نامەوێ تاریخ بنووسم.

پاش ئەوەی دوو سالّ لە سونێ و شێخان، لە بنکەکانی حیزب ژیام، دەتوانم بڵێم لە باری خزمەت و پاك و خاوێنی بۆ ڕەفیقەکانم بێ کەڵك نەبووم. لەگەڵ شەهید شەریفزادە و مەلا ئاوارە و کاك ئەمیری قازی و کاك مینەی سیراجی و سالاری حەیدەری، ماوەی ٥ مانگێك لە گەلوەرەزی سونێ پێکەوە زۆر بە خۆشی ژیاین. من و سالار بە سەفەر چووین بۆ کوێستانی قەندیل بۆ چادری ئێمە و ماوەی چەند مانگێك ماینەوە. لەو ماوەیەدا چارەنووس لەگەڵ کچەکوردێکی ساکار و بێزی کوێستانانی کردمە ئاشنا و پاش مەشوەرەت و لێکدانەوە هەردووکمان بە دڵێکی پاك و خۆشەویستییەکی بێگەرد بەڵێنیمان پێك دا شەریکی ژیانی داهاتوو بین.

کچەکە ناوی (ئامان) و ناوی دایکی فاتم و ناوی بابی مینە بوو، خەڵکی گوندی (قوبادبەگیان) لە بەری مێرگان بوو. لە باری فکر و ئاقڵەوە بە

شانازییەوە دەڵێم زۆر شتی لێ فێر بووم. تا خوا حەز بکا ئازا و بەڕێز و دە تەنگانە و نەداری و دەربەدەریدا هەمیشە هاوڕێ و یاوەرێکی باش بوو. لە یادمە کاتێك بە ٥ هێلیکۆپتەران لێیان دەدایین، من بریندار بووم، ئەویش بریندار بوو؛ بەڵام منی لە کۆڵ کرد کە لاقم لە کار کەوتبوو. کاتێك گوتم: "دایکی شنە ئەو خوێنە چییە؟" گوتی: ئیی تۆیە، لەبەر دڵی من نەیگوت بریندارم، تا کۆپتەرەکان ڕۆیشتن.: ئەوکاتە گوتی: "منیش زۆر بریندارم، لەبەر تۆ نەم دەگوت تا ناڕەحەت نەبی."

دیارە دە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی مندا یەکجار زۆر نەخشی بەرچاوی بووە و شانازی ژیانی من بەشێکی ئەو ژنە نازدار و خۆڕاگر و بەڕێزەیە. هەم دایکێکی زۆر باش بووە بۆ ڕۆڵەکانمان و هەم هاوڕێیەکی بەکەڵك بووە بۆ من.

هەوالنامەی کتێب